ڕۆمان

فیۆدۆر
دۆستۆیڤسکی

قومارچی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی:
فەیسەڵ خەلیل

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

ڕۆمان

فیۆدۆر دۆستۆیفسکی

قومارچی

وەرگێڕانی

فەیسەڵ خەلیل

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی بڵاوکراوە: ٣٤٣

قومارچی

ڕۆمان

نووسینی: فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی
وەرگێڕانی: فەیسەڵ خەلیل
دەرهێنانی هونەری: عەلی خەلیل هیدایەت مام شێخ
بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
تیراژ : (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٧٠٠٠) دینار
شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٤٢٦) ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

ناوەندی ئاوێر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
ناونیشان: هەولێر-پشت پاریزگا-بەرانبەر دەرگای قەڵات
ژمارەی مۆبایل: 07504209495 - 07504242101
ئیمەیل : Nawendi.awer@yahoo.com
فەیس بووک: www.facebook.com/nawendi Awer

بیرۆکـەی نووسـینی ڕۆمـانی (قومارچـی) لـە سـاڵی ١٨٦٣ لای دۆستۆیفسکی گەلاڵە دەبێت، ئەمـەیش لەسـەروبەندی ئـەو گەشـتە دەبێت، کە لەگـەڵ پاولینـا سۆسـلۆڤا بـۆ دەرەوە ئـەنجامی دەدات. کاتێك دۆستۆیفسکی لە ڕێگەی پاریس دەبێت، بۆ ئەوەی بچێتە لای خۆشەویستەکەی کە لە شاری (فسبادن)ی ئـەڵمانی ماوەتـەوە، بـۆ ئـەوەی قومـاری ڕۆلێـت بکـات، ئـەویش ئـارەزووی یـاریکردنی ئـەم قومارەی بۆ دروست دەبێت، دەباتەوە. وا دەزانێ درکی بە ڕێساکان کردووە، بۆیە بە پەیڕەوکردنی ئەو ڕێسایانە دەتوانێ زامنی بردنەوە بکـات. دۆستۆیفسـکی خـۆی ئەمـە بـۆ (فـەرفارا)ی کۆنسـتانی خوشـکەژنی یەکـەمی دەگێڕێتـەوە و لەنامەیەکـدا نووسـیویەتی" بەڕاستی وام لێهاتووە، نهێنییەکە دەزانم، نهێنیەکی تـەواو سـادەیە، دەبێـت پیـاو ماوەمـاوە ڕێگـە بـەخۆی نـەدات، هـیچ بایـەخێك بـە قۆناخەکانی یارییەکە بدات، دەبێت بەسەر مێشکی خۆیدا زاڵ بێـت، ئەمە هەموو شتێکە، ئەگەر ئەم ڕێسایانەی پەیڕەو کرد ئەوا مەحاڵـە بـدۆڕێ". بـەلام دۆستۆیفسـکی هـەر خـۆی بـۆ خوشـکەژنەکەی دەگێڕێتەوە، لەیاریکردن چ بەدبەختیـەك بـەرۆکی گرتـووە، چـەندان نەهامەتی بینیوە. لەنامەیەکدا کە هەفتەیەك دوای نامـەی یەکـەم لـە بادنەوە بۆی ناردووە، دەڵێ" لەشاری فسبادن شـێوازێکی تایبـەتی

یاریکردنم بۆ خۆم داناوە، هەر زوو دە هەزار فرانکم بردەوە. کەچی بەیانییەکەی بەهۆی جۆش و خرۆشی خۆم، شێوازەکەم گۆڕی، یەکسەر دۆڕام، ئێوارە گەڕامەوە سەر شێوازی پێشووترم، بە وردی ڕێساکەیەم جێبەجێ کرد، سەرلەنوێ بەپەلە و بە کۆششێکی کەم، سێ هەزار فرانکم بردەوە. ئێستا پێم بڵێ: ئایا من لەسەرهەق نییم، پەرۆش بم و وابزانم بە جێبەجێکردنی شێوازەکەم بە ڕێکوپێکی، کامەرانیم خستووەتە سەر دەستی خۆم؟))

هەمان پێویستبوون بە پارە، تووێنێتی دەوڵەمەندبوون بۆ دڵخۆشکردنی کەسوکاری، سەرچاوەی دەرکەوتنی وێنەی سوپەرمانە شکستخواردووەکە بوو: راسکۆلینکۆڤ کە پاڵەوانی ڕۆمانی (تاوان و سزایە)، بەلام دۆستۆیفیسکی بەر لەوەی وێنای ڕۆمانی (تاوان و سزا) بکات، دەیەوێ قسە لەسەر بابەتێکی دیکە بکات، بۆیە دەبینین لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٨٦٢ نامەیەك بۆ ستراخۆڤ دەنووسێ و دەڵێ" ئێستا شتێکی ئامادەم نییە، بەلام پلانێکی سەرکەوتووم بۆ چیرۆکێك داناوە، (بەبڕوای من) بابەتەکەی بەم شێوەیە: گەنجێکی رووسی لەدەرەوە.. کارەکتەرێکی زیندووە، (وا هەست دەکەم لەبەر دەمم وەستاوە)... خاڵی سەرەکی ئەوەیە هەموو گەنجێك تەژییە لە ئاوی ژیان، تەژییە لەهێز، هەمووی هەڵدەقوڵێ، هەموو بوێری و جەربەزەییەکانی، بە ڕۆڵێت لەناو دەچێ. ئەم گەنجە قومارچییە، بەلام تەنها قومارچییەك نییە، وەك سوارچاکە قرچۆکەکە نییە کە پوشکین تەنها وەك قرچۆکێك وێنای کردووە (من نامەوێ خۆم بە پوشکین

بەراورد بکەم، تەنها بۆ روونکردنەوە ئەمەم وت)، ئەمەیان شاعیرە لەجۆرێکی تایبەت، بەلأم هەست بەشەرمەزاری و نەنگی دەکات لەم شیعرە، ئەو هەست بە قووڵی هەست بە بچووکی خۆی دەکات، هەرچەندە تینووبوون بۆ جەربەزەیی وا دەکات بەرزتر لەخۆی بڕوانێ. تەواوی چیرۆکەکە ئەوەیە چۆن ئەو گەنجە لەماوەی سێ ساڵ بەرەو یەکێك لە قومارخانەکان دەڕوات. لەبەر ئەوەی کتێبەکەم (خانەی مردووان) سەرنجی خەڵك بەوە راکێشا کەسێك پێشتر بەم شێوە زیندووە باسی زیندانییەکانی نەکردووە، بێگومان ئەم چیرۆکەیشم سەرنجی خەڵك بۆ وەسفێکی وردی رۆلێت رادەکێشێ. وەسفی دۆزەخێکە زۆر لە دۆزەخی گرتووخانە دەچێت". بەلأم روونە ئەم چیرۆکە لەرووی بەپێزی و مەزنییەوە هاوشانی (ماڵی مردووان) نییە، بێگومان نووسەر خۆی هەستی بەمە کردووە، تەنانەت تا سێ ساڵ دواتر باسی ئەم پرۆژەیەی نەکردووە.

لەراستیدا تەواوی ئەم ماوەیە دۆستۆیڤیسکی سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانەکەی دەبێت (تاوان و سزا) ئەم ماوەیە بەردەوام پێداچوونەوەی بۆ دەکات و پاکنووسی دەکات و گۆڕانکاری تێدا ئەنجام دەدا. لەم ماوەیەدا هەلێك دەقۆزێتەوە چیرۆکی (یاداشتەکانی ژێر زەوی) دەنووسێتەوە، جارێك دیکەش دەگەڕێتەوە سەر ڕۆمانە گەورەکەی ئەویش (تاوان و سزا)یە، کە لە شوباتی ١٨٦٦ بلأو دەکرێتەوە. لە ڕۆژی یەکەمی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ دۆستۆیڤیسکی ئەو گرێبەستەی بیردەکەوێتەوە کە لەگەڵ پەخشکاری چاوچنۆك ستیلۆفسکی بەستوویەتی. بەپێی ڕێکەوتنەکە

دەبێت دۆستۆیڤیسکی لـە ڕۆژی یەکـەمی تشـرینی دووەم ڕۆمـانێکی نـوێ بـە دەزگاکـەی ستیلۆفسـکی بـدات، پێشـتر ڕۆمانەکـە بڵاونەکرابێتەوە، بەلایەنی کەمەوە، بە دە مەلزەمەی لاپەڕەی گەورە نووسرابێتەوە. ئەگینا مافی لە چاپدانی سـەرجەم نووسـراوە کـۆن و نوێیـەکانی لەدەسـت دەدا. میلیۆکـۆڤی هـاوڕێی ئامۆژگـاری دەکـات ڕۆمانەکەی بۆ بخوێنێتەوە، (هێشتا یەك دێڕی نەنووسیوە) کچێکیش بەرێنووسـی ئیختیـزال(کورتکردنـەوە) بینووسـێتەوە، لەچـواری تشرینی یەکەم کچێك بەناوی ئانا سنیتکین دێتەلای، دۆستۆیڤیسـکی ڕۆمانەکە دەخوێنێتـەوە، ئـەویش دەینووسـێتەوە، کارەکـە بەباشـی دەڕوات، تەنها بیستوچوار ڕۆژ دەخایەنێ، ڕۆمانەکـە تـەواو دەبێـت، هەرچەندە پەلەی نووسینەوەی تێدا کراوە، بـەلاَم ڕۆمـانێکی چاکە. لەمیانـەی خوێندنـەوەی خوێنـەر بـەڕوونی هەسـت دەکـات، دۆستۆیڤیسکی بەشـێکی چیرۆکی ژیـانی خـۆی دەگێڕێتـەوە، ئەمـە ڕۆمـانی چـیرۆکێکی ئازاربەخشـە، دۆستۆیڤیسـکی لەگـەڵ پاولینـا سۆسلۆڤا تێدا ژیاوە (ناوەکەشی لە ڕۆمانەکە وەك خۆی ماوەتەوە). پاڵەوانی ڕۆمانەکە گەنجێکە بەناوی ئەلێکسـی ئیڤـانۆڤیچ مامۆسـتای منداڵەکانی ژەنەڕاڵێکی رووسیە. ئەو گەنجە دەکەوێتە بەر بەرداشـی دووخۆشەویستی پڕ سەرکێشی، یەکەمیان ئـەو خۆشەویسـتیەیە کـە بـۆ پاولینـا ئەلکسـەندەرۆڤنای دڵـڕەق و نـامۆ هەیـەتی، دووەم ئـەو ئارەزووەیـە کـە بـەردەوام دەیباتـەوە سـەر مێـزی یـاری ڕۆلێـت. خۆشەویستیەکەی بۆ پاولینا تێکەڵە لە ئەڤین و ڕق، ئەلێکسـی ددان بەوە دەنێـت لـە کۆیلایـەتی خـۆی لەبـەردەم پاولینـا چـێژێکی زۆر

وەردەگرێت، پێی دەڵێ لە ریسوا بوون و کەوت چێژێکی مەزن هەیە... بۆیە بە پاولینا دەڵێ: سوود لەکۆیلەیی من وەربگرە، سوودی لێوەربگرە.... دەزانی من رۆژێك لەرۆژان دەتکوژم؟

ئارەزووی قومارکردنیش لەدەروونی پاڵەوانەکە تێکەڵ بە ئارەزووی خۆشەویستی دەبێت. هەروەك چۆن ساتێك لەساتەکان لەدەروونی دۆستۆیڤیسکی تێکەڵ بووە. دۆستۆیڤیسکی لەم رۆمانە وێنای جۆرێك لە شەیدابوون، جۆرێك لە سیحر، جۆرێك لە ورێنە دەکات، تەنانەت جۆرێك لە بەرەنگاربوونەوەی قەدەر..! هنری لەبری دۆستۆیڤیسکی دەڵێ" رۆلێت ئەو هەلەی بۆ رەخساند یاری قەدەر بکات، وەك چۆن قەدەر یاری بەو دەکرد". هنری ترۆیا راست دەکا. بەهۆی رۆلێتەوە دۆستۆیڤیسکی (دیوار) دەبەزێنێ، دیواری لۆژیك، کە پاڵەوانەی چیرۆکی یاداشتەکانی ژێر زەوی خۆی دەداتە پاڵ، لێرەوە بۆ گۆڕانی رێکەوت و نالۆژێك دەچێت، دەڵێ" لێرەوە مانایەك بۆ ئەو قسەیەت نامێنێ، کە دەڵێی دوو کۆ دوو دەکاتە چوار، قومارکردن ئەزموونی یەکەمی ئازادییە لەجیهانی ماددییەتدا".

لەم رۆمانەدا دۆستۆیڤیسکی وێنەی چەندان کەسایەتی دیکە سەیر وسەمەرە دەکێشێ، لەوانەیە کارەکتەری پاپۆلنکای پیرەژنەکەیە کە ژەنەراڵ(پیاوە بوودەڵەکە) چاوەڕوانی هەواڵی مردنی ئەو پیرژەنە دەکات. وەسفی دیستۆیڤیسکی بۆ ئەو پیرەژنە چەند نایابە، کە شەیدای قومار دەبێت، کەچی لەسەرەمەرگ دایە. ئەگەر نووسەر لەم رۆمانە وێنەیەکی نەخوازراو بۆ رووسەکان دەکێشێ، ئەوا وێنەیەی بۆ

غەیرە رووسەکانی کێشاوە، هێندە لەوان باشتر نییە، لەوانە خاتوو بلانش کە ژنێکی فەڕەنسییە، خۆی دەبەخشێتە ئەو کەسەی پارەی زیاتری پێ بدات. هەروەها دی گرێو کە رۆڵی مشتەخۆرێکی هەیە، سەرەڕای ڕقوکینەکانی، بارۆنی ئەڵمانی بەفیز وخۆبەزلزانە کەچی کەسێکی دەبەنگە، سێ پۆلۆنییەکە دزن، هەموو ئەمانە غەیرە رووسن، بەڵام کارەکتەرێکی پەسەندیان نییە. لێرەوە هەست بەو نائومێدییە دەکەین کە دۆستۆیڤیسکی لەبەرامبەر ئەورووپای رۆژئاوای هەبووە، ئەمەشیانی لە (یادگارییەکانی زستان لەهەستەکانی هاوین) باس کردووە. لێرەوە تەنها یەك جیاکردنەوە هەیە، ئەویش کەسایەتی مستەر ئاستلییە، پیاوێکی ئینگلیزە، بەڵام بێدەنگ و چاکەخوازە، خۆشەویستی بۆ پاولینا هەیە، ئەو هەستەشی دەردەبڕێ، دەستی هاریکاری بۆ ئەلێکسی درێژ دەکات، جیا لەوەیش ئاستلی هەوڵ دەدا هەموو خراپانە چاك بکاتەوە، کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکەکە ئەنجامیان داوە. مرۆڤ کە ورد دەبێتەوە، هەست دەکات یاری رۆڵێت بۆ رووسەکان داهێنراوە. ئەوان زۆر شەیدای یاریکردن و زێدەڕۆیی تێدا دەکەن، دۆستۆیڤیسکی لێرە لەسەر زمانی مستەر ئاستلی باسی ئەم دوو بەدرەفتارییە دەکات، کە دواجار خۆیانی لێ پاك دەکاتەوە.

✿

بەشی یەکەم

دواجار، دوای دابڕانی پانزە ڕۆژ گەڕامەوە، هاوڕێکانم سێ ڕۆژ بوو گەیشتبوونە ڕۆلتنبێرگ. وا پێشبینیم دەکرد، ئەوان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی من بکەن، بەڵام دەرکەوت هەڵە بووم. ژەنەڕاڵ زۆر لەسەرخۆ دیار بوو، بە فیزەوە هەنگاوی دەنا. بەلوتبەرزی هەندێك قسەی لەگەڵ کردم و دواتر منی ڕەوانەی لای خوشکەکەی کرد. وەك دەردەکەوێ ئەوان کەسێکیان دۆزیوەتەوە پارەی لێ قەرز بکەن. تەنانەت هەستم دەکرد ژەنەڕاڵ بە ئامادەبوونی من دڵتەنگ و نیگەرانە. ماری فیلیپۆڤینا پەشۆکاو بوو، تەنها چەند وشەیەکی لەگەڵ من درکاند، دواتر ئەو پارەیەی ژمارد کە بۆم هێنابوو. ئەوان هەموویان چاوەڕوانی ئێوارەخوانێك بوون، کە هەریەکە لە میزتنۆڤ و فەڕەنسییەبچووکەکە و پیاوێکی ئینگلیزی تێیدا ئامادە دەبێت. ئەمە نەریتی خەڵکی مۆسکۆیە هەرکە پارەیان دەستکەوێ ئەوا خەڵك بانگهێشتنی ئێوارە خوانەکانیان دەکەن. کاتێك پاولینا ئەلیکسندەرۆڤنا منی بینی، پرسیاری ئەوەی لێ کردم

بۆ ماوەیەکی زۆرە دیار نییم، کەچی بەر لەوەی وەڵامی من ببیستێ، رۆیشت. زۆر دڵتەنگ بووم ، زۆر شت هەبوو دەبوایە روونی بکەمەوە.

ژوورێکی بچووك لە نهۆمی چوارەمی هوتێلەکە بەمن دراوە. خەڵك دەزانێ من یەکێکم لە دەست و پێوەندەکانی ژەنەڕاڵ. ئەمەش وای کردووە سەرنجی خەڵکەکە رابکێشم، هەموو خەڵك لێرە وا دەزانن ژەنەڕاڵ یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی رووسیا، سامانێکی بێ شوماری هەیە. بەر لە ئێوارەخوانەکە ژەنەڕاڵ داوای کرد هەندێك کار ئەنجام بدەم، لەوانە دوو کاغەزی دراوی پێدام بۆ ئەوەی بیانگۆڕمەوە (هەر یەکەیان هەزار فرانك بوو)، منیش لە نووسینگەی هوتێڵەکە گۆڕیمەوە. لەمەودوا، بۆ ماوەی دوو هەفتە خەڵك وەك ملیۆنێر سەیریمان دەکات. بەدوای میشا ونادیا دەگەڕام بۆ ئەوەی پیاسەیەکیان پێ بکەم. لە قاندرمەکان دادەبەزیم کاتێك ژەنەڕاڵ بەدوای ناردم. گوایە بەلای چاکتر بووە، بزانێ من ئەم دوو منداڵە بۆ کوێ دەبەم. ئەم پیاوە ناتوانێ رووبەڕوو لەگەڵم بدوێ، ئەم خوازیاری ئەوەیە، بەڵام من بەچاوەکانم، بێ شەرمانە لەڕووی رادەچمەوە، ئەمیش لەم کارە بێ ئۆقرە دەبێت.

دوای ئەوەی لەقسەکانی هێنا و بردی، بە تێکەڵ وپێکەڵی تێیگەیاندم، دەبێت لە باخچەی نزیك گازینۆکە پیاسە بەمنداڵەکان

بکەم. بۆئەوەی قسەکانی تەواو بکات بە توڕەیی و بەزمانێکی رق وتی:

- یان ئەوا منداڵانە دەبەیتە رۆلێت؟ ببوورە ئەگەر ئەمە دەڵێم، بەڵام دەزانم هەتا ئێستا سەرەڕۆیی، ملکەچی ئارەزووی قوماربازییت . بەهەرحاڵ، من کەسێك نیم، بتوانم رێگەی راست بەتۆ نیشان بدەم، نامەوێ ئەم ئەرکەشم هەبێت. بەڵام مافی ئەوەم هەیە هیوای ئەوە بخوازم ناوبانگم لەکەدار نەکەی. ئەگە رێگەم پێ بدەی ئەم قسەیەم کرد.

من بەهێمنی وتم:

-بەڵام تۆ زۆر بە چاکی دەزانی من پارەم نییە، دەبێت پیاو پارەی هەبێت، تا لە قوماری بدۆڕێنێ.

ژەنەڕاڵ تۆزێك سوور هەڵگەڕا و وتی:

-ئێستا پارەت پێ دەدەم

ئەم قسەیەی کرد، دواتر کەمێك لە نووسینگەکەی گەڕا، دەفتەرێکی دەرهێنا، بینی ئەو نزیکەی ۱۲۰ رۆبلی من قەرزارە.

دواتر وتی: چۆن ئەم پارەیەت لەگەڵ حیساب بکەم، دەبێت پارەکان بکەینە تالیر ، ئێستا ئەم سەد تالیرە بگرە دواتر ئەویتریان حیساب دەکەین. پارەکەی بەمن دا و وتی:

–له قسه‌كانی من توڕه مه‌به، به‌ڵام تۆ كابرایه‌كی به گێچه‌ڵی، بۆیه ئه‌و تێبنیه‌م به‌تۆ دا، وه‌ك ئاگاداركردنه‌وه، وا ده‌زانم ئه‌مه مافی خۆمه.

به‌ر له‌خوانه‌كه كاتێك منداڵه‌كانم ده‌گه‌ڕانده‌وه، له ڕێگه بینیم ئه‌و هاوڕێیانه‌م سواری گالیسكه‌كان بوون، به‌ره‌و بینینی هه‌ندێك شوێنه‌وار ده‌ڕۆیشتن. به دوو گالیسكه‌ی مه‌زن، چه‌ند ئه‌سپێكی چاك! خاتوون بلانش و ماری فیلیۆڤینا و پاولینا له یه‌كێك له گالیسكه‌كان بوون، فه‌ڕه‌نسیه بچووكه‌كه و پیاوه ئینگلیزه‌كه و ژه‌نه‌ڕاڵی هاوڕێمان له گالیسكه‌كه‌ی دیكه بووون. ڕێبواران سه‌یری ئه‌وانیان ده‌كرد. ئه‌مه كاریگه‌ری خۆی ده‌بێت، به‌ڵام كۆتاییه‌كی شوومی بۆ ژه‌نه‌ڕاڵ ده‌بێت. من وامزانی ته‌نها ئه‌و چوار هه‌زار فرانكه‌یان هه‌یه كه بۆیانم هێناوه، به‌ڵام له‌وه ده‌چێ هه‌ندێكی دیكه‌شیان قه‌رز كردبێت. ئێستا ئه‌وان حه‌وت تا هه‌شت هه‌زار فرانكیان هه‌یه، ئه‌مه‌یش بۆ خاتوو بلانش زۆر كه‌مه.

خاتوو بلانش له‌گه‌ڵ دایكی له هه‌مان هۆتێلن، كه ئێمه لێی دابه‌زیوین، هه‌روه‌ها فه‌ڕه‌نسیه‌كه‌ش له‌وێیه. خزمه‌تكاره‌كانی هۆتێله‌كه به پیاوه فه‌ڕه‌نسیه‌كه ده‌ڵێن به‌ڕێز كۆنت، به‌ڵام دایكی خاتوو بلانش به خاتوو كۆنتیسه بانگ ده‌كرێت. كێ ده‌زانێ له‌وانه‌یه هه‌ر به‌ڕاستی كۆنت و كۆنتێسه بن.

بێگومان بووم لەوەی لەکاتی خوانەکە کۆنت خۆی لەمن نەناس دەکات. وەك ڕوونە ژەنەڕاڵیش بۆ چرکەساتێکیش ئەوەی بەخەیاڵ نایەت بەیەکتریمان ناسێنێ، یان بەلایەنی کەمەوە من بەوان بناسێنێ. کۆنت لە ڕووسیا ژیاوە، کەواتە دەزانێ ئاستی نزمی ئەو کەسانە چۆنە کە بە (ئۆتشیل– بەخێوکەر) ناودەبرێن. لەسەرووی ئەوانەشەوە کۆنت بەڕاستی من دەناسێ. من لە خوانەکە میوانی ناوەخت بووم، ژەنەڕاڵ ئەوەی لەبیرکردەوە من بانگهێشت بکات، من لەخۆمەوە هاتم، ژەنەڕاڵ کەمنی بینی، بە بێزاری نیگای کردم، هەر زوو ماری فیلیپۆڤینا شوێنێکی بۆ دەست نیشان کردم. گەیشتم بە مستەر ئاستلی، لە شەرمەزابوونەکە نەجاتی دام، ئێستا من یەکێکم لەمیوانەکان.

لە پروسیا بۆ یەکەم جار، بەم پیاوە سەیرو سەمەرەیە گەیشتم، کە بە مستەر ئاستلی ناودەبرێت، بەیەکەوە لەناو شەمەندەفەرێك بووین، ئەمە ئەو کاتە بوو کە سەفەرم دەکرد بۆ ئەوەی بەهاوڕێیانم بگەمەوە. جارێکی دیکەیش لە سنوورەکانی فەڕەنسا، دواجاریش لە سویسڕا مەستەر ئاستلیم بینی. واتە لەماوەی پانزە ڕۆژدا دوو جار بەدیداری گەیشتووم، ئەوەتا ئێستاش لە ڕۆلتنبێرگ بەدیدای ئەم پیاوە دەگەمەوە! لەهەموو ژیانم پیاوێکی هێندە شەرمنم نەدیوە. ئەو تا ئاستێکی سەیر شەرمنە. ئەو بەتەواوی ئەو خەسڵەتەی خۆی دەزانێ، ئەو هەرگیز پیاوێکی

دەبەنگ نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی پڕ ئاشتەوایی و ڕووخۆش بوو. هەر لە دیداری یەکەم هێنامە دواندن، باسی ئەوەی کرد لە هاوین بەرەو باکوور ڕۆیشتووە، زۆر ئارەزوو دەکات پیشەنگاکانی (نیگنی نۆڤگۆرود) ببینی. نازانم پەیوەندییەکەی لەگەڵ ژەنەڕاڵ چۆنە، بەڵام خەیاڵی ئەوە دەکەم زۆر شەیدای پاولینا بێت، کاتێک من چوومە ژوورەکەوە رووی سوور هەڵگرا، زۆر پێداگری کرد لەوەی لەسەر خوانەکە لەتەنیشت ئەو دانیشم، وا هەستە دەکەم ئێستا ئەو مستەرە بەهاوڕێیەکی نزیکم دەزانێ.

پیاوە فەڕەنسییە بچووکەکە زێدەڕۆیی لەوە دەکرد بارودۆخەکان تێکەڵ و پێکەڵ بکات، زۆر بە ڕق و بێباکانە مامەڵەی لەگەڵ خەڵك دەکرد. لەبیرمە ئەو لە مۆسکۆ خۆڵەمێشی دەکردە چاوی خەڵکەوە. ئەم شەوە لەباسی دارایی و سیاسەتی رووسیا، زۆر درێژدادڕی کرد. ژەنەڕاڵ جارێك دووجار ڕێگەی بەخۆی دا نارەزایی لەقسەکانی هەبێت، بەڵام ئەمەیش بە هێمنی و بەڕووخۆشی دەکرد، نەوەك هەیبەتی خۆی لەدەست بدات.

من لە بارودۆخێکی دەروونی سەیر دابووم، من لەنیوەی خوانەکە گەیشتبووم، هەر ئەو پرسیارە هەمیشەییەم لەخۆم دەکردەوە" چیی من بەدوای ئەو ژەنەڕاڵە رادەکێشیێ؟ دەکرا لە زووەوە واز لەوانە بهێنم!". جارجارە نیگای پاولینا ئەلیکسەندەرۆڤنام دەکرد،

تێبینی ئەوەم کرد هیچ سەرنجێکم نادات. بۆنی خەرتەڵەکە بۆ لـووتم دەهات، بڕیارم دا سەرەڕۆییەك بکەم.

بــۆ ئەمـــەیش دەبووایـــە، لـــەناکاو خـــۆم هەڵقورتێنمـــە نـــاو گفتوگۆییەکانـەوە. بێئـەوەی کەسـێك ئیزنـی قسـەکردنم پـێ بـدات. بەدەنگێکی بەرز دەستم بەقسـان کـرد. دەمویسـت مشـتومڕ لەگـەڵ فەڕەنسییە بچووکەکە بکەم. ڕووم لە ژەنەڕاڵ کرد بێ پێشـەکی، (وا بزانم قسەم بـە ژەنـەڕاڵ بـڕی): خەریکـە ئـەوە مـەحاڵ دەبێـت ئـەم هاوینـە ڕووسـەکان ژەمـە خواردنـەکانیان بـە ئامـادەکراوی بخـۆن. کاتێـك ژەنـەڕاڵ ئەمـەی لـەمن بیسـت بەسەرسـامییەوە چـاوی لـێ داگرتم، منیش لەسەر قسەکانم ڕۆیشتم و وتم:

–ئەوەی ڕیزی خۆی بگرێت، بێگومان دەبێت ڕووبـەڕووی بێئـەدەبی و سووکایەتی ببێتەوە. لەپاریس، لە نزیك ڕووباری رایـن، تەنانـەت لە سویسـرایش، دەبینـی خـوان بـۆ پۆڵۆنییـەکان و هاوشـێوەکانیان ئامادەکراوە، کە بێچووە فەڕەنسییەکانن، تۆش ئەگەر ڕووسی بیت، ناتوانی وشەیەك بدرکێنی.

ئەمـــەم بـــە فەڕەنســـی وت، مـــیر بەسەرســـامی ســـەیری دەکـــردم، نەیدەزانی وەڵامم بداتەوە، یان تەنها بەسەرسامی سـەیرم بکـات، تـا خـۆم لـەبیر دەکـەم. فەڕەنسـییە بچـووکەکە بـە زمـانێکی ڕق و بەفەرامۆشییەوە وتی:

–لەوانەیە کەسێك تەمێ کردبی.

وەڵامم دایەوە:

– لە پاریس لەگەڵ پۆلۆنییەك كەوتەمە دەمەقاڵێ، دواتر لەگەڵ ئەفسەرێكی فەڕەنسی، كە لایەنگری پۆلۆنییەكەی دەكرد، دواتر كاتێك باسی ئەوەم كرد تفم كردووەتە قاوەی یەكێك لە كاهینە گەورەكانی (مۆنسینیۆر) بەشێكی زۆری فەڕەنسییەكان بوونە لایەنگری من.

– تفت كرد؟

هەروەها ژەنەڕاڵیش بەسەرسامی و بەفیزەوە ئەم پرسیارەی كرد، دواتر چاوی بەژوورەكە گێڕا، فەڕەنسیەكەیش لێم وردەبووەوە.

منیش وتم:

–ڕێك ئەوها تفم كرد. بۆ ماوەی چلوهەشت سەعات مامەوە، دەبووایە بۆ بابەتەكەمان بچمە ڕۆما، لەبەرئەوە دەبوو ڤیزای باڵۆیزخانەكەی پاپا وەربگرم. لە باڵۆێزخانەكە قەشەیەكی باڵا كورت پێشوازی لێ كردم ، تەمەنی نزیك پەنجا ساڵێك دەبوو، لاواز، دەموچاوێكی ساردوسڕی هەبوو. دوای ئەوەی گوێی لەقسەكانم بوو، بە زمانێكی پڕ ئەدەب و وشك تكای كرد چاوەڕوان بم، منیش بە پەلە بووم، بێگومان دانیشتم. ڕۆژنامەی (ئۆپینیۆن ناسیۆنال)م، لەگیرفانم دەرهێنا، دەستم كرد بەخوێندنەوەی یەكێك لە وتارەكانی كە هێرشێكی توندی دەكردە سەر ڕووسیا. لەو كاتەدا گوێبیستی

ئــەوە بــووم یــەکێك لــە ژوورەکــەی تەنیشــتمەوە دەچــێتە لای (مۆنسینیۆر) قەشەکە جۆرەها رێـزی بـۆ ئـەم پیـاوە دەنوانـد. مـن دووبـارە داواکـەم لـەلای قەشـەکە نـوێکردەوە، دووبـارە تکـای کـرد چـاوەڕوان بم، بــەڵام ئــەمجارەیان بــەزمانێکی زبرتــر بــوو. هــەر چرکەساتێك بوو میوانەکـە وەژوور کـەوت، کاتێـك گـوێم لەقسـەکانی بوو دەرکەوت کەسێکی نەمسایییە. هەر یەکسەر بۆ سەرەوەیان بـرد، ئەوا کاتە هەستم بـەتوڕەیی کـرد، لەشـوێنی خـۆم هەڵسـامەوە و لـە قەشــەکە نزیــك بوومــەوە، بــەزمانێکی تونــد وتم: مادەمــەکی (مۆنسینیۆر) دەتوانێ پێشوازی لەکەسانی دیکە بکات، ئەوا دەتوانێ کارەکـانی منـیش تـەواو بکـات. قەشـەکە بەسەرسـامییەوە سـەیری کـردم، نەیـدەتوانێ ئـەوە لێـك بداتـەوە چـۆن رووسـییەك جورئـەت دەکات خۆی بە میوانەکانی مۆنسینیۆر بەراورد بکات، بۆیە لە تـۆقی سەرمەوە تا ژێر پێم سەیری کردم. بێ ئابڕوویانە هاواری کـرد، وەك ئـەوەی سـووکایەتیم پـێ بکـات و وتـی" ئەگـەر وا بێـت دەبێـت مۆنسینیۆر لەپێناو تۆ واز لـە فڕکردنـی قاوەکـەی بهێنـێ". شـتێك نەمابوو ئەوە نـەبێت، منـیش دەبووایـە بـەرزتر هـاوار بکـەم و وتم" بزانــە منــیش تــف لــە قــاوەی مۆنســینیۆرەکەی تــۆ دەکــەم، مــن بەسووکی دەزانم، ئەگەریش کاری پەساپۆرتەکەم تەواو نەکات، خۆم دەچمە دیداری".

– چۆن؟ هەر لەو کاتەی کە پێشوازی لە کاردینالێك دەکات؟

قەشەکە هاواری دەکرد و لەمن دوور دەکەوتەوە. بەرەو دەرگەکە دەڕۆیشت لە شێوەی خاچ باڵەکانی کردەوە دەرگاکەی لەمن گرت. دەیویست ئەوە بەمن بڵێ ئامادەیە لەناو بچێ، بەلاّم ڕێگەم نادات بچمە ژوورەوە. ئەو کاتە وتم من زەندیق و درندەم، من ڕێز لە ئەسقەف وکاردینال و مۆنسینێرەکان ناگرم، بەهیچ شێوەیەکیش مل نادادەم. بەچاوی قووڵی ڕقەوە سەیری کردم و پەساپۆرتەکەمی لەدەست راسەند و چووە سەرەوە، خولەکێك بوو گەڕایەوە، من ڤیزاکەم وەرگرت، ئێستا لەلامە، دەتەوێ سەیری بکەی.

پەساپۆرتەکەم لەگیرفانم دەرهێنا و ڤیزاکەم نیشان دا

جەنەڕاڵ ویستی دەست بەقسان بکات و تی:

–لەگەڵ ئەوەیش......

فەرەنسییە بچووکەکە، بە پێکەنینەوە قسەکانی بە جەنەڕاڵ بڕی و وتی:

– ئەوەی تۆی نەجات داوە، ئەوەیە وتووتە زندیق و درەندەم،(ئەمەیش پاساوێکی دەبەنگانە نییە).

– هەر چۆنێك بێت ، من ناتوانم وەك هاوڕێیە رووسەکانی تۆ بم، ئەوان دەست بەستراون، ناتوانن وشەیەك بدرکێنن. تەنانەت ئەگەر پێویست بکات، نکۆڵی لەنیشتیمانەکەیان دەکەن. بەهەرحاڵ کاتێك بەسەرهاتی دەمەقاڵێیەکەم لەگەڵ قەشەکە بۆ میوانەکانی

هۆتێلەکەی پاریس گێڕایەوە، ئەوان زۆر ڕێزیان گرتم، تەنانەت دەمشرەکەیان کە پیاوێکی پۆلۆنی نەقۆلا بوو. ڕووداوێکی دیکەم بۆ فەڕەنسییەکان گێڕایەوە، کە خۆم بینیومە، دووساڵ لەمەوبەر لەساڵی ١٨١٢ ڕاوچییەکی فەڕەنسی تەنها بۆ ئەوەی تفەنگەکەی خاڵی بکاتەوە، منداڵێکی دە ساڵانی پێکابوو، خێزانەکە نەیاندەتوانی مۆسکۆ جێ بهێڵن.

فەڕەنسییە بچووکەکە هاواری کرد:

–مەحاڵە، سەربازێکی فەڕەنسی ناتوانێ تەقە لە لە منداڵێك بکات.

منیش وتم:

–لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە ڕوویدا، نەقیبێکی فەڕەنسی خانەنیشین ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە، بەچاوەکانی خۆشم ئەو پەڵەیەم بینی کە گوللەکە لە ڕوومەتەکانی دروست کردبوو.

فەڕەنسییەکە هەڵچوو بوو، دەیەویست بەپەلە قسە بکات، ژەنەراڵ هەوڵی دەدا لایەنگیری بکات. منیش لەلایەن خۆمەوە ئامۆژگاری فەڕەنسییەکەم کرد بۆ ئەوەی بخوێنێتەوە، بۆ نموونە (یاداشتەکانی) ژەنەراڵ پیرۆفیسکی بخوێنێتەوە کە لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە لەساڵی ١٩١٢ زیندانی کراوە. دواجار ماری فیلیپۆڤینا بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێ، قسەی لەسەر بابەتێکی دیکە کرد. ژەنەراڵ زۆر لەمن پەست بووبوو، لەبەر ئەوەی من و

فەڕەنسیەکە بەشێوەی جنێو ئامۆژگاری یەکترمان دەکرد، کەچی بۆم دەرکەوت دەمەقاڵێیەکەمان بەدڵی میستەر ئاستلی بوو، بۆیە کاتێك لە خوانەکە کشاینەوە پێشنیازی کرد پێکێك مەی لەگەڵ بنۆشم.

ئەم ئێوارەیە وەك ئارەزووم دەکرد، توانیم چارەکە کاتژمێرێك قسە لەگەڵ پاولینا ئەلسکەندرۆفنا بکەم، قسەکەی نێوانمان لەکاتی پیاسەیەك بوو، هەموو ئامادەبووانی خوانەکە لە ڕێگەی باخچەکەوە بەرەو گازینۆکە ڕۆیشتن. من و پاولینا لەسەر کورسییەکی بەردەم ئافورەکە دانیشتن، ڕێگەم بە نادیادا بچێ بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵانی نزیك خۆمان یاریی بکات، میشیاشم ناردە لای حەوزی ئاوەکە، من و پاولینا بەتەنیا ماینەوە.

وەك نەریتێك سەرەتا لەبارەی کاروبارەکانەوە قسەمان کرد، زۆر تووڕە بوو کاتێك ٧٠٠ فلۆرینم پێدا ! ئەو بڕوای وابوو لە بری دانانی ئەڵماسەکەی دەتوانم بەلایەنی کەمەوە ٢ هەزار فلۆرینی بۆ قەرز بکەم. پاولینا وتی:

– هەر چۆنێك بێت من زۆر پێویستم بە پارەیە، هەر دەبێت بەدەستی بهێنم، ئەگینا لەناو دەچم.

پرسیاری ئەوەم کرد لەکاتی ئامادەنەبوونی من چی ڕوویداوە، وتی:

–هیچ شتێك.. دوو هەواڵمان لە پترۆسبۆرگەوە بۆ هاتووە، یەکەمیان گوایە باری تەندروستی داپیرەمان سەختە. هەواڵی دووەم دوو رۆژە گەیشتووە، دەڵێن داپیرە مردووە.

دواتر پاولینا وتی:

–ئەو هەواڵەمان لە تیمۆتی پترۆڤیچ بیستووە، ئەو مرۆڤێکی وردە لەگواستنەوەی هەواڵەکان. ئێمەش چاوەڕوانی دەکەین لە دروستی هەواڵەکە دڵنیا ببینەوە.

وتم:

– هەموو لێرە چاوەڕوانن.

– بەڵێ هەموویان چاوەڕوانن، ئەوە شەش مانگمان تێپەڕاند، تەنها ئەو هیوایە دەخوازین.

– هەروەها تۆش ئەم هیوایەت هەیە؟

– من خوازیاری مردنی کەسێکی نزیك نییم، من تەنها کەسێکی نزیکی ژەنەڕاڵم، بەلاَم دڵنیام لەوەی داپیرە لە وەسیەتنامەکەی لەبیرم ناکات.

بە زمانی دووپاتکردنەوە وتم:

– وا بزانم تۆ سامانێکی مەزنت بۆ دەمێنێتەوە.

– وا بزانم، ئەو منی زۆر خۆشدەویست، ئایا تۆ لەکوێ بەو باوەڕە گەیشتووی.

بەپرسیار وەلأمم دایەوە:

– پێم بڵێ: ئایا مارکیز هەموو نهێنییەکانی خێزانەکە دەزانێ؟

– ئایا مەبەستتە ئەمە بزانی؟

پاولیناش پرسیاری لێ کردم، سارد و دڵڕەقانە سەیری دەکردم.

–وا بزانم، ئەگەر مەزندەکەم هەڵە نەبێت، ژەنەڕاڵ توانیویەتی هەندێك قەرز لەو بکات.

– مەزندەکەت دروستە.

– ئایا ئەگەر چیرۆکی داپیرەی نەدەزانی قەرزی پێ نەدەدا؟ ئایا تێبینیی ئەوەت نەکردبوو، لەسەر خوانەکە سێ جار کاتێك باسی داپیرە دەکرا ئەو بە (پاپۆلنکا) ناوی دەهێنا؟ ئای لەم خۆشەویستییە هەرزانە !

– بەڵی، تۆ ڕاست دەکەی، ئەو کاتەیش خوازبێنی من دەکات، کە دەزانێ بەشم لە میراتەکە هەیە. تۆیش دەتەوێ ئەمە بزانی، ئەی وا نییە؟

– ئایا هێشتا بیر لە خوازبێنی تۆ دەکاتەوە؟ دەمێکە دەبووایە دەستگیرانی تۆ بێت.

پاولینا به تووڕەیی وتی:

–تۆ دەزانی بابەتەکە بەم شێوەیە نییە.

دواتر لەناکاو وتی:

= لە کوێ بەدیداری ئەو پیاوە ئینگلیزە گەیشتووی؟

– دڵنیا بووم لەوەی ئەم پرسیارەم لێ دەکەی. منیش بەسەرهاتی دیدارەکانم لەگەڵ میستەر ئاستلی بۆ گێڕایەوە و وتم:

– پیاوێکی شەرمن و بەسۆزە، بێگومان شەیدای تۆ بووە.

– بەڵی منی خۆش دەوێ.

– ئەو دە هێندەی فەڕەنسییەکە دەوڵەمەندە. ئایا بەڕاستی فەڕەنسییەکە سامانی هەیە؟ ئایا ئەمە بابەتێك نییە گومانی تێدا بێت؟

– هەرگیز. کۆشکێکی مەزنی هەیە، دوێنێ ژەنەڕاڵ باسی ئەوە بۆ کردم. ئایا ئەوەندەت بەدڵە؟

– ئەگەر لەشوێنی تۆ دەبووم شووم بە ئینگلزەکە دەکرد؟

– بۆچی؟

– فەڕەنسییەکە لاوێکی قۆزە، بەڵام بەدکار و تاوانبارە، ئینگلیزەکە پیاوێکی شەریفە. سەرەڕای ئەوەی دە هێندەی فەڕەنسییەکە دەوڵەمەندە. بەزمانێکی دڵنیا ئەوەم پێ گوت.

بە هێمنی وتی:

– ئەمە ڕاستە. بەڵام مارکیز فەرەنسییەکە، دڵێکی ژیری هەیە، ڕەزای سووکترە.

بەهەمان شێوە منیش وتم:

– ئایا لەمە دڵنیای ؟

– بەڵێ، تەواو دڵنیام.

پرسیارەکانم پاولینای نیگەران دەکرد، تێبینی ئەوەم کرد دەیویست بە وەڵامەکانی تووڕەم بکات، هێندەی نەبرد، ئەمەم بۆ باس کرد، ئەویش وتی:

–ڕاستە دەمەوێ بە تووڕەیی و ئیرەیت سەرگەرم بم، دەبێت لەوەدا پاداشتم بکەی، کە ڕێگەت دەدەم هێندە پرسیار بکەی، ئەم مەزندانە بکەیت.

بەهێمنی وتم:

– من ئەوە بەمافی خۆم دەزانم هەر پرسیارێکت لێ بکەم، چونکە ئامادەییم هەیە هەر شتێك لە پێناوی تۆ ببەخشم، لەبەرانبەر تۆ نرخێك بۆ ژیانی خۆم دانانێم.

پاولینا دایە قاقای پێکەنین و وتی:

– رۆژێکیان، کە ئێمە لەسەر شاخەکانی شیلانگ بێرگ بووین، بەمنت وت ئامادەم بە یەك وشەی تۆ خۆم هەڵدەمە خوارەوە، ئێمە نزیکەی هەزار پێ لە بەرزایی بووین. رۆژێك دادێ من بەم یەك وشەیە فرمانت پێ دەکەم، لەبەر هیچ شتێك نا، تەنها بۆ ئەوەی دڵنیا بم گوێڕایەڵم دەبی یان نا. دڵنیا بە من رۆژێك سەنگینی و مکووڕیی خۆم دەردەخەم. من بۆیە رقم لەتۆیە چونکە رێگەی ئەو شتانەم بەتۆ داوە. زیاتریش ڕقم لە تۆ دەبێتەوە لەبەر ئەوەی ناتوانم دەستبەردارت بم، هێشتا پێویستم بە تۆیە، بۆیە دەبێت تۆ بۆ خۆم پاشکەوت بکەم.

ئەمەی وت و هەڵسایەوە، وەك ئەوەی هەڵسوکەوتی گۆڕابێ، بەم دواییانە هەمیشە قسەکانی بەم شەڕانگێزی و ڕقە کۆتایی پێ دەهێنێ. ئەمەیش ڕقێکە نەهەڵچوونە نە نواندن.

پێم وت نابێت بێ ڕوونکردنەوە بڕوات:

– ڕێگەم پێ دەدەی لەبارەی خاتوو بلانشەوە پرسیارێکت لێ بکەم؟

– تۆ زۆر چاك دەزانی، هیچ شتێکی نوێ ڕووی نەداوە، خاتوو بلانش دەبێتە هاوسەری ژەنەڕاڵ، ئەمە هیچ گومانی تێدا نییە، بێگومان ئەگەرهاتوو داپیرە مرد. خاتوو بلانش و دایکی و مارکیزی ئامۆزای، هەموویان دەزانن ئێستا هیچ شتێکمان نییە.

– ئایا ژەنەراڵ زۆر پەرۆشیەتی؟

– ئێستا کاتی ئەو بابەتە نییە، گوێ بگرە چیت پێ دەڵێم، بەتەواوی تێ بگە: ئەو حەفسەد فلۆرینە ببە، یاری رۆلێتی پێ بکە، تا دەتوانێ ببەرەوە، دەبێت هەر چۆنێك بێت من پارەم دەست بکەوێ.

ئەم قسانەی کرد و بانگی نادیای کرد، بەرەو گازینۆکە رۆیشت تا فریای هاورێکانمان بکەوێ، منیش لەیەکەم هۆڵی لای چەپەوە رۆیشتم، بیرم دەکردەوە سەرسام بووم، ئەو بابەتەی یاریکردن لە رۆلێت تووشی شۆکی کردم. سەیر ئەوە بوو هەرچەندە بە زۆر بابەتەوە سەرقاڵم، بەڵام نقومی شیکردنەوەی سۆزەکانم بووم بۆ پاولینا، راستە من پانزە رۆژە دابراوم، ئەو کاتە لەبەرامبەر ئەو هەستم بەخورپەیەك دەکرد، ئێستا وانیم، بەڵام لەکاتی گەشتەکەم وەك کەسێك بووم عەقڵم لەدەست دابێت: وەك ئەوەی شەیتان لەهەموو شوێنێك بەدوامەوە بێت، تەنانەت لە خەونەکانم هەردەم دەهاتە بەردەمم. جارێکیان لەسویسرا بەدەنگێکی بەرزەوە هاوارم بۆی کرد، ئەوانەی لە شەمەندەفەرەکە بوون هەموو دایانە قاقای پێکەنین.

ئەمرۆ جارێکی دیکە ئەو پرسیارەم لەخۆم دەکردەوە: ئایا من پاولینام خۆشدەوێ؟ جارێکی دیکە نەمتوانی وەڵامێکم بۆ ئەو پرسیارە هەبێ، نا تەنانەت بلێ سەد جارێکە دەڵێم: نەخێر رقم لە

پاولینایە، بەڵی ڕقم لێیەتی. چرکەساتی ئەوتۆ هەبووە (بەتایبەتی لەو کاتانەی کۆتایی بەقسەکانمان دەهێنین) خوازیاری ئەوەم نیوەی تەمەنم ببەخشم لەپێناو ئەوە بیخنکێنم. سوێند دەخۆم ئەگەر دەمتوانی خەنجەرێك بەهێواشی لەسنگی گیربکەم، ئەوا لەوانەیە هەست بەچێژێك بکەم. لەهەمان کاتیشدا سوێند دەخۆم بە پیرۆزترین شتەکانم، ئەگەر داوام لێ بکات لە شاخەکانی شیلانگ بێرگ، لەسەرەوەی ئەو لووتکەیەی خەڵك بۆی دەچن، خۆم هەڵدەمە خوارەوە، ئەوا یەکسەر ئەو کارە دەکەم، هەست بەئاسوودەیش دەکەم. من ئەوە دەزانم. دەزانم دەبێت ئەو بابەتە بەهەر جۆرێك بێت کۆتایی بێت، ئەویش بە نایابترین شێوە لەو بابەتە دەگات، ئەگەر ئەو بەتەواوی درك بەوە دەکات، مەحاڵە بتوانم دەستم بەری کەوێت. منیش بەتەواوی دەزانم هەموو ئارەزووەکانم بەر بادە و هیچ ئومێدێکی تێدا نییە، هەستم بە لەزەتێك کرد هاوشێوەی نییە. من تەواو لەو شتانە دڵنیام، ئایا ئەو بەهەموو سەنگینی و ژیریی خۆی بەم هۆگرییە و بەم راشکاوییە لەگەڵم دەدوێ؟ من تا ئەمڕۆ وا خەیاڵ دەکەم، ئەو وەك ژنە ئیمپراتۆرە کۆنەکان کاتێك لەبەردەم یەکێك لە کۆیلەکانی رووت دەبێتەوە، ئەویش وا سەیری من دەکات، وەك ئەوەی بەپیاوم نەزانێ، بەڵێ لەزۆر لایەنەوە بۆم دەردەکەوێ ئەو من بەپیاو نازانێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ بەڵێنی ئەوەم داوە: هەر چۆنێك بێت لە ڕۆڵێت ببمەوە. دەرفەتی ئەوەم نەبوو پرسیار بکەم بۆ دەبێت پارە بەرمەوە، ماوەکە دەبێ چەند بێت، ئەو حسێبە نوێیانە چەندە کە چرکە ساتێك واز لەزەینی من ناهێنێ! وەك ڕوونە چەندان ڕووداو لە ماوەی ئەم پانزە ڕۆژە ڕوویان داوە، کە من لێرە نەبووم، هێشتا من نازانم ئەو ڕووداوانە چین، دەبێت هەموویان ڕوون بکەمەوە، دەبێت بەخێرایی هەموویان ڕۆشن بێتەوە، بەڵام ئەو ئەرکەی ئێستا لەسەر شانم ئەوەیە: بچمە یاری ڕۆڵێت.

✿

بەشی دووەم

ئەم ئەرکە نیگەرانی کردم، ڕاستت دەوێ: من بڕیارم داوە قومار بکەم، بەڵام هەرگیز پێشبینیی ئەوەم نەکردووە، قومار بۆ کەسێکی دیکە بکەم. تەنانەت هەستم بە سەرسامیی دەکرد، بە سیمایەکی گرژەوە چوومە هۆڵی یاریکردن، هەر کەسێکم دەبینی لەیەکەم نیگا نیگەرانی دەکردم. من ناتوانم بەرگەی ئەو وتارانە بگرم کە لەسەرتاسەری دونیا لەبارەی قومارەوە دەنووسرێ، بەتایبەتی لە ڕۆژنامە ڕووسیەکانی خۆمان، لەسەرەتای وەرزی بەهار لەسەر دوو بابەت دەنووسرێت: دەستبلاوی و ملهوڕیی کە لە هۆڵەکانی قورمارکردن دەکرێت لە شارەکانی ڕووباری ڕاینەوە. دووەم ئەو کۆمەڵە زێڕانەیە لەسەر خوانەکان کۆدەکرێنەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم جۆرە نووسەرانە پاداشت لەبری وتارەکانیان وەرناگرن، کەچی خۆبەخشانە بۆ مەبەستێك دەنووسن کە سوودی نییە. ئەو هۆڵانە بەڕیوتن خاڵیین لەهەر خۆشی و جوانییەك. زێڕ لەسەر خوانەکان

کۆناکرێتەوە، تەنانەت بە دەگمەن خوانی تێدا دەکرێت. هەندێك جار وا رێکدەکەوێ پیاوێك سەلقەیەکی ریزپەڕی هەبێت، ئینگلیز بێت یان ئاسیایی (یان تورك وەك هاوینی رابردوو روویدا) لەماوەیەکی زۆر کەم بڕە پارەیەکی ئەفسانەیی دەدۆڕێنێ، یان دەباتەوە، بەڵام ئەوانی دیکە تەنها بە چەند درهەمێك یاری دەکەن، بۆیە لەسەر خوانەکان تەنها پارەیەکی کەم دەبینی.

بۆ یەکەمجار لە ژیانم کە چوومە هۆڵی قومارکردنەوە، ماوەیەك دوودڵ بووم، بۆئەوەی خۆم یەکلا بکەمەوە. خەڵك لەسەر ڕێگەکەم وەستابوون، تەنانەت ئەگەر بەتەنیاش بووم، لەوانەبوو بڕۆم، بەر لەوەی یاری بکەم. من ددان بەوە دەنێم دڵم زۆر بەتوندی کەوتە خورپەوە، تەنانەت نەمدەتوانی ددان بەخۆمدا بگرم و هێور ببمەوە. لەمێژە باوەڕم بەوە هەبووە لەگەڵ هاتم بۆ رۆلتنبێرگ، شتێکی نوێ دێتە ژیانمەوە، لەم شارە وەك ئەوە ناڕۆم کە بۆی هاتبووم. دەبێت شتێکی سەرەکی یەکلاکەرەوە بێتە نێو ژیانەوە، هیچ چارەی دیکە نییە، دەبێت ئەمە رووبدات، ئەمە هەر روودەدا. هەرچەندە ئەو گرەوەی لەسەر رۆلێت کردوومە هیچ و پێکەنیناوییە،. من وای بۆ دەچم ئەو باوەڕی لەلای خەڵك هەیە، گوایە(هیچ وپووچییە مرۆ چاوەڕوانی شتێك لەقومارکردن بکات) ئەم باوەڕەیش هیچە و مایەی پێکەنینە. ئایا بۆ قومارکردن بەدترین هۆکارە بۆ کۆکردنەوەی پارە؟ بۆ دەکرێت بۆ نموونە قومار لە بازرگانی خراپتر بێت؟ ڕاستە

له سەد کەس، تەنها یەکێك دەباتەوە، بەڵام ئایا ئەوە بەلای منەوە گرنگە؟

هەر چۆنێك بێت، ئەم شەوە بڕیارم دا جددی نەبم، هەر شتێك ڕوودەدا، با وەك ڕێکەوتێکی ڕاگوزەر بێت. ئەوەی ئەم ئێوارەیە مەبەستم بوو، خودی قومارکردن تاوتوێ بکەم. هەر چەندە من زۆرم لەبارەی ڕۆلێتەوە خوێندۆتەوە، زۆر پەرۆش بووم بۆ خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی وەسفی ڕۆلێت دەکات، کەچی ناتوانم لە هیچ ڕێسایەکی ئەم یاریکردنە تێ بگەم، تەنها ئەو کاتە نەبێ بەچاوەکانی خۆم سەیری دەکەم.

لە یەکەم چرکەساتدا، هەموو شتێك چەپەڵ دەردەکەوت، چەپڵ و نەگریس بەمانا ئەخلاقییەکەی. نامەوێ قسە لەسەر ئەو سیما برسی و نیگەرانانە بکەم کە بە دەیان یان سەدان دەوری مێزی قومار دەدەن. من زیانێك لەوە نادۆزمەوە، مرۆ بە خێراترین کات زۆرترین بڕ بباتەوە. بیرۆکەی ئەو واعیزە ناحاڵییەم بەبیرهاتەوە کە زۆرنەدار بوو، کاتێك باسی ئەوەیان بۆ کردبوو، گوایە کەسانێك بە پارەیەکی کەم قومار دەکەن، ئەو وتبووی" ئەمە خراپتر و بەدترە، چونکە ئەم دیاردەیە لە تەماعێکی بچووکەوە سەرچاوە دەگرێت". ئەو وادەزانێ جیاوازیی لەنێوان تەماعکاری بچووك و گەورە هەیە، وەك یەکتر نین. ئەمە مەسەلەیەکی ڕێژەییە، ئەوەی بەلای ڕۆچیلدەوە بچووکە، بەلای منەوە دەوڵەمەندییە. کاتێك بابەتەکە

پێوەندیی بە دۆڕاندن و قازانجەوە هەبێت، نەوەك تەنها لە رۆڵێت، بەڵکوو لەهەموو بوارەکانی دیکە، یەك پاڵنەر بۆ خەڵك هەیە: ئەوەیە قازانج بکەن شتێك لەدەستی کەسانی دیکە دەربهێنن. ئایا خودی قازانج و سوود نەنگیان تێدایە؟ ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە، لێرەدا شرۆڤەی دەکەم. من یەکێکم لەوانەی ئارەزوو هەیە تا ئەوپەڕی براوە بم، ئەوەیان تەماعکاری و چاوچنۆکییە، ئەگەر ئەم ناوەتان بەلاوە باشە من ناوی دەنێم خراپەکاری. ئەم ئارەزووە لەلای من هەیە، یان ڕاستتر ئەو کاتەی چوومە هۆڵەکەوە لەلای من هەبووە. هیچ شتێك لەوە بەچێژتر نییە مرۆ لەبەرانبەر ئەوانی دیکە نەچەمێتەوە، بەڵکو دەبێت بە ڕاشکاوی کارەکەی بکات، کەس ڕێگری لێ نەکات، بەڵام ئایا بۆچی مرۆ خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ؟ ئەمە زۆر هیچوپووچ و دەبەنگانە مرۆڤ خۆی پێوە خەریك بکات. شتێك کە لەیەکەم چرکەساتدا قێزەوەن دەردەکەوێ، ئاپۆڕەی ئەو خەڵکەیە کە لەدەوری مێزەکانی قومار کۆدەبنەوە، کە هەندێکیان بە بایەخ و ڕێزێکی زۆر دەنوێنن. لێرەدا دەبێت دوو جۆر یاری لەیەکتر جیا بکەینەوە، یارییەك ئاستی نزمە، یارییەکی دیکە شایەنی پیاوی ماقووڵە. هەر لەبەر ئەمەیشە دوو جار قومار هەیە: قومارکردنی پیاو ماقوڵان، قومارکردنی رووت ورەجاڵەکان.

هێڵی جیاکردنەوەی نێوانیان زۆر ڕوونە. نەنگییەك لەمەسەلەکەدا نییە. بۆ نموونە پیاوی بەڕێز و ماقووڵ لەوانەیە

سەرکێشی بە پێنج یان دە لیرەی زێڕ بکات، زۆر دەگمەنە زیاتر سەرکێشی زیاتر بکات، لەوانەیە ئەگەر زۆر دەوڵەمەند بێت سەرکێشی بە هەزار فرانك بکات، بەڵام تەنها لەپێناو یاری ئەم کارە دەکات، تەنها بۆ سەرگەرمی بۆ ئەوەی بەدوای یاری قازانج و دۆڕان بچێ. کاتێك قازانج دەکات، ئەوا بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنێ، وا لەکەسێك دەکات لەتێبینییەکانی بەشدار بێت، لەوانەیە دوو هێندە پارە دابنێ، بەڵام ئەم کارە تەنها بۆ حەزی درك پێ بردن دەکات، بۆ ئەوەی بزانێ بەخت چۆن دەخولێتەوە. ئەو ئارەزوویەکی چەپەڵی نییە بۆ ئەوەی قازانج بکات، واتە چ لە رۆلێت و چ لە یاری(چل وسێییەکە) تەنها مەبەستی چێژ و سەرگەرمییە، بۆیە سەرکێشی بەهیچ شتەکانی دیکە ناکات. کاتێك کەسێکی گران و سەنگین قومار دەکات بەوپەڕی شیکی دەوەستێ و بەچاوی ڕێزەوە تەنانەت سەیری ئەو بچووکانەش دەکات کە بۆ تاکە فلۆرینێك دەلەرزن، وا دەزانێ ئەوانە هەمووی وەك ئەون، تەنها بۆ سەرگەرمی و کات بەسەربرد یاری دەکەن، بەڵام ئەمە ساویلەکەیی و نەزانییە، کە ئەمەشیان لەبەرزترین شتەکانی ئەرستۆکراتییە.

دەمبینی دایکان کچەکانیان بەرەو پێشەوە دەهێنا، کچانی لاواز و بێ گوناه لە تەمەنی پانزە یان شانزەساڵی بوون، دایکان چەند پارەیەکی زێڕیان بەکچەکانیان دەدا و فێریان دەکردن چۆن یاری بکەن، کچەکانێش دەیانبردەوە یان دەیاندۆڕاند بە زەردەخەنەیە

دەکشانەوە دواوە، تەنها زەردەخەنەیەك بۆ دۆڕان و قازانج جیاوازی نەبوو.

ژەنەڕاڵەکەی ئێمە بەمتمانەوە لەسەر مێزی یارییەکە نزیك بووەوە، یەکێك لە خزمەتکارەکان ویستی کورسییەکی پێ بدا، بەڵام ئەو ئاگای لێ نەبوو. جزدانەکەی بە هێواشی دەرهێنا، سێسەد فرانکی دەرهێنا، لەسەر ڕەشی دانا بردییەوە، بەڵام پارەکەی نەبرد و لەشوێنی خۆی هێشتەوە، دووبارە ڕەش بردییەوە، دووبارە پارەکەی لەشوێنی خۆی هێشتەوە، بەڵام ئەمجارەیان سوور بردیەوە، ژەنەڕاڵ هەزار و دوو سەد فرانکی دۆڕاند. بە زەردەخەنەوە پاشەکشەی کرد، تەواو بەسەر خۆی زاڵبوو. من دڵنیام دڵی پەشۆکابوو. لەلایەکی دیکەوە فەڕەنسییەکە لە تەنیشتم بوو، بردییەوە، دواتر نزیکەی سێ هەزار فرانکی دۆڕاند. لەگەڵ ئەوەشدا سیمای بە هێمنی مایەوە، هیچ نیشانەیەکی هەڵچوونی پێوە دیار نەبوو. کەسی ئەرستۆکراتی بۆی نییە هەڵبچێ هەرچەندە هەموو سامانەکەی بدۆڕێنێ، تەنانەت ئەگەر هەموو پارەکەشی بڕوات ئەوا نابێت نیگەران بێت. یەکێك لە خەسڵەتەکانی دیکە ئەرستۆکراتیەت ئەوەیە ئەم چڵپاو و دیمەنی ئاپوورەی خەڵك فەرامۆش بکات، لەوانەیە ئەم هەڵوێستە پێچەوانەی هەڵوێستی پێشوو بێت: تۆ تێبینی دەکەین ئەم ئاپۆرەیە کۆبووەتەوە، بەچاوی جەربەزەیی خۆت سەیریان دەکەی، وەك نواندنێك بێت بۆ

ڕەواندنـەوەی بێـزاری جەنتڵمانەکـە بێـت. کاتێـك دەچـیتە نـاو ئـەم ئاپوورەیـەوە دەبێـت بـەوە ڕازی بیـت تـۆ تـەنها وەك بینـەرێك دەریبکەوی، نە تۆ لەوانی، نە ئەوان وەك تۆ. نابێت زۆر ئەملا و ئەولا بکـەیت ودیقـەت بـدەیت، ئـەگینا سـیفەتی جـەنتڵمانت نابێـت. زۆر دەگمەنـە دیمـەنی ئـەوتۆ هـەبێت جـەنتڵمان بـە بـەردەوامی دیقـەتی خـۆی بـداتێ، کەچـی مـن پێموابـوو، هـەموو شـتێك لـە قومـارکردن شایەنی دیقەتکردنی نەپچڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا شوێنی ئەوە نییە مـن تێبینیـەکانم تۆمـار بکـەم، بۆچـوونە ئەخلاقییـەکانی خـۆم دەربخەم، کە لە ناخی دڵمەوە حەشارم داوە. هـەر چـۆنێك بێـت مـن ئـەو قسـانە دەکـەم بـۆ ئـەوەی بـاری ویـژدانی خـۆم سـووك بکـەم، سەرەڕای ئەوەیش دەڵێم: بەم دوایيانە هەست بە بێزارییـەکی تـەواو دەکەم، ناتوانم بیر و کارم ملکەچی هیچ پێوەرێکی ئـەخلاقی بکـەم، ئێستا من بە ئاراستەیەکی دیکە دەڕۆم.

بەڕاستی ئاپوورەی رووت و ڕەجاڵەکان بەشێوەیەکی چەپەڵ یاری دەکـەن، تەنانـەت دوور نییـە دزی ئاسـایی لـەدەوری مێزەکـانی قومـارەوە دەکرێـت. ئەوانـەی لـە دەوری مێزەکانـەوە دانیشـتوون چاودێری ئەو کەسانە دەکەن کـە پارەکانیـان دادەنـێن، کـارێکی پـڕ مانـدووبوون دەکـەن، بۆئـەوەی دزی بکـەن، ئـەوانیش زۆربـەیان فەڕەنسیین! کاتێك من ئەو تێبینیانە دەنووسم مەبەستم ئـەوە نییـە وەسفی ڕۆڵێت بکەم، بەڵکوو دەمەوێ لەگـەڵ بارودۆخەکـە بگـونجێم

بۆئەوەی بزانم لە ئایندە چی دەکەم. بۆ نموونە زۆرجار دەبینی دەستێك بۆ ناو مێزی قومارەکە درێژ دەبێتەوە، لەناکاو دەڵێن تۆ براوە نیت، بۆیە دەمەقاڵێ دروست دەبێت و هاوار بەرز دەبێت، لەو کاتەشدا چۆن دەتوانی بیسەلمێنی کە تۆ براوەیت یان دۆڕاوی.

بە تێڕوانینی من ئەمە گاڵتەجارییەکی دیکەیە، زۆر ئاڵۆزی تێدا زەحمەتە چارەسەر بکرێت. من بەجۆرێك لە جۆرەکان فێری ئەوە بووم، مرۆڤ گرەو لەسەر ژمارەکان دەکات (تاك یان جووت) یانیش لەسەر رەنگەکانی رۆڵێت گرەو دەکات. ئەم شەوە ویستم بە سەد فلۆرینەکەی پاولینا ئەلکسەندەرۆڤنا سەرکێشی بکەم. ئەوەی نیگەرانی کردبووم ئەوەبوو من یاری بۆ کەسێکی دیکە دەکەم، نەوەك بۆ خۆم. ئەمە هەستێکی زۆر دژواربوو، دەمەویست زۆر بە پەلە خۆم لەو هەستە دەرباز بکەم. تەواوی کاتەکە هەست بەوە دەکرد، ئەگەر من بۆ حسێبی پاولینا یاری بکەم، ئەوا خۆم بەدبەخت دەکەم، ئایا مەحاڵ نییە مرۆڤ لە مێزی قومار نزیك بێتەوە و باوەڕیشی بە خوڕافات نەبێت؟

بۆ ئەوەی دەست بەیارییەکە بکەم پێنج فردیریکم دەرهێنا، واتە پەنجا فلۆرین، لەسەر ژمارەیەکی جووتم دانا، چەرخەکە خولایەوە، ژمارە سێزدە براوە بوو، کەواتە من دۆڕام، زۆر دڵتەنگ بووم، بەمەبەستی ئەوەی خۆم زوو لەکارەکە دەربازبکەم، پێنج فریدریکی ترم دەرهێنا لەسەر سوورم دانا، سوور بردییەوە، هەر دە فردیریکم

له سوور دانایەوە، دووبارە سوور براوە بوو، هەموو پارەکەم لە شوێنی خۆی هێشتەوە، بۆ جاری سێیەم سوور براوە بوو، چل فردریکەکەم هەڵگرت، دە دانەیانم لەسەر ژمارە دوانزە دانا، بێئەوەی بزانم ئەم ژمارەیە لەکاتی بردنەوە چی دەگەیەنێ، بردمەوە سێ هێندە پارەیان پێدام. بۆیە دە فردریکەکەم بوو بە هەشتا دانا، ئەو کاتە هەستێکی نامۆم بۆ دروست بوو بۆیە بڕیارم دا لە شوێنەکە بڕۆم، بەڵام جارێکی دیکە هەر هەشتا فردیریکم لە ژمارەیەکی جووت دانا، ژمارە چوار براوە بوو، جارێکی دیکە هەشتا فردریکم بردەوە. هەر سەدوشەست فردریکم لە گیرفانم دانا و کەوتە سۆراخی دۆزینەوەی پاولینا ئەلکسەندرۆڤنا.

هەموویان لە باخچەکە پیاسەیان دەکرد، نەمتوانی ببینم تەنها لەکاتی خوانی ئێوارە نەبێت. ئەمجارە فەڕەنسییەکە لەوێ نەبوو، بۆیە ژەنەڕاڵ دەیتوانێ بەتەواوی ئازادیی خۆی هەڵسوکەوت بکات. ئەوەی بە ئەرکی خۆی دەزانی کە جارێکی دیکە ئاگادارم بکاتەوە، لەوەی نابێت جارێکی دیکە لەسەر مێزی قومار من ببینێ. گوایە من ئەگەر زۆر بدۆڕێنم ئەوا ناوبانگی ئەو دەزڕێنم، بەفیزەوە وتی:

–تەنانەت ئەگەر زۆریش ببەیتەوە ئەوا ناوبانگی من لەکەدار دەکەی، هەڵبەتە مافی ئەوەم نییە بەسەر کردەوەکانی تۆ زاڵ بم، بەڵام دەبێت خۆت بەوە رازی بکەی......

وەك نەریتی خۆی ڕستەکەی بە ناتەواوی جێ هێشت.

منیش بەزمانێکی وشك وەڵامم دایەوە و وتم تەنها پارەیەکی کەمم هەیە، ئەگەر یاریش بکەم دۆڕاوێکی گەورە نابم. کاتێك بۆ ژوورەکەم سەرکەوتم هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا پارەکە بە پاولینا بدەمەوە، پێم گوت هەرگیز ڕۆژێکی دیکە یاری بۆ ئەو ناکەم.

بەزمانێکی پڕ نیگەرانی وتی:

–بۆچی؟

من بەسەرسامی سەریم دەکرد و وتم:

–ئەو کارە نیگەرانم دەکات، من دەمەوێ بۆ خۆم یاری بکەم.

– کەواتە هێشتا باوەڕت بەوە هەیە ڕۆڵێت تاکە دەروازەی نەجاتبوونی تۆ بێت، تاکە ڕێگەی سەرکەوتنت بێت؟ ئەمەی بەزمانێکی گاڵتەپێکردنەوە وت.

بەلاّم من بە مکوڕبوون وەلاّمم دایەوە کە ئەمەیان ڕاستە، بەلاّم سەبارەت بەوەی هەر دەبێت براوە بم، ئەمە کارێکی پێکەنیناوییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا" ئێوە وازم لێ بهێنن، ئەمە پێوەندی بەخۆم هەیە".

پاولینا پێداگری کرد لەوەی قازانجەکەی ئەمڕۆمان بکەین بە نیوە، هەشتا فردریکی بۆ من ڕاگرت، وتیشی بەم هاوبەشییە بەردەوام دەبین، بەلاّم من ڕەتم کردەوە، سوور بووم لەسەر ئەوەی ناتوانم یاری بۆ کەسانی دیکە بکەم، چونکە من دڵنیام لە دۆڕاندن.

به پەشۆکاوی پاولینا وتی:

–لەگەڵ ئەوەشدا، منیش ئومێدێکم نەماوە رۆڵێت نەبێت، لەبەر ئەوەش دەبێت تۆ لە یارییەکە لەسەر بنەمای هاوبەشی بەردەوام بیت، ئەم کارەیش دەکەیت.. تێگەیشتی؟

ئەمەی وت، بێئەوەی گوێ بە پاساوەکانم بدات رۆیشت..

✿

بەشی سێیەم

لەگەڵ ئەوەشدا دوێنێ پاولینا تەنها بۆ جارێکیش قسەی لەبارەی یاریکردنەوە نەکرد. بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەوە بەدوورگرت قسەم لەگەڵ بکات. ئەو شێوازی هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ من نەگۆڕیوە. کاتێ دەبینم هەمان ئەو هێمنیە ڕەهایەی هەیە، لەگەڵ هەستێکی بێزراو بۆ من، هەرچۆنێك بێت هەوڵ نادات، ڕقەکەی بۆ من بشارێتەوە. من بەڕوونی هەست بەوە دەکەم. سەرەڕای ئەمەش ئەوە ناشارێتەوە پێویستی بە منە دەیەوێ پارێزگاری لەمانەوەی من بکات. پێوەندی سەیر و سەمەرە لەنێوانمان دروست بووە ناتوانم لەزۆرێکیان بگەم. ئەگەر چاوپۆشی لەوە بکەین بەشێوەیەکی گشتی پاولینا بە فیز و لوتەبەرزی و ڕقەوە سەیری خەڵك دەکات، کەچی دەزانێ من شێتانە خۆشم دەوێ، تەنانەت ڕێگەم دەدات باس لە پەرۆشی خۆم بۆ ئەو بکەم، ئایا هۆکارێك لەوە باشتر هەیە بۆ ئەوەی ڕقی خۆی دەربخات؟ چاکترین شێواز بۆ ئەوەی ڕقی خۆی بۆ من دەربخات ئەوەیە ڕێگە دەدات لەبارەی عەشقی خۆم بێ

پێچوپەنا بدوێم. وەك ئەوەی بڵێ" من هیچ بایەخێك بەو قسانەی تۆ نادەم، هیچ بایەخێکم بۆ سۆزی تۆ نییە".

لەرابردوودا باسی کاروباری خۆی بۆ من دەکرد، بەڵام رۆژێك لە رۆژان دڵسۆز وڕاستگۆ نەبووە، زیاتر لەمەیش سووکایەتیەکای بۆ من هەندێك کارامەیی تێدابوو: وا دابنێ، ئەو دەزانی من ئاگادار هەموو بارودۆخی ژیانی ئەوم، ئەگەری ئەوە هەیە تۆزێك ترسی لەلا دروست بێت: بۆیە لەخۆوە هەندێك رووداوی بۆ دەگێڕامەوە، کاتێك پێویستی بەوە دەبوو بە ئامانجێك بگات، ئەوا منی وەك کۆیلەیە بەکاردەهێنا، لەو کاتەش دەبووایە هەموو شتەکانم لەبارەی ئەرکەکەوە پێ بڵێ. تەنانەت ئەگەر زنجیرەی رووداوەکانی ئەو بەلای من ئاڵۆز بوویە، تێبینی دەکرد ئازاری ئەو، منیش ئازار دەدات و نیگەرانم دەکات، کەچی بەتەواوی و بەڕاشکاوی هاوڕێیانە دڵنیا و ئاسوودەی نەدەکردمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من وام دەزانی ئەگەر ئەو ئەرکی قورس و ترسناك بەم دەسپێرێ ئەوا رۆژێك دێت ڕاشکاوانە بۆ من بدوێ. ئاخۆ دەبێ بایەخ بە سۆزی من بدات، بایەخ بەوە بدات من هاوخەمی ئەوم، سێ هێندەی ئەو نیگەرانم بۆ خەمەکانی!

دەزانم سێ هەفتەیە، نیازی ئەوەی هەیە یاری رۆڵێت بکات. داوای لەمن کردووە لەبری ئەو یاری بکەم، چونکە بۆ خۆی شیاو نییە یاری بکات. من لەزاری پاولینا درکم بەوە کردووە، بابەتێك هەیە سەرقاڵی دەکات، ئەمە تەنها پێوەندی بە ئارەزووی قومارکردنەوە

نییـە. خـودی سـامان بـەلای ئـەو گـرنگ نییـە، بێگومـان ئامـانج و بارودۆخێك هەیە دەتوانم مەزندەی بکەم، بەلأم هێشتا نـازانم چـییە. دیارە ئەو بارودۆخە سـوکایەتی و بەکۆیلەکردنـەی بـۆ منـی دروسـت کردووە، دەرفەتی ئەوەم پـێ دەدا (زۆر جـاریش دەرفـەتی پێـداوم) بێ پێچوپەنا هـەموو شـتێکی لـێ بپرسـم. مادەمـەکێ مـن کۆیلـەی ئـەوم، مادەمـەکێ مـن لەچـاوی ئـەو، بـوونم نییـە، کەواتـە هەسـت بەسووکایەتی ناکات ئەگەر پابەند نـەبم بـە سـنوورەکانی ڕێزگـرتن و ئەدەبەوە. ئەگەر من زۆر جار فزوولـی بکـەم، ئـەو ڕێگـەم پـێ دەدا هەندێك پرسیار بکەن، لەوانە وەلأم نەداتـەوە، بـەڵکوو هەنـدێك جـار هـیچ سـەرنجی پرسـیارەکان نـادات! پێوەنـدی نێوانمـان بـەم شێوەیە!

دوێنێ زۆر قسەیان لەسەر ئەو بروسکەیە دەکرد، گوایە چوار ڕۆژە ڕەوانەی بترۆسـبۆرگ کـراوە هێشـتا وەلأم نەدراوەتـەوە. زۆر ڕوون بوو ژەنەڕاڵ پەشۆکاو بوو و خـەیاڵی ئـاڵۆز بـوو، بێگومـان بابەتەکـە پێوەندی بـە داپـیرەوە هەیـە. هـەروەها فەڕەنسـییەکەش پەشـۆکاو بوو. کەچی دوێنـی دوای نـانی ئێـوارە بـە ماوەیـەکی زۆر ژەنـەڕاڵ و فەڕەنسییەکە قسەیان بەیەکـەوە دەکـرد، قسەکانیاشـیان نیشـانەی جددی و ڕشتبوونی پێوە دیاربوو. کـابرای فەڕەنسـی بەشـێوەیەکی لوتبەرزانـەی ئـەوتۆ مامەڵـەمان لەگـەڵ دەکـات عـەقڵ بـاوەڕی پـێ ناکات.ڕێگە ئـەو پەنـدەی بـۆ دەگـونجێ کـە دەڵـێ" داوەتـی سـەر

خوانەکەتی دەکەی، کەچی ئەو قاچی دەخاتە سەر خوانەکە". تەنانەت لەگەڵ پاولیناش بە لوتبەرزی هەڵسوکەوتی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە پیاسە و گەشتەکانی خێزانەکە بەشدار دەبوو کە لە باخچەکە ئەنجامیان دەدا، یان بە ئەسپ بەدەوروبەری شارەکە دەگەڕان. ماوەیەکی زۆرە، بەو بارودۆخانە دەزانم کە بووەتە هۆی پێوەندی نێوان ژەنەڕاڵ و پیاوە فەرەنسیەکە، ئەوان پێشتر نیازیان هەبووە بەیەکەوە کارگەیەك لە رووسیا دروست بکەن، نازانم ئێستا ئەو پرۆژەیەیان نەماوە یان هێشتا قسەی لەسەر دەکەن. جیا لەمەش من نهێنیەکی خێزانیم ئاشکراکردووە: ساڵی رابردوو ئەو پیاوە، ژەنەڕاڵی لەتەنگەژەیان دەرباز کردووە، کە سێسەد روبڵی بەقەرز داوەتە ژەنەڕاڵ، چونکە لەکاتی خانەنشینەکەی پێویستی پێی هەبووە. ئێستا ژەنەڕاڵ لەنێو مشتی کابرای فەرەنسی دایە، بەلام خاتوو بلانش ئەو رۆڵی سەرەکی لە هەموو کۆمیدیاکە دەگێڕێ، من لەو مەزندەکردنە تەواو بێگومانم.

خاتوو بلانش کێیە؟ لێرە لەلای ئێمە دەگوترێت ئەو ژنێکی فەرەنسییە لە چینێکی بەرز، لەگەڵ دایکی سەفەر دەکات، سامانێکی زۆر و زەوەندی هەیە،هەروەها دەگوترێت پێوەندییەکی خزمایەتی لە گەڵ مارکیز هەیە، باس لەوەش دەکرێت پێوەندی نێوان بلانش و مارکیز بەر لە سەفەرەکەم بۆ پاریس جۆرێك لە نواندن و ریابازی تێدا بووە، بەلام ئێستا پێوەندی نێوانیان

گەرموگوڕ و بێ کوشکێشیە. لەوانەیە بارودۆخی ئێمە ئێستا بەلای ئەوانەوە وا پێویست بکات، زیاتر لەیەکتر نزیك ببنەوە و چاوپۆشی لەیەکتر بکەن. دوێنێ تێبینیی ئەوەم کرد چۆن مستەر ئاستلی دەیەوێ دەرفەت لە بلانش و دایکی وەربگرێت. وام هەست کرد دەیناسێ، تەنانەت لەو باوەڕەش دام هاوڕێ فەرەنسییەکەمان پێشتر مستەر ئاستلی بینیوە. هەر چۆنێك بێت مستەر هێندە بە ئابڕۆ و بەشەرم وبێ دەنگە هیچ ئومێدێکی لێ چاوەڕوان ناکرێت: هەموو پیسیەکان لە ناو خێزانەکە دەشۆردرێنەوە. فەرەنسیەکە تەنانەت سلاّویشی لێ ناکات، یان هیچ سەرنجێکی پێ نادات. ئەمەش مانای ئەوەیە ترسی لە میستەر نییە. ئەمە بابەتێکە تێی دەگەم، بەلاّم بۆچی خاتوو (بلانش)یش مستەر فەرامۆش دەکات؟ بەتایبەتی دوێنێ مارکیز نازانم بە بۆنەی چ بابەتێکەوە بوو، لەدەمی دەرچوو وتی مستەر ئاستلی بێ ئەندازە دەولّەمەندە. دەبووایە لەو کاتەدا بلانش سەیری مستەر بکات! ئەوەی گرنگە ژەنەڕالّ نیگەرانە. بێگومان تۆ دەتوانی مەزندە ئەوە بکەی بابەتی گەیشتنی بروسکەیەك لەمۆسکۆوە دەربارەی مردنی داپیرە چ گرنگییەکی بۆ ئەو دەبێ!

سەرەڕای ئەوەی قەناعەتم هەبوو، پاولینا بە ئەنقەست خۆی لە گفتوگۆی نێوانمان بەدوور دەگرت، هەولّی دەدات ساردوسڕی و کەم بایەخی بنوێنێ، بەلاّم دەمزانی لەناکاو بڕیار دەدات بێتە لام.

بەپێچەوانەوە دوێنێ و ئەمڕۆ هەموو سەرنج لەلای خاتوو بلانشە. داماوە ئەم ژەنەڕاڵە .... بێگومان گوم دەبێت، ژەنەڕاڵ شەیدای بلانشە ، ئەو تەمەنی پەنجاوپێنج ساڵە، بێگومان ئەمەش کارەساتێکی دیکەیە. سەرەڕای ئەمەش مەینەتی دیکە وەك رەبەن بووەتەوە، منداڵەکانی، ئەو تێکشکانەی تێکەوتووە، قەرزەکانی..... دواجار ئەو ئافرەتە عەقڵ و هۆشی بردووە. خاتوو بلانش جوانە، بەڵام نازانم خوێنەر تێم دەگات ئەگەر بڵێم سیمای لەو جۆرانەیە کە ترس دەخاتە دەروونەوە، یان بەلایەنی کەمەوە دەڵێم من هەمیشە لەو جۆرە ژنانە دەترسم. خاتوو بلانش تەمەنی بیست و پێنج ساڵە. باڵای بەرز، نێوشانێکی جوان، گەردن و مەمکەکانی پڕ، رەنگی سیمای برۆنزی، قژێکی رەش وەك ئەبانۆس، قژی بەشێوەیە چڕوپڕە بەشی دوو سەر دەکات نەوەك یەك. دوو چاوی رەش، لەنیگادا بوێر، ددانەکانی سپی، دوو لێوی هەردەم گەشاوە. لەشی هەردەم بۆنێکی میسك ئاسای هەیە. جلەکانی جوان دەپۆشێ، سەلیقەیەکی بەرزی هەیە، دەست و پێیەکانی نایابن. دەنگێکی گڕی هەیە، کاتێك پێدەکەنی، زۆر جار قاقا دەکات هەموو ددانەکانی دەردەکەوێ، بەڵام زۆر جار بێدەنگ، بێدەنگییەکەی جۆرێکە لە چەپڵی، بە تایبەتی ئەو کاتانەی پاولینا و ماری فیلیپۆڤینا ئامادە دەبن (ئێستا دەنگۆیەکی سەیر هەیە گوایە ماری فیلیپۆڤینا دەگەڕێتەوە رووسیا). من خەیاڵی ئەوە دەکەم خاتوو بلانش هیچ رۆشنبیرییەکی نەبێت، تەنانەت لەوانەیە دەبەنگ بێت،بەڵام

لەبەرانبەردا زۆر وریا و مەکەربازە. باوەڕیشم هەیە ژیانی خاڵی نییە لە سەرکێشی. لەوانەشە هیچ خزمایەتییەك لەنێوان ئەم و مارکیز نەبیت، تەنانەت لەوانەیە ژنەکەش دایکی نەبێت. کەچی ئێستا وەك دایکی دەردەکەوێ من لە بەرلین ئەوانم بینی، پێوەندیەکی چاکیان هەیە، کەچی مارکیز ئێستاش گومان دەکەم ئەمە مارکیز بێت، سەبارەت بەوە لەچینێکی بەرزە، ئەوا لەمۆسکۆ و لەئەڵمانیا وا دەردەکەوێ، ناشزانم لە فەڕەنسا چۆنە. دەگوترێت کۆشکێکی لە فەڕەنسا هەیە. ئەوە دەزانم لەماوەی ئامادەنەبوونم لەم پانزە رۆژە زۆر شت روویداوە. بەلام هێشتا بەوردی نازانم ژەنەڕاڵ و خاتوو بلانش قسەی کۆتاییان کردووە یان نا. هەرچۆنێك بێت ئەمە پێوەندی بەبارودۆخی دارایی ئێمەوە هەیە، واتە پێوەندی بە پارەکانی ژەنەڕاڵەوە هەیە. ئەگەرهاتوو زانرا داپیرە هێشتا لە ژیان ماوە، ئەوا بلانش یەکسەر بۆی دەردەچێ و ون دەبێ. من هەست بەخۆم دەکەم چەند پێکەنیناوی و سەیرە مرۆڤ تا ئەو ئاستەی من دوڕوو و دووزمان بێت، ئەمە زۆرجار مایەی قێزەوەنی دەروونمە. ئای کە دڵخۆش دەبم ئەو کاتەی هەموو ئەو خەڵکە جێ دەهێڵم، هەموو ئەو بابەتە بەجێدەهێڵم! بەلام دەتوانم لە پاولینا دوور بکەومەوە، ئایا دەتوانم واز لەوە بهێنم وەك سیخوڕێك بە دەوری بخولێمەوە؟ ڕاستە سیخوڕی کارێکی چەپەڵە.... بەلام بایەخ بەمە نادەم...

لەدوێنی و ئەمڕۆوە بۆم دەرکەوتووە، مستەر ئاستلی هەڵسوکەوتی نامۆ بووە. بەڵێ باوەڕم وایە عاشقی پاولینایە. ئەوەی بەزم و پێکەنیناوییە، پیاوێکی وەها بەعاشق وەسف بکرێت، کە تا ئاستی نەخۆشی شەرمنە، ڕەنگە لەتاریکی زەوی رووبچێ، بەلاّم ناتوانێ بە وشەیەك یان نیگایەك گوزارشت لەناخی خۆی بکات. ئێمە زۆر جار بە مستەر ئاستلی دەگەین، لەکاتی پیاسە دەردەکەوێ زۆر پەرۆشە بێتە لامان، کاتێك داوای لێ دەکەین بێتە لامان بە پەلە دێت. لەو شوێنانەی پشوو دەدەین، لە گازینۆ، لە شوێنی مۆسیقا، بەردەم نافوورەکە، ئەوا مستەر لەکورسیەکەی ئێمە نزیکە. ئێمە لە هەر شوێنێك بین، لە باخچە، لەدارستان، لە شاخەکانی شیلانبێرگ، تەنها بەچاوگێڕانێك دەتوانین مستەر ئاستلی لە نزیك ڕێڕەوەکان یان لەپشت دارەکان ببینین. من وا خەیاڵ دەکەم ئەو بەدوای دەرفەتێك دەگەڕێ بەتایبەتی لەگەڵ من قسە بکات، ئەو بەیانیە بەمن گەیشت چەند قسەیەکمان کرد، ئەو هەندێك جار بە ڕستەی پچڕ پچڕ قسە دەکات، تەنانەت بەر لەوەی بەیانی باشم لێ بکات، هاواری کرد و وتی:

– خ... خاتوو بلانش... ئافرەتی زۆرم لەشێوەی خاتوو بلانش بینیوە. !

ئەمەی وت و بێدەنگ بوو، بە نیگایەکی پڕ مانای سەیری کردم. نەمزانی مەبەستی لەم قسەیە چی بوو، کاتێك پرسیم (دەتەوێ چ شتێك بڵێی؟) سەرلەقاند و فێڵبازانە پێکەنی، وتی:

—هەروەها.... ئایا خاتوو پاولینا زۆر حەزی لە گوڵە؟

وتم:

—نازانم

بەسەرسامی هاواری کرد:

—تەنانەت ئەوەش نازانی؟

— نا نەخێر نازانم... دیقەتم نەداوە، نازانم... ئەمە دووبارە کردەوە و پێکەنیم.

— ئمم... ئەمەش بیرۆکەیەکم پێ دەدا

ئەمەی گوت وبەجوڵەی سەری خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. هەرچۆنێك بێ شادی لە سیمای دەردەکەوت. هەردووکمان ئەو قسانەمان بە فەرەنسییەکی بێسەروبەر کرد.

✿

♠
♣

بەشی چوارەم

تەواوی رۆژەکەم پێکەنیناوی و هیچوپووچ بوو. ئێستا کاتژمێر یانزەی شەوە، من لە ژوورە بچووکەکەی خۆمم دەمەوێ هەندێك لە بیرەوەرییەکانم رێك بخەمەوە. کارەکانی ئەمڕۆم بەم شێوەیە دەستی پێ کرد: دەبووایە بچمە رۆلێت بۆ ئەوەی یاری لە پێناو پاولینا ئەلکسەندەرۆفنا بکەم. تۆسەد فردییکم برد، بە دوو مەرج: یەکەمین لەسەر بنەمای هاوبەشی یاری ناکەم. واتە هەرچەند لەیارییەکە ببمەوە، هیچ شتێك بۆ خۆم ناگێڕمەوە، دووەم ئێوارە کە گەڕامەوە پاولینا بۆم روون بکاتەوە بۆچی هێندە پێویستی بەبردنەوە هەیە، پێویستی بەچەند پارە هەیە. نەمدەتوانی مەزندەی ئەوە بکەم، ئەو تەنها بۆ خۆی ئەو پارەیەی مەبەست بێت، وەك رۆشن بوو ئەو پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە، نازانم مەبەستی چییە. ئەویش بەڵێنی پێ دام روونکردنەوەم لەم بارەیەوە پێ بدات. منیش رۆیشتم.

ئاپۆرەی خەڵك لە هۆڵەكانی قوماركردن جمەیان دەهات، ئای چەند چەپڵ و چەندە چاوبرسی بوون! ڕێگەكەی خۆم بەناو خەڵكەكە بڕی و لەمێزی قوماركردن نزیك بوومەوە، دواتر بە ترسەوە دەستم بەیاری كرد.سەركێشی ناكەم تەنها بە چەند خوردەیەك نەبێت، دواتر چاودێری یارییەكە دەكەم و تێبینی دەكەم. خەیاڵی ئەوە دەكەم هەموو ئەو حسێب و لێكدانەوانە بەهایەكی لە قوماركردن نییە، هیچیش لە مەترسییەكان كەم ناكاتەوە، وەك یاریزانەكان پێشبینی دەكەن، ئەوانەی لەوێ دادەنیشین و كاغەزی دەستیان پڕیەتی لە ژمارە، كەرەتەكان هەژمار دەكەن، پێشبینییەكان هەڵدەسەنگێنن، دواتریش حیسابی كۆتایی دەكەن، كەچی دوای هەموو ئەمانە دەدۆڕێن، وەك هەر كەسێكی سادە دەدۆڕێن كە خۆی بەو لێكدانەوانە سەرقاڵ نەكردووە، یاریش دەكەن. لەبەرانبەر هەموو ئەوانە بە ئەنجامێك گەیشتووم ڕاستگۆیانە دەردەكەوێ: لەڕاستیدا هاتنی بەخت بەدوای یەكەوە، جۆرێك لە ڕێكخستنی هەیە، ئەگەر جۆرێك لە سیستەمی نەبێت، ئەمەش تۆزێك سەیرە. بۆ نموونە دەركەوتنی دوانزە ژمارەكەی ناوەڕاست لەدوای دوانزە ژمارەكەی كۆتایی دەبێت. دواتر دەچێتە سەر دوانزە ژمارەكەی یەكەم، ئەگەرهاتوو كەوتە دوانزە ژمارەی یەكەم، ئەوا بۆ دوانزە ژمارەی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، دواتریش لە دوانزە ژمارەی كۆتایی دەردەچێتەوە، ئەمەیان تەنها جارێك دەبێت، بەڵام دەرچوونی دوانزە ژمارەكەی ناوەڕاست سێ جار بەدوای یەك

دەبێت. ئەم يارييە كاتژمێر و نيوێك يان دوو كاتژمێر بەردەوام دەبێت: يەك، سێ، دوو. يەك، سێ، دوو، بەم شێوەيە، بەڕاستی شتێكی سەيرە. لە بەيانييەك يان دەمەوئێوارەيەك دەبينی سوور و ڕەش بەنۆرە دەردەكەون، ئەمەيش بەشێوەيەكی ناڕێك، لەهەر ساتێك هەر ڕەنگێك دووجار يان سێ جار دەردەكەوێت، ئەگينا تا ئێوارە يان ڕۆژی دواتر دەبينی بۆ نموونە هەر سوور دەردەكەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ بيست و دوو جاريش بەدوای يەكەوە بێت. ئەمە تاماوەيەكی زۆر بەردەوام دەبێت، لەوانەيە تەواوی ڕۆژەكە بەمشێوەيە دەربكەوێ. من لەو تێبينيانە زۆر قەرزاری مستەر ئاستليم كە تەواوی ڕۆژ لەنزيك مێزی قومارەكان بەسەر دەبات، بێئەوەی هەرگيز ياری بكات.

با بگەڕێينەوە، بزانين چی بەسەر من هات، تا دوايين فلس دۆڕام، ئەمەش بەماوەيەكی زۆر كەم. يەكەمجار بيست فرديريكم لە ژمارەيەكی جووت دانا، بردمەوە، دووبارە دامنايەوە بردمەوە، بەمشێوەيە دوو سێ جاری ديكە، وابزانم ئەو پارەيەی لەماوەی پێنج خولەك كۆم كردەوە، نزيكەی چوار سەد فريدريك بوو. لەو كاتە وا پێويستی دەكرد بڕۆم، كەچی هەستێكی نامۆم لەلا دروست بوو، دەمويست بەگژ قەدەر بچمەوە، دەست بەڕووی قەدەر بوەشێنم، زمانم لەبەرانبەری دەربهێنم، بۆيە سەركێشيم كرد زۆرترين پارەم دانا، چوار هەزار فلۆرين، دۆڕام. سەرم گەرم بوو، ئەو پارەيەی لەلام

مـابوو هـەمووم لەشـوێنی پێشـووم دانـا، ئەویشـم دۆڕانـد. ئینجـا بەخەیاڵێکی ئاڵۆز و شڵەژاو، مێزەکەم جێهێشـت. نەمدەتوانی لـەوە بگەم چی ڕوویدا، بە پاولینام نەوت چیم بەسـەر هـاتووە، تـەنها بـەر لەنانی ئێوارە نەبێت، پێشتر لە باخچـەکە بـە پەشـۆکاوی ئەمسـەر و ئەوسەرم دەکرد.

لەکاتی نانی ئێوارە هەر وەك سێ ڕۆژ لەمەوبەر، پەشۆکاو بـووم، هێشتا فەڕەنسییەکە و خـاتوو بلانـش لەگـەڵ ئێمـە نـانی ئێوارەیـان دەخـوارد، وا ڕێکـەوت بەیانییەکـەی خـاتوو بلانـش لـە گـازینۆ بـوو، ئـەوەی بینـی کـە بەسـەرم هـاتبوو، بۆیـە ئـەم جـارە بـە بایـەخی زیـاترەوە قسـەی لەگـەڵ دەکـردم. کەچـی پیـاوە فەڕەنسـیەکە بەهـەنگاوی خێراتـر بـەرەو مەسـەلەکە دەهـات و بـێ پـێچ و پـەنا پرسیاری ئەوەی لێکردم ئەو پارەیەی دۆڕاندم هی خۆم بـوو، وابـزانم ئـەو هەسـتی کـردووە پارەکـە هـی پاولینایـە. (بەرنجەکـە پیـازی تێدایە) . منیش لەوەلأمدا وتم ئەو پارەیەی دۆڕاندم هی خۆم بوو.

ژەنەڕاڵ بێ ئەندازە پەشۆکا بوو: ئەو هەموو پارەیەت لەکوێ بـوو؟ بۆم ڕوونکردەوە، گوایە من بە دە فردریك دەستم بـە قومـارکردەوە، دوای شەش جار یان حەوت پارەکە بەبردنەوە زیادبوو، تا وای لێهات پێنج هـەزار یـان شـەش هـەزار فلـۆرینم هـەبوو. دواتـر بـە دوو جـار هەمووم دۆڕاند. بێگومان دەکرێت ئەو قسانە جێی باوەڕپێکردن بـن. لەکاتی ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە سەیری پاولینام دەکرد، نـەمتوانی

هیچ ئاماژەیەك لە سیمای بەدی بكەم، بەلأم نەهاتە ناو بابەتەكەوە بۆئەوەی قسەكانم تەواو بكەم. بۆم دەركەوت دەبیٚ درۆ بكەم بۆ ئەوەی ئەو مەسەلە پەردەپۆش بكەم كە بەپارەی ئەو یارییم كردووە. هەرچۆنێك بێت بەخۆم دەگوت: ئەم شەو دەبێت ڕوونكردنەوەم پیٚ بدات، وەك بەیانی بەلێنی پێداوم.

وام پێشبینی دەكرد، ژەنەڕاڵ تێبینییەك دەدات، بەلأم بێدەنگ بوو. لەبەرانبەر ئەوە پەشۆكاوی و نیگەرانی لە سیمای دەردەكەوت. لەوانەیە وا هەست بكات خۆی كۆمەلێك مەینەتی هەیە، كەچی ئێستا دەبیستیٚ كەسێك بە چارەكە سەعاتێك كۆمەلێك زێری دێتە بەردەست، كەچی هەمووی لەبەڕەلأیی دەدۆڕێنیٚ. وا هەست دەكەم دوێنیٚ ئێوارە مشتومڕێكی توند لەنێوان ژەنەڕاڵ و فەڕەنسی ڕوویداوە. دوای ئەوەی دەرگایان لەسەر خۆیان داخست قسەكانیان توندوتیژ بوو، فەڕەنسییەكە بەتوڕەیی هاتە دەرەوە. ئەم بەیانییەش زوو گەڕاوەتەوە لای ژەنەڕاڵ... بێگومان بۆ ئەوەی قسەكانی دوێنیٚ شەو تەواو بكەن.

كاتێك كابرای فەڕەنسی بە دۆڕانەكەی منی زانی، هەولٚی دا بەزمانێكی گاڵتەپێكردن، بەجۆرێك لەمەكربازی و چەپلیٚ، ئاگادارم بكاتەوە، لەوەی مرۆڤ دەبێت ژیر و عاقلٚ بێت، نازانم بۆچی باسی ئەوەشی كرد ڕووس ناتوانن قومار بكەن، هەرچەندە زۆریش قومار دەكەن.

کەچی من وتم:

–بە بڕوای من ڕۆڵێت تەنها بۆ رووس داهێنراوە.

کاتێك بینیم فەڕەنسییەکە بە پێکەنینەوە گوێم لێ دەگرێ، بە واتایەکی ڕق وکینەوە گوێم لێ دەگرێ. سەرنجی ئەو راکێشا بۆ ئەوەی من لەسەر هەقم، کاتێکیش رووسەکان بە قوماریاز وەسف دەکرێن، ئەمە ستایشکردن نییە، بەڵکوو سەرزەنشتکردنە، بۆیە دەبێت لەگەڵ بۆچوونەکانم تەبا بێت.

فەڕەنسییەکە پرسی:

–لەسەر چ بنەمایەك ئەم ڕایەت هەیە؟

– لەسەر ئەو بنەمایەی بەهرەی سەرمایە کۆکردنەوە لە مێژوودا، بووەتە یەکێك لە چاکەکانی مرۆڤی ڕۆژئاوایی، تەنانەت بووەتە برگەیەکی سەرەکی لەتۆماری ئەوان، کەچی رووسەکان لە کۆکردنەوەی سەرمایە کەم توانا نین، بەڵکوو لێرە و لەوێ، بێنەوەی هەست بکەن لەچاکە و خراپە پارەکەیان پەرشوبڵاو دەکەن. ئەمەش وای کردووە ئێمەی رووس هەردەم پێویستمان بەپارە بێت، بۆیە دەبینی چاوبرسین بەدوای ڕۆڵێت و ئامێرەکانی دیکە دەگەڕێین. دەتوانین لەم ڕێگەیەوە بێنەوەی کار بکەین، لەماوەی دوو کاتژمێر پارەیەکی زۆر و زەوەند کۆ بکەینەوە. ئەمەیش تەفرەمان دەدات و

شەیدامان دەکات، کاتێك بێ بیرکردنەوە هەڕەمەکی یاری دەکەین، بێگومان دەدۆڕێین.

فەڕەنسیەکە بەسەر سامییەوە لەگەڵم هاوڕا بوو، وتی:

-بەشێك لە قسەکانت دروستە.

ژەنەراڵ بەزمانێکی زبر و بە فیزەوە وتی:

= بەڵکوو هەڵەیە. نەنگییە بۆ تۆ ئەم جۆرە قسانە بۆ نیشتمانەکەت هەڵدەبەستی.

منیش وەلامم دایەوە و وتم:

-ببوورە... ئێمە دەتوانین بپرسین کامیان خراپترە: سەرەڕۆیی رووسەکان، یان شێوازی شەرفەمەندانەی ئەڵمانەکان کە بەکارکردنی سەخت پارە کۆدەکەنەوە!

ژەنەراڵ هاواری کرد:

-بیرۆکەیەکی زۆر بێ ئابڕوویانەیە!

فەڕەنسییەکەش وتی:

-بەڕاستی بیرۆکەیەکی رووسییە!

منیش پێدەکەنیم. زۆر تێنووی ئەوە بووم برینداریان بکەم و تووڕەیان بکەم، بۆیە وتم:

— ئامادەم هەموو ژیانم لە چۆڵ و بیابان بـژیم، لـەژێر ڕەشمـالآن بم، بەلآم ئامادە نییم بتێکی ئەڵمان بپەرستم.

توڕەبوونەکەی ژەنەڕاڵ زۆر توندتر دەردەکەوت، پرسی:

—کامە پەرستراو؟

— مەبەسـتم شـێوازی ئەڵمانەکانـە لـە کۆکردنـەوەی سـامان. مـن ماوەیەکی کورتە لێرەم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ماوە کورتـە دەرفـەتی ئەوەی بۆ رەخساندووم، هەندێك تێبینـی ئـەوتۆ بکـەم، کـە خـوێنی تەتـەریم تێـدا ببزوێنـێ و گیـانی یـاخیبوونم تێـدا زینـدوو بکاتـەوە. سوێند دەخۆم من ئەم جۆرە چـاکەخوازییەم نـاوێ. دوێنـێ نزیکـەی دە فەرسەخێك بەم دەوروبەر گەڕام، ئەوەی بینم هەر ئەو شتانە بوو لەکتێبە ئەڵمانیانە خوێندومانەتەوە کە باس لە ئەخلاق دەکەن و بـە وێنە رازێندراونتەوە. لە هەر ماڵێك ڤاتـەرێك هەیـە، زۆر پابەنـدە بـە چاکەخوازییەوە. تەنانەت مرۆ دەترسێ لێی نزیك بێتەوە، من ناتوانم بەرگەی ئـەو شـەرەفەمەندانە بگـرم و لێیـان نزیـك ببمـەوە. ڤاتـەری خێزانـە هـەموو ئێوارەیـەك ئەندامـەکانی خێزانەکـەی کۆدەکاتـەوە کتێبی رۆشنبیری بـە دەنگی بـەرز دەخوێننـەوە، لـە سـەرووی مـاڵ بچـووکەکانیان، دەنگـی لـەرزینی درەختـەکان دەبیسـترێ. دەمـەو ئێـواران باڵنـدە لەسـەر بانەنـەکان... هـەموو ئەمانـە تـا ئەوپـەڕی شیعرانە و هەست بزوێنن... ژەنـەڕاڵی گـەورەم تـوڕە مەبـە، ڕێگـەم بدە با قسە لەسەر ئەو شێوازە بکەم کە بەسەر دڵانەوە کاریگەرە.

من باوکی کۆچکردووم وەبیر دێتەوە کە ئێواران، لەژێر دارەکانی باخچە بچووکەکەمان کتێبی لەم جۆرەی بۆ من و دایکم دەخوێندەوە. کەواتە من دەتوانم لە بارودۆخەکە بگەم. لێرە هەر خێزانێك ڤاتەرێکی هەیە، بەتەواوی ئەم کەسە دەپەرستن، هەموویان وەك مانگا کار دەکەن و وەك جولەکەش سامان کۆدەکەنەوە. با گریمانەی ئەوە بکەین باوکەکە پیشە و زەوییەکەی بە میرات بە کوڕە گەورەکەی دەدات، ئەو ناتوانێ مارەیی بۆ کچەکەی دابین بکات کاتێك شوو دەکات. کوڕە بچوکەکەش وەك خزمەتکار یان وەك سەرباز دەفرۆشن، بەهاکەی ئەویش دەخەنە ناو میراتەکەوە. ئەمە ڕاستە، لێرە پرسیارم کردووە، بەمشێوەیە. هەموو کارەکانیش سەرچاوەکەی لە دڵسۆزییەوەیە. دڵسۆزییەك زۆر زێدەڕۆیی تێدا کراوە. تەنانەت ئەو کوڕە بچووکەکەی کە فرۆشراوە، باوەڕی وایە بە پاڵنەری شەرەفمەندی ودڵسۆزییەوە فرۆشراوە، بۆیە بەوە دڵخۆش دەبێت کە دەبێتە قوربانی! دواتر چی ڕوودەدا؟ کوڕە گەورەکە خۆشی لە ژیانی خۆی نابینی، چونکە ناتوانێ ئەو کچە بخوازێ کە خۆشی ویستووە، چونکە هێشتا فلۆرینەکانی تەواو نەکردووە، بۆیە هەردووکیان بە چاکەخوازی و دڵسۆزییەوە چاوەڕوان دەکەن و بەزەردەخەنەوە لە ئایندە دەڕوانن، تا کچەکە کولمەکانی سیس دەبێت، ئاوی هەردووکیان وشك دەبێت، دواجار دوای بیست ساڵ بە دڵسۆزی و چاکەوە فلۆرینەکان تەواو کۆدەبێتەوە، ئەوکاتە ڤاتەر پیرۆزبایی لەکوڕەکانی دەکات کە تەمەنی بۆتە ٤٠ ساڵ و کچەکە

تەمەنی بۆتە ٣٥ ساڵ، مەمکەکانی هەڵوەریوە و لووتی سوور هەڵگەڕاوە، باوکە لەم بۆنەیەدا دەگری و باس لە چاکییەکانی ئەخلاق دەکات... دوا وتەکانی ...

بەمەش کوڕەگەورە دەبێتە ڤاتەڕێکی دیکە، بەم شێوەیە چیرۆکەکە دووبارە دەبێتەوە، تا پەنجا ساڵ یان شەست ساڵ تێدەپەڕێ، دەبینی نەوەی ڤاتەری یەکەم سەرمایەکی قەبەیان کۆکردووەتەوە، ئەوەیان بۆ کوڕەکەی جێهێشتووە، کوڕەکەشی بۆ ئەویتر، دوای پێنج پشت یان شەش دەبینی بارۆن رۆچیڵد یان هۆ و هاوبەشەکانی دەردەکەوێ، یان نازانم چ شەیتانێکی دیکە دەردەکەوێ! ئایا ئەمە دیمەنێکی نایاب نییە: سەدەیەك یان دوو سەدە: لە کارکردنی سەخت، سەبرێکی بەردەوام، زیرەکی و چالاکی، دڵسۆزییەکی تەواو، وزەیەکی بەردەوام، مکوڕبوونێکی توند، تێڕوانین لە ئاییندە.. لەمە زیاتر چیتان دەوێ؟ هیچ شتێك لەمە نایابتر و بەرزتر نییە. بە پێی ئەم بۆچوونە ئەوان حوکمی هەموو دونیا دەکەن، سزای گوناهبارەکانیش دەدەن، واتە ئەو کەسانەی بچووکترین جیاوازیان لەگەڵ ئەوا هەیە! کەچی بەلای منەوە گاڵتەکردن بە شێوازی رووسی و کۆکردنەوەی پارە بە رۆلێت خۆشەویست و کاریگەری زیاتر بەسەر منەوە هەیە. نامەوێ لەکۆتایی پێنج نەوە بەدوای یەك ببمە هۆ و هاوبەشەکانی. من بۆ خۆم پێویستم بە سامانە، هەرگیز

خۆشم بەسامان پێوانە ناکامە، دەزانم من قسەی پڕوچووم زۆر کـرد، بەلاّم زیانێکی نییە، ئەمانە بۆچوونی منن.

ژنەڕاڵ حەپەسابوو بیری دەکردەوە، وتی:

—نازانم قەسەکانت ڕاستییان تێدایە یان نا، بەلاّم ئەوەی لێی دلّنیام، تۆ زۆر لەخۆبایی بوویت و جلّەوی خۆت......

ژەنەڕاڵ وەك نەریتی خـۆی ڕسـتەکەی تـەواو نـەکرد، ئـەو هەروایـە کاتێك قسە لەسەر ئەو بابەتانە دەکات تۆزێك نائاسایین، هیچ کاتێـك ڕسـتەکان تـەواو ناکـات. کـابرای فەڕەنسـیش تێـی دەڕوانـیم و گوێبیستی من بوو، وەك ئەوە بوو بایەخ بـە قسـەکانم نـەدات، بـەلاّم پاولینا لوتبەرز بوو، وەك ئەوە بوو هیچ قسـەیەکی نەبیسـت بـێ کـە لەسەر خوانەکە کرابوو.

✿

بەشی پێنجەم

پاولینا وەك نەریتی خۆی دانیشتبوو، بیری دەکردەوە. هەر کە لەسەر خوانەکە هەڵسایین، داوای لێکردم پیاسەیەکی لەگەڵ بکەم. منداڵەکانمان برد، لەلای نافورەکەوە بەرەو باخچەکە ڕۆیشتین. من زۆر پەرۆش بووم، گێلانە و بە پەلە پرسیاری ئەوەم لێکرد بۆچی مارکیز دی گرپیۆ(فەرەنسیەکە کورتەکە)ی لەگەڵ نابینم. نەوەك تەنها یاوەری ناکات لە چوونە دەرەوە، بەڵکوو تەواوی ڕۆژ وشەیەکیشی لەگەڵ نادرکێنێ.

بەدەنگێکی نامۆ وتی:

–چونکە دڵڕەقە.

هەرگیز پێشتر بەمشێوەیە باسی دی گرپیۆی نەکردووە، بێدەنگ بووم دەمویست هۆکاری ئەو دڵرەقی و تورەییە بزانم، دواتر وتم:

–تێبینی ئەوەت کردووە، ئەمرۆ لەگەڵ ژەنەراڵ ناتەباییە.

بەزمانێکی وشك، بە تورەیی وتی:

–تۆ دەزانی ئەو قەرزی داوەتە ژەنەڕاڵ، ژەنەڕاڵیش هەموو موڵکەکانی خۆی وەك بارمتە داناوە، ئەگەر داپیرە نەمرێت ئەوا هەموو شتەکان بۆ فەڕەنسیەکە دەبێت، ئەو دەبێتە خاوەنی.

– ئایا ئەمە ڕاستە ژەنەڕاڵ شتەکانی بە بارمتە داناوە؟ من ئەو بابەتەم بیستووە، بەڵام باوەڕم نەکردووە.

–بەڵێ ڕاستە.

وتم:

–کەواتە ماڵئاوا ئەی خاتوو بلانش، ئەو نابێتە هاوسەری ژەنەڕاڵ. ئایا دەزانی، من خەیاڵی ئەوە دەکەم ژەنەڕاڵ زۆر شەیدای خاتوو بلانش بووە، ئەگەر ئەو کچە بڕوات، ئەوا ژەنەڕاڵ لەوانەیە خۆی بکوژێ. دڵدارییەکی سەخت لەم تەمەن بۆ ئەو ترسناکە.

پاولینا ئەلکسەندەرۆڤنا خەیاڵی پەرتەوازە بوو:

–منیش باوەڕم وایە شتێکی لەم جۆرە ڕوودەدات.

منیش هاوارم کرد:

– ئای لەمە نایابتر نییە! بەهێزترین بەڵگە ئەوە بوو ئەو کچەی بە هاوسەرگیری ژەنەڕاڵ ڕازی نەدەبوو تەنها لەبەر سامانەکە نەبێت. ئەوان تەنانەت ڕەچاوی گونجان و نزیکیان نەکردبوو، هیچ شتێك لەنێوانیان هاوبەش نەبوو. ئەمە زۆر نایابە! دواتر ئەمە چییە کە لەبارەی داپیرەوە ئەنجامی دەدەن. ئایا هیچ شتێك لەمە

پڕوپووچترە، برووسکە بنێری: ((ئایا مردووە؟ ئایا مردووە؟ ئایا بەڕاستی مردووە؟)) پاولینا ئەلکسەندەرۆڤنا تۆ بووچوونت چییە؟

بە قێزەوە قسەکانی پێ بڕیم و وتی:

–هەموو ئەم قسانە پڕوپوچی و دەبەنگییە! من سەرسامم بەوەی تۆ تا ئەو رادەیە شادومانی، چ شتێك شادومانت دەکات؟ ئایا پارەکەی من کە دۆڕاندت؟

– بۆچی پارەت پێ داوم تا بیدۆڕێنم؟ من پێم وتی ناتوانم قومار بۆ کەسێکی دیکە بکەم، بەتایبەتی ناتوانم بۆ تۆ یاریی بکەم! من گوێڕایەڵی هەموو فرمانێکی تۆم. لەگەڵ ئەوەش تۆم ئاگادار کردەوە کە کۆتاییەکەی خێر نابێ. ئێستا پێم بڵێ: ئایا بەوە کاریگەربووی کە ئەم پارە زۆرو زەوەندەت دۆڕاندووە؟ ئەو پارەیە چ سوودێك بەتۆ دەگەیێنێ؟

– بۆچی ئەم پرسیارانە؟

– تۆ بەڵێنت بەمن داوە ئەو بابەتەم بۆ ڕوون بکەیتەوە.. گوێ بگرە: من باوەڕم وایە بۆ خۆم یاری بکەم (لەسەر دوانزە فردریك) دواتر دەبەمەوە، ئەو کاتە هەر چەندەت پارە دەوێ من بەتۆی دەدەم.

بە ڕق وکینەوە سەیری کردم، منیش لەقسەکانم بەردەوام بووم:

–له من توره مه‌به که ئه‌م پێشنیازه‌ت بۆ ده‌که‌م. هه‌ستم ته‌ژییه له‌وه‌ی تۆ وه‌ك (سفر) سه‌یری من ده‌که‌ی، که‌واته ده‌توانیٚ پاره‌شم لیٚ وه‌ربگری، هیچ زیان و سوکایه‌تیه‌کت پیٚ ناگات، وه‌ك دیاری وه‌ری بگره. دواتر من پاره‌ی تۆم دۆڕاندووه.

خێرا نیگای کردم ، تێبینی ئه‌وه‌ی کرد من به‌تۆره‌یی و گاڵته‌پێکردنه‌وه ئه‌م قسانه ده‌که‌م، جارێکی دیکه بابه‌ته‌که‌ی گۆڕی.

–هیچ شتێکم نییه پێوه‌ندی به تۆوه هه‌بێت، ئه‌گه‌ر سووری له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی بزانی، ئه‌وا من قه‌رزێکی زۆرم له‌سه‌ره، من پاره‌م قه‌رز کردووه، ده‌بێت بۆ خاوه‌نه‌که‌ی بگێڕمه‌وه. بیرۆکه‌یه‌کی شێتانه‌م بۆ دروست بووه، گوایه ده‌کرێت ئه‌و پاره‌یه له قومار به‌ده‌ست بهێنم، بۆچی ؟ نازانم. به‌ڵام باوه‌ڕم وایه براوه ده‌بم، کیٚ ده‌زانیٚ؟ له‌وانه‌شه ئه‌و هیوایه‌م له‌وه‌وه بۆ دروست بووبیٚ، که قومار تاکه به‌خته په‌نای بۆ ببه‌م.

– یان له‌به‌ر ئه‌وه‌یه هه‌ر ده‌بێت ببه‌یته‌وه جا ئه‌نجامه‌که‌ی هه‌ر چییه‌ك بێت، تۆیش وه‌ك ئه‌و مرۆڤه‌ی که له نقوم بووم په‌نا بۆ پووش وپه‌ڵاش ده‌بات، وا ده‌زانیٚ قه‌دی دارێکه، وا ده‌زانیٚ به‌و پووش و په‌ڵاشه نه‌جاتی ده‌بێت؟

سه‌رسامی به پاولیناوه دیار بوو، پرسیاری کرد:

–چۆن ؟ ئەی تۆش هەمان ئومێدت نییە؟ پانزە ڕۆژ لەمەوبەر باست کرد، درێژدادڕیت لە باسەکە کرد، گوتت دڵنیای لە رۆلێت قازانج دەکەی، تکات لیّ کردم وەك شێت سەیرت نەکەم، ئایا تۆ گاڵتەت دەکرد؟ بەلاّم لەبیرمە قسەکانت بەجۆرێك جددی بوون، مەحالّ بوو مرۆڤ بە گاڵتە و گەپ وەری بگریّ!

بیرم کردەوە و وتم:

–ڕاستە. ئێستاش بڕوام هەیە براوە دەبم، تەنانەت ددان بەوە دەنێم ئێستا تۆ بەرەو ئەو ئاڕاستەیەم دەبەی ئەم پرسیارە لە خۆم بکەم: بۆچی ئەم دۆڕاندنە سەیرەی ئەمڕۆ، لە ناخم گومانی دروست نەکردووە؟ هێشتا باوەڕم بەوە هەیە براوە دەبم، بەلاّم ئەگەر بۆ خۆم یاری بکەم، نەوەك بۆ کەسێکی دیکە.

– بۆچی ئەم بڕوایەت هەیە؟

– بەڕاستی نازانم، بەلاّم دەزانم دەبێت براوە بم، ئەم بردنەوەیە تاکە دەروازەی نەجاتبوونمە، لەوانەشە هەر ئەمە وا بکات بڵێم مەحاڵە دەبێت ببمەوە.

– کەواتە دەبێت هەر چۆنێك بێت براوە بیت، کاتێك متمانەکەت هێندە قایم بێت.

– کەواتە من پێداگری دەکەم، تۆ گومانت لەوە هەیە، لەوانەیە من هەست بکەم پێویستی زۆرم بەپارە هەبێت؟

– ئەمە بەلای منەوە گرنگ نییە، بەلام کە تۆ پرسیار دەکەی منیش دەڵێم: بەڵێ. من گومانم هەیە لەوەی تۆ شتێك هەبێت بە قووڵی ئازارت بدات. لەوانە هەندێك ئازارت هەبێت، بەلام ترسناك نییە. لەگەڵئەوەش تۆ مرۆڤێکی سەرگەردانی لەسەر بارێك جێگر نابی. تۆ چ پێویستیت بە پارە هەیە؟ من باسی هۆکارەکانم بۆ کردی، شتێکی دیکە نادۆزمەوە گرنگی هەبێت...

نەمهێشت قسەکانی تەواو بکات و وتم:

–هەر بەو بۆنەیەوە، تۆ وتت پێویستم بەوە هەیە قەرزێك بدەمەوە، قەرزێکی گەورە، خەیاڵی ئەوە دەکەم، فەرەنسیەکە خاوەن قەرزەکە بێت؟

– ئەمە چییە؟ ئەمرۆ پاڵەوانی، ئایا تۆ سەرخۆشی؟

– تۆ دەزانی من رێگە بەخۆم دەدەم هەموو شتێك بڵێم، تەنانەت هەندێك جار راستەوخۆ پرسیار دەکەم، من کۆیلەی تۆم، مرۆ لە کۆیلەکەی خۆی شەرم ناکات، لە بەرانبەری هەست بە سووکایەتی و کەموکوڕیی خۆی ناکات.

– چەندە پڕوپووچە! من بەرگەی ئەم تیۆرەی کۆیلایەتی ناگرم کە تۆ باسی دەکەی.

–تێبینی ئەوە بکە، من قسە لەسەر کۆیلایەتی خۆم ناکەم ، گوایە ئارەزوو بکەم من کۆیلەت بم، بەڵکوو ئەمە شتێکە لەدەرەوەی ویستی منە.

– بە ڕاشکاوی بڵێ: تۆ بۆ پێویستت بەپارەیە؟

– ئایا تۆ بۆچی دەتەوێ بزانی؟

بە لووتبەرزی وەڵامی دایەوە و سەری لەقاند و وتی:

–تۆ ئازادی

منیش وتم:

–تۆ تیۆری کۆیلایەتی قبووڵ ناکەیت، دەتەوێ مرۆ خۆی بکاتە کۆیلەی تۆ (وەڵام بدەوە ، بێنەوەی بیانو بگری)، ئەمە زمانی تۆیە، بە هەرحاڵ ئەوەی تۆ دەتەوێ: بۆچی من پێویستم بە پارەیە؟ ئەمە پرسیاری تۆیە، ئای لەم پرسیارە، ئەمە پارەیە... ئەمە هەموو شتێکە...

– لەمە تێگەیشتم، بەڵام نابێت مرۆڤ بەم شێوە شێت بێت هەموو ئارەزوویەکی لە سامان بێت! من وای دەبینم تۆ بەرەو وڕێنە دەڕۆی.. بەڵام شتێکت هەیە، ئامانجێك هەیە، بێ پێچوپەنا، دەمەوێ ئەم ئامانجە بزانم.

خەریك بوو تەواو توڕە دەبوو، من شەیدای ئەوە بووم دەمبینی بە توڕەیی پرسیارم لێ دەکات.

وتم:

–بێگومان ئامانجێکم هەیە، بەڵام نازانم چۆن ئەم ئامانجەت بۆ ڕوون بکەمەوە، بەکورتییەکەی من بە سامان دەبمە پیاوێکی دیکە، تەنانەت لە تێڕوانینی تۆش، من وەك کۆیلە نامێنمەوە.

– چۆن ؟ چۆن بەمە دەگەیت؟

–چۆن بەوە دەگەم؟ تۆ تەنانەت ناتوانیٚ لەوە بگەیت، کەم دەتوانم بگەمە ئەو ئاستەی تۆ وەك مرۆڤ سەیرم بکەی، نەوەك کۆیلە ! بەتایبەت وای لێهاتووە ئەمەشم نەوی. ئێستا وام لێهاتووە ئەم شۆك و سەرسامییەی تۆم ناویٚ!

– دەتگوت ئەم کۆیلایەتییە چێژ و شادی بەتۆ دەبەخشیٚ. منیش ئەم قسەیەم باوەڕ دەکرد.

ڕاستم وتووە، من هەستم بە چێژێکی سەیر و دەگمەن دەکرد:

–ئایا تۆ باوەڕت دەکرد؟ ئای لەم ساویلکەییە جوانە ! بەڵیٚ ئەو کۆیلایەتییەی بۆ ئەوم هەبوو، بەلای منەوە چێژێکی بێگەردی هەبوو. مرۆ لەوانەیە لەوپەڕی ملکەچی و داکەوتن چێژ وەربگریٚ.(بەردەوام هوڕێنەم دەکرد). کیٚ دەزانیٚ؟ لەوانەیە مرۆڤ چێژێکی زۆر لەوە ببینیٚ کاتێك نەگبەتیەك بەسەری دەکەوێت، پشتی دادەماڵیٚ. بەڵام من خەریکە هەست بە چێژی دیکە دەکەم... ماوەیەکی لەمەوبەر، مێر لەبەردەم تۆ تووشی نیگەرانی

کردم، لەبەرئەوە ڕۆژێك حەفسەد ڕۆبل وەردەگرم، مارکیز دی گرێو بڕۆکانی هەڵدەتەکێنێ، لەهەمان کات نکۆڵی لە بوونم دەکات، ئەمە لەکاتێکدا لەوانەیە من ئارەزووی ئەوەم هەبێ لەبەردەمی تۆ لووتی مارکیز بگرم.

–وەك هەرزەکارێك قسە دەکەی! مرۆڤ دەتوانێ لە هەر بارودۆخێك بێت، بەشێوەیەك هەڵسوکەوت بکات، ڕێزی کەرامەتی خۆی بپارێزێت، کۆششکردن پلەی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە نزمی ناکاتەوە.

– ڕستەی ئەزبەرکراو و قسەی نەستەق، بەم شێوەیە قسە دەکەی! وا دەزانی من ناتوانم بە سەنگینی هەڵسوکەوت بکەم، من ڕێزی خۆم هەیە، بەلام نازانم چۆن هەڵسوکەوت بکەم کە کەرامەتەکەم پارێزراو بێت. وا هەست دەکەی مەسەلەکە بەمشێوەیەیە! کەچی هەموو ڕووس بەمشێوەیەن. ڕووسەکان لەگشت بەهرەکان دەوڵەمەندن، بە پەلە بەبەهرە جۆراوجۆرەکان دەگەن، تەنانەت نازانن کام بەهرە بۆیان دەگونجێ. کەچی لێرە ڕوواڵەت گرنگە. ئێمەی ڕووس، ئێمە بە هەموو بەهرەکان دەگەین، بەلام پێویستمان بە بلیمەتییە بۆ ئەوەی شێوەیەکی گونجاو بۆ خۆمان هەڵبژێرین. بەشێوەیەکی گشتی ئێمە پێویستمان بە بلیمەتییە، بەشێوەیەکی گشتی بلیمەتی شتێکی دەگمەنە. ڕوواڵەت بەلای فەرەنسییەکان و ئەوروپییەکانی دیکە، تا ئەوپەڕی بایەخی پێ دەدرێت، لەوانەیە تۆ کەسێك لەوان ببینی، بەڕوواڵەتی کابرایەکی بەڕێز و سەنگین دەربکەوێ، کە

لەڕاستیدا لەوانەیە لەهەموو کەسێك زیاتر لە کەرامەت بەدوور بێت. هەر ئەمەش وایکردووە تەواوی رووخسار و رووالەت بەلای ئەوانەوە گرنگ بێت. لەوانە فەرەنسییەکە بەرگەی جۆرێك لەجۆرەکانی سووکایەتی قووڵ بگرێت، هەرچەندە سووکایەتیەکی ڕاستەقینەش بێت، تەنانەت نیوچەوانیشی گرژ ناکات، بەڵام بەرگەی ئەو ناگرێت سەرە پەنجەیەك بەلووتی بنێیت، چونکە ئەمەیان پێچەوانەی ئادابی گشتی و رووالەتە باوەکەیە. هەر لەبەر ئەمەشەوە دەبینی فەرەنسییەکان لەلای کچانی ئێمە بەختیان هەیە و سەرکەوتوون، چونکە شێوەیەکی جوانیان هەیە. کەچی بەلای خۆمەوە هیچ شێوەیەکی جوان نابینم، بەڵکوو کەلەشێرێك لە کەڵەشێرەکانی گالیا دەبینم. بەهەرحاڵ من ناتوانم لە رووخسار بگەم، چونکە من ژن نیم، لەوانەیە لەکەلەشێرێکیش نەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قسە پڕوپووچانە دەکەن، تۆش لەقسەکردن نامووەستێنی. تۆ زیاتر بمووەستێنە. کاتێك قسە بۆ تۆ دەکەم، حەز دەکەم هەموو شتێك بڵێم، هەموو... توانای ئەوەم نییە رەچاوی رواڵەت بکەم. ئیعتراف بەوە دەکەم نەوەك تەنها رووخسار بەڵکوو هەموو تایبەتمەندییەك لەدەست دەدەم. ئێستا هەموو شتێك لەناخی مندا دەبێتە بەستەڵەك لەوانە تۆش هۆکارەکەی بزانی. شتێك لە زەینم نەماوە، تەنها بیرۆکەیەك نەبێت، ئێستا وام لێهاتووە، نازانم چ شتێك لەدونیا، لەرووسیا، تەنانەت لێرەش روودەدا. بۆ نموونە بەشاری درسدن تێپەڕیم، نازانم ئەو شارە لە چی دەچێ. تۆ دەزانی چ شتێك

سەرقاڵم دەکا. ئەگەر هیچ هیواییەك بۆ من نەبێت، ئەگەر من لەپێش چاوی تۆ سفر بم، ئەوا من قسەکانم ڕاشکاوانە دادەڕێژم: من لە هەر شوێنێك جگە لە تۆ هیچی دیکە نابینم، جگە لە تۆ هەموو شتەکانی دیکە بۆمن وەك یەکە. بۆ تۆم خۆشدەویٚ؟ چۆن تۆم خۆشدەویٚ؟ نازانم. لەوانەیە هیچ جوانییەکت نەبێت، ئایا وێنای ئەوە دەکەی، من نازانم تۆ جوانی یان نا، تەنانەت جوانی ڕووخساریش؟ سەبارەت بەدڵت ئەوا بێگومان خراپەکارە، بیرکردنەوەشت لەوانەیە خاڵی بێت لەهەر بەرزی و خەسڵەتێکی خانەدانی.

– لەوانەیە باوەڕ نەبوونت لە خانەدانی من وای کردووە، بتەویٚ بە پارە من بکڕی؟

بەپەلە وتم:

–کەی پەنام بۆ پارە بردووە، تۆ بکڕم؟

– ڕێگەی خۆت ونکردووە، عەقڵت لەدەست داوە، ئەگەر هیوای ئەوەشت نەبوویٚ بە پارە بمکڕی، ئەوا من بەم شێوەیە لەتۆ دەڕوانن کە دەتەویٚ بە پارە بمکڕی.

– بابەتەکە تەواو بەمشێوەیە نییە. بەتۆم گوت ئەستەمە بتوانم ئەوەی دەروونم بۆ تۆ شی بکەمەوە. تۆ ورد و خاشم دەکەی، زۆربڵێی من تۆڕەت ناکات. تۆ دەزانیٚ بۆچی نابێت لەمن تووڕە بی. من شێتم، ئەمە تەواوی بابەتەکەیە، ئەمەشم بەلاوە گرنگ نییە،

ئەگەر دەخوازی تورە بە. من تەنها ئەوەندەم بەسە، لە ژووره بچووکەکەم لە سەرەوە دابنیشم، تەنها خەریکی بیروەرییەکانت بم، یان خەیاڵم لەلای خشپەی کراسەکەت بێت، ئەوەك پەنجەکانم بگەزم و بیر لەوە بکەمەوە، تۆ لەچی تۆراوی؟ لەگەڵئەوەش رایدەگەینم من کۆیلەی تۆم؟ سوود لەکۆیلەیی من ببینە، سوودی لێ ببینە! ئایا دەزانی من ڕۆژێك تۆ دەکوژم؟ نەوەك لەبەر ئیرەیی یان لەبەر ئەوەی ئەوینت لەلای من کۆتایی دێت! نەخێر دەتکوژم تەنها لەبەر ئەوەی چەند ڕۆژێکە ئارەزوو دەکەم قوتت بدەم. ئەوە پێدەکەنیَ؟

بەزمانێکی تورەوە وتی:

–پێناکەنم، بەڵکوو فرمانت پیَ دەکەم، کە بێدەنگ بی.

من وەستام، ئەویش لەتورەییان هەناسەی نەدەهات. خوا دەزانیَ، من نازانم جوانە یان نا، بەلاَم کاتێك بەمشێوەیە دەوەستیَ حەز دەکەم سەیری بکەم، لە پێناو ئەوەش تورەی دەکەم، لەوانەشە ئەو تێبینی کردبیَ، بۆیە بەئەنقەست خۆی تورەدەکات. ئەمەشم پیَ گوت، بە قێزەوە هاواری کرد:

–ئای لەو چەپەڵییە!

دەستم بە قسەکانم کردەوە و وتم:

–ئەوەم لەدەست دیَ... دواتر بزانە زۆر ترسناکە بە یەکەوە پیاسە بکەین: زۆرجار ئارەزوویەکی توند هەیە لێت بدەم، سیمات بشێوێنم،

بتخنکێنم. ئایا مەزندە دەکەی بکاتە ئەم ئاستە؟ تۆ تورەم دەکەی: ئایا وادەزانی من لە ئابڕووچوون دەترسم؟ من لە تورەیی تۆ هیچترم ! من بێ هیوا تۆم خۆشدەوێ، دەشزانم ئەم خۆشەویستییەم هەزار هێندە زیاد دەکات. ئەگەر ڕۆژێك تۆ بکوژم ئەوا دەبێت خۆشم بکوژم، بەڵام من تا بتوانم دەبێ کوشتنی خۆم دوا بکەم، بۆ ئەوەی هەست بە ئازاری دابڕانی تۆ بکەم کە بەرگەی ناگرم ! ئایا باوەڕ بەو شتە دەکەی کە هەرگیز باوەڕ ناکرێت: من ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تۆم زیاتر خۆشدەوێ، ئەمەش کارێکی مەحاڵە ! ئایا دەتەوێ دوای ئەمە باوەڕ بەقەدەر ناکەم! بیرت بێتەوە: دوێنێ کاتێك لەسەر بەرزاییەکانی شیلانگ بێرگ بووین بەچرپەوە وتم: تەنها یەك وشە بڵێ ، خۆم هەڵدەدەمە خوارەوە" ئەگەر تۆ یەك وشەکەت دەدرکاند ئەوا خۆم هەڵدەدایە خوارەوە. تۆ باوەڕ بەمە دەکەی، ئەی وا نییە؟

هاواری کرد و وتی:

– هەڵەشەیەکی دەبەنگانە.

– لەوانە من دەبەنگ بم یان وا نەبم. من دەزانم کاتێك لەگەڵ تۆ دەبم پێویستم بەوە هەیە ، قسە بکەم، قسە بکەم. هەر قسە بکەم، کاتێك لەگەڵ تۆ دەبم خۆشەویستی خۆم لەدەست دەدەم، ئەمەم بەلاوە گرنگ نابێت.

بەزارێکی زبر و بە نەغمەی سووکایەتی وتی:

–هیـوای ئـەوە مـەخوازە مـن داوات لـێ بکـەم لـە لوتکەکـە خـۆت هەڵدەیتە خوارەوە؟ چونکە ئەمە هیچ سوودێکی نییە.

بە هەڵپەوە هاوارم کرد:

–نایابە ! ئـەم گوزارشـتـەت بـەکارهێنا مەبەسـتت سـووککردنی مـن بوو: (سوودی نییە). ئاشکرام کردی، دەڵێی (سـوودی نییـە)، بـەڵام چێژ هەردەم بەسوودە، ئەو دەسەڵاتە رەهایەی کـە سـنووری نییـە، جۆرێکـــە لـــە چـــێژ، تەنانـــەت ئەگـــەر دەســـەڵاتەکە بەســـەر مێشوولەیەکیشەوە بێت. مرۆڤ بە سروشتی خۆی ستەمکارە، حەز لە ئەشکەنجەدان دەکات، تۆ زیاتر لە هەر شتێکی دیکە حەزت لەمەیە.

وەبـیرم دێتـەوە ئـەو بەنیگایـەکی تایبـەت سـەیری دەکـردم. بەتایبەتیش کاتێك هەمرو هەستە نامۆ و هەسـتە هـیچ و پووچـەکانم بە سیمامەوە دیـار بـوو، هـەتا ئێسـتا وەبیرمـە، گفتوگۆکـەمان بـەم شێوەیە بـوو کـە ئێسـتا لێـرەدا دەیگێڕمـەوە. چاوەکانم پـڕ بـوون لەخوێن، دەمم کەفی دەکرد، بەڵام سەبارەت بە چیرۆکی شـاخەکانی شیلانگ بێرگ، ئەوا سوێند بە شەرەفی خۆم دەخـۆم، تـا ئێسـتاش، ئەگـەر داوام لـێ بکـات، ئـەوا خـۆم هەڵـدەدەم، ئـەم کـارە دەکـەم تەنانەت ئەگـەر بـە گاڵتـەپێکردن یـان بەسـووکایەتی و تفکـردن داوا بکات.

وتی:

–نەخێر ، بۆچی ؟ من باوەڕت پێ دەکەم.

ئەمەی بە زمانێك گوت، کە تەنها خۆی دەزانێ بەکاری بهێنێ، بە زمانێك ڕقبوونەوە، مەکربازی، فیزی تێدایە، ئەمەش لەو ساتەدا وەك ئەوە بوو هانم بدات، بیکوژم، خۆی وا دەرخست ئەو کارە بکەم، تەنانەت درۆشم لەگەڵ نەکرد ئەو قسەیەم پێ گوت.

لەناکاو پرسی:

–ئایا تۆ ترسنۆك نیت؟

– نازانم. لەوانەیە وا بم، لە مێژە ئەم پرسیارەم لەخۆم نەکردووە.

– وا دابنێ من فەرمانت پێ دەکەم: ئەم پیاوە بکوژە...ئا تۆ دەیکوژی؟

–کێ؟

–نازانم.

–کابرای فەڕەنسی؟

–پرسیارم لێ مەکە، وەڵامم بدەوە. ئەو کەسەت پێ بڵێم دەیکوژی؟ دەمەوێ بزانم تۆ ڕشت لەوەی تازە چرکەساتێك لەمەوبەر گوتت.

زۆر بە بایەخ و بێ ئۆقرە چاوەڕوانی وەڵامی من بوو، تەنانەت منیش تووشی سەرسوڕمان بووم. بەهەڵپە وتم:

–ئێستا دەرتخست چی لێرە روودەدا؟ تۆ لەمن دەترسی؟ من لێرە هەموو ئەو ئالۆزییانە دەبینم کە وەك گێژەنێك دروستتان کردووە، تۆ نزیکی لە پیاوێکی وێرانکەر و شێت، پەرۆشییەکانی خۆی بەو شەیتانە لەناو دەبات... خاتوو بلانش. دواتر کابرای فەرەنسی هەیە، دەسەلاتێکی شاراوەی بەسەر تۆوە هەیە، ئەوا تۆش ئەم پرسیارە دەکەی. بەلایەنی کەمەوە ئەم شتە بزانە، من شێت دەبم کارێکی توندوتیژی ئەنجام دەدەم جا نازانم ئەنجامەکەی چۆن دەبێت! ئەگەریش بەوە شەرەفمەند نابی لەگەڵ راستگۆ بی؟ ئەوا پێویست ناکات لە بەرانبەر من شەرم بکەی.

– هەرگیز لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵت نادوێم. من پرسیارێکم لێ کردووی، چاوەروانی وەلامم.

بەرووی تەقینەوە و وتم:

–هەڵبەتە هەر کەسێکت گەرەك بێ ، دەیکوژم. بەلام دەکرێت... ئایا لەوانەیە شتێکی وەهام لێ داوا بکەیت؟

–مەزندە مەکە، بەلام من تۆ بۆ خۆم پاشکەوت دەکەم ! من فەرمانی خۆم دەردەکەم، لەدوور دەمێنمەوە ، ئایا دەتوانی بەرگەی ئەمە بگری؟ من پێموانییە.... تۆ کەسێکی وەها نییت. لەوانەیە بگەرێیتەوە لام و بمکوژی، لەبەر ئەوەی من جورئەتی ئەوەم کردووە تۆ بۆ ئەنجامدانی تاوانێك بنێرم.

قسەکانی بۆ من وەك هەورە تریشقە بوون. بێگومـان تـا ئـەو کاتـە نیوەی قەسەکانی ئەوم بەگاڵتە وەردەگرت، بەڵام ئەمجارە زۆر رشت بوو، زۆر مکوڕ بوو. تووشی شۆکی کردم کاتێـك بەمشـێوەیە قسـەی دەکرد، جەختیش لەسەر ئەوە کردەوە مـافی بەسـەر منـەوە هەیـە، ئیعترافـی بـەوە دەکـرد ئـەم دەسـەڵاتی بەسـەر منـەوە هەیـە، بـە ڕاشکاوی وتی:" تۆ سەرگەردان دەبی، منیش لـەدوور دەمێنمـەوە". ئەم جۆرە قسانە لـە سـوکایەتیکردن و ڕاشـکاوی بـەدەرە، تەنانـەت لەهـەموو مەبەسـتێکیش تێدەپـەڕێ. دواتـر چـۆن مامەڵـەم لەگـەڵ دەکـات کاتێـك فرمانەکـەی جێبـەجێ دەکـەم؟ ئەمـە تێپەڕانـدنی سـنووری کۆیلایەتەییـە. ئـەم شـێوازە مـن بـۆ ئاسـتی ئـەو بـەرز دەکاتەوە. هەر چۆنێك بێت مشتومڕەکەی نێوانمان بە هیچ و پووچی بەڕێوە دەچوو، هەستم کرد دڵم دادەخورپێ.

لەناکاو، بە پێکەنین بەڕوومدا تەقییەوە، هـەردووکمان لـە بەرانبـەر منداڵـەکان لەسـەر کورسـییەك دانیشـتبووین، منداڵـەکانیش یارییـان دەکرد، ڕێك لە بەرانبەر ئـەو شـوێنەی خەڵکەکـە لـە گالیسـکەکانیان دادەبەزن و بۆ ناو گازینۆکە دەچن.

بە هەڵپە وتی:

– ئەم ژنە بارۆنە نقوڵایە دەبینی؟ ناوی فۆرمۆ هێلمە. ئەمە سێ ڕۆژ زیاترە لێرەیە. سەیری مێردەکەی بکە، ئەم پیاوە پرووسـییە لاواز و شرە، کە گۆچانەکەی بەدەسـتەوەیە. دەزانـێ چـۆن دوێنـێ خۆیـان

لەئێمە مەلاس دابوو، بڕۆ خۆتی بۆ دەربخە و شتێکی بە فەڕەنسی پێ بڵێ.

–بۆچی؟

– سوێندت خوارد، خۆت لە بەرزاییەکان دەخیتە خوارەوە ئەگەر من فەرمانت پێ بکەم. ئەمڕۆش سوێند دەخۆی ئەگەر فرمانت پێ بکەم کەسێك دەکوژی، جا لەبری ئەو تاوان و کارەساتانە، دەمەوێ ئەمڕۆ تۆزێك شۆخی بکەین و سەرگەرم بین، دەمەوێ ئەو پیاوە باڕۆنە ببینم کە چۆن لێت دەدا.

– ئایا ئالەنگارم دەبیەوە؟ وا دەزانی ئەم کارە ناکەم؟

– بەڵێ.. دەی بڕۆ لای ژنەکە، دەمەوێ ئەو کارە بکەی.

–باشە. دەچم: ئەمە لاسارییەکی زۆر سەیرە. دەبێت ئەم بابەتە شتی نەخوازراو بۆ تۆ یان ژەنەڕاڵ دروست نەکات. سوێند دەخۆم من اەخۆم ناترسم ، بەڵکوو لەتۆ و ژەنەڕاڵ دەترسم، بیرۆکەیەکی زۆر سەیرە: دەچم سوکایەتی بە ئافرەتێك دەکەم!

بەڕق و کینەوە وتی:

–وەك دەبینم تۆ تەنها کەسێکی زۆربڵێی. بەر لەئێستا چاوەکانت تەڕ ببوون، لەوانەیە ئەمە تەنها هی ئەوە بێت لەکاتی نانخواردن زۆرت شەراب خواردۆتەوە. من دەزانم ئەم داوایە چەپڵ و هیچ و پووچە، تەنانەت ژەنەڕاڵیش تورە دەبێ، بەلام من حەز دەکەم

هەندێك رابوێرم، هەموو بابەتەکە هەر ئەوەیە، نەوەك سوکایەتی کردن بە ئافرەتێك. بەرلەوەی کارەکە بکەی خۆت گێژ بکە.

هەڵسامەوە و ڕۆیشتم بێئەوەی وشەیەك بدرکێنم، دەبوو کارەکەم ئەنجام بدەم. ڕاستە ئەم کارێکی پڕوپووچە، بەڵام نەمدەتوانیّ خۆم لەو کارە نەجات بدەم. وەبیرم کاتێك لە ژنە بارۆنەکە نزیك دەبوومەوە، هەستم بە ئارەزووی ئەنجامدانی کارێکی دەبەنگانەوە ولاسارانە دەکرد. تەنانەت لە پەرۆشیم وەك سەرخۆشێك وابووم.

✿

بەشی شەشەم

ئەم ڕووداوە دوو ڕۆژ لەمەوبەر بوو، ڕۆژێکی دەبەنگانە بوو! ئای هاواری تێدا کرا، دەنگ و هەرای تێدا بوو، گۆتە گۆت! هۆکاری سەرەکی ئەم بینەوبەردە و هەرا و زەنایە من بووم! بابەتەکە گاڵتەجاری بوو، بەلایەنی کەمەوە من پێموابوو مایەی پێکەنین بوو. نازانم چی بەسەرمن هات: ئایا من لەحاڵەتی پەرۆشی و سەرمەستی بووم، یان من مرۆڤێکم عەقڵم لەدەست داوە، بۆیە لاساریی لەدوای لاساریی چاوەڕوانی زیندان دەکەم؟ هەندێك جار خەیاڵی ئەوە دەکەم من بەرەو شێتی دەچم، هەندێك جاری دیکەش وا هەست دەکەم سەردەمی منداڵییم تێنەپەڕاندووە، وەك ئەوەی هێشتا لە قوتابخانە بم، بەهۆی هاندانی منداڵانەوە هەندێك کاری هەرزەکارانە بکەم.

هەڵەکە هەڵەی پاولینا بوو، هەموو خەتاکە هی ئەو بوو، لەوانەیە ئەو لەوێ نەبووایە من ئەو کارەم نەکربا. بەهەرحاڵ کێ دەزانێ؟ لەوانەیە من لەبەر نائومێدی ئەو کارەم کردبێ

(سەرەڕای ئەوەی لێکدانەوەی بابەتەکە بەمشێوەیە دەبەنگییە) تێ ناگەم.، نازانم ئەو چ خەسڵەتێکی هەیە، ئەو جوانە، یان بەلایەنی کەمەوە من پێم وایە ئەو جوانە، تاکە کەسێکیش نیم شێتی ئەو بم. پاولینا بالآیەکی زۆر بەرزی هەیە، ئادگاری جوان، زۆر لاواز، هێندە لاوازە وا خەیاڵ دەکەم مرۆڤ دەتوانێ ئەو وەك ملوانەکەیەك بچەمێنێتەوە. شوێن پێیەکانی باریك... ئازاربەخش، بەڵێ زۆر ئازاربەخش.. ئەم وشەیە بۆ وەسفی ئەو دەبێت. قژی ڕەنگدانەوەی سوور باوێك هەیە، چاوەکانی بەڕاستی وەك پشیلەیە... لەوەش زیاتر دەتوانێ لوتبەرزی و فیز لەچاوەکانی دەربخات! چوار مانگێك لەمەوبەر کە تازە هاتبوومە خزمەتیان، ئێوارەیەکیان، لەهۆڵەکە گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەنێوان ئەو دی گریۆ ، بەهەڵچوون و گەرموگوڕی قسەیان دەکرد، بەنیگایەکی توند سەیری کابرای فەڕەنسی دەکرد. کاتێك بۆ ژووری خەوتنەکەم سەرکەوتنم هەستم کرد زلەیەکی لێ داوە، ئەو تازە لێی دابوو کەچی لەبەردەم وەستاوە، ئەویش کەوتبووە عەشقی پاولیناوە.

با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان.

لە لاڕێیەکی بچووك وەستام کە دەچووە سەر ڕێگە سەرەکییەکە، هەر کەس بارۆن و خێزانەکەی دەرکەوتن، منیش لە ناوەڕاست وەستابووم، نزیکەی پێنج هەنگاوێك خۆم لەوان

نزیك كردەوە و سلاوم لێیان كرد. ئێستایش وەبیرمە خاتوونی بارۆن كراسێكی ئاوریشمی بەڵەكی پۆشی بوو، بەشێوەیەك فراوان بوو سەرت سوڕدەما، بەچەندان نەخش چنرابوو. ئەو ژنێكی زۆر كورتەبالاّ و قەڵەو بوو، مووەكانی چەناگەی تا روومەتی رۆیشتبوو، دەموچاوێكی سوور، دوو چاوی بچووك دەردەكەوت، هێواش و لەسەرخۆ دەڕۆیشت. كەچی بارۆن پیاوێكی درێژ و وشك، دەموچاوی چرچ و لۆچی هەبوو، هەروەك نەریتی ئەڵمانەكان چاویلەكەی لەچاو بوو، تەمەنی نزیكەی ٤٥ ساڵێك دەبوو، قاچەكانی هێندە درێژ بوو، وەك ئەوەی بوو بگاتە سنگی، ئەمەش نیشانیەكی خانەدانی بوو، وەك تاوس لەخۆبایی بوو، شێوەی هەندێك لە بەرخ دەچوو. بەچەند چركەیەك هەموو ئەو تێبینیانەم كرد.

هێشتا تێبینی سلاوەكەی منیان نەكردبوو، من كلاّوەكەم بە دەستەوە گرت، بارۆن تەنها كەمێك نێوچەوانی گرژ كرد، خاتوونی بارۆن هەنگاوێك لەمن هاتە پێشەوە، بە سەنگینی دەڕۆیشت، بەدەنگێكی تەواو بیستراو، بەبڕگەی زۆر ڕەوان وتم:

-خاتوونی بارۆن، بۆ من مایەی شەڕەفە، كۆیلەی تۆ بم

ئەمەم وت و بۆ شكۆمەندی ئەو چەماوەتەوە، دواتر كلاّوەكەم خستەوە سەرم و بەنزیك بارۆن تێپەڕیم، بە زەردەخەنەیەكی ناسكەوە سەیرم كرد. پاولینا فرمانی پێكردم لەبەرانبەریان

دەربکەوم، کاری هەرزەیی و کرنۆش بردن لەلایەن خۆمەوە بوو، تەنها خوا دەزانێ چ شتێك پاڵنەرم بوو، وا خەیاڵم دەکرد لەسەر لووتکەی شاخێکەوە دەکەومە خوارەوە.

–هێی!....

بەمشێوەیە بارۆن هاواری کرد، یان ڕاستتر بڵێ هاوارەکەی وەك سەگوەڕین بوو، بەسەرسامی و تووڕەیی ئاوڕی لەمن دایەوە. بەحەپەساوی و بەرێزەوە، ئاوڕم دایەوە، چاوەڕوان بووم بزانم چی ڕوودەدا، بەردەوام زەردەخەنەم بۆ دەکرد، دیار بوو پەشۆکاو بوو، تا ئەوپەڕی نێوچەوانی گرژ بوو، سیمای بەرە بەرە تۆڕەتر دەردەکەوت، خاتوونی بارۆنیش ئاوری دایەوە، بەسەرسامی و ڕقەوە سەیری کردم. ئەو خەڵکانەی تێدەپەڕین سەیریان دەکرین، تەنانەت هەندێکیان وەستابووم چاودێری ڕووداوەکانیان دەکرد.

–هێی!...

جارێکی دیکە هاواری کرد، بەڵام ئەم جارە بەدەنگێکی خنکاو و تورەتر.

–یا ڤوول

من ئەو وشەیەی سەرەوەم درکاند، وشەکەم درێژ کردەوە، سەیری چاوەکانی بارۆنم دەکرد.

-ئایا تۆ شێتی..؟

ئەم قسەیەی کرد و دارعەساکەی رادەوەشاند، ئەگەر دەتبینی هەستت دەکرد دەلەرزێ. لەوانەیە پۆشاکەکەم ترسی خستبێتە دڵییەوە، زۆر کەشخە بووم، رێکپۆش، وەك ئەوەی پیاوێك بم لە بەرزترین چین.

-یا ڤووول....

هێندەی هێزم تێدا بوو، هاوارم کرد و ئەم وشەیەم دووبارە کردەوە، پیتی (واو)م درێژ کردەوە، وەك دانیشتووانی بەرلین، کاتێك وشەی (یاڤول) بەکاردەهێنن بە پێی مەبەست درێژ وکورتی دەکەنەوە، ئەوان بەم جیاوازیانە گوزارشت لە بیرکردنەوە و سۆزی خۆیان دەکەن.

بارۆن و خاتوونەکەی لەناکاو روویان وەرگێڕا، وەك ئەوەی رابکەن دوورکەوتنەوە، زۆر ترسان، ئەو خەڵکەی ئاپۆرەیان کردبوو، هەندێکیان قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، هەندێکی دیکەش بەسەرسامی سەیری منیان دەکرد، بەهەرحاڵ، بەوردی ئەو دیمەنانەی دواتر بیرنایەتەوە.

بە هەنگاوی ئاسایی بەرەو پاولینا ئەلکسەندەرۆڤنا گەڕامەوە، بەڵام کاتێك سەد مەترێك نزیك کەوتمەوە، ئەو لەسەر کورسیەکە هەڵسایەوە و لەگەڵ منداڵەکانی بەرەو هوتێلەکە رۆیشت. لە

قاندرمه دەروازەی هۆتێلەکە پێی گەیشتم، لەدواوەی دەڕۆیشت وتم:

-ها ئەو کارە پڕوپووچەشم جێبەجێ کرد.

بەمشێوەیە وەڵامی دامەوە و وتی:

-ئێستا کاری خۆت مەیسەر بکە.

لە قاندرمەکە سەرکەوت، بێئەوەی بە نیگایەك سەیرم بکات.

تەواوی ئێوارەکە لە باخچەکە هاتووچۆم دەکرد، دواتر لەباخچەکە چوومە دەرەوە، بە پیاسە بەردەوام بووم، تا گەیشتمە یەکێك لەگوندەکان، لەلای چەند جووتیارێك هێلکە خوارد و شەرابم خواردەوە، ئەم چیرۆکە شیعر ئاساییە، تالیرێك و نیوی تێچوو. تا سەعات یانزەی شەو نەگەڕامەوە، هەرکە گەڕامەوە ژەنەڕاڵ بانگی کردم.

هاوڕێیانم لە هۆتێلەکە دوو شوقەیان گرتووە، کە لە چوار ژوور پێکهاتووە. یەکەمیان لەگەڵ هۆڵێکە، ژوورێکی فراوانە بە پیانۆیەك رازاوەتەوە، دەچێتەوە سەر ژوورێکی دیکە کە نووسینگەکەی ژەنەڕاڵە. لەوێ ژەنەڕاڵ چاوەڕوانی دەکردم، لەناوەڕاستی ژوورەکە وەستابوو، بارودۆخێکی پڕ شکۆی دەنواند، دی گریۆش لەولاتر لەسەر قەنەفەکە پاڵکەوتبوو.

ژەنەراڵ دەستی بەقسەکانی کرد و وتی:

-ئایا جەنابت بەڕێز ڕێگەمان پێ دەدەی لێت بپرسم چیت کردووە؟

وەڵامم دایەوە:

-ژەنەراڵی بەڕێز دەمەوێ یەکسەر بچیە ناو باسەکەوە، لەوانەیە بتەوێ لەبارەی دیدارێکت لەگەڵ کەسێکی ئەڵمانی قسەم لەگەڵ بکەی، کە ماوەیەك بەر لە ئێستا لێرە بوو.

- ئەڵمانییەك؟ کوڕە ئەم ئەڵمانییە بارۆن فۆرمەر هێڵمە، کەسێکی گەورەیە، تۆ دڵڕەقیت بەرانبەر خۆی و ژنەکەی کردووە.

-هەرگیز...

- بەڕێز تۆ ئەوانت تۆقاندووە.

-هەرگیز ئەوانم نەترساندووە. کاتێك لە بەرلین بووم، لە هەر گفتوگۆییەك گوێبیستی وشەی (یافول) دەبووم، خەڵکەکە لەدوای هەر وشەیەك دووبارەیان دەکردەوە، تەنانەت بەشێوەیەکی بێزارکەر درێژیان دەکردەوە. کاتێك لەو ڕێگەیەی بەلای دارەکان تێدەپەڕی، ڕێکەوتی بارۆنم کرد، ئەو وشەیە لەناکاو هاتەوە یادم (نازانم بۆ؟) تووڕەی کردم... جیا لەوەش سێ جار خاتوونی بارۆن پێشتر بەمن گەیشتووە، وەك کرمی سەر زەوی بەرەو ڕوو دەهات، دەتوانی پانی بکەمەوە، بەڵام دەبێت باوەڕ بەمن بکەی

که کەسێکی خاوەن کەرامەتم، منیش بەو پەڕی ئەدەب نواندنەوە (دڵنیات دەکەمەوە بەوپەڕی ئەدەبەوە) کلاوەکەم هێنایە خوارەوە وتم" خاتوونەکەم حەزدەکەم کۆیلەت بم". ئەوکاتە بارۆن ئاوڕی دایەوە وهاواری کرد: هێی، منیش ئارەزووم کرد هاوار بکەم بڵێم (یاڤول) دووجار ئەمەم وت: جارێك بە ئاسایی، جارێکی دیکە تا توانام هەبوو وشەکەم درێژکردەوە. ڕووداوەکە هەر ئەوەندە بوو.

ددان بەوە دەنێم هۆنینەوەی چیرۆکەکە بەم شێوە هەرزەیی و لاسارییە، زۆر دڵخۆشی دەکردم. حەزیشم دەکرد زیاتر چیرۆکەکە برازێنمەوە، هەرچەندیش لێی وردەبوومەوە زیاتر چێژی پێ دەبەخیشیم.

ژەنەڕاڵ هاواری کرد:

–وەك دەردەکەوێ ، گاڵتەم پێ دەکەی.

ئاوڕی لە مارکیز دایەوە، بە زمانی فەرەنسی ئەوەی بۆ ڕوونکردەوە، گوایە من هەوڵم داوە کێشەیەك دروست بکەم، ئەویش بە زەردەخەنەیەکی چەپەڵ، شانی هەڵتەکاند.

من بە هەڵپەوە وتم:

–باوەڕ بەمە مەکە... بابەتەکە بەم شێوەیە نییە. ڕاستە هەڵسوکەوتەکەم بێزارکەر بوو... من ئیعتراف بە ڕاشکاوی ددان

بـەوە دەنـێم. دەتوانرێـت هەڵسـوکەوتەکەم بـە هیچـوپووچ و بـێ ئابڕۆیانە وەسف بکرێت. زیاتر لەوەش ئەی ژەنەراڵ بزانە مـن زۆر لە هەڵسوکەوتەکەم پەشیمانم، بەڵام بارودۆخێکی دیکە هەیـە، لـە پەشـیمان بوونـەوە پاشـگەزم دەکاتـەوە. بـەم دواییانـە، لەوانیـە نزیکەی پانزە ڕۆژێك یان سـێ هەفتـە دەبێـت، هەسـت دەکـەم لـە بارودۆخێکی تەندروستی دژوار دام: من نەخۆشم، تـوڕە دەبم، زوو هەڵدەچم، ترس و دڵەڕاوکێم زۆرە، تەنانەت لە هەندێك بارودۆخـدا تەواو ناتوانم بەسەر خۆم و کردەوەکـانم زاڵ بم، ئەمـە ڕاسـتە. بـۆ نموونـە چـەندان جـار ئـارەزووم کـردووە، لـەناکاو مـەرکیز دی گرییـۆ.... نـا، نـاتوانم قسـەکەم تـەواو بکـەم، نـەوەك میـر مـارکیز هەسـت بەسـوکایەتی بکـات و تـوڕە بێـت.... ئـەوەی گرنگ ئـەم هەڵسـوکەوتانە نیشـانەی نەخۆشـییەکەن. نـازانم خـاتوونی بـارۆن ئەم بارودۆخە ڕەچاو دەکات، کاتێك داوای لێبـوردنی لـێ دەکـەم(نیـازم وایـە داوای لێبـوردنی لـێ بکـەم). مـن وا هەسـت دەکـەم، خاتوونی بارۆن ئەم پاساو قبوڵ ناکات، بـە تایبـەتی دەزانـێ بـەم دواییانــە، خــەڵك ئــەم پاســاوە لــە بــواری دادەوەری بەخراپــە بەکاردەهێنن، پارێزەرەکان، پاساو بۆ بریکارەکانیان دەهێننەوە، گوایە ئاگاداری کردەوەکـانی خۆیـان نـەبوون، ئەمـەیش جۆرێکـە لەنەخۆشـی، بـۆ نموونـە پارێزەرێـك دەڵـێ" لێـی داوە، ڕاسـتە، بەڵام ئێستا هیچ شـتێکی بـیر ناکەوێتـەوە". بـەرێز ژەنـەراڵ، تـۆ وێنای ئەوە بکەم، تەنانەت زانستی پزیشکی پاڵپشـتیان دەکـات..

ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن، نەخۆشییەك هەیە، یان شێتیەکی کاتییە، وا دەکات مرۆڤ لە چرکە ساتێکدا شتی لەبیر بچێتەوە، ئاخۆ بارۆن و خێزانەکەی کە لەنەوەی کۆنن، سەرەڕای ئەوەی خانەدانی پرۆسیان لە لادێیەکان دەژین، ئەم لێکدانەوەی من قبووڵ دەکەن؟ ئایا بۆچوونی تۆ چییە؟

ژەنەڕاڵ لەناکاو تورەییەکەی قوتدایەوە و وتی:

– بەڕێز بەسە ئیتر !.. من هەوڵ دەدەم بۆ هەتا هەتاییە خۆم لەکارە هەرەزەکارییەکانی تۆ نەجات بدەم. ناتوانی داوای لێبوردن لە بارۆن و خێزانەکەی بکەی، هەر پێوەندییەکی تۆ بەوان، تورەیان دەکات، تەنانەت ئەگەر داوای لێبوردنیش بێت، بۆ ئەوان ریسوایی لەدوای ریسوایی دەبێت. کاتێك بارۆن زانی تۆ یەکێکی لە ماڵەکەی ئێمە، لە گازینۆ قسەی لەگەڵ کردم، داوای کرد دڵی رازی بکەم، ئایا بەڕێز دەزانی داوای چیکرد؟ ناچاری کردم داوای لێبوردن بکەم، بەڵێنی شەرەفیشی پێ بدەم، کە لەمڕۆ تۆ یەکێك نییە لەماڵەکەی ئێمە.

– ببوورە، ببوورە ئەی ژەنەڕاڵ ئەو داوای کرد من چیتر کەسێك نەبم لەماڵەکەی ئێوە، وەك خۆت دەڵێی؟

– نا ... من هەستم کرد ناچارم بۆ ئەوەی کارەکە بەمشێوەیە چاك بکەمەوە، ئاساییە بارۆنیش ئاسوودە بوو، رازی بوو. ئەوەی

ماوەتەوە من چوار فردیریك و سێ فلۆرینت پێ بدەم، ئەمەش پارە و حیسابی تۆ، دەتوانێ ڕەتی بکەیتەوە، خوات لەگەڵ. ئێمە لەمەودا بێگانەین، کەسمان ئەویتر ناناسێ، ئێستایش بانگی گارسۆنەکە دەکەم، پێی دەڵێم لە بەیانییەوە، خەرجی تۆ لەو هوتێلە لە ئەستۆی من نییە. خوات لەگەڵ .

پارەکەی راگرت، بە قەڵەم رەساسێك حیسابەکەی لە کاغەزێك نووسی، دواتر من سلاوێکم لە ژەنەڕاڵ کرد و بەزمانێکی زۆر رشت وتم:

—ئەی ژەنەڕاڵ، بابەتەکە نابێت بەمشێوەیە کۆتایی بێت. مایەی داخوپەژارەیە بارۆن هەندێك تێبینی بێزارکەری پێداوی، بەلام گوێم بۆ بگرە: هەڵەکە هی تۆ بوو، بۆچی لە جیاتی من بەرپرسیارێتی منت هەڵگرتووە؟ ئەمە مانای چییە کە دەڵێی" من یەکێکم لە ماڵەکەی ئێوە؟" من تەنها مامۆستای منداڵەکانتم، نە کوڕی تۆم، نە تۆیش راسپاردەی منی. نەدەبوو لێپرسینەوە لەکارەکانی من بکەی، من کەسێتی یاسایی خۆم هەیە، تەمەنم بیست و پێنج ساڵە، زانکۆم تەواو کردووە، من خانەدانم، هیچ پێوەندی خزمایەتیم لەگەڵ تۆ نییە، تەواو لەلای تۆ بێگانەم. متمانەت هەبێت بێ رادە رێز لەتۆ دەگرم ،ئەمەش رێگریم لێ دەکات، داوات لێ بکەم ئەوەی کردووتە چاکی بکەیتەوە، کە بەرپرسیارێتی منت خسووەتە ئەستۆی خۆت.

ژەنەڕاڵ بەشێوەیەك پەشۆکا بوو، باڵەکانی دەکردەوە، دواتر لەناکاو ئاوڕی لە فەڕەنسییەکە دایەوە، بەکورتی پێی گوت، گوایە من خەریکم داوای شەڕەشمشێری لێ دەکەم، فەڕەنسییەکە دایە قاقای پێکەنین.

دەستم بەقسەکانم کردەوە، تەواو بەهێمنی، بێئەوەی ڕێگە بەخۆم بدەم قاقاکانی کابرای فەڕەنسی تەنگەتاوم بکات، وتم:

-بەمشێوەیە حسێبی من لەگەڵ بارۆن یەکلانەبۆتەوە، مادامەکی بەوە رازی بوویت، ئەمڕۆ گوێ لە گلەییەکانی بارۆن بگرێت، بە تەواوی بایەخی پێ بدەیت، ئەوا تۆش بە مانایەك لە ماناکان هاتوویتە ناو مەسەلەکەوە، بۆیە ژەنەڕاڵی بەڕێز من بەیانی نەوەك دواتر، بەناوی خۆم داوای ڕوونکردنەوەی پێویست لە ژەنەڕاڵ دەکەم. هەرچەندە ئەو کارەکەی لەگەڵ من بووە، بۆچی من فەرامۆش دەکات و پەنا بۆ کەسی سێیەم دەبات، وەك ئەوەیە من نەتوانم بەرپرسیارێتی کارەکانی خۆم هەڵبگرم، یان من شایەنی ئەوە نییم.

ئەوەی پێشبینیم دەکرد، ڕوویدا، ئەمە ژەنەڕاڵە تۆقیوە کاتێك گوێبیستی ئەم قسە پڕوپووچانەی من بوو، هاواری کرد:

– دەبینم دەتەوێ مەسەلە شوومەکە بەرەو دوورتر ببەی! ئەوا تۆ من دەخەیتە بارودۆخێکی پڕ شەرمەزارییەوە !... بەڵام ئاگادارت دەکەمەوە بەڕێز.... ئاگادار بە ، ئاگادار بە.. سوێند

بەشەڕەفی خۆم... هەروەها تێبینی ئەوە بکە دەستەلاّت لەم وڵاتە هەیە... من ، من .... بە کورتیەکەی، بە ڕەچاوکردنی پێگەی خۆم... بەڕەچاوکردنی پێگەی بارۆن.. بەکورتییەکەی پۆلیس دەستگیرت دەکات، شاربەدەرت دەکات، بۆئەوەی ڕێگرییت لێ بکات تاوان ئەنجام بدەیت... ئەمەت لەزەین بێت... ئەوا ئاگادارم کردیتەوە.

ژەنەڕاڵ لەترسان و لە تورەیی خەریك بوو دەخنکا. منیش بە هێمنییەکی سەرەنجڕاکێش وتم:

-بەڕێز ژەنەڕاڵ، ناتوانرێت کەس لەبەر تاوانێك دەستگیر بکرێت، هێشتا تاوانەکەی ئەنجام نەداوە. من هێشتا قسەم لەگەڵ بارۆن نەکردووە، تۆ نازانی من لە چ ڕوویەکەوە بۆ بابەتەکە دەچم، لەچ ڕوویەکەوە بابەتەکە چارەسەر دەکەم. تەنها مەبەستم ئەوەیە چارەسەری ئەو سوکایەتیە گەورەیە بکەم کە تووشم بووە، واتە کەسێك هەیە مافی ئەوەی بەخۆی داوە فشار لەسەر ویست و ئازادی من دابنێ. تۆ بۆچی نیگەرانی و ترساوی، ئەمە پێویست بە ترس و نیگەرانی ناکات.

هەر زوو بارودۆخی ژەنەڕاڵ لەناکاو گۆڕا، زمانێکی پارانەوەی بەکارهێنا، تەنانەت دەستی گرتم و وتی:

-بۆ خاتری خودا، بۆ خاتری خودا، ئەی ئەلکسی ئیڤانۆڤیچ واز لەو پڕۆژە پووچەڵ و مەحاڵە بهێنە، بزانە چ ئەنجامێکی دەبێت !

سەریەشەی نویّ. تێبینی ئەوە بکە من دەبێت بە ڕواڵەتێکی تایبەت دەربکەوم، بە تایبەتی ئێستا، لەوانەیە تۆ هەموو بارودۆخەکە بزانی چۆنە، هەر کە لێرە ڕۆیشتین من ئامادەم بتگەڕێنمەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا تەنها بابەتەکە پێوەندی بە ڕواڵەتەوە هەیە، بەکورتییەکەی... تۆ دەزانی پاڵنەرەکان چین وام لێ دەکەن... ئەلکسی ئۆڤانۆڤیچ.. ئەلکسی ئیڤانۆڤیچ.. (بەنائومێدی هاواری دەکرد).

منیش جارێکی دیکە تکام لێ کرد، کە پێویست بە نیگەرانی ناکات، بەڵێنی ئەوەم پێدا کارەکان زۆر بە چاکی ئەنجام دەدرێن، کشامەوە و بەرەو ژوورەکەم سەرکەوتم، هەندێك جار ڕووسەکان کاتێك لە دەرەوەی وڵات دەبن، زێدەڕۆیی لە ترسنۆکی خۆیان دەکەن، لەوە دەترسن چییان لەبارەوە دەگوترێت، چۆن خەڵك تێیان دەڕوانێ، ئەوان لەوە دەترسن جوان هەڵسوکەوت نەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی دەیانەوێ پێگەیەکی بەرزیان هەبێت. ئەوان زۆر سڵ لەوە دەکەنەوە، بۆ ئەوەی خاتریان بگیرێت، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی کۆیلایەتیش بێت. جا ئەمە لە هوتێل بێت یان لە کۆبوونەوەکان، یان لە سەفەرەکان بێت. .. ژەنەراڵ ئەمەی لەدەم دەرچوو گوایە بارودۆخێکی تایبەت هەیە" وا دەکات بە ڕواڵەتی تایبەت دەربکەوێ".هەر لەبەر ئەمەش لەناکاو هەستی بەترس کردووە، زمانی گفتوگۆشی لەگەڵ من گۆڕاوە. من تێبینی

ئـەوەم کـرد و تێگەیشـتم، ئـەو لـەوە ترسـنۆکترە پـەنا بـۆ دەسـەڵاتەکان بـەرێت، بۆیـە دەبێـت بـە وریـایی وهۆشـیارییەوە هەڵسوکەوت بکەم.

من هیچ ئارەزوویەکم بۆ تورەکردنی ژەنەراڵ نەبوو. پاولینا ئـەو کەسـەیە، ئێسـتا ئـارەزوو دەکـەم بیخنکێـنم. ئـەو زۆر دڵرەقانـە مامەڵەی لەگەڵ کردم. ئەو هۆکار بوو ئەم هەڵسـوکەوتە نەگریسـە ئـەنجام بـدەم، ئێسـتاش ئـارەزوو دەکـەم ئـەو داوام لـێ بکـات بوەسـتم. ئـەو کـارە لاسـارییەی ئـەنجامم داوە، لەوانەیـە نـاوی پاولیناش لەکەدار بکات. لەگەڵئەوەشدا هەست و ئـارەزووی نـوێ لە ناخمدا چەکەرەی کـرد: بـۆ نموونـە لەبەرئـەوەی لـە بەرانبـەر پاولینـا لەویسـتی خـۆم دەرخسـت، مانـای ئەوەیـە مـن چـیتر لەبەرانبەر کەسانی دیکە وەك مریشکی تەڕ نیـیم، تەنانـەت مـیری ناتوانێ بە عەساکەی هەڕەشـەم لـێ بکـات. مـن دەمویسـت گاڵتـە بەهەموویان بکەم، بەسەرفرازی لەو جەنگـە سـەربکەوم، دەبیـنن، هیچ شتێك من ناترسێنێ ! وا دابنێ پاولینا بـانگم ناکـات، بـەڵام بەهەر حاڵ دەردەکەوێ من مریشکێك نییم کەوتبمە ئاواوە !

ئێسـتا هـەواڵێکی سـەرنجڕاکێش هەیـە: هـەر ئێسـتا کاتێـك بـە قاندرمـەکان سـەرکەوتم، خزمـەتکاری منداڵـەکانم بینـی ئـەو وتـی مـاری ڤیلیۆڤینـا سـەفەری کـردووە، بـۆلای کچـە پوورەکـەی لـە کارلسـیاد، بـە شـەمەندەفەری ئێـوارە ڕۆیشـتووە. ئەمـە مانـای

چییه؟ خزمەتکارەکە وتی ماری لەمێژە نیازی سەفەرکردنی هەبووە، ئەی بۆچی کەسێك بەمەی نەزانیوە؟ بەهەرحاڵ، من تاکە کەسم لە بابەتەکە بێ ئاگام، خزمەتکارەکە وتی دوێنی ماری و ژەنەراڵ مشتومڕێکی توندیان هەبووە، تێگەیشتم پێوەندی بەو هەیە.... خاتوو بلانش. بەڵێ دەبێت شتێکی یەکلاکەرەوە و گرنگ رووبدات.

✿

بەشی حەوتەم

ئـەم بەیانییـە، کـارگوزاری هوتێلەکـەم بـانگ کـرد، داوام لێکـرد حیسـابەکەی مـن جیـا بکاتـەوە. کرێـی ژوورەکـەم گـران نـەبوو، تـا لەترسان بەیەکجاریی بەجێی بهێڵم. شانزە فریدریکم هەبوو... لێرەو لـەوێ سـامانێك چـاوەڕوانم دەکـات ! شـتێکی سـەیرە: هێشـتا نەمبردووەتەوە، کەچی وەها هەڵسوکەوت دەکەم، وا هەست دەکـەم پیاوێکی دەوڵەمەندم، جگە لەمـە لـەتوانام نـەبوو بـەجۆرێکی دیکـە خۆم وێنا بکەم.

هەرچـەندە بەیانییـەکی زوو بـوو، کەچـی بـەنیاز بـو هـەر ئێسـتا سەردانی مستەر ئاستلی بکەم، کە لە هوتێلی ئینگلترا بوو، نزیـك لـە هۆتێلەکـەی ئێمـە بـوو. لـەناکاو بینـیم دی جریـۆ هاتـە ژوورەکـەی منەوە. ئەمە پێشتر هەرگیز رووی نـەداوە، زیـاتر لـەوەش پێوەنـدی من بەم بەڕێزە بەمدواییانـە زۆر گـرژ بـووە، تەنانـەت وای لێهـاتووە، سووکایەتی و ڕقەکانی بۆ من ناشـارێتەوە، تەنانـەت زۆر بـە ئاشـکرا باسی دەکات. لەلایەن خۆمەوە کۆمەڵێك هۆکار هەبوو وایکردبوو ئەو

پیاوەم خۆشنەوێ، تەنانەت زۆر ڕقم لێی بوو، بۆیە ئێستا بەهاتنی سەرسام بووم، زوو زانیم شتێکی تایبەت و نائاسایی ڕوودەدات.

لەگەڵم زۆر ڕووخۆش بوو، دەستی کرد بەوەی بەژوورەکەم هەڵ بدات و بەچاکە وەسفی بکات، کاتێك بینی من کڵاوەکەم بەدەستەوەیە، سەرسام بوو لەوەی بەم کاتەی سپێدە دەچمە پیاسە. منیش وتم بۆ هەندێك کار دەچمە لای مستەر ئاستلی، ماوەیەك داما و خەمێکی لەسیمای خۆی دەرخست.

دی گریۆ وەك تەواوی فەڕەنسییەکان، مرۆڤێکی نەرمونیان و خۆشن مەشرەب بوو ئەگەر پێویستی بکردایە، یان بەرژوەندییەکی هەبووایە، بەڵام هەر کاتێك پێویست نەبووایە ئەوا زۆر بێزارکەر دەبوو کە پیاو بەرگەیان ناگرێ. زۆر دەگمەنە پیاوە فەڕەنسییەکە لە یەکەم هەڵسوکەوتی، نەرمونیان ڕەفتار بنوێنێ، ئەو کاتێك لەسەرخۆ و نەرمونیان لە چوارچێوەی سیستەمێکی فەرمی بێت، بە حیسابێکی ورد هەڵسوکەوت بکات. ئەگەرهاتوو وا پێویست بوو لە ڕێسای باو دەربچێت، بەدوای ئارەزووی خۆی بچێ، ئەوا زۆر هەڵسوکەوتی ڕیزپەر دەنوێنێ، بەڵام ئەگەر ڕێگە بەناخی خۆی بدات، وەك سروشتی خۆی دەربکەوێ، ئەوا کەسێکی ڕۆتینی، بۆرژوازی، بێمانا و بێتامە، تەنانەت لەسەر ڕووی زەوی کەسێك نییە وەك ئەوان بێزارکەر بێت. مەگەر کەسانی ساویلکە، بەتایبەتی کچانی ڕووس، شەیدای فەڕەنسییەکان دەبن، ئەگینا کەسی عاقڵ،

زوو تێبینی دەکات و ڕقی لەو ڕۆتیناتە دەبێتەوە کە فەرەنسییەکان لە قسەکردن و هەڵسوکەوت لە هۆڵەکان دەینوێنن.

کابرای فەرەنسی دەستی کرد بە جوڵە، بەڵام بە ئەدەب و بەڕەوانی قسەی دەکرد:

-من ئەمڕۆ بۆ کارێك هاتووم. ئەوەت لێ ناشارمەوە لەلای ژەنەراڵەوە وەك نێردراوێك و ناوبژیوانێك هاتووم. من دوێنێ لەو گفتوگۆیە نەگەیشتم کە لەنێوان تۆ و ژەنەراڵ ئەنجام درا، من زۆر لە زمانی رووسی بەدحاڵییم، بەڵام دواتر ژەنەراڵ وردەکارییەکەی بۆ باسکردم، ئیعتراف بەوە دەکەم....

قسەکانی ئەوم بڕی:

-گوێ بگرە بەڕێز دی گرێۆ.... ئەوەتا تۆیش لە ناو بابەتەکە رۆڵی ناوبژیوانی دەگێڕی..من تەنها مامۆستایەکەم، رۆژێك لە ڕۆژانە بەوە شەرەفمەند نەبووم بە بوونی دۆستایەتییەك لەگەڵ ئەمماڵە. تەنانەت شەرەفی پێوەندییەکی تایبەتم لەگەڵ ئەوان نییە، ئەمانە بارودۆخێکە فەرامۆشی دەکەم، بەڵام ئێستا تۆ پێم بڵێ: ئایا تۆ بویتە ئەندامێك لەو خێزانە؟ چوونکە من دەبین تۆ بایەخ بەهەموو بابەتەکان دەدەی، لە هەموو بابەتەکان تۆ ناوبژیوانی ...

ئەم پرسیارە نیگەرانی کرد، پرسیارەکە زۆر روونە، پیاوەکەش نایەوێ نهێنییەکانی ئاشکرا بێت، بەزمانێکی زبر و وشك وتی:

–لەلایەکەوە پێوەندی کارکردنم لەگەڵ ژەنەڕاڵ هەیە، لەلایەکی دیکەوە پێوەندی تایبەت. ژەنەڕاڵ منی ناردووەتە لای تۆ تا تکات لێ بکەم لەو نیازەی دوێنێت پاشگەز بیتەوە. بێگومان ئەو خەیاڵی بۆ دەکەی نایابە، بەڵام ژەنەڕاڵ تکای کردووە، سەرنجت بۆ ئەوە ڕابکشێم ئەنجامەکان بە پێی خەیاڵی تۆ نابێت... زیاتریش لەمە بارۆن پێشوازیت لێ ناکات، هەموو پاساوێکی بەدەستە تا خۆی لە بێزارییەکانی تۆ بەدوور بگرێت، تۆیش ددان بەمە بنێ، ئەم دەمارگیرییە لە پای چی؟ ژەنەڕاڵ بەڵێنی داوە، ماوەیەکی دیکە تۆ بگەڕێنێتەوە، سەرەڕای ئەمەش تا ئەوکاتە مووچەکەت دەپارێزێ، ئەی پێت وانییە ئەمە پێشنیازێکی بەسوود و پڕ قازانج بێت؟

من زۆر بەهێمنی پێم وت ئەو کەمێك بەهەڵە چووە، بارۆن من دەرناکات، بەڵکوو گوێ لەقسەکانم دەگرێ. تکام لێ کرد پێم بڵێ بەدیارکراوی پێم بڵێ بۆئەوە هاتووە تا بزانێ من بەدروستی چی دەکەم!

وتی:

–کاتێك ژەنەڕاڵ هێندە بایەخ بەو بابەتە دەدات، ئەوا خۆشحاڵیش دەبێ، کاتێك دەزانێ من چی دەکەم، ئەمە بابەتێکی ئاساییە.

من دەستم کرد بەوەی بابەتەکەی بۆ ڕوون بکەمەوە، ئەویش گوێی گرتبوو، لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو، سەر کەمێك بەلای منەوە بوو، لە ترووسکەی چاوەکانی گاڵتەپێکردنێك هەبوو،

نەیدەشاردەوە، بەفیزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردم. منیش هەوڵ دەدەم وا دەربکەوم گوایە بابەتەکە بەلای منەوە زۆر ترسناکە، وتم کاتێك بارۆن سکاڵای لە لای ژەنەراڵ کردووە، وەك ئەوەیە من خزمەتکاری ژەنەراڵ بم، یەکەم ئاستی منی کەم نیشان داوە، دووەم وا مامەڵەی لەگەڵ من کردووە، گوایە من کەسێکم بەرپرس نییم لە هەڵسوکەوتی خۆم، تەنانەت شایەنی ئەوەش نیم قسەم لەگەڵ بکرێت. دیارە ئەمە سووکایەتیەکی گەورەیە، لەگەڵ ئەوەشدا من بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن و پێگەی کۆمەلأیەتی...هتد (نەمتوانی پێکەنینی خۆم بگرم کە دوایین ڕستەم وت) بەرەو لاسارییەکی دیکە ناڕۆم، من بەڕاشکاوی، داوا لە ژەنەراڵ ناکەم شتەکان چاك بکاتەوە، هەرچۆنێك بێت بەڕەوای دەزانم داوای لێبوردنی لێ بکەم، بەتایبەتی لەخاتوونی بارۆن، من بەم دواییە هەست بە نەخۆشی دەکەم و هەڵسوکەوتم سەیر بووە... هتد. کەچی بارۆن بەکارەکەی خۆی سووکایەتی بەمن کردووە، لەلای ژەنەراڵ پێداگری کردووە من لە کارەکەم دەربکات، ئەمەش وا دەکات بەلای منەوە مەحاڵ بێت داوای لێبوردن لە بارۆن و خاتوونەکەی بکەم، چونکە ئەگەر ئەم کارە بکەم، ئەو خۆی و خێزانەکەی و تەنانەت خەڵکیش وادەزانن من لەترسان و بۆ گەڕانەوەی کارەکەم داوای لێبوردنم کردووە. لەئەنجامدا ناچار دەبم داوا لەبارۆن بکەم ئەو داوای لێبوردن لەم بکات، هەرچەندە بە چەند ڕستەیەکی دادپەروەرانەش بێت، بۆ نموونە بڵێ ئەو مەبەستی نەبووە سوکایەتیم پێ بکات. ئەگەر بارۆن

بەم ئاوایەی من ڕازی بوو، ئەوا دەکات دەست لە ئەوکی بەربدەم، منیش ڕاستگۆیانە لەناخی دڵمەوە داوای لێبوردنیان لێ دەکەم.

بەمشێوەیە کۆتاییم بە قسەکانم هێنا: ئەوەی داوای دەکەم، تەنها ئەوەیە بارۆن وا بکات من دەست لە ئەوکی بەر بدەم.

–ئیی ..... ئای لەو هەموو هەستیارییە! ئای لەو هەموو زۆرزانیانییە! بۆچی داوای لێبوردن دەکەی . دەی میسیۆ ئیعتراف بکە... تۆ ئەم تەڵەکەیەت دروست کرد بۆ ئەوەی ژەنەڕاڵ نیگەران بکەی... لەوانەیە ئامانجی تایبەتت هەبێت....میسیۆ ... ببوورە ناوەکەتم بیر چوو.. میسیۆ ئەلکسی... ئەی وا نییە؟

– بەلآم مەرکیزی ئازیزم تۆ ڕێگەم بدە بپرسم، ئەم بابەتە چ پێوەندی بە تۆوە هەیە؟

– ئەی ئەمە زیان بە ژەنەڕاڵ ناگەینێ؟ ئەو دوێنێ بەمنی وت ناچارە بە ڕواڵەتێکی تایبەت دەرکەوێ.... من شتێك لەمە نەگەیشتم.

– لێرە بارودۆخە تایبەتەکە خۆی مەلآس داوە.

دی گریۆ بە زمانێکی لاواز، بەرە بەرە بەرەو تووڕەیی دەچوو وتی: تۆ خاتوو دی کومێنگ دەناسی؟

–مەبەستت خاتوو بلانشە؟

–بەڵێ، خاتوو بلانش و خاتوونی دایکی... تۆش دەزانی ژەنەڕاڵ شەیدای خاتوو بلانشە، تەنانەت زەماوەندەکەیان لێرە دەبێت، جا خەیاڵی ئەو ئابڕووچوون و کێشانە بکات لەو کاتەدا !...

– هیچ ئابڕووچوون و کێشەیەك نابینم پێوەندی بە زەماوەندەکەوە هەبێت.

–بەڵام بارۆن پیاوێکی تورەو وتوندە، زوو هەڵدەچێ، سروشتێکی پڕووسی هەیە، وەك دەزانی لەوانەیە دەمەقاڵێ و شەڕێك دروست بێ.

– ئەمەیان پێوەندی بەمنەوە هەیە، پێوەندی بە ئێوەوە نییە، چونکە لەمەودوا من یەکێك نیم لە ماڵەکە، (دەمویست تا ئەوپەڕی دەبەنگی بنوێنم) بەڵام تۆ ڕێگەم بدە، بابەتەکە بەم شێوەیەیە: خاتوو بلانش شوو بە ژەنەڕاڵ دەکات، کەواتە چاوەڕوانی چیین؟ بۆچی بابەتەکە دەشارنەوە، بەلایەنی کەمەوە لە ئێمەی دەشارنەوە، خۆ ئێمە کەسی یەك ماڵین؟

– نەتوانم... هەر چۆنێك بێت... هێشتا شتێکی یەکلاکەرەوە نییە.... لەگەڵ ئەوەیشدا تۆ دەزانی ئەوان چاوەڕوانی هەواڵن لەڕووسیاوە بێت، بۆئەوەی ژەنەڕاڵ کارەکانی مەیسەر بکات.

– ئا.. ئا... داپیرەی ئازیز..

بەچاوی ڕق و قینەوە سەیری کردم و قسەکان منی بڕی، وتی:

–من زۆر پشت بەو هەستە ناسکەت دەبەستم کە فرچکت پێوەگرتووە. پشت بە زیرەکی و سەلیقەت دەبەستم. من دڵنیام تۆ ئەم کارە دەکەی کە من داوات لێ دەکەم، ئەمەش لەپێناو ئەو خێزانە کە بەرێزەوە پێشوازییان لێ کردووی.

– ببوورە، ئەوان دەریان کردم، تۆ ئێستا بۆ بابەتی رووالەت دەچی، بەلام دەبێ لەگەڵ من هاوڕابی، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بەتۆی گوت" دەمەوێ گوێچکەت ڕابکێشم، یانیش وتی بۆ ڕەچاوکردنی ڕووالەت ڕێگەم بدەم دەمەوێ گوێچکەت رابکێشم" ئەم هەردووکیان وەك یەکە.

بەفیز و لەخۆباییەوە وتی:

–ئەگەر بابەتەکە بەم شێوەیە بێت ، ئەوا هەر تکایەك لەتۆ بێ سوودە، بەلام ڕێگەم بدە دڵنیات بکەمەوە، لەم ولاتە دەسەلاتی بەرپرس هەیە، تۆ هەر ئەمڕۆ لەم ولاتە دەردەکرێی... بابەتێکی سەیرە، کەسێکی وەك تۆ هەرزەکار بیەوێ لە ئاستی کەسێکی وەك بارۆن کەم بکاتەوە.؟ وا دەزانی ئەوانیش بێدەنگ دەبن لە هەڵسوکەوتەکانت، تەواو متمانە بەوە بکە، کەس لەتۆ ناترسێ، کاتێك تکات لێ دەکەم تەنها لەخۆمەوە ئەو کارە دەکەم، چونکە تۆ ژەنەڕاڵت نیگەران کردووە، چۆن خەیاڵی ئەوە ناکەی ژەنەڕاڵ فرمانێکی بچووك بە خزمەتکارەکان بدات، تۆ لێرە وەدەر دەنێ؟

بەهێمنیەکی تەواو وتم:

-بەڵام من بەتەنیا ناچمە لای بارۆن، ئەی میسیۆ دی گریۆ. بابەتەکە پێچەوانەی ئەوەیە کە تۆ تێگەیشتووی. من هەر ئێستا دەچمە لای مستەر ئاستلی، تکای لێدەکەم ببێتە ناوبژیوان، بەکورتیەکەی ببێتە یاریدەدەرم، ئەو پیاوە هەست بە خۆشەویستی من دەکات، هەرگیز داواکەی من ڕەت ناکاتەوە، بۆلای بارۆن دەچێ، بارۆنیش پێشوازی لێ دەکات. ئەگەر من مامۆستایەك بووم، یان وا دەرکەوتم سەردارم هەیە و ملکەچم ناتوانم داکۆکی لەخۆم بکەم، ئەوا مستەر ئاستلی برازای لوردێکە، لۆردێکی ڕاستەقینە، هەموو کەسێك لێرە دەیناسێ، ئەویش لۆرد پیبرۆکە، هەر ئێستا ئەو لێرەیە. متمانەت هەبێ بارۆن لەگەڵ مستەر ئاستلی بەرێز دەبێت، گوێی بۆ دەگرێ. ئەگەرهاتوو گوێی بۆ نەگرت، ئەوا مستەر ئاستلی ئەم سووکایەتییە قبووڵ ناکات (تۆ دەزانی ئینگلیز چەندە کەللەڕەقن) بۆیە کەسێك لە هاوڕێیانی خۆی ڕەوانەی لای بارۆن دەکات، دەبینی بابەتەکە چۆن چارەسەر دەکرێت، بەم شێوەیە نییە کەتۆ وێنات کردووە؟

کابرای فەرەنسی پەشۆکا، لەڕاستیدا هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێکرد لە هەقیقەت نزیك بوو، وەك دەردەکەوت من توانای ئەوەم هەبوو کارێکی ئابڕووبەرانە ئەنجام بدەم.

دووبارە بەزمانێکی پاڕانەوە وتی:

–تکا دەکەم، واز لە هەموو ئەوانە بهێنە! وەك ئەوەیە دڵخۆش بی، کارێکی ئابڕووبەرانە ئەنجام بدەی! وەك ئەوەیە نەخوازی کارەکان چاك ببێتەوە، بەڵکوو دەتەوێ خراپتر بێت. وەك وتم هەموو ئەو کارانە بۆ سەرگەرمی وگاڵتەجاڕییە، لەوانەیە ئامانجی تۆیش هەر ئەوە بێ...بەڵام..

لێرەدا کە بینی من هەڵسامەوە سەرپێ و کڵاوەکەم هەڵگرت، دوا قسە وتی:

–من پەیامێکم لەکەسێکەوە هێناوە، بیخوێنەوە... تکای کردووە وەڵامەکە وەربگرمەوە.

ئەمەی وت و لەگیرفانی کاغەزێکی پێچراو و سەرمۆری دەرهێنا و بەمنی دا، کاغەزەکە هی پاولینا بوو، بە دەستخەتی ئەو نووسرابوو:

" بیستوومە تۆ بەدوای چیرۆکەکەی، تۆ زوویر بووی، یاری منداڵانە دەکەی، کەچی هەندێك بارودۆخی تایبەت هەیە، ڕۆژێك بۆت باس دەکەم، تکات لێ دەکەم بوەستە و عاقڵ بە، هەموو ئەو شتانە پڕوپووچن، من پێویستم بەتۆیە، تۆیش بەڵێنت بەمن داوە، گوێڕایەڵم بی، ئایا شاخەکانی شیلانگ برێگت وەبیرە؟ داوات لێ دەکەم گوێڕایەڵ بی، یان فرمانت پێ دەکەم پابەند بی" دڵسۆزت پاولینا. لە پەراوێزیش نووسرابوو" ئەگەر تۆ لەبەر ڕووداوەکەی دوێنێ لەمن دڵتەنگی، لێم ببورە".

من ئەم چەند دێڕەم خوێندەوە، هەستم دەکرد هەموو شتێك بەبەر چاومەوە سەما دەکات، لێوەکانم زەرد بوون، دەلەرزیم، کابرای نەفرەتی فەرەنسی، وا خۆ نیشیاندا سەرنجی منی نەداوە، چاوەکانی لەسەر من لادا گوایە نەدەیویست شڵەژانی من ببینێ، کاریگەر دەبم ئەگەر لەبەردەمم پێدەکەنی، وتم:

–باشە ، بەخاتوون بڵێ با ئاسوودەبێ، خەیاڵی راحەت بێ.

دواتر بەهەڵەوە وتم:

–بەڵام ببورە، بۆچی هێندە چاوەڕوانت کرد، دواتر ئەم کاغەزەت پێدام؟ ئەگەر تۆ بەم ئەرکە هەڵساوی، دەبووایە زووتر لەبری ئەو هەموو مشتومرە پڕوپووچە، کاغەزەکەت، کاغەزەکەت دەربخستایە.

– دەمویست.... بەهەرحاڵ .. لەم بابەتە سەیرە، سەبر و ئارامی منت بینی، ئەمەش کارێکی ئاساییە. من دەمویست بە پەلە لەزاری خۆت نیازەکانت بزانم. بە هەر حاڵ من نازانم چی لەو کاغەزە نووسراوە، بەڵام کاتی خۆی هات کاغەزەکەم بەتۆ دا.

– ئێستا تێگەیشتم. ئەوان داوایان لێکردووی تەنها لەکاتی پێویست کاغەزەکەم پێ بدەی، تەنها ئەو کاتە بەمنت دەدا کە نەدەتوانی بەئامۆژگاری بابەتەکە چارەسەر بکەی، ئەی وا نییە؟ میسیۆ دی گریۆ بە ڕاشکاوی وەڵامم بدەوە!

بەوپەڕی خۆپارێزی دەنواند، بەنیگایەکی نامۆ سەیری کردم و وتی:

-لەوانەیە....

کلاوەکەم بەدەستەوە گرت، بە ئاماژەی سەری خواحافیزی کرد و رۆیشت، وا خەیاڵ دەکەم زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەی لەسەر لێوەکانی بوو، ئەی چۆن کاتێك کێشەکان بەم شێوەیە چارەسەر ببێت؟

لەبەرخۆمەوە ورتە ورتم بوو لەسەر قاندرمەکان دەهاتمە خوارەوە:

- هێشتا حسێبمان لەنێوان ماوە ئەی توندڕەو... دەزانین کامەمان سەرکەوت وکامەشمان ژێرکەوتوو دەبێ.

هێشتا توانای ئەوەم نەبوو خەیاڵە پەرتەوازەکەم کۆبکەمەوە، بارودۆخەکە وەکو ئەوەبوو چەکوشێك بەرسەرم کەوتبێ. هەوایەکی خۆش و سازگار بۆمن زۆر پێویست بوو. دوا دوو خولەك، توانیم بیر بکەمەوە، دوو بیرۆکە لەلای من زۆر رۆشن بوو: یەکەمیان ئەو رابوردنە منداڵانییە بوو، ئەو هەڕەشە خەیاڵیانەی هەرزەکارێك دەیکرد، ترسی بۆ هەموو لایەك دروستکرد بوو. دووەمیان: کابرای فەڕەنسی چ کاریگەرییەکی مەزنی بەسەر پاولیناوە هەیە! تەنها وشەیەك لەلایەن ئەو وایکرد پاولینا نامەم بۆ بنووسێ و تکام لێ بکات. ڕاستە پێوەندی هەردەم پێوەندی ئەوان لەچاوی من هەردەم وەك نهێنییەك بووە، بەڵام بەمدواییانە هەستم کردووە، پاولینا زۆر بەتوندی بەدەست کابرای فەڕەنسی رادەکات و لێی دوور دەکەوێتەوە، تەنانەت ڕقیشی لێ دەبێتەوە. کابرای فەڕەنسیش

نەسەرنجی پاولینای دەدا و نە نیگایەکی دەکرد، بەڵکوو زۆر لەگەڵ توند بوو، من تێبینی هەموو ئەمانەم کردبوو. پاولین ئەمەی لەدەردەچوو گوایە قیزی لە کابرای فەڕەنسی دەبێتەوە... هەر چۆنێك بێت ئەو ژنە لەژێر چەپۆك و دەستی دی گرێو دایە.

✿

بەشی هەشتەم

لە پیاسەکەمدا، بەو ڕێگەیەی کە لە ناو داربەڕووەکان تێدەپەڕی، بە هاوڕێ ئینگلیزەکەم گەیشتم، هەرکە چاوی بەمن کەوت وتی:

– ئۆ ئۆ... ! ئەوە من دێمە لای تۆ، تۆش بەرەو لای من دێی! کەواتە هاوڕێیەکانت بەجێهێشت؟

بەسەرسامی پرسیم:

–پێم بڵێ تۆ چۆن ئەمەت زانی. ئایا هەموو خەڵك بە بابەتەکە دەزانن؟

–نەخێر.. هەموو خەڵك نا.... مەسەلەکە شایەنی ئەوە نییە... کەس قسەی لەسەر نەکردووە.

–کەواتە چۆن زانیوتە؟

– من زانیومە، یان بڵێ بەڕێکەوت زانیومە. ئێستا تۆ بۆ کوێ دەچیێ؟ من هەستی هاوڕێیەتیم بۆ تۆ هەیە، بۆیە بۆلای تۆ دەهاتم.

من لەوە سەرسام بووم کە بەمەسەلەکەی زانیوە، وتم:

-مستەر ئاستلی تۆ پیاوێکی جوامێری، لەبەر ئەوەی من قاوەکەم نەخواردووەتەوە، تۆش لەوانەیە قاوڵەتیت نەکردبێ، کەواتە با بەیەکەوە بچینە گازینۆکە، لەوی جگەرەش دەکێشین، من بەسەرهاتەکەت بۆ دەگێڕیمەوە، لەوانەیە تۆیش شتێکم بۆ باس بکەی.

گازینۆکە سەد مەترێك لە ئێمەوە دورو بوو... خواردمانەوە.. بە ڕاحەتی دانیشتین، جگەرەیەکم داگیرساند، مستەر ئاستلی جگەرە ناکێشێ، ئەوا ئەو چاوەڕوانە گوێبیستی من بێت، من بەمشێوەیە دەستم بە قسەکانم کرد:

-من بۆ هیچ شوێنێك ناچم، لێرە دەمێنمەوە.

-من لەوە دڵنیابووم.

مستەر ئاستلی ئەمەی بە زمانێکی خۆشەویستی و پشتیگری دەربڕی.

کاتێك بۆ لای میستەر ئاستلی دەچووم، هەرگیز نیازی ئەوەم نەبوو، قسە لەبارەی خۆشەویستی خۆم بۆ پاولینا بکەم، دەمویست خۆم لەو بابەتە بپارێزم، بەم ڕۆژانەی دوایی بەوشەیەکیش باسی ئەم بابەتەم نەکردووە. دواتر مستەر ئاستلی پیاوێکی زۆر شەرمنە، تێبینی ئەوەم کردووە، قسەکردن لەبارەی پاولیناوە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دەروونی ئەو هەیە، کەچی ڕۆژێك لە ڕۆژان ناوی ئەوی

نەهاتۆتە سەر زار. شتێکی سەیر و سەمەرە ئەوەبوو هەرکە مستەر ئاستلی دانیشت و نیگاکانی لەسەر من جێگیر کرد، نازانم بۆ ئارەزوویەکی توند هەبوو، بۆ ئەوەی هەموو شتێك بگێڕمەوە، تەنانەت باسی خۆشەویستییەکەم بکەم بە هەموو ڕەنگەکانییەوە. من تەواوی نیو کاتژمێر قسەم کرد، هەستم بە ئاسوودەیەکی مەزن دەکرد. ئەمە یەکەم جارە لەسەر ئەو بابەتە دڵی خۆم بۆ کەسێك دەکەمەوە. هەستم کرد کاتێك لە قسەکانم دەگەمە بڕگە گەرمەکان، ئەو دەشڵەژا، منیش بە ئەنقەست چیرۆکەکەم گەرموگوڕ دەکرد، لەوانەشە زێدەڕۆییم لە باسکردنی فەرەنسییەکە کردبێ.

مستەر ئاستلی لەبەرانبەرم دانیشبوو گوێی لەمن گرتبوو، بێدەنگ یەك وشە تەنانەت یەك پیتی نەدەرکاند. کاتێك لە بابەتی کابرای فەرەنسی نزیك بوومەوە، لەناکاو منی وەستاند و بەزمانێکی زبر، پرسیاری ئەوەی لێکردم ، ئاخۆ مافی ئەوەم هەیە باسی بابەتی لاوەکی بکەم. مستەر ئاستلی شێوازێکی سەیری لەپرسیارکردن هەبوو. منیش وتم:

–تۆ لەسەرهەقی، لەوانەیە من ئەو مافەم نەبێت.

– لەبارەی مارکیز و خاتوو پاولینا ناتوانی شتێکی وردو دروست بڵێی، تەنانەت ئەگەر بە مەزندە بێت؟

–بەڵێ، ناتوانرێت شتێکی دروست بگوترێت... بەدڵنیاییەوە وایە.

– ئەگەر بابەتەکە وایە، ئەوە تۆ هەڵەی، نەوەك تەنها ئەو کاتەی بۆم باس دەکەی، بەڵکوو کاتێك بیرت لێ کردووەتەوە.

لەگەڵ خۆمدا هەستم بەسەرسامی کرد و وتم:

–باشە باشە، لەگەڵت هاوڕام.

دواتر وردودرشتی بەسەرهاتەکەی دوێنێم بۆ مستەر ئاستلی گێڕایەوە: سەرگەرمییەکەی پاولینا، سەرکێشییەکەی من لەگەڵ بارۆن، دەرکرانم لەکار، ترسنۆکییە بێ ئەندازەییەکەی ژەنەڕاڵ. دواتر باسی هەموو وردەکارییەکانی سەردانی فرەنسییەکەم بۆ گێڕایەوە و دواجاریش باسی ئەو کاغەزەم کرد کە پاولین ناردوویەتی، پرسیارم لە ئاستلی کرد وتم:

–تۆ چ ئەنجامێك هەڵدەهێنجی؟ بۆ ئەوە هاتووم بۆچوونی تۆ بزانم.

من هیچ سڵ لەوە ناکەمەوە، پیاوە بچووکە فەرەنسییەکە بکوژم، لەوانەشە ئەم کارە بکەم.

مستەر ئاستلی وتی:

–منیش هەروەها.... بەڵام سەبارەت بە خاتوو پاولینا... تۆ دەزانی هەر یەکەمان پێوەندیم بەکەسانێك هەیە، تەنانەت لەگەڵ ئەو کەسانەی ڕقمان لێیان دەبێتەوە، لەوانەیە ئەمە بەپێی پێویستییەکانمان بێت. دەکرێت ئەم پێوەندیانە فەرامۆش بکەین، ئەمە پێوەندی راگوزەر ولاوەکیین، دەتوانی لەم لایەنەوە خەیاڵ

ڕاحەت بیت. بێگومان هەندێك ئاسوودە بە... بەڵام لەبارەی سەرگەرمییەكانی دوێنێی پاولینا، ئەمەیان زۆر سەیرە. لەبەر ئەوە سەیر نییە، كە ویستوویەتی تۆ ڕەوانەی لای دارعەساكەی باڕۆن بكات (من بەڕاستی پێم سەیرە عەساكەی بەدەستەوە بووە چۆن لێی نەداوی)، بەڵكوو سەیرەكە لەوەدایە ئەم سەرگەرمی و لاسارییە بۆ كچێكی پێگە بەرز، نەگونجاوە، ئەو كارەی دوێنێ بێئابڕوویانە بووە، لەوەدەچێ ئەو نەیزانیوە تۆ پێت بە پێت ئەو كارە جێبەجێ دەكەی.

من لەدوای هەلێك دەگەڕام، لەناكاو بە هەڵپەوە وتم:

—ئایا دەزانیێ؟ من هەست دەكەم تۆ تەواوی چیرۆكەكەت بیستووە، دەزانی لەكێ؟ لە خودی خاتوو پاولینا؟!

مستەر ئاستلی بەسەرسامی سەیری منی كرد، دواتر بەهێمنی وی:

—چاوەكانت دەبرسیكێنەوە، من گومانێك لە چاوەكانت بەدی دەكەم، ناتوانی گومانەكانت دەربخەی، من ددان بەو مافەی خۆم دەنێم و ڕەتی دەكەمەوە وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە.

— باشە، با واز لەوە بهێنین، بەهەرحاڵ، با لەسەر بابەتە گرنگەكەوە بین.......

بەم شێوەیە بابەتەكەم ڕاست كردەوە. تووشی شڵەژانێكی توند بوو، نازانم چۆن ئەمەم بەخەیاڵ هات. كەی و لەكوێ و چۆن

دەکرێت پاولینا، مستەر ئاستلی دەست نیشان بکات بۆ ئەوەی نهێنیەکانی خۆی لەلا باس بکات. دواتر لەم ڕۆژانەی دواییدا مستەر ئاستلی تەواو لەبەر چاوم ون بووبوو، پاولیناش هەر خۆی نهێنییەك بووە هەمیشە مێشکم سەرقاڵ دەکات. تەنانەت ئێستا کە بڕیارم داوە هەموو هەستی خۆشەویستیم بۆ مستەر ئاستلی باس بکەم، لەناکاو هەستم بەو کرد توانام نییە وردەکاری پێوەندییەکانم لەگەڵ پاولینا باس بکەم، بە پێچەوانەوە هەموو شتێك نزیك بوو لە خەیاڵ،نامۆ، پەرتەوازە، بە هیچ شتێك نەچوو.

بەهەناسە بڕکێوە وتم:

–باشە، باشە.. من لە بابەتەکە دەرچووم، سەروبەری قسەکانم لێ تێکچوو، هەندێك شتی دیکە هەیە ناتوانم ئێستا بیریان لێ بکەمەوە... هەرچۆنێك بێت، تۆ پیاوێکی جوامێری، من دەمەوێ بۆچوونی تۆ بزانم، نەوەك خوازیاری ئامۆژگاری بم.

چرکەساتێك بێدەنگ بووم، دواتر وتم:

–بە بۆچوونی تۆ چ هۆکارێك وای لە ژەنەڕاڵ کرد هێندە بترسێ؟ بۆچی ئەو کارە گاڵتەجاڕیەیان کردە کارەساتێکی ترسناك، تەنانەت گەیشتە ئەوەی دی گریێ بێتە ناو بابەتەکەوە (کەچی ئەو ناچێتە ناو ترسناکترین بابەتەوە) کەچی هاتە لای من (بەڵێ !) تکای لێ کردمم، پەنای بۆ من هێنا، ئەمە هەر دی گریێ بوو ! تێبینی ئەوە بکە، ئەو بەر لە کاتژمێر نۆ هاتەلای من، کاغەزەکەی پاولینای هێنا

بوو، ئەم کاغەزە کەی نووسراوە؟ دەکرێ مرۆ ئەو پرسیارە لەخۆی بکات. ئایا خاتوو پاولینیان تەنها بۆ ئەو مەبەستە لە خەو بێدار کردووەتەوە؟ من سەرەڕای ئەوەی مەزندە دەکەم پاولینا کۆیلەی ئەو بێت (مادام تۆ داوای لێبوردن و بەخشین دەکەیت)، باشە پێوەندی پاولینا بەم بابەتەوە چییە؟ بۆچی هێندە بایەخ بە بابەتەکە دەدات؟ بۆچی لەوە ترسان کە باڕۆنیان لێ دەرکەوت؟ ئایا پێوەندی هەموو ئەمانە بە زەماوەندەکەی ژەنەڕال و بلانشەوە چییە؟ ئەوان دەڵێن ژەنەڕاڵ لەبەر ئەم بارودۆخە دەبێت بەڕواڵەتی تایبەت دەربکەوێ؟ بەلاّم ئەمە زێتر زێدەڕۆییە لە ڕواڵەتی تایبەت، ئایا تۆ هاوڕای لەگەڵم؟ بۆچوونی تۆ چییە؟ من ئەوە لەچاوەکانت دەخوێنمەوە، تۆ لێرەی زیاتر لەمن هەموو شتەکان دەزانی.

مستەر ئاستلی زەردەخەنەیەکی کرد و سەری لەقاند و وتی:

-بەڵێ، بەڕاستی منیش پێموایە، لەم بابەتە، زیاتر لە تۆ ئاگادارم، بابەتەکە هەموو تەنها پێوەندی بە خاتوو بلانشەوە هەیە، من باوەڕی تەواوم بەو هەقیقەتە ڕەهایە هەیە.

بێ ئۆقرە بووم (لەناکاو ئومێدی ئەوەم بۆ دەرکەوت، شتێك لەبارەی خاتوو پاولیناوە دەزانم) وتم:

-خاتوو بلانش چ پێوەندییەکی هەیە؟

—پێموایە خاتوو بلانش ئێستا بەرژەوەندی تایبەتی لەوە هەیە، بەهەموو شێوەیەك خۆی لە دیداری بارۆن و خاتوونی بارۆن بەدوور بگرێت، بەتایبەتی ئەگەر دیدارێکی بێزارکەر یان ئابڕووبەر بێت؟

— واز لەمە بهێنە....

— خاتوو بلانش دوو ساڵ لەمەوبەر لە رۆلتنبێرگ بوو، وا رێکەوت منیش لێرە بووم. ئەو کات ناوی دی کۆمێنگ نەبوو، تەنانەت مەدام کۆمێنگی بێوەژن، ئەو کات بوونی نەبوو، دی گریۆش بەهەمان شێوە. من لەناخەوە باوەڕم وایە ئەوان نەوەك پێوەندی خزمایەتیان نییە، بەڵکوو ماوەیەکی کورتە یەکتر دەناسن، دی گریۆ مەرکیز نییە، ئەوەی وا دەکات لەوە دڵنیابم بارودۆخێکی تایبەتە، تەنانەت کەسێك بەناوێکی دیکە ناسیویەتی.

— لەگەڵ ئەوەشدا دی گریۆ تۆڕێکی پێوەندی بەهێزی هەیە.

— بەڵێ ،بەڵی، ئەمەیان زۆر ڕاستە. تەنانەت خودی بلانش لەوانەیە کۆمەڵێك پێوەندی هەبێت، بەڵام ئەو کات پۆلیس بانگی بلانشی کرد، ئەمەش لەبەر سکاڵایەك بوو لەلایەن خاتوونی بارۆن تۆمار کرا بوو، داوای کردبوو، لەم شارە بڕوا، ئەویش رۆیشت.

—ئەمە چۆن بوو؟

— سەرەتا بلانش لەگەڵ پیاوێکی ئیتاڵی دەردەکەوت، گوایە میرە، ناوێکی مێژوویی هەبوو(وەك بارپینی یان شتێك لەمجۆرە). ئەم

پیـاوه هـەموو گیـانی یـاقوت و ئـەڵماس بـوو، بەیەکـەوە بـە گالیسەکەیەکی نایاب دەگەڕان، بلانش یاری (سی و چواری دەکرد) سـەرەتا بردییـەوە، دواتـر بـەخت پشـتی تێکـرد، ئێوارەیـەکیان پارەیەکی خەیاڵی دۆڕاند، هەر ئەو کاتە میرەکەی بەیانییـەکیان ون بوو، کەس نەیدەزانیّ بۆ کویّ چوو... ئەسپ و گالیسکەکان و هەموو شتێکی ون بوو. بلانش پارەیەکی زۆر قەرزاری هۆتیل بـوو، خـاتوو زەلمـا (ئەمـە دوای ئـەوەی نـاوی دی بـاربینی نـەما) لەوپـەڕی نەهامەتی و دڵتەنگی دابوو، دەگریا و هاواری دەکرد، هۆتێلەکەی پڕ کردبوو لە گریان و فیغان، لـەتوڕەیی کراسـەکەی خـۆی دادڕی، ئـەو کاتـە لـە هۆتیّـل کـۆنتێکی پۆڵـۆنی هـەبوو (دەبـیّ بزانـی هـەموو پۆڵۆنییـەکان لـەکاتی سـەفەر کـۆنتن) کاتێـك ئـەم پیـاوە پۆڵۆنییـە دەبینـی زەڵمـا کراسـەکانی دەدڕێنـی، بـە دەسـت جوانـەکانی وەك پشیلە چرنۆك لە روومـەتی دەدات، ئـەوا پیاوەکـە کاریگـەر دەبێـت، هەنـدێك گفتوگـۆ لـەنێوانیان دەبێـت. کاتێـك ئێـوارە داهـات زەڵمـا خەمەکەی نەما، ئێوارە هاتە گازینۆ خۆی بـە قـۆڵی کـۆنتی پۆڵـۆنی هەڵواسی بوو، وەك نەریتی خۆی بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنی، زیـاتر لەجاران چالاکتر دەردەکەوت. بووە هاوشێوەی ئەو ژنانەی لـە یـاری رۆلێتەوە ڕاهاتوون، کاتێك یەکێك لەو ژنانە یاری دەکـەن، یـەکێك لـە یاریکـەرەکان دەنێـریّ بـۆ ئـەوە شـوێنێکی بـۆ بگرێـت، ئەمـەش خەسڵەتێکی ئەم ژنانەیە، لەوانەیە تێبینیت کردووە.

– بەڵێ تێبینیم کردووە.

– بابەتەکە ئەوەندە ناهێنێ، خەڵك بە ناچاری بەرگەی ئەم جۆرە ژنانە دەگرێت، یان بەلایەنی کەمەوە تا ئەو کاتە بەرگەیان دەگرێ کە کاغەزی دراوی هەزار فرانکی ورد دەکەنەوە. کاتێك گۆڕینەوەی ئەم جۆرە دراوانە کۆتایی لەلای ئەم جۆرە ژنانە کۆتایی هات، ئەوا داوایان لێ دەکەن دوور بکەونەوە. خاتوو زەڵما بەردەوام کاغەزی هەزار فرانکی ورد دەکردەوە، بەڵام بەخت لە قومار یاوەری نەبوو، زۆرێك لەو ژنانە لە قومار بەخت یاوەریان نییە. ئەوان ناتوانن دان بەخۆیان بگرن، چیرۆکەکەم لێرە کۆتایی هات. ڕۆژێکیان کۆنت ون بوو، وەك چۆن پێشتر میرە ئیتاڵییەکە ون بوو. پاشتر زەڵما بێئەوەی قۆڵ بخاتە قۆڵی پیاوێکەوە، بەتەنیا دەهاتە گازینۆکە، بە دوو ڕۆژ هەموو پارەکانی دۆڕاند، تەنانەت دوایین لیرەی زێڕیشی دۆڕاند. کاتێك سەیری دەوروبەری خۆی دەکات بارۆن ڤۆرمەر هێڵم دەبینی، کە بەڕقەوە سەیری زەڵمای دەکات، بەڵام خاتوو زەڵما گوێ بەم شتانە نادات، بەزەردەخەنەوە بەرەو خاتوونی بارۆن دەچێت، تکای لێدەکات لە بری ئەو دە لیرەی زێر لە سوورەکە دابنێ، لەبەرئەمە خاتوونی بارۆن سکاڵا لە زەڵما دەکات و لەئەنجامی ئەم سکاڵایەش لە گازینۆکە دەردەکرێت. ئەگەر بەلاتەوە سەیرە من هەموو ئەو وردەکارییە پڕوپووچانە دەزانم، ئەوا من لە میستەر ڤیدەرم بیستووە، ئەو کەسێکی نزیکمە ئێوارەك بە

گالیسـکەکەی خـۆی خـاتوو زەڵمـای گەیاندۆتـە(سـپا). کەواتـە لەبابەتەکـە بگـە بەمشـێوەیەیە: کاتێـك خـاتوو بلانـش دەیـەوێ زەماوەند لەگەڵ ژەنەراڵ بکات، بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە داواکەی لـێ نەکردێتـەوە، ئێسـتا پومـار ناکـات، لەوانەیـە ئێسـتا هـەیبێ، جگەلەمـەیش ئامازەکـان ئـەوە دەردەخـەن، پـارە بەقـەرز دەداتـە قوماربازەکان، من پێم وایە ژەنەڕاڵی بەستەزمان یـەکێك بێـت لـە قـەرزارەکانی، هـەروەها لەوانەیـە دی گرییۆش قـەرزاری بێـت، ئـەوە ئەگەر هاوبەشی نەبێت. کەواتە تێ بگە بۆ خاتوو بلانش بەر لـەوەی هاوسەرگیریی بکات، نایەوێ بـارۆن و خاتوونەکـەی ببینـێ. کارەکـە خۆی ئابڕۆچوونە، ئەمەیش لەم بارودۆخە بۆ ئەو زۆر خراپـە. تـۆیش لەگـەڵ خێزانەکـەی ئـەوانی، لەوانەیـە کارەکانـت کێشـە بنێنـەوە، بەتایبـەتیش ئێسـتا ئـەو قـۆڵ بـەقۆڵ لەگـەڵ ژەنـەڕاڵ یـان پاولینـا دەردەکەوێت. ئایا ئێستا تێگەیشتی؟

—نەخێر... تێنەگەیشتم

بەمشـێوەیە هـاوارم کـرد، مشـتەکۆڵەیەکم لەمێزەکـە دا گارسـۆنی قاوەخانەکە لە ترسان راچڵەکی. بە هەڵپە و بەتوڕەیی وتم:

—ئەی مستەر ئاستلی ئەگەر تۆ بەمشێوەیە خاتوو بلانـش دەناسـی، بۆ ئاگادارت نەکردیتەوە، نە من، نە ژەنەڕاڵ، تەنانەت نـە پاولینـاش کە لەگازینۆکـە قـۆڵ دەخاتـە قـۆڵی بلانشـەوە بەبـەر چاوی هـەموو خەڵکەوە. هیچ کەسێکت ئاگادار نەکردەوە؟ ئایا ئەمە دەکرێت؟

مستەر ئاستلی بەهێمنی وەلأمدایەوە:

– نەمدەتوانی ئاگادارتان بکەمەوە، کاتێك ناتوانن هیچ شتێك بکەن. جگەلەمەش لە کێ ئاگادارتـان بکەمـەوە؟ لەوانەیـە ژەنـەڕاڵ لـەمن چاکتر بلانش بناسێ، کەچی ڕێگەی پێدەدات لەگـەڵ ئـەم و پاولینـا پیاسە بکەن. ژەنـەڕاڵ مرۆڤێکی بەدبەختـە. دوێنـی خـاتوو بلانشـم بینی لەسەر ئەسپێکی ناباب هەڵدەبەزییـەوە، بـەیاوەری دی گرێـۆ و میرێکی بچووکی رووسی بـوو، ژەنـەڕاڵیش بەسـەر پشـتی ئەسـپێکی بەڵەکەو بەدوایەوە بوو، کەچی بەیانییەکەی لەبەر ژانـی قاچـەکانی دەینالآند. لەناکاو ئەوەم بەخـەیاڵ هـات کـە ژەنـەڕاڵ پیاوێکـە هـەتا هەتاییە وێڵە. سەرەڕای ئەمەش هەموو بابەتەکە پێوەنـدی بەمنـەوە نییە، سەبارەت بەپاولینا من ماوەیەکی کورتە دەیناسم.

مستەر ئاستلی بێدەنگ بوو، دواتر لەناکاو وتی:

– من پێشتریش بەتۆم گوت، من ڕێگـەت پێنـادەم هەنـدێك پرسـیار بکەی، هەرچەندە وەك هاوڕێیەکی دڵسۆزت دادەنێم.

بەدەم هەڵسانەوە وتم:

–ئەوەندەم بەسە، ئێستا بەلامەوە ڕوونە خاتوو پاولینـایش دەزانـێ دەبێت خاتوو بلانش بناسێ، بەلآم ئەو ناتوانێ لە کـابرای فەرەنسـی جیا بێتەوە، لەپێناو ئەمەیشدا ئامادەیە پیاسە لەگەڵ بلانش بکـات. بـاوەڕ بکـە ئەگـەر ئـەو دەسـتەلآتە نەبووایـە، ئـەوا کەسـێك نـەبوو

ناچاری بکات پیاسە لەگەڵ بلانش بکات، یان ناچاری بکات نامە بۆ من بنووسێ ، تکا بکات لە ژەنەراڵ نزیك نەبمەوە. کەچی هەر ئەویش بوو منی بۆ لای بارۆن ئاراستە کرد! سەیرە! مرۆڤ شتێك لەو بابەتانە تێ ناگات.

– تۆ یەکەم شت ئەوە لەبیر دەکەی خاتوو دی کومێنگ دەستگیرانی ژەنەراڵە. دووەم خاتوو پاولینا، کە کچی ژنەکەی ژەنەراڵ، برا و خوشکێکی بچووکتر لەخۆی هەیە، ئەم دووانە منداڵی ئەو ژەنەراڵە شێتەن، ئەوان بەتەواوی فەرامۆش کراون.

– بەڵێ بەڵێ، ئەمە راستە، جێهێشتنی ئەم دووانە واتا فەرامۆشکردنیان، مانەوە واتە داکۆکی کردن لە بەرژەوەندیان، لەوانەیە بەشێك لەسامانەکەشیان رزگار بکات، هەموو ئەمانە راستە.. بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا... ! ئەها ! ئێستا تێگەیشتم بۆ هەموویان بایەخ بە داپیرە دەدەن.

–بەکێ؟

– بەو پیرەژنە خەرفاوەی لەمۆسکۆ دەژی، کە هێشتا نەمردووە، ئەوانیش چاوەڕێ دەکەن هەواڵی مردنی بگات.

– بێگومان هەموو بایەخە بەوە دەدرێت، هەموو شتێك لەسەر وەسیەتنامەکە وەستاوە، کاتێك وەسیەتنامەکە بکرێتەوە ژەنەراڵ

زەماوەنـد دەكـات، پاولینـا دەسـت كـراوە دەبێـت... دی گرێـۆش دەتوانیٚ.....

– دەتوانیٚ چی بكات؟

– قەرزەكانی وەربگرێتەوە، چاوەڕوانی ئەوە دەكات.

–پێتوایە تەنها چاوەڕوانی ئەمە دەكات؟

مستەر ئاستلی بێدەنگییەكی موكڕی هەیە وتی:

–لەمە زیاتر شتێكی دیكە نازانم.

بەتوڕەیی چەند جارێك بەسەریەكەوە وتم:

–من دەزانم.. من دەزانم.... ئەو پیـاوە چـاوەڕوانی مـیرات دەكـات، پاولینا مارەییەكەی وەردەگرێت، هەركە وەریگرت، خـۆی بـەم پیـاو هەڵدەواسیٚ، هەموو ژنەكان وەك یـەكن، ئـەوەی لەهـەموویان نـەفس بەرز بێت، ئەوا زیاتر كۆیلـە دەبێـت! پاولینـا نـازانیٚ خۆشەویسـتی بكات، ئەوینێكی توند نەبێت. ئەمە هەموو شـتێكە! ئەمـە بۆچـوونی منـە! سـەیری بكـە بەتاییـەتی كاتێـك بەتـەنیا دادەنیشـیٚ و بـیر دەكاتەوە: وەك كەسێكی بەدبـەخت دەردەكـەویٚ، كـە بـەر نـەفرەت كەوتبیٚ.. ئەو... ئەو.... بەڵام ئەمە كێیە بانگم دەكـات؟ (لـەناكاو هـاوارم كـرد) ئەمـە كێیـە هـاوار دەكـات ؟(گـوێم لەكەسـێك بـوو بەرووسی ناوی من دەهێنیٚ: ئەلكسی ئیڤانۆڤیچ. ئەمە دەنگی ژنانـە) گویٚ بگرە، گویٚ بگرە!

لەو کاتە لە هوتێلەکە نزیك دەبووینەوە، بێئەوەی تێبینیی بکەین، دەمێك بوو قاوەخانەکەمان جێ هێشتبوو.

مستەر ئاستلی دەستی درێژ کرد و وتی:

-دەنگی ئافرەتێکم بیست هاواری دەکرد، بەڵام نازانم بانگی کێ دەکات، بەرووسی قسە دەکات. ئێستا دەزانم دەنگەکە لەکوێوە دێت، ئەمە دەنگی ئەو ژنەیە لەسەر ئەو کورسییە گەورییە دانیشتووە، خزمەتکارەکان بەرەو هوتێلەکەی دەبەن، ئەوانی دیکە جانتاکانی هەڵدەگرن، دیارە شەمەندەفەر گەیشتووە.

- بەڵام بۆ بانگی من دەکات؟ ئەها دووبارە بانگی من دەکاتەوە، سەیر بکە، ئاماژە بۆ ئێمە دەکات.

مستەر ئاستلی وتی:

-بەڵی دەبینم.

- ئەلیکسی ئیڤانۆڤیچ، ئەلیکسی ئیڤانۆڤیچ! ئۆه..! ئای خوایە چەند دەبەنگە! ئەم دەنگە لە بەردەم هوتێلەکە دەهات.

بەرەو قاندرمەی دەروازەکە هوتێلەکە رۆیشتین، هەرکە پێم نایە قاندرمەکە، پەشۆکام قۆڵەکانم شل بوون، قاچەکانم لە جووڵەکەوتن!

✿

بەشی نۆیەم

لەدوای قاندرمەکەی بەردەمی هوتێلەکە، سەکۆیەکی فراوان هەیە، کورسییەکە لەوێ دانرا. چەندان خزمەتکاری ژن و پیاو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی هوتێلەکە، بە بەڕێوەبەرەکەشەوە، دەوری کورسییەکیان دابوو. لە بەرانبەر ئەو خاتوونی میوان، زێدەڕۆییان لە نواندنی ڕێز و پێشوازی دەکرد. ئەو ژنە کە پێگەیەکی بەرزی هەیە، بە ئاپۆرەیەک خەڵك و بە کۆمەڵێك جانتا میوانی ئەم هوتێلە بوو. لەسەر عەرشەکەی ڕوونیشتبوو، ئەمە داپیرەیە ! بەڵێ ئەمە خۆیەتی ئەنتۆنین ڤاسیلڤنا تراسفیچە، ترسێنەر، دەوڵەمەند، تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵە، خاوەنی چەندان موڵکە. یەکێکە لە ژنەخانەدانەکانی مۆسکۆ. ئەمە ئەو ژنەیە کە برووسکە لە بارەی هەواڵی مردنی دێت و دەڕوات، کەچی ئەوەتا بێهیچ ئاماژەیەکی پێشینە لەبەردەممان قوت بووەتەوە. ئەو ناتوانێ بە پێیەکانی خۆی بڕوات، بۆیە نزیکەی پێنج ساڵ دەبێت هەردەم بەسەر کورسییەك هاتوچۆی پێ دەکرێت، بەلآم هەر وەك پێشتر

بینیومە، چالاکە، زۆر وریایە، زمـان درێـژە، زۆر بـەخۆی سەرسـامە، قوت دادەنیشێ، بـەدەنگێکی بـەرز قسـە دەکـات، بـە هاوارکردنـەوە فرمـان دەدات، فرمـان بەسـەر هـەموو کەسـێکەوە دەکـات. بـەڵێ هەروەك پێشتر بووە، کە دوو جار بینیومە لەو ماوەیەی کە لـەماڵی ژەنەڕاڵ وەك مامۆستا و بەخێوکـەر کـار دەکـەم، بۆیـە ئاسـایی بـوو لەبەرانبـەر سەرسـام بوەسـتم. کاتێـك لەسـەر کورسـییەکەی بـۆ سەرەوەیان سەردەخست، چاوی بە من کـەوت، یەکـەمجار بـە نـاوی بچووکراوە و دواتر بەناوی باوم بانگی کردم، ناوەکەی منی بـۆ هـەتا هەتایە ئەزبەر کردووە، ئەو بیرێکی زۆر تیشی هەیـە. ئـەو کاتـە ئـەم پرسیارەم لەخۆم کرد:" ئایا ئەم ئافرەت بوو کە هیوایان دەخواست لەناو گۆڕ بێت، هەڵپەیان لەسەر میراتەکـەی دەکـرد؟ کەچـی ئێسـتا ئەو هەموومان لەو هوتێڵە دەنێـڕێ! خودایـە، دەبێـت ئێسـتا چـی بەسـەر ئـەوانی دیکـە دێـت، دەبێـت ژەنـەڕاڵ چـی بکـات، لەوانەیـە ماڵەکە بەسەر یەك کاول بکات!".

سەیری داپیرەم دەکرد هاواری کرد:

–ها ئەزیزم.... چیت بەسـەر هـاتووە بـۆ لەشـوێنی خـۆت چـەقیوی وەها سەیرم دەکەی؟ چییە نـازانی سـڵاوم لـێ بکـەی؟ نـازانێ بڵێـی بەیانیت باش؟ ئایا ئەمانە نازانی، یان تووشی فیز و لـەخۆبایی بـوو، بۆیە ئەمە ناکەی؟ یانیش من ناناسیتەوە؟ ئایـا پۆتـاپیچ گوێبیسـتی منـی (بـەم شـێوەیە قسـەی دەکـرد ئـاوڕی لـەو پیـاوە بچـووکە

سەرسپییە دایەوە، پیاوێکی کەچەڵ بوو، سەرۆکی خزمەتکارەکانی بوو لە کاتی سەفەردا). ئایا پۆ پۆتاپیچ گوێبیستی منی! ئەوان تەواو منیان ناشتووە! بروسکە لەدوای بروسکەیان دەنارد: ئایا مرد، هێستا نەمردووە؟ من هەموو شتێك دەزانم، تۆش دەبینی، هێشتا خوێن بەدەمارەکانم دێت ودەچێ؟

کاتێك بەسەر خۆم زاڵ بووم، بە دەمودوێکی خۆش وتم:

– بمبوورە، ئەی ئەنتۆنین ڤاسیلیڤنا، خۆزگەی خراپە بۆ تۆ ناخوازم، تەنها ئەوەیە سەرسام بووم، چۆن سەرسام نەبم؟ گەیشتنت بۆ ئێرە چاوەڕوان نەکراو بوو.

– چی سەرسامی کردووی؟ سواری شەمەندەفەر بووم و سەفەرم کردووە. شەمەندەفەرێکی خۆشڕەو بوو، جووڵە و هەڵبەزینەوەی نەبوو. ئەوە لەپیاسە بوویت؟

–بەڵی پیاسەیەکم بەناو گازینۆکە کرد:

داپیرە سەیری دەوروبەری خۆی کرد و وتی:

–مرۆڤ لێرە دەحەسێتەوە، هەواکەی گەرم و داروردەختەکانیش دڵڕفێنن! منیش حەز لەوە دەکەم! خەڵکەکەی ئێمە لێرەن؟ ژەنەڕاڵ؟

–بەڵی ئەو لە شوێنە تایبەتەکەی خۆیەتی، ئەوان هەموویان لەو کاتەدا لەوێ بەیەکتر دەگەن.

– لێــرە، لێــرە... دیــدارەکانیان ڕێــك دەخــەن، ڕەچــاوی ڕێســا و نەریتەکان دەکەن، گوتیـان گالیسـکەیان هەیـە، ئـەی خانەدانـەکانی رووس ! ئــەوان دوای ئــەوەی ســامانەکانیان پــوچ کــرد، بــەرەو دەرەوەی وڵات ڕایان کرد. پراسکۆڤیاش لەگەڵ ئەوانە؟

– بەڵام پاولینا ئەلکسەندرۆڤناش لێرەیە!

– ئــەی فرەنســی بچــوك؟ بــەڵام خــۆم ئێســتا هــەموویان دەبیــنم. ئەلکیسی ئۆڤانۆڤیچ، بەرەو لای ژەنەڕاڵم ببە، ئەی تۆ، تۆ باشی؟

– کێشەیەك نییە، ئەی ئەنتۆنین ڤاسیلیڤنا.

– تۆ پۆتاپیچ، بەم خزمەتکارە زەبەلاحە بڵـێ لەشـوقەیەکی خۆشـم دابنێ، لە نهۆمی یەکەم بێ، هەر ئێستاش کەلوپەلەکانم بێـنن، ئـەوە بۆ هەموویان لە هەڵگرتنی من پەلەیانـە؟ چ وا دەکـات پەلـە بکـەن؟ ئای لەم شەرمەزارییە...

جارێکی دیکەش ئاوڕی لەمن دایەوە، پرسیاری کرد:

–ئەم پیاوەش لەگەڵ تۆیە؟

–بەڵی ئەمە مستەر ئاستلییە؟

– مستەر ئاستلی کێیە؟

– یەکێکــە لــە گەشــتیاران، بۆتــە چــاکترین هــاوڕێم، هــەروەها ژەنەڕاڵیش دەناسێ؟

– ئەم ئینگلیزە. بۆیە وا سەیرم دەکات بێنەوەی دەمی بکاتەوە.
هەر چۆنێك بێت من ئینگلیزم خۆشدەوێ. باشە بەرەو سەرەوەم بەرن، هەر ئێستا بەرەو شوقەی ئەوانم بەرن؟

داپیرە لە زەوی بەرزکرایەوە، من لە پێشەوەی کەژاوەکە دەڕۆیشتم، لە قاندرمە فراوانەکە بەسەرکەوتین، کەژاوەکەمان جێگەی سەرنجی خەڵك بوو، هەموویان سەیریان دەکردین. هوتێلەکەمان یەکێکە لە جوانترین هوتێلەکانی شارەکە، لەهەمووشیان گرانترە و جێگای ئەرستۆکراتەکانە، هەردەم لە ڕێڕەو و قاندرمە و هۆڵەکانی ڕێکەوتی ئافرەتی شۆخ و شەنگ و ئینگلیزی بەهەیبەت و سەنگین دەکەی. زۆرێك لەو خەڵکانە کە لەمانەوە تێدەپەڕین پرسیاریان لە بەڕێوەبەری هوتێلەکە دەکرد ئاخۆ دەبێت ئەم خاتوونە کێ بێت، بەڕێوەبەری هوتێلەکەش سەرسام بوو، بێگومان وەها بەمجۆرە وەڵامی خەڵکەکەی دەدایەوە، کە ئەمە ئافرەتێکی بیانی لە چینێکی خانەدانی رووسیە، ئافرەتێکە پێگەی مەزنی هەیە، ئەو بەشەی هوتێلەکەی بۆ تەرخان دەکرێت، کە هەشت ڕۆژ لەمەوەبر بە خاتوونی دۆقی مەزن ن... درابوو. داپیرە لەسیما و ڕووخساری وەك کەسێکی زاڵبوو لەسەر عەرشەکەی دەردەکەوت، بەشێوەیەکی تایبەت ئەمە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا بوو. هەر کەسێك ڕێکەوتی ئێمەی دەکرد ئەوا بەچاوەکانی دیقەتی دەدا، سڵی لەو نەدەکردەوە بەدەنگێکی بەرز پرسیاری لەبارەی

تـەواوی خەڵکەکـە دەکـرد. داپـیرە سـەلیقەیەکی بـەهێزی هـەبوو، هەرچـەندە ئـەم لەکورسـیەکەی جیـادەبووەوە، بـەڵام هەرکەسـێك دەیبینـی دەیزانـی درێـژە وەك پیتـی (أ) لەسـەر کورسـیەکە دانیشتووە، پشتی خۆی بەکورسییەکە نادات، سەر بـەرز رادەگـرێ، قژێکی سپی بەشەکی رووخساری رێك دەردەکـەون، ئـەو بەچـاوێکی لـەخۆبایی سـەیرت دەکـات، بـەڵام کاتێـك سـەیری دەکـەی دەزانـێ تێـڕوانین و جوڵـەکانی تـەواو سروشـتین و نوانـدن نییـە. هەرچـەندە لەتەمەنی حەفتا و پێنج ساڵی دیـە، کەچـی هێشـتا شـتێك لـەجوانی رووخسـاری دەردەکـەوێ، ددانـەکانی هێشـتا زۆر خـراپ نـیین، کراسـێکی ئاوریشـمی ڕەشـی پۆشـیوە، کڵاوێکـی سـپی و بچـووکی لەسەرناوە.

مستەر ئاستلی کە لەتەنیشتەوە سەردەکەوت بە منگەمنگ وتی:

–زۆر سەرجم رادەکێشێ.....

منیش لەدڵی خۆم دەمگوت" ئەو تەواو بە بروسـکەکانی زانیـوە، دی گرێۆش دەناسـێ، بـەڵام وەك دەردەکـەوێ هێشـتا بلانـش ناناسـێ" هەر زوو ئەوەم بە مستەر ئاستلی وت.

بەشـەرمەوە ددان بـەوە دەنـێم، هەرکـە سەرسـامییەکەی یەکـەمم نەما، ئەوا هەستم بە خۆشی وشادییەکی گـەورە دەکـرد، لەبـەر ئـەو حاڵەتەی دوای کەمێکی دیکە بەسەر ژەنەڕاڵ دێـت، ئـەم هەسـتەیش کاریگەری لەسەر دەروونم هەبوو، تەواو بەدڵخۆشی هەنگاوم دەنا.

هاورێیانمـان لـه نهـۆمی سـێیەم بـوون، کاتێـك گەیشـتین، بـێ ئاگادارکردنەوە و بێ لەدەرگادان، دەرگاکانم لەسەر پشـت کـردەوە، داپیرە وەك سەرکەوتوویێك هاتـە ژورەوە. هـەموویان لـە وێ بـوون، وەك ئەوەی بەئەنقەست لە ژوورەکەی ژەنەڕاڵ کۆبووبوونـەوە. کـات نزیکـەی نیـوەڕۆ بـوو، وەك دەردەکـەوت بـەنیازبوون پیاسـەیەکی بەکۆمەڵ بکەن، جا بەگالیسکەکان بێت یـان بەئەسـپ، میوانیشـیان هەبوو. لە ژوورەکەی ژەنەڕاڵ جگە لە ژەنەڕاڵ و پاولینا و منداڵەکان و خزمەتکارەکـــەیان، دی گریـــۆ، خـــاتوو بلانـــش تەنووریـــەکی سوارچاکەکانی پۆشیبوو، لەگەڵ بێوەژنەکەی دایکـی، مـیری کـورت، زانایەکی ئەڵمانی کە جارێکی دیکە لـەلای ئـەوانم بینـی بـوو. هـەموو ئەمانە لەوێ بوون.

کورسیەکەی داپیرە لەناوەڕاستی ژوورەکە، لـەدووری سـێ هـەنگاو لە ژەنەڕاڵەوە دانرا. مەگەر خودا، ئەگینا ئەو کاریگەرییەم بیرناچـێ، کە چوونە ژوورەوەی ئێمە دروستی کرد! کاتێك چـووینە ژووەرەوە ژەنـەڕاڵ شـتێکی دەگـوت، قسـەی لەگـەڵ دی گریـۆ دەکرد. دەبـێ باسی ئەوە بکەم، دوو سێ ڕۆژە خاتوو بلانش و دی گریـۆ لـەدەوری میری بچووك دەخولێنەوە، بە بەردەمی ژەنەڕاڵی داماو ئاهـەنگی بـۆ دەگێڕن. هەرهەموویان جۆرێك شێوازی نواندنیان ئـەنجام دا، بـەڵام ڕووخـۆش وگـەرموگوڕ دەرکـەوتن. ژەنـەڕاڵ کاتێـك داپـیرەی بینـی وشەکەی دەمی تەواو نەکرد، دەمـی بـەکراوەیی مایـەوە، چـاوەکانی

ئەبڵەق وەك ئەوەی دێوێکی بۆ دەرکەوتبێ، داپیرەش بەهەمان شێوە سەیری دەکرد بێئەوەی ورتەیەك بکات، بەلأم سەرکەوتووانە و گاڵتەجارییانە سەیری ژەنەراڵی دەکرد! بەم شێوەیە بۆ ماوەی دە چرکەیەك هەردووکیان بەبێدەنگی سەیری یەکتریان دەکرد. لەسەرەتادا دی گریۆ پەشۆکا بوو، بەلأم هێندەی نەبرد ئەوپەڕی نیگەرانی بەسیمایەوە دەرکەوت. خاتوو بلأنش برۆکانی هەڵتەکاند و دەمی کرابووەوە، وەك دەبەنگێك سەیری داپیرەی دەکرد. میر و زاناکە بە پەشۆکاوی سەیری دیمەنەکانیان دەکرد. مرۆ سەرسامی و پەشۆکاوییەکی گەورەی لە سیمای پاولینا بەدی دەکرد، لەناکاو وەك بەفر سپی بوو، دواتر خوێن لەرووخسارییەوە دەردەکەوت، سوور هەڵگەڕا. بەڵێ گەیشتنی داپیرە بۆ هەموویان کارەسات بوو. من تەنها چاوم بەسەر داپیرە و ئامادەبووانی تر دەگێڕا، کەچی مستەر ئاستلی وەك نەریتی خۆی، هێمن و سەنگین، دوورەپەرێز وەستا.

دواجار داپیرە بێدەنگییەکەی ڕەواندەوە و وتی:

-بەڵێ... ئەوەتا! خۆم لەبری برووسکە هەواڵەکە هاتووم. پێشبینی هاتنی منتان نەدەکرد، ئەی وا نییە؟

- ئەنتۆنین ڤاسیلیڤنا، ئەی پورە چاکەکەم... ئای لەم ڕێکەوتە!...

ژەنەراڵ بەم شێوەیە منگەمنگی کرد، ئەگەر داپیرە بۆ چەند چرکەیەکی دیکە بێدەنگ دەبوو، ئەوا ژەنەراڵ تووشی جەڵتە دەبوو.

-قسە لەسەر چ ڕێکەوتێك دەکەی؟ سواری شەمەندەفەر بووم هاتم، ئەی سوودی هێڵی ئاسنین چییە؟ ئێوە خەیاڵی ئەوەتان دەکرد، من تابووت لەماڵەکەم دێمە دەرەوە، میراتەکەتان بۆ جێدەهێڵم؟ من دەزانم تۆ بروسکەکانت دەنارد. لەوانەیە پارەیەکی زۆرت لە ناردنی بروسکە خەرج کردبێت، چونکە ناردنی بروسکە لێرەوە نرخەکەی هەرزان نییە، بەلام من بوێرانە خۆم هاتم، وابزانم ئەمە فەرەنسیەکەیە؟ میسیۆ دی گریۆ؟

دی گریۆ وتی:

-بەڵی خانمەکەم، باوەڕ بکە من زۆر دڵخۆشم، زۆر دڵشادم، بەوەی تەندروستیت چاکبووەتەوە، ئەو پەرجوێکی ئێمە تۆ لێرە دەبینین، ئەم خەلاتێکی نایابە.

- بەڵی نایابە، من چاك تۆ دەناسم ئەی ئەکتەری گاڵتەجار، بەقەد سەرپەنجەیەك باوەڕت پێ ناکەم (کاتێك وای گوت پەنجەکانی بەرز کردەوە) . ئەمە کێیە (ئەم پرسیارەی کرد و ئاماژەی بۆ خاتوو بلانش کرد) وەك ئاشکرایە ئەم فەرەنسە بەجووڵە و هەڵسوکەوتی،

تەنورەکـەی، قامچیەکیشــی بەدەسـتەوەیە، سـەرنجی داپــیرەی ڕاکێشاوە.

داپیرە وتی:

-هیی ئێرەیە؟

وتم:

-ئەمە خاتوو بلانش دی کومێنگە، ئەمـەیش دایکیـەتی، لـە هوتێلـە دابەزیوون.

خاتوونی پیرەژن بێپێچوپەنا وتی:

-شووی کردووە؟

من بەرێزێکی زۆرەوە، بە ئەنقەست ڕقێکم نیشاندا وتم:

-نەخێر کچە

- ئایا سەلیقەیەکی خۆشی هەیە؟

من لەپرسیارەکە نەگەیشتم.

-ئایا مرۆڤ لە هاوڕێیەتی ئەو هەسـت بـە بێـزاری ناکـات؟ بەرووسـی قسە دەکات؟ دی گریۆ ئەو کاتەی لە مۆسکۆ بوو، لەوچە لەوچی بـە هەندێك وشە دەکرد.

ئــەوەم بــۆ ڕوونکــردەوە، خــاتوو بلانــش هــیچ ڕۆژێــك نەچــووەتە ڕووسیا». داپیرە لەپڕ ڕووی قسەکانی لە بلانش کرد و بێ پێشـەکی وتی:

—بەیانیت باش

— بەیانیت باش خاتوونەکەم

بەم شێوەیە بلانش وەڵامی دایەوە، ئەوپەڕی دڵشادی و مـەزنکردنی نواندن. لە ژێر نواندنی ئـەو ئەدەبە زۆرەوە، لـە هـەموو ئاماژەکـانی سـیماکانی، سەرسـامی لـەو پرسـیارە نامۆیـە و ئـەو هەڵسـوکەوتە ڕیزپەڕە بەدی دەکرا.

— ئۆی... ئەو کچە چاوەکانی دادەگرێ، ئەدەب دەنوێنێ، مرۆڤ هەر یەکسەر هەست دەکات، لەگەڵ چ جۆرە باڵندەیـەك مامەڵـە دەکـات: ئەکتەر یان شتێکی لەم جۆرە. من لەم هۆتێلە دابەزیوم، لـەخوارەوە نیشتەجێم (دوایین ڕسـتەی وت و لـەناکاو ڕووی لـە ژەنـەڕال کـرد). دەبینە دراوسێ، ئەمە دڵخۆشت دەکات یان نا؟

ژەنەڕاڵ وەڵامی دایەوە:

—ئۆی ... پووری... باوەڕ بکە هەست بەوپەڕی خۆشیی دەکەم.

ئـەو کاتـە ژەنـەڕاڵ هەنـدێك گـەڕابووە سـەرخۆی. وا بـە پێویسـت دەزانی بە دوای هەندێك ڕستەی گونجاو بگەڕێ بۆ ئـەوەی قسـەکانی کاریگەری هەبێت، بۆیە درێژدادڕی لە قسەکان دەکرد و دەیـوت: زۆر

ئازارمان چەشت، زۆر لەبەریئەو هەواڵانە دەلەرزین کە لەبارەی نەخۆشی تۆوە دەهاتن، برووسکەکان یەك لەدوای یەك، پەرۆشیان دەکردین.. لە ناکاو.

یەکسەر داپیرە قسەکانی پیّ بڕی و وتی:

—تۆ درۆ دەکەی... درۆ دەکەی.

ژەنەراڵیش لەلایەن خۆیەوە قسەکانی ئەوی بڕی، بەشێوەیەك دەنگی بەرز کردەوە، گوایە گوێبیست نەبووە:

– چۆن بڕیارت دا سەفەرێکی لەم جۆرە بکەی؟ بێگومان تۆش لەگەڵم هاورِای گەشتێکی لەم جۆرە، بۆ تەمەنێکی وەك تۆ، بۆ تەندروستی کەسێکی وەك تۆ... بەلایەنی کەمەوە، چاوەڕواننەکراوە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر تووشی سەرسوورِمان بین. . بەڵام ئێستا بەگەیشتنین زۆر دڵخۆشین، هەوڵ دەدەین هێندەی لە توانامان هەبێت(لێرە زەردەخەنەی کرد گوایە گوزارشت لە سۆز و کامەرانی خۆی دەکات) مانەوەکەت تا ئەوپەری بەچێژ بێت.

– واز لەو قسانە بهێنە، ئەم زۆر گۆتنەت بێ هودەیە، سوودێکی نییە، وەك نەریتی خۆت تەنها قسەی پڕوپووچ دەکەی. من خۆم دەزانم چاکترین کات بەسەربەرم. لەگەڵ ئەوەشدا من لە تۆ تووڕە نیم، چونکە من قین لەدڵ نیم... دەپرسی چۆن بڕیاری ئەو

گەشتەم داوە؟ ئەمە بابەتێکی زۆر سادەیە، بۆچی هەمووتان لەمە سەرسام بوون؟ پراسکۆڤیا بەیانیت باش. ئەوە چی دەکەی؟

پاولینا لێی نزیك بۆوە و وتی:

–بەیانیت باش داپیرە، ئایا گەشتەکەت زۆری خایاند؟

– بەلانی کەمەوە، لە بری ئەم هەموو ئاخ و داخە، ئەمە پرسیارێکە... ڕووداوەکە بەمشێوەیە بوو: من ماوەیەکی درێژ لەسەر جێگاکەم مامەوە، چارەسەری نەخۆشییەکەم دەکرا، دواتر هەموو دکتۆرەکانم دەرکرد، بەدوای خزمەتکارەکەی کلێسای نیکۆلاّم نارد، ژنێك کە هەمان نەخۆشی هەبوو، بەهەندێك گژوگیا چاکبووەتەوە، ئەم گیادەرمانە ئازارەکەی منی کەم کردەوە، ئەگەر دەتبینی لە ماوەیەکی کورت هەموو جەستەم لە ئارەقە شەلاّلّ بووبوو. من هەلّسامەوە، دواتر ئەلّمانەکان هاتن، دوای ئەوەی چاویلەکەکانیان لەچاوکرد، دوای لە بابەتەکەیان کۆلّییەوە وتیان:((ئەگەر سەفەرێك بۆ دەرەوە بکەم، بۆ ئەوەی چارەسەری بە ئاوی کانزایی وەربگرم، ئەوا داخرانی خوێنبەرەکان نامێنێ)) بەخۆم وت (بۆ نا؟) هەموو ئەندامانی خێزان دەستیان کرد بە هات و هاوار و دەیانگوت((تۆ شێتی دەچیتە ئەوێ؟)) بەلاّم من بایەخم پێ نەدا.. بیستوچوار کاتژمێری نەخایاند، ئەوا کەلوپەلەکانم پێچایەوە ، ژنە خزمەتکارەکەو و پۆتاپیچ و دواتر فیدۆرم ئامادەکرد، ئەمەیان بۆ بەرلین گێڕایەوە، چونکە پێویستم پێی نەبوو. تەنانەت دەمتوانی

بەتەنیا سەفەر بکەم.... شوێنێکی تایبەتم لە شەمەندەفەرەکە گرت، دواتر لەهەموو وێستگەکانیش حەمباڵ هەیە، تۆ دە تەنها بیست کۆبکیان پێ بدە، ئەوا بۆکوێ دەچی هەڵدەگرن.

داپیرە قسەکانی تەواو کرد و سەیری دەوروبەری خۆی کردو وتی:

-شوقەیەکی جوانتان هەیە، ئازیزەکەم ئەم پارەیە لەکوێ دێ؟ ئەگەر مەزندەکەم دروست بێ، وا هەست دەکەم هەموو شتێکت کردووەتە بارمتە ئەم فەرەنسییە بچووکە کۆڵێك پارەی لەلای تۆیە.. لەمن مەگرە، هەموو شتێك دەزانم... هەموو شتێك.

ژەنەراڵ گەیشتە ئەوپەڕی پەشۆکاوی:

-پورێ من سەرسامم.... من دەتوانم بێ سانسۆری کەسێك.... دواتر خەرجییەکانمان لەسەرووی داهاتەکانمان نییە... ئێمە لێرە....

-خەرجییەکانت لەسەرووی داهاتەکانتەوە نییە؟ تۆ زۆر بوێری..! لەوانەیە تۆ دوایین فەلسەفەی منداڵەکانت بردووە، کە تۆ راسپاردەی ئەوانی ..

ژەنەراڵ وتی:

-دوای ئەمە، دوای ئەم قسانەی دەیکەی.... نازانم

- چی نازانی؟ من وا گریمانە دەکەم تۆ واز لە رۆڵێت ناهێنی! تەنانەت ئەگەر لەسەر حەسیرێکیش بیت!

ژەنەڕاڵ لەوپەڕی تەنگەتاوی بوو، خەریك بوو لە بەر هەڵچوونەکەی دەخنکا:

—من دەچمە ڕۆلیت؟ من؟ پیاوێك لەپێگەی من بێت ئەو کارە دەکـــات؟ وەرەوە ســـەرخۆت پـــوریێ... تـــۆ هێشـــتا چـــاك نەبوویتەوە !....

—ئەمانە هەمووی درۆیە ! من گرەو لەسەر ئەوە دەکەم وازهێنانی ڕۆلێت لەلای تۆ مەحاڵە ! تۆ تەنها خۆت هەڵدەکێشی... من خۆم ئەمڕۆ دەچم بزانم ئەم ڕۆلیتە چییە؟ پراسکۆڤیا، باسی ئەو شوێنانەم بۆ بکە شایەنی بینینن، ئەلیکسی ئیڤانۆڤیچ یاوەریم دەکات... تۆش پۆتاپیچ لە لیستێك ناوی ئەو شوێنانە بنووسە کە سەردانیان دەکەین. چ شتێك شایەنی بینینە؟ (پرسیارەکەی بۆ پاولینا دووبارە دەکردەوە)

– لەم دەوروبەر شوێنەواری کۆشکە ڕووخاوەکە هەیە، جگە لەمەیش شیلانگ بێرگ هەیە.

– شیلانگ بێرگ چییە؟ دارستانە؟

—نەخێر شاخە، لووتکەیشی هەیە.

– لووتکە چییە؟...

– بەرزترین شوێنی چاپاکەیە، پەرژینی بۆ کراوە، دیمانەکان لەوێ زۆر نایاب و کەم وێنەن.

– دەتوانین بەکورسی سەربکەوین. ئایا ئەمە دەکرێ؟

من وتم:

–بەڵێ، دەتوانین دوو حەمباڵ بگرین.

لەناکاو فیدۆسیای خزمەتکار هات، سڵاوی لە داپیرە کرد، منداڵەکانی ژەنەراڵی هێنا بوو.

– ئای .... واز لەماچکردنی منداڵ بهێنن... من حەز لەماچکردنی منداڵان ناکات، هەموویان چڵمیان لە لووت دێتە خوارەوە... فیدۆسیا تۆ چۆن لێرە کات بەسەر دەبەی؟

فیدۆسیا وەڵامی دایەوە:

–ئێمە لێرە باشین، خاتوونە باشەکەمان ئەنتۆنین ڤاسیلیڤنا، تۆ چۆنی خاتوونە ئازیزەکەمان. زۆر بۆ تۆ دڵگران بووین. !

–دەزانم. بەلایەنی کەمەوە تۆ مرۆڤێکی، ناخێکی سادەت هەیە. ئەو هەموو خەڵکە مێوانی ئێوەن (جارێکی دیکە پرسیاری لە پاولینا کرد). ئەم پیاوە لاوازەی چاویلکەی داناوە کێیە؟

پاولینا بەدەنگێکی نزم وتی:

– ئەی داپیرەم ئەمە میر نلسکییە.

– ئا.. کەواتە ڕووسییە؟ من وامزانی لە قسەکانی ئێمە ناگات.. لەوانەیە گوێبیست نەبێ! پێشتر مستەر ئاستلیم بینیوە! بەڵام

ئەمەیش جارێکی دیکە (داپیرە ئەمەی گوت سەیرێکی ئاستلی کرد)

بەپەلە سلاوی لە ئاستلی کرد و وتی: بەیانیت باش

مستەر ئاستی کەمێك چەمایەوە، بەلام شتێکی نەگوت.

داپیرە وتی:

–دەی... قسەیەکی خۆشم بۆ بکە... هەرشتێك بڵێ. قسەکانم وەربگێڕە پاولینا.

پاولینا قسەکانی وەردەگێڕا:

–من خۆشحاڵم، دڵخۆشم بەوەی بە تەندروستیەکی چاك دەتبینم.

مستەر ئاستلی بەجددی و بەلام بە نەرمونیانیەکی زۆر، وەلامی دایەوە، ئەم قسانە بۆ داپیرە کرایە رووسی، دیار بوو، بەدڵی بوو.

داپیرە وتی:

–ئەم ئینگلیزانە هەردەم، بۆ هەموو شتێك وەلامیان هەیە. نازانم بۆ ئینگلیزم خۆشدەوێ. لەهەموو تەمەنم ئەوانم خۆشدەوێ. ناکرێت بەراوردی ئەوان لەگەڵ فەرەنسییەکان بکەین! مستەر ئاستلی تکام وایە سەردانم بکەی، هەوڵ دەدەم بێزارت نەکەم، ئەو قسانەم تەرجەمە بکە، پێی بڵێ من لە نهۆمی یەکەم نیشتەجێ دەبم، نهۆمی

یەکـەم، تێگەیشـتی؟ (داپـیرە ئـەم رسـتیەی کۆتـایی دووبـارە دەکردەوە و بە پەنجەکانی ئاماژەی بۆ زەوی ژوورەکە دەکرد).

مستەر ئاستلی بەم بانگێهشتە زۆر دڵخۆش بوو. خاتوونی بەساڵاچوو بەچاوی رەزامەندی سەیری پاولینای کرد، هەر لەتـەوقی سـەرییەوە تا بنی پێی، دواتر لەناکاو وتی:

–ئەی پراسکۆڤیا من تۆم زۆر خۆشدەوێ. تـۆ کچێکی جوامێری. تـۆ لەهـەموویان باشـتری، خەسـڵەتێکت لـەو خەسـڵەتانە هەیـە، بەهـەرحاڵ، منـیش وەك تـۆم.... تۆزێـك بسـوورێ.... ئـەم قـژە خوازراوە...؟

–نا داپیرە، ئەمە قژی خۆمە!

– سوپاس بۆ خوا. من رقم لەو مۆدێلە هیچوپووچە هەیە. تـۆ زۆر جوانی.. ئەگـەر گـەنج دەبـووم، ئـەوا دەکەوتمـە داوی عەشـقی تـۆ. بۆچـی شـوو ناکـەی؟ بـەڵام کـاتی ئـەوە هـاتووە بـڕۆین. دەمـەوێ کەمێك پیاسە بکەم، ئەم هەموو کاتـەم لـەناو شـەمەندەفەر بەسـەر بردووە....

دوات بە ژەنەراڵی وت:

–ها هێشتا تووڕەی؟

ژەنەراڵ ئارام بووبووەوە وتی:

–پورێ بەستیەتی.. تکایە... من لەوە دەگەم... لە تەمەنی تۆ...

دی گریۆ بە منگەمنگ وتی:

–ئەم پیرەژنە بۆ منداڵی گەڕاوەتەوە

داپیرە بە ژەنەڕاڵی وت:

–دەمەوێ هەموو شتێك لێرە ببینم؟ ماوەیەك بۆ مـن دەسـتبەرداری ئەلکیسی ئیڤانۆڤیچ دەبی؟

– هەر ماوەیەك دەتـەوێ... بـەلام ئێمـە هـەمووومان مـن و پاولینـا و میسیۆ دی گریۆ... دڵخۆش دەبین بەوەی یاوەرت بین.

دی گرێۆ زەردەخەنەیەکی فریودەری کرد، بە کوشکێشی وتی:

– بەلام خاتوونەکەم.. ئەمە بۆ ئێمە شادومانی ....

داپیرە قسەی پێ بڕی و وتی:

–ئەها... شادومانی .. ئازیزەکـەم تـۆ دەمهێنییـە پێکـەنین، بەهـەر حاڵ، پارەت پێ نادەم (ئەم قسەیەی کرد و ڕووی لە ژەنەڕاڵ کرد) بەرەو شوقەکەی خۆم بەرن، دەمەوێ سەیری بکەم، دواتر بە هەموو شوێنێك دەگەڕێین، هەڵم بگرن.

دووبـارە داپـیرە هەڵگیرایـەوە، ئێمـەش بـەدوای کورسـیەکەی وەك کەژاوەیەك هاتینە خـوارەوە. ژەنـەڕاڵ بەشـێوەیەك دەڕۆیشـت وەك ئەوەی دارعەسایەکی بەرسەری کـەوتبێ. دی گریـۆ لـە بیرکردنـەوە نقوم بووبوو، خاتوو بلانش سەرەتا ویستی لەژوورەکەی بمێنێتەوە،

دواتر وا بەباشتر زانی بەدوامانەوە بێت. میریش یەکسەر بەدوامان هات، کەسێك لە شوقەکەی ژەنەڕاڵ نەمایەوە، تەنها ئەڵمانییەکە و دی کۆمێنگی بێوەژن نەبێت.

✿

بەشی دەیەم

لە شارەکانی ئاوی کانزایی، لەوانەشە لە تەواوی ئەورووپا وا بێت، دەبینی بەڕێوەبەری هوتێلەکان، کاتێک شوقەیەک بۆ یەکێک لە میوانەکان هەڵدەبژێرن، ئیلهامی هەڵبژاردنەکەیان لە داوا و ئارەزووی میوانەکان وەرگرن، بەڵکوو بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە ئەوان بۆ میوانەکەیان هەیە. دەبێت ددان بەوەیش بنێین ئەوان زۆر کەم هەڵە دەکەن. ئەوان شوێنێکیان بۆ داپیرە تەرخان کردبوو، خوا دەزانێ بۆچی ئەم شوێنەیان هەڵبژاردووە، شوێنێکی لەڕادەبەدەر ڕازاوە: چوار ژووری بەکەلوپەلی نایاب ڕازاوەتەوە، لەگەڵ حەمام و چەند پاشخانێک بۆ خزمەتکارەکان، ژووری یاوەرەکان...هتد. خاتوونی دۆقی مەزن هەست بەڕاستی هەشت ڕۆژی لەم شوێنە بەسەر بردووە، بێگومان بە پەلە ئەم ڕووداوە بە میوانە نوێییەکان ڕاگەیاندراوە، بۆ ئەوەی بەها و شکۆیەک بەشوێنەکە بدرێت. پیرەژن بۆ هەموو ژوورەکان گوێزرایەوە، زۆر بەوردی دیقەتی ژوورەکانی

دەدا، خودی بەڕێوەبەری هوتێل یاوەری بوو. ئەم بەڕێوەبەرە پیاوێکە کەمێك چووەتە تەمەنەوە. بە ڕوویەکی خۆش یاوەری داپیرەی دەکرد، ئەویش بە چاوی خاوەندارێتی ژوورەکانی بەسەر دەکردەوە.

نازانم بە شازادەیان زانیوە. بێگومان ئەوەیان بە کەسایەتیەکی زۆر بەرز و زۆر دەوڵەمەند لەقەڵەم داوە، بۆیە بە پەلە لەتۆماری میوانەکان: بەناوی خاتوونی ژەنەڕاڵ، شازادە پاراسف شیڤا تۆمار دەکرا. هەرچەندە داپیرە بۆ ڕۆژێکیش شازادە نەبووە. بێگومان زۆری خزمەتکار و شوێنە تایبەتەکەی ناو شەمەندەفەر و ئەو هەموو کۆڵ و جانتایە، تەنانەت سندووقەکانیش ئەمە وای کردووە، بەشکۆوە سەیری شازادە بکەن، دواتر ئەو کورسیەی لەسەری دادەنیشێ، ئەو زمانەی لەگەڵ خەڵك پێی دەدوێ، دەنگی، پرسیارە نامۆ و شازەکانی کە بێ سڵکردنەوە دەهاتەسەر زاری، تەنانەت هیچ وەڵامدانەوەیەك بەرگەی پرسیارەکانی نەدەگرت، کەسێتیە زاڵبوو، توندەکەی، هەموو ئەمانە وایکرد، خەڵك بە شکۆ و ڕێزەوە سەیری داپیرە بکەن. کاتێك پیرەژن بەنێو شوقەکە دەگێڕدرا، لەناکاو فرمانی دەکرد کورسییەکەی دابنێن. بۆ نموونە لەبەردەم کەلوپەلێك پرسیارێکی دەکرد، هەرگیز لە خەیاڵی بەڕێوەبەر نەبوو، بەڕێوەبەر بە ڕێز و شکۆوە زەردەخەنەی بۆ دەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەش بەڕێوەبەر دەلەرزی. پرسیارەکانی بە فەرەنسییەکی خراپ بوو، زۆر

جـار دەبووایـە مـن وەرگێڕانـی بـۆ بکـەم، زۆربـەی وەڵامـەکانی بەڕێوەبـەری بـەدڵ نـەبوو، وەڵامەکانیشـی بـە ناتـەواو دەزانـی، تەنانـەت زۆرێك لـە پرسـیارەکانی بێ مانـابوو، تـەنها پێوەنـدی بـە سەرگەرمییەکی ڕاگوزەر و خەیاڵە سەیرەکەی ئەو هەبوو، بۆ نموونـە لە بەرانبەر یەکێك لە تابلۆکان وەستا، ئەم تابلۆیـە کۆپیـەکی لاوازی تابلۆیەکی ڕەسەن و بەناوبانگ بوو، بەرجەستەی یەکێك لە ئەفسـانە یۆنانییەکان دەکات، داپیرە پرسی:

– ئەمە وێنەی کێیە کێشراوە؟

بەڕێوەبەر وتی:

–لەوانەیە وێنەی یەکێك لە خاتوونە کونتێسەکان بێت.

–چۆن؟ ئایا تۆ لەوە دڵنیا نیت؟ ئایا لێرە نیشـتەجێی و دڵنیـاش نیت؟ بۆچی ئەم وێنەیەت لەم شوێنە داناوە؟ بۆچـی ئـەو ئافرەتـە وەك خێلێك دەڕوانێ.

بەڕێوەبەر لەتوانای نەبوو، وەڵامی هـەموو ئـەو پرسـیارانە بـەجۆرێك بداتەوە، بەدڵی ئەو بێت، بۆیە دەشڵەژا.

داپیرە بەزمانی ڕووسی وتی:

–ئای لەم دەبەنگە؟

داپیرە دوورتر لەمە ڕۆیشت، ئەم بابەتە لەسـەر پەیکـەرێکی بچـووك دووبارەبۆیەوە، داپیرە ماوەیەك لێی وردبووەوە، دواتر فرمـانی کـرد

پەیکەرەکـە لـە شـوقەکە ببرێتـە دەرەوە، کـەس نـازانێ بۆچـی!
دواجار بەڕێوەبەر کەوتە بەر ڕێژنەی پرسـیاران، نرخـی مافورەکـانی ژووری نووستن چـەندە؟ لـەکوێ دروسـتکراون؟ بەڕێوەبـەر بـەڵێنی پێدا پرسیاری بۆ بکات.

داپیرە بە منگەمنگ وتی:

–ئای لەم کەرە !

دواتر تەواوی سەرنجی خۆی خستە سەر قەروێلەکە و وتی:

–ئەم چەترە چییە، وەك چەتری عەرشە..! دەی ... بیکەنەوە !

چەتری سەر قەرەوێلەکە لادرا.

–دەی هـەروەها هـەموو شـتێك لـێ بکەنـەوە، بەرگـە پشـتییەکان، سەرپۆش و بەرگە لێفەکان هەمووی.

تەواو قەرەوێڵەکـە سـەرەوژێر کـرا، داپـیرە دیقـەتی هـەموو شـتێکی دەدا.

– بەختی باشی مـن مێشـوولە و پێشـکە نییـە. هـەموو سـەرپۆش و بەرگانـە بـبن، بـەرگ و بالیفـەکانی مـن دابنـێن بەهـەر حـاڵ، ئەمـە زێدەڕۆییـە لـە خۆشـگوزەرانی، مـن کـە لـەم تەمەنـەم پێویسـتم بـە شـوقەیەکی وەهـا نییـە؟ مـرۆڤ لێـرە هەسـت بـەبێزاری دەکـات و بەتەنیایی دڵی دەگوزرێ! ئیڤان ئیڤانۆڤیچ، لـەبیر نەکـەی زوو زوو وەرە لام، هەرکە دەرزی منداڵەکان تەواو بوو.

–له دوێنێوه من له خزمەتی ژەنەڕاڵ کار ناکەم.

–بۆچی؟

–ماوەیەکە پیاوێکی ئەڵمانی لە بەرلینەوە هاتووە، خێزانەکەی لەگەڵ دایە، بە بارۆن دەناسرێت. دوێنێ لەکاتی پیاسە ڕێکەوتی ئەوانم کرد، بە ئەڵمانی قسەم لەگەڵ کردن بێئەوەی بزانم شێوەزاری بەرلینی بەکاربهێنم.

– دواتر ؟

– ئەمە بە بێئەدەبی دانرا، لەلای ژەنەڕاڵ سکاڵای کرد، ژەنەڕاڵیش یەکسەر منی لەکارەکەم دەرکرد.

– بەڵام بۆچی، تۆ جنێوت بەم بارۆنە داوە؟ وا دەبنێ ئەمەت کردووە، ئەمە زیانێکی گەورەی نییە !

– بە پێچەوانەوە، بارۆن دارعەساکەی لەمن بەرزکردەوە.

پیرەژن لەناکاو ڕووی لە ژەنەڕاڵ کرد:

–تۆ ئەی چڵمن چۆن ڕێگە بە بارۆن دەدەیت بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مامۆستای منداڵەکانت بکات؟ دواتریش سەرەڕای ئەمە لەکارەکەی دەردەکەی؟... ئێوە وا دەبینم هەمووتان هیچن، بەکەڵکی شتێك نایەن.

ژەنەڕاڵ بەزمانی هۆگربوون و خۆبەزلزانی وتی:

-پوریێ نیگەران مەبە، دواتر من دەتوانم بەخۆم کارەکانم مەیسەر بکەم، دواتر ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ وێنەیەکی دروستی بۆ تۆ نەگێڕایەوە.

داپیرە وتی:

-چۆن بەرگەی ئەمەت گرت؟

سادەیی و هێمنییەکی زۆرم نواند:

-داوام کرد زۆرانبازییەکی لەگەڵ بکەم، بەلام ژەنەراڵ ڕێگەی نەدا.

داپیرە پرسی:

-بۆچی؟

دواتر ئاوڕی لە بەڕێوەبەرەکە دایەوە و وتی:

-ئازیزم تۆ بڕۆ لای کاری خۆت، کاتێك ویستم بانگت دەکەم

دواتر وتی:

-من بەرگەی بینینی خەڵکی نۆرنبێرگ ناگرم، کە دەموچاویان لەسەرخۆش دەچێ.

بەڕێوەبەر سلاوێکی نواند و ڕۆیشت، بێگومان بێئەوەی لەم توانجە بگات.

ژەنەراڵ پێکەنینێکی بچووکی کرد و وتی:

-ببووره پوریّ... شەڕەشمێر کارێکی گونجاوه؟

-بۆچی نا؟ پیاوان وەك کەڵەشێرن، هەر دووك دەکوژران، بابەتەکە کۆتایی دەهات، بەلاّم ئێوه مریشکی تەڕن، ئەمە ڕوونە، ئێوه ناتوانن بەرگری لە شەرەفی ولاّتەکەتان بکەن. ئێستا بەرزم بکەنەوه. پۆتاپیچ! تۆ فەرمان بکە هەردەم دوو کەس لەخزمەتی من بێت، دوو کەس دەستنیشان بکە و مەرجەکانت دیار بکە، تەنها دوو کەس، بەلاّم دەبێت تەنها لە کاتی قاندرمەکان هەڵم نەگرن، بەڵکوو لەزەوی تەختایی و لە جادەکانیش، ئەمەیان بۆ ڕوون بکەوه، بەشێك لە کرێیەکەیان پێشەکی پێ بدە، بەم شێوەیە ئەدەبی زیاتری تێدایە، تۆش هەردەم لەنزیك من دەمینێتەوه. تۆ ئەی ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، لەکاتی پیاسەکە ئەم بارۆنەم نیشان دەدەی، بەلایەنی کەمەوه دەبێت بزانم ئەم فۆن بارۆنە کێیە. دەی با بڕۆین! ئەم ڕۆلێتە لەکوێیە؟

من ئەوەم بۆ ڕوون کردەوه، مێزەکانی ڕۆلێت لە هۆڵی گازینۆکان هەیە. بەمەیش منی دایە بەر ڕێژنەی پرسیاران:((ئایا زۆر مێزی ڕۆلێت هەیە؟ ئایا خەڵێکی زۆر یاری دەکەن؟ ئایا قومارکردن تەواوی ڕۆژ بەردەوام دەبێت؟ ئاستەکانی چۆنە؟ ..)) دواجار بەمە وەلاّمم دایەوه وا باشترە، بەچاوەکانی خۆی هەموو ئەو شتانە ببینێ، چونکە وەسفکردن بەمشێوەیە کارێکی ئەستەمە.

-باشه، هەڵم بگرن یەکسەر من ببنە ئەوێ. ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ تۆ پێشمان بکەوە.

-ئەمە چۆن دەکرێ پورێ؟ تۆ سەرت بەپێی پێویست حەسایتەوە؟

ژەنەڕاڵ بەم شێوەیە بە نەرمونیانی و بەپاڕانەوە پرسیاری دەکرد.

ژەنەڕاڵ تۆزێك پەشۆکابوو، لەسیمای هەموویان تۆزێك شڵەژان بەدی دەکرێت، سەیری یەکتریان دەکرد. لەوانەیە تەنها ئەوە نیگەران و شەرمەزاریان بکات، داپیرە بچێتە گازینۆ. ئەمەش ڕەفتارێکی ڕیزپەر بە بەرچاوی خەڵکەوە، لەگەڵ ئەمەیش پێشنیازیان کرد باوەڕی بکەن.

-بۆچی بحەسێتمەوە؟ من ماندوو نیم، تەواوی پێنج ڕۆژ نەجوڵاومەتەوە. دواتریش دەچینە لای کانیاوی ئاوە کانزاییەکان و ئاوە گەرمەکان. دوای کانیاوەکانیش دەچینە ئەو شوێنە ... پراسکۆڤیا بە چی ناوت برد... لووتکە.. ناوەکەی ئەمە بوو؟

-بەڵێ داپیرە.

-دەچمە لووتکە. چیتر لێرە هەیە؟

پاولینا بە شڵەژاوی وتی:

- زۆر شت هەیە.

–باشه. تۆ شتێك دەزانی. مارتا تۆش لەگەڵم وەرە.

بەمشێوەیە داپیرە قسەی لەگەڵ خزمەتکارە یاوەرەکەی کرد.

ژەنەراڵ لەناکاو بە نیگەرانی وتی:

–بەڵام پوریێ بۆ دەتەوێ ئەم ژنە یاوەریت بکات؟ ئەمە مەحاڵە، تەنانەت من گومان هەیە ڕێگە بە پۆتاپیچ بدرێت بۆ بچێتە ناو گازینۆکە.

– قسەی قۆڕ، ئەی ڕێگەی بدەین لەدەرەوە بمێنێتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی خزمەتکارە؟ ئایا بوونەوەرێکی زیندوو نییە؟ هەشت ڕۆژە بەڕێگەوەین، ئەمیش حەز دەکات شتێك ببینێ. ئەگەر لەگەڵ من نەبێت لەگەڵ کێ دەبێت. ئەم ژنە بوێری نییە یەك هەنگاو بەتەنیا لە شەقامەکان بڕوات!

–بەڵام داپیرە...

– لەوانە تۆ شەرم بکەی یاوەریم بکەی. تۆ کەیفی خۆت لە شوێنی خۆت بە، من داوای شتێکت لێ ناکەم، ژەنەڕاڵ ! کەسایەتیەکی مەزنی! منیش خاتوونی ژەنەڕاڵم! دواتر من پێویستم بەوە نییە ئەو هەموو خەڵکە بەدوامەوە بێت، من هەموو شتێك بە یاوەری ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ دەبینم.....

بەلأم دی گرێۆ پێداگری لەوە کرد هەموویان یاوەری بن، بەمەش لەبارەی چێژی یاوەرییەکەی چەندان ڕستەی جوانی دەردەبڕیٚ... هەموو یاوەریان کرد.

دی گرێۆ چەند جارێك ئەمەی دووبارە کردەوە و بە ژەنەڕاڵی وت:

-گەڕاوەتەوە سەردەمی منداڵی .. ئەگەر بە تەنیا جێی بهێڵێن لەوانەیە کارێکی دەبەنگانە ئەنجام بدات....

گوێبیست نەبووم دوای ئەوە چی وت، بەلأم بێگومان ئەو بیرۆکەیەکی لە زەین بوو، لەوانەشە ئومێدێکی بۆ گەڕابێتەوە. گازینۆکە نزیکەی پێنج سەد مەترێك لە ئێمەوە دوور بوو. بەناو داربەڕووەکان تێپەڕین دواتر گەیشتنینە بازنەکە، لەوێ سووڕاینەوە یەکسەر چووینە ناو گازینۆکە. ژەنەڕاڵ تۆزێك نیگەرانییەکانی نەمابوون، چونکە کەژاوەکەمان سەرەڕای نامۆییەکەی، بەشێك لە شکۆ و ویقاڕی تێدابوو. سەرەڕای ئەمەیش شتێکی نامۆ نییە، کەسێکی نەخۆش کە تووشی بێهێزی و ئیفلیجی بووبێت، بێتە شاری ئاوەکانزاییەکانەوە، جگە لەمەیش پیرێکی بەساڵاچووە، بۆچی ژنێکی وەها دەچێتە رۆلێت؟ خاتوو پاولینا و بلانش لە تەنیشت کورسیە جوڵەوەکە دەڕۆیشتن، خاتوو بلأنش پێدەکەنی، جۆرێك لەسەرگەرمی شاراوەی هەبوو، جار جارەش هەندێك گاڵتەوگەپیان لەگەڵ داپیرە دەکرد، دواجار داپیرە هەندێك ستایشی دەکرد. پاولینا لە لایەکەی دیکەی کورسییەکە بوو. بە پرسیارە

بەردەوامەکانی داپیرە شڵەژا بوو، پرسیارەکانیش لەم جۆرە بوون: ئەمە کێی بوو تازە بینیمان؟ ئەو ئافرەتەی بەسەر گالیسکەکەوەیە کێیە؟ ئەم شارە گەورەیە؟ ئایا باخچەکە زۆر فراوان و بەربلاوە؟ ئەم دارانە چین؟ ئەم شاخانە ناویان چییە؟ ئایا لێرە شەهێن هەیە؟ ئەم سەربانە پێکەنیناوییە چییە؟ مستەر ئاستلی کە لە تەنیشتم دەڕۆیشت بە منگەمنگ وتی: من ئەو بەیانییە پێشبینی زۆر شت دەکەم.

پۆتاپیچ و مارتا تەواو لەدوای کورسییەکە دەڕۆیشتن: پۆتاپیچ جلێکی ڕەسمی پۆشی بوو، لەگەڵ بۆیانباغێکی سپی، کلاوێکی جۆری کاسکێتی لەسەر بوو، کەچی مارات کە تەمەنی نزیکەی چل ساڵ دەبوو، دوو کوڵمی سوری هەبوو، قژی ماشوبرنج بوو، کلاوێکی لەسەر بوو ، کراسێکی جۆری ئاوریشمی هیندی پۆشیبوو، دوو پێڵاوی پێستی بزن لەپێیەکانی بوو کە قرتە قرتی دەکرد. داپیرە زۆر ئاوڕی لە مارتا دەدایەوە و قسەی لەگەڵ دەکرد. ژەنەڕاڵ و دی گریۆ تەواو لەدوای ئێمەوە بوون، گفتوگۆیەکی گەرمیان لەنێوان بوو، ژەنەڕاڵ تەواو تۆقیبوو، لەوە دەچوو دی گریۆ هەوڵ بداتە هێز بداتەوە بەر هاوەڵەکەی ، زۆر ڕوون بوو هەندێك ئامۆژگاری پێ دەدا. داپیرە قسەی یەکلاکەرەوەی بە دی گریۆ دابوو (هەرگیز پارەت پێ نادەم) لەوانەبوو دی گریۆ ئەم قسەیەی بە ڕاستەقینە نەزانی بێت، بەڵام ژەنەڕاڵ بەتەواوی داپیرەی خۆی دەناسی. من

تێبینی ئەوەم کردبوو دی گریۆ و بلانش بەردەوام بەدزییەوە نیگای یەکتریان دەکرد، میر و پیاوە ئەڵمانییەکە دواجار ڕێگەیان بە ئێمەدا تا بۆ ناو گازینۆیەکە پێش بکەوین.

وەك لەشکرێکی سەرکەوتوو چووینە ناو گازینۆکە، پیاوە سویسرییەکە و دەرگەوانەکە بەهەمان شێوەی خزمەتکارەکانی هوتێل ڕێزیان دەنواند، لەگەڵ ئەوەشدا بەسەرسامی سەیری ئێمەیان دەکرد. سەرەتا داپیرە فرمانی ئەوەی کرد، بە هۆڵەکانی گازینۆکە بگەڕێین، هەندێك جار دەکەوتە ستایشکردن و هەندێك جاری دیکەش بێباکانە بایەخی بە شتەکان نەدەدا، بەڵام پرسیاری لەهەموو شتێك دەکرد. دواجار گەیشتینە هۆڵی قومارکردن، کاتێك دەرگەوانی هۆڵەکە ئێمە بینی ، بەسەرسامییەوە دەرگاکەی خستە سەرپشت.

دەرکەوتی داپیرە لە هۆڵی ڕۆلێت، کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر ئەو خەڵکەوە هەبوو، کە دەوری مێزەکانی ڕۆلێتیان دابوو لەلایەکی هۆڵەکەوە. مێزی یاری (چل و سێ) دانرابوو، نزیکەی سەد و پەنجا قومارچی لەوێ دەورەیان دابوو، ئەوانەی توانیبوویان بگەنە سەر مێزەکە، سووربوون لەوەی لەشوێنی خۆیان بمێننەوە. وا ڕاهاتبوون، واز لەشوێنی خۆیان نەهێنن، تا دوا درهەمی خۆیان دەدۆڕێنن. ڕێگە بەکەسێك نادرێت لەو شوێنە تەنها بینەر بێت، شوێنەکە بەخۆڕایی بە یاریزان دەدرێت، هەرچەندە کورسی ڕیزکراوە، بەڵام تەنها ژمارەیەکی کەمی قومارچییەکان دادەنیشن،

بەتایبەتی کاتێك خەڵکێکی زۆر لەوێ بێت، چونکە وەستان شوێنێکی کەمتر دەگرێت نەوەك دانیشتن، جیا لەمەش کەسێك وەستا بێت بە ئاسانی یاری دەکات، نەوەك دانیشتووان. خەڵك لە ریزی دووەم و سێیەم ئاپوورەیان دروست کردووە، چاوەڕوانی نۆرەی خۆیان دەکەن، بەڵام هەندێك جار ئۆقرەیان نامێنێ، دەبینی دەستی خۆیان لەنێو یاریزانەکانی ڕیزی پێشەوە رەوان دەکەن، پارەکەی خۆیان دادەنێن، تەنانەت ئەوانەی لەریزی سێیەمیش وەستاون، بەمشێوەیە هەوڵ دەدەن پارەی خۆیان بخەنە سەر مێزە سەوزەکە. هەر لەبەر ئەمەشە پێنج یان دەخولەکێك مرۆڤ گوێبیستی دەمەقاڵێ دەبێت بەدەوری مێزەکەوە. پۆلیسی ناو گازینۆ زۆر بەڕێکوپێکی ڕێکخراون، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن هەراو هۆریای ناو هۆڵەکە قەدەغە بکەن، تەنانەت زۆر حەز دەکەن قەرەباڵغییەکە زۆر بێت، چونکە لەبەرژوەندی ئەوانە. جگە لە پۆلیسەکان هەشت فەرمانبەر لە دەوری مێزی یاری دانیشتوون، زۆر بە وریایی چاودێری یارییەکە دەکەن، هەر ئەوان قازانجەکان دەدەن، ئەگەر کێشەیەك دروست بوو، ئەوان کێشەکە یەکلادەکەنەوە، بەڵام یەکسەر بانگی پۆلیس ناکەن، تەنها لەوپەڕی ناچاری نەبێت. پیاوانی پۆلیس لەناو هۆڵەکە جلی مەدەنی دەپۆشن، لەگەڵ تەماشاکەرانیش دەوەستن، تەنانەت مرۆڤ ناتوانێ لەخەڵکی ئاساییان جیا بکاتەوە. ئەو پۆلیسانە چاودێری دزە بچووك و دزە شارەزاکان دەکەن، کە ژمارەیان لە رۆڵێتەکان زۆرە، کاریان لەم جۆرە هۆڵانە زۆر ئاسانە!

دزیکردن لە شوێنەکانی دیکە پێویستی بە گیرفانبڕین و قوفڵ شکاندن هەیە، لەکاتی سەرنەکەوتینش لەدزییەکە سەریەشەی بۆ دزەکە زۆردەبێت. کەچی لێرە تەنها دزەکە لە رۆلێتەکە نزیک دەبێتەوە، وەك ئەوەی قومار بکات، دواتر لەناکاو بێ پێچ و پەنا، بەبەرچاوانەوە دەست بۆ قازانجەکەدەبات و دەیخاتە گیرفانییەوە، ئەگەر ناڕەزایی دروست بوو، دزەکە بەدەنگێکی زۆر بەرز هاوار دەکات گوایە ئەو براوەیە و قازانجەکە هی ئەوە، هەرچەندە شاهێد هەبێت، ئەوا ئەو زۆرجار دەتوانێ پارەکە ببات، بەتایبەتی ئەگەرهاتوو پارەکە زۆر نەبوو، ئەگینا لیژنەی هەڵسەنگاندن یان یاریکەری تر تێبینی دەکات. بەڵام ئەگەر پارەکە ئەوتۆ نەبوو، ئەوا براوەی ڕاستەقینە لەبەر ئابڕووی خۆی لە یارییەکە دەکشێتەوە، واز لەدەمەقاڵی دەهێنێ. ئەگەر هاتوو بەتەواوی پەردە لەسەر ڕووخساری دزەکە لادرا، ئەوا یەکسار بێ نەرمی نواندن لەیارییەکە دەکرێتە دەرەوە.

داپیرە لە دوورەوە، بە پەرۆشی تێبینی هەموو ئەو شتانەی کرد، زۆر دڵخۆش دەبوو کاتێك دزێك دەردەکرا، یاری چل وسێی زۆر بەدڵ نەبوو، بەڵکوو شێت و شەیدای رۆلێت بوو. بەتایبەتی کاتێك تۆپەکە دەخولایەوە. دواجار ویستی یارییەکە لەنزیکەوە ببینێ. هەر زوو خزمەتکارەکان وکەسانی دیکە (بەتایبەتی پۆلۆنییەکان قومار وێرانی کردوون، ئەوان خزمەتەکانی خۆیان پێشکەشی

قومارچییه سەرکەوتووەکان دەکەن، بەتایبەتی بێگانەکان) زۆر بە پەلە هاتن شوێنێکی تایبەتیان بۆ فەرمانبەرە سەرەکییەکە دابین کرد، کورسییەکەیان بەرەو ناوەوەی ئاپوورەکە راکێشا، ئەمانەش زۆرێك بوون لە میوانانەی یاری ناکەن تەنها تەماشاکەرن (زۆربەشیان ئینگلیزن لەگەڵ خێزانەکانیان) قەرەباڵغییەکە زۆرتر بوو، دەیانویست بەسەر سەری قومارچییەکانەوە داپیرە ببینن، سەرپەرشتیارەکان ئومێدێکی زۆریان بە داپیرە هەبوو: ئافرەتێك تەمەنی لەسەرووی حەفتا ساڵەوە، ئیفلیج، دەیەوێ قومار بکات، ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە کەم رووداوە، منیش خۆم خزانە ناو خەڵکەکەوە تا لەنزیك داپیرەوە وەستام، کەچی پۆتاپیچ و مارتا لەناو خەڵکەکە مانەوە، ژەنەراڵ و دی گریۆ و پاولیناش هاتنە ریزی تەماشاکەرانەوە.

سەرەتا داپیرە سەری یاریکەرەکانی دەکرد، کە دەوری مێزەکەیان دابوو، بەچرپەوە پرسیاری لێ دەکردم: (ئەم پیاوە کێیە؟) (ئەو ژنە کێیە؟) زۆر بایەخی بە گەنجێکی بچووك دەدا، کە لەوسەری مێزەکەوە بوو بە پارەیەکی زەبەلاح یاری دەکرد، بەهەزاران فرنکی دادەنا، کاتێك بردییەوە، ئەوا دراوسێیەکانی مۆریان لێ دەکرد، نزیکەی چل هەزار فرانك لە لیرەی زێر و پارەی کاغەز لەبەردەم کەڵەکە ببوو. گەنجەکە رەنگی بزرکابوو، چاوانی سوور ببوو، دەستەکانی دەلەرزی، پارەکانی بێ هەژمارکردن دادەنا، چەنگی لێ

گیر دەکرد و دەیبردەوە، خزمەتکارەکان بەدەورییەوە هاتوچۆیان دەکرد، یەکێك کورسی بۆ دادەنا، یەکێك شوێنەکەی بۆ فراوان دەکرد، بۆ ئەوەی بەئاسوودەی جوڵە بکات و خەڵك سەرقاڵی نەکەن. .. هەموو ئەمانەش بۆ وەرگرتنی پاداشت بوو. زۆرێك لەو قومارچیانەی سەرکەووتوون بێشومار پارەیان پێ دەدەن، چنگ لەگیرفانیان گیر دەکەن، وەك بەخشش پارە بەو خزمەتکارانە دەدەن. لەتەنیشت گەنجە پیاوێکی پۆڵۆنی هەبوو، لەشوێنی خۆی ئۆقرەی نەدەگرت، بەردەوام بەرێزەوە سەرقاڵی دەکرد، ئامۆژگاری پێ دەدا، بێگومان بۆ ئەوەی پاداشتێك وەربگرێ، بەلام گەنجە قومارچییەکە بایەخی پێ نەدەدا، بەراست و بەچەپ هەرەمەکی پارەی دادەنا، کەچی هەر پارەی دەبردەوە، دیار بوو عەقڵی لەسەر نەما بوو.

داپیرە سەرنجی دایە ئەو گەنجە و نوقرچکەیەکی لەم دا وتی:

—پێی بڵێ واز بهێنێ، پێی بڵێ پارەکەی کۆبکاتەوە و بڕوات. دواتر دەدۆڕێ، دەدۆڕێ لەهەر چرکەساتێك بێت.

بەهەناسەبڕکێ و هەڵچوونەوە گوتی:

—پۆتاپیچ لەکوێیە؟ بینێرنە لای من. بۆچی تۆ پێی ناڵێی؟ پێی بڵێ بڕوا (ئەمەی دەگوت نوقرچکەی لێ دەدام) کوا پۆتاپیچ؟ برۆ دەرەوە، برۆ (هاواری دەکرد بۆ ئەوەی گەنجەکە بڕوات).

بە چرپەوە پێم وت، ڕێگەنادرێت لێرە بەمشێوەیە هاوار بکات، تەنانەت قسەکردن قەدەغەیە تەنها بەچرپەوە نەبێت، چونکە قسەکردن کاری هە ژمارکردن تێك دەدا، ئەگینا لە هۆڵەکە دەرمان دەکەن...

– بەداخەوە..! هیچ بواری نییە ئەم پیاوە لەناو دەچێ. بێگومان خۆی ئەم ئەنجامەی دەوێ... ناتوانم سەیری بکەم، چاوی خۆم لەسەر لاداوە، ئای لەم دەبەنگە !

داپیرە ئەمەی وت و یەکسەر ڕووی خۆی وەرگێڕا. لەوسەر، لەلای دەستە ڕاست، لەنێو یاریکەرەکان خانمێکی گەنج هەبوو، پیاوێکی لەشێوە کورتەبالآی لەگەڵ دابوو. ئەم کورتەبالآیە کێیە؟ نازانم... ئەمە یەکێکە لە خزمەکانی ، یان هێناویەتی سەرنجی خەڵك ڕابکێشێ؟ من پێشتر دیقەتی ئەو خانمەم دابوو، هەموو ڕۆژێك دێتە گازینۆکە، کاتژمێر یەك دێت و دووی ڕێك دەڕوات. خەڵکەکە دەیناسن، هەر زوو کورسیان بۆ دانا، لەگیرفان چەند پارەیەکی زێر و چەند پارەیەکی کاغەزی هەزار فرنکی دەردەهێنێ. بەسارد و سەنگینی یاری دەکات، ژمارەکان لەسەر کاغەزێك تۆمار دەکات، هەوڵ دەدات سیستەمی دەرچوونی ئەگەرەکان ئاشکرا بکات، سەرکێشی بە پارەی زۆر دەکات، هەموو ڕێژێك هەزار یان دوو سێ هەزار فرانکێك دباتەوە، لەمە زیاتر نا، بۆیە پاشکشە دەکات و دەڕوات. داپیرە ماوەیەکی زۆر بوو چاودێری کردبوو.

–ئەم ژنە نادۆڕێنیٚ، نادۆڕێنیٚ، ئایا دەزانی؟ ئەم ئافرەتە کێیە؟

بەمۆرەکردنەوە وتم:

–ژنێکی فەڕەنسییە، لەوانەیە لەم جۆرە ژنانە بێت کە .....

–لە فڕینەکەی دیارە چ باڵندەیەکە، لەوانەیە چڕنووکەکانی تیژ بێت..... ئێستا بۆم ڕوون بکەوە، هەر خولێك مانای چییە و پارە چۆن دادەنرێت.

منیش بەپێی توانا یارییەکەم بۆ داپیرە شیکردەوەن، لەگەڵ جووتکردنی یارییەکە کە لەژماردن نایەت: سوور و ڕەش، تاك و جووت... هتد. دواتریش هەندێك بابەتم سەبارەت بەسیستەمی ژمارەکان بۆ ڕوونکردەوە. خاتوونی پیرەژن بەوردی گوێی لەقسەکانم گرتبوو، هەموو قسەکانمی ئەزبەر کردبوو، لەگەڵ پرسیارکردنیش تێگەیشتنی باشتر دەبوو. بۆیە ئاسان بوو، هەر نموونەیەکی پارەدانانی بۆ شی بکەمەوە، ئەمەش وانەیەکی ئاسان بوو، داپیرە زۆر بەمە دڵخۆش بوو.

–سفر مانای چییە؟ ئەو سەرپەرشتیارە سەرەکییە، کە قژێکی ئاڵۆزی هەیە، تازە هاواری کرد و وتی: سفر. بۆ کەسێك لەسەر مێزەکە پارەی نەبردم، هەموو پارەکەی بۆخۆی برد؟ ئەمە مانای چییە؟

وتم:

–داپیره، سفر واتای براوەکە بانکە. ئەگەر تۆپەکە لەسەر سفرٍ وەستا ئەوەی لەسەر مێزەکە هەیە هەمووی بۆ بانك دەبێت، بۆیە جارێکی دیکە یارییەکە دەست پێدەکاتەوە، بانکیش هیچ پارەیەك نادات.

– سەیرە... کەس هیچ وەرناگرێت..!

– ئەگەر تۆ پێشتر پارەت لەسفرٍ دانابێ، ئەوا ٣٥ جار بەقەد پارەکەی خۆت زیاترت پێ دەدەن.

– سیوپێنج جار؟ ئایا سفرٍ زۆر دەردەچێ؟ بۆ ئەو گێلانە پارەکانیان لەسفرٍ دانانێن؟

– چونکە سیوشەش ئەگەری پێچەوانەی سفرٍ هەیە، ئەی داپیرە !

– ئای لەم قسە قۆرە، پۆتاپیچ! سەیر بکە، من هەندێك پارەم لایە، ئەو پارەیە ببە(تورەگەیەکی هەڵوساوی دەرهێنا، منیش فردرێکێکم دەرهێنا). ئەو پارەیە ببە لەسەر سفرٍ دایبنێ.

– بەڵام تازە سفرٍ دەرچوو، جارێکی دیکە دەرناچێتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر نەبێت، تۆ سەرکێشی دەکەی، تۆزێك دان بەخۆت بگرە.

–چاوەڕوان نابم، قسەی قۆڕ مەکە، دای بنێ.

– ڕێگەم بدە. سفرِ بەر لە ئێوارە جارێکی تر دەردەچێتەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ هەزار جاری تریش دای بنێی. ئەمە شتێکە هەمووکمان دەیزانین.

–قسەی قۆڕ، قسەی قۆڕ.. ئەوەی بچێتە جەنگەڵ لە گورگ ناترسێ. چی؟ ئەگەر دۆڕام؟ جارێکی دیکە دای بنێوە.

جاری دووەم و تەنانەت جاری سێیەمیش دۆڕاندمان. داپیرە خەریك بوو لەشوێنی خۆی ئۆقرەی نەدەگرت، بەچاوەکانی لەجوڵەی تۆپەکەی دەڕوانی. دواجار نەیتدەتوانی بەسەر خۆی زاڵ بێت، و هێمنی خۆی بپارێزێ. تەنانەت کاتێك یەکێك لە فەرمانبەرەکان لەبری سفری چاوەڕوانکراو هاواریکرد سی و شەش، داپیرە مشتەکۆڵیەکی لەمێزەکە دا.

داپیرە بەدڵشکاوی وتی:

–دەی .. قەیناکە.. ئەو سفرە نەفرەتییە بەم نزیکانە دەردەچێ ! باشترە لە ناو بچم، نەوەك چاوەڕوان بکەم تا سفرِ دەردەچێ ! خەتاکەی هی ئەو سەرپەرشتیارە قژ ئاڵۆزکاوەییە، سفرِ هەرگیز لەگەڵ ئەو دەرناچێ. ئەلێکسی ئیڤانۆفیچ دوو پارە بەیەکەوە دابنێ ! ئەوەی تۆ داتناوە کەمە، ئەگەر سفرِ دەربچێ، شتێکی ئەوتۆ نابەینەوە.

– داپیرە !

– دابنیٚ، خۆ پارەکە هی تۆ نییە!

دوو فردریکم دانا، تۆپەکە بۆ ماوەیەکی درێژ غلّ دەبۆوە، دواتر بەسەر ژمارەکان تێپەردەبوو، داپیرە خۆی بە قۆڵی من هەڵواسی و لەناکاو....

–سفر

بەهەمان شێوە سەرپەرشتیارەکەش رایگەیاند.

داپیرە بە جۆش و خرۆشەوە رووی لەمن کرد:

–بینیت؟ بینیت؟ من پێم وتی سفر دەردەچیٚ... پێم وتی.. خوا خۆی ئەوەی خستە دڵمەوە دوو پارەی زێر دابنێم. چەند وەردەگرم؟ بۆچی پێمان نادەن؟ پۆتاپیچ ، مارتا! ئەوە لەکوێیە؟ هاوەڵەکانی ئێمە لەکوێن؟ پۆتاپیچ، پۆتاپیچ!

بە بۆڵەبۆڵەوە وتم:

–هەر ئێستا، داپیرە. پۆتاپیچ لەبەر دەرگایە، رێگەیان نەداوە بێتە ژوورەوە. سەیر بکە داپیرە ها ئەوەتا پارەتەکت دەهێنن، بیگرە.

سەفتەیەك پارەم دایە داپیرە، پەنجا فردریك بوو ، بەکاغەزێکی شینی تۆخ پێچرابوو، جگەلەمەش بیست فردریکی جگە لەهەزاریان بۆ ژمارد، هەموو ئەمانە لە داپیرە نزیك کرایەوە.

–بەرێزان یاری بکەن، بەرێزان یاری بکەن. ئایا هەموو شتێ تەواوە؟

بەمشێوەیە سەرپەرشتیارەکە هانی یاریکەرەکانی دەدا بۆئەوەی بەختی خۆیان تاقی بکنەوە، خۆیان بۆ هەڵدانی تۆپەکە ئامادەکردبوو.

–ئەی خوایە ! داوکەوتین لە دانانی، هەر ئێستا دەست پێ دەکات.. دابنێ دابنێ. زووکە ، کاتەکە تەواو دەبێت.

داپیرەی وای دەگوت، دیسان نەیتوانی بەسەر خۆی زاڵ بێت و نوقرچکەی لێ دەدام.

–بەڵام لەکوێی دابنێم؟

– لەسەر سفڕ! لەسەر سفڕ! هەر لەسفڕ بێت ! ئەوەندەی دەتوانی پارەیەکی زۆر دابنێ. ئێستا چەندمان لەلایە؟ حەفتا فردریك ؟ تۆ قرچۆك مەبە، بەیەك جار بیست فردریك دابنێ !

– هۆشت بهێنەوە سەرخۆت داپیرە ! دوای دووسەد جاری دیکەش سفڕ دەرناچێتەوە ! هەندێك جار وایە، سوێندت بۆ دەخۆم، هەموو پارەکەت دەدۆڕێنی.

– واز لەقسەی قۆڕ بهێنە، واز بهێنە، پارەکە دابنێ، ئەوا چەکوشی ئاگادارکردنەوە لێ دەدا! من دەزانم چی دەکەم.

داپیرە ئەو قسانەی دەکرد، لەبەر هەڵچوونی خۆی دەلەرزی.

وتم:

–سیستەمەکە رێگە نادات، هەر یاریکەرێك لە دوانـزە فردریـك زیـاتر لە سەر سفر دابنێ، ئەوا دامنا.

سەرپەرشتیارەکە لەلای چەپی ئـەو بـوو، دەیویسـت تۆپەکـە فـڕێ بدات، داپیرە دوای نوقرچکەیەك بەفەرەنسییەکی خراپ وتی:

–ئەمە چۆنە؟ ئەی میسیۆ ئەمە ڕاستە؟ ئەمە ڕاستە؟ چەند لەسفر بێت؟ دوانزە؟ دوانزە؟

پرسیارەکەم بـە فەرەنسـی دووبـارە کـردەوە، ئـەویش بەئەدەبـەوە وەلامی دایەوە:

–بەڵی خانمەکەم، ناکرێت هـەر کەسـێك لـە ٤ هـەزار فلـۆرین زیـاتر دابنێ.

زیاتر لەمەش وتی:

–سیستەمەکە بەمشێویە.

–باشە، چارمان نییە، دوانزە فریدریك دابنێ.

سەرپەرشتیارەکە هاواری کرد:

–یارییەکە دەستی پێ کرد.

تۆپەکە سووڕایەوە، سێزدە دەرچوو، دۆڕاین.

داپیرە هاواری دەکرد و دەیگوت:

-دای بنیّ، هەر لەویّ دای بنیّ.

ئەمجارە هیچ ناڕەزاییەکم نەبوو، هیچ بەرگرییەکم نەکرد، بەڵکوو بە پەلە دوانزە فردیکم دانا و شانم هەڵتەکاند، بازنەکە ماوەیەکی زۆر دەخولایەوە، داپیرە دەلەرزی، من بەسەرسامی سەیرم دەکرد و لەبەر خۆمەوە دەمگوت" بەڕاستی باوەڕی بەوە هەیە جارێکی دیکە سفڕ بباتەوە" لەسیمای باوەڕێکی ڕەها هەبوو کە دەیباتەوە، باوەڕەکەی چەسپاو بوو لەوەیّ گوێی لەسەرپەرشتیارەکە دەبیّ، ماوەیەکی دیکە هاوار دەکات: سفڕ. تۆمەکە لەیەکێك لەخاڵەکان گیر بوو ، سەرپەرشتیار هاواری کرد:

-سفڕ

داپیرە ئاوڕی لەمندایەوە ، لەسیمای مانای سەرکەوتن و زاڵبوون بەدی دەکرا، وتی:

-ئایا بینیت؟

منیش قومارچی بووم، منیش لەو چرکەساتەدا هەمان هەستم هەبوو، باسك و قاچم دەلەرزی، هەر چۆنێك بێت ئەمە دەگمەن بوو، لەمیانەی دە یاری، سیّ سفڕ دەربچیّ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مایەی سەرسامییەکی تایبەت نەبوو، دوێنیّ خۆم بینیم، سیّ سفڕ بەدوای یەکتر دەرچوو. یەکێك لە یاریکەرەکان کە لێدانەکانی بەوردی

لەکاغەزێك تۆماركردبوو، بەدەنگێكی بەرز وتی، ڕۆژێك پێشتر لە بیستوچوار كاتژمێر تەنها یەكجار سفر دەرچووە.

بەڕێز وسەرنجێكی تایبەتەوە پارە زەبەلاحەكە بەداپیرە درا، چوارسەدوبیست فردریكی بەتەواوی وەرگرت، واتە چوار هەزار فلۆرین و بیست فردریك، فردریكە زێڕەكەم بۆ ژمارد، پارە كاغەزەكەشم پێدا.

بەڵام ئەمجارە داپیرە بانگی پۆتاپیچی نەكرد، لەوانەیە شتێكی دیكە سەرقاڵی بكات! ئێستا وەك دەردكەوێ، نالەرزێ و بەمێزەكە ناكێشێ. بەڵكوو ئەگەر دروست بێت بڵێین لەناخیدا دەلەرزێ، هەموو سەرنجی لەسەر خاڵێك بوو، دەیویست ئامانجەكەی بپێكێ، دواجار بڕیاری دا و وتی:

–ئەلیكسی ئیڤانۆڤیچ، سەرپەرشتیارەكە وتی، ناكرێت یاریكەرێك چوار هەزار فلۆرین بەیەكجار دابنێ. ئەی وا نییە؟ كەواتە ئەم چوار هەزار بگرە، لەسەر سووری دابنێ.

بێهوودە بوو هەوڵ بدەی پەشیمانی بكەیتەوە، بۆیە ئەمجارەش یارییەكە خولایەوە، سەرپەرشتیارەكە هاواری كرد:

–سوور.

لەم بردنەوەیەش چوار هەزار فلۆرینی وەرگرت، ئێستا پارەكە بووە هەزار هەزار.

جارێکی دیکە فرمانی پێ کردم و تی:

-ئەم چوار هەزارەش بگرە، چوار هەزارەکەی دیکەش لەسەر سوور دابنێ.

جارێکی دیکە سەرکێشی بەچوار هەزار کرد، دووبارە سەرپەرشتیارەکە هاواری کرد:

-سوور.

-کۆی گشتی دوانزە هەزار بوو، هەموم پارەکەم بدێ، زێڕەکە لەتورەگە دابنێ، پارە کاغەزەکانیش بێنە، بۆ ئێستا با ئەوەندە بەس بێت، با بگەڕێنەوە ماڵەوە، کورسیەکەم هەڵبگرن.

✿

♠
♣
بەشی پانزەم

کورسییەکە بەرەو دەرگای ئەمسەری هۆڵەکە جوڵێنرا، داپیرە لە خۆشیان دەدرەوشایەوە. جەماعەتەکەی ئێمە هەموویان دەوریان دابوو، پیرۆزباییان لێ دەکرد. هەرچەندە ڕەفتاری داپیرە نامۆ و ریزپەڕ بوو، بەڵام سەرکەوتنەکەی زۆر شتی دیکە دادەپۆشی، تەنانەت چیتر ژەنەراڵ لەنێوا خەڵکە نزیکەکەی، بەهۆی ئافرەتێکی هەڵسوکەوت نامۆ، هەست بە ڕووشانی ناوبانگ و شکۆی خۆی ناکات، بەڵکوو لەستایشکردن و بەزەردەخەنەوە لە داپیرە نزیک بووەوە، بە جۆرێك قسەی لەگەڵ دەکرد، وەك ئەوەی بۆ دڵخۆشی یاری لەگەڵ منداڵێك بکات. لەلایەکی دیکەوە زۆر بە ڕوونی تەواوی تەماشاکەران سەرنجی خۆیان لەسەر ڕووداوەکە دەدا و ئاماژەیان بۆ داپیرە دەکرد. زۆرێك بەنزیکی ئەو تێدەپەڕین بۆ ئەوەی بەوردی سەیری بکەن. مستەر ئاستلی لەدوورەوە لەگەڵ دوو هاوەڵی ئینگلیز قسەی لەبارەی پیرژەنەکە دەکرد. خاتوونە گران و سەنگینەکان

سەرسامیەکی گەورە سەیری ئەم دیاردەیە نامۆیەیان دەکرد. دەمی دی گرێۆ پڕ ببوو لە پێکەنین و ستایشکردن، دەیگوت:

–سەرکەوتنێکی مەزن بوو.

خاتوو بلانش بە زەردەخەیەکی مەکربازی و دووڕوویی دەیگوت:

–بەڵام خاتوونەکە، وەك یەکێك بووی گوڵلە بهاوێژی !

داپیرە وتی:

–بەڵی، بێنەوەی یەك و دوو بژمێرم، دوانزە هەزار فلۆرینم بردەوە. چ بڵێم؟ دوانزە هەزار؟ جگە لە پارە زێڕینەکان. لەوانەیە بەنزیکەیی سێزدە هەزار بکات، ئایا بەرانبەر بە رۆبڵ چەند دەکات؟ نزیکەی شەش هەزار؟

ئەمەی بۆ ڕوونکردەوە، لەوانەیە زیاتر لە حەوت هەزار رۆبڵ بکات، ڕەنگە بە نرخی ئێستا نزیکەی هەشت هەزار رۆبڵ بکات.

–هەشت هەزار ... ئەمە گاڵتە نییە ! ها بۆ هەردووکتان وەك سەگێك لە قوڕ دروست کرابێت رەقبوونەتەوە؟ پۆتاپیچ، ماریتا منتان بینی؟

ماریتا زێدەڕۆیی لەستایشکردنی داپیرە دەکرد و وتی:

–بەڵام خاتوونەکەم چۆن ئەمەت کرد؟ هەشت هەزار رۆبڵ

–ها بگرن، پێنج لیرەی زێڕ بۆ هەردووکتان، وەرگرن....

بەپەلە پۆتاپیچ و ماریتا دەستی داپیرەیان ماچ کرد.

-سەر و فردرێکێك بدەنە ئەم خزمەتکارانە. ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ هەر یەکەو لیرەیەکی زێڕیان پێ بدە. ئەم خزمەتکارە بۆ دەچەمێتەوە؟ ئەی ئەویتریان؟ ئەمە پیرۆزباییە لەمن؟ یەکە و لیرەیان پێ بدە.

- خاتوونی شازادەکەم.. هەژارێکی دوور لەولاتم.... بەردەوام سەرگەردانم.. میرەکانی رووس زۆر بەخشندەن.

ئەمە قسە وپاڕانەوەی پیاوێکی بەسمێڵ بوو، لە پێش کورسییەکە وەستا، پاڵتۆییەکی شڕ و چاکەتێکی کۆنی لەبەردابوو، کڵاوەکەی بەرز کردەوە، بە ملکەچی و زەلیلی زەردەخەنەیەکی کرد.

-لیرەیەکی پێ بدەن، نا دوو لیرەی پێ بدەن.. ئێستا ئەوەندە بەسیەتی ! ئەگینا ئەم کارە کۆتایی نایەت... هەڵمگرن، بمگوازنەوە! پراسکۆڤیا ! (ئەمەی بە پاولینا ئەلکسەندرۆڤنا وت) بەیانی کراسێکت بۆ دەکرم. هەروەها بۆتۆش خاتوو... ناوی چی بوو. خاتوو بلانش. وایە؟ پارەش بەتۆ دەدەم کراسێك بکڕی. پراسکۆڤیا ئەم قسەیەی من وەربگێڕە.!

- سوپاس خاتوونەکەم.

بەهەمان شێوە خاتوو بلانش ئەم قسەیەی کردو بۆ شکۆی داپیرە چەمایەوە. زەردەخەنیەکی گاڵتەجاری بەسەر لێوەکانی بوو،

سەیری دی گرێۆ و ژەنەراڵی دەکرد. ژەنەراڵ تۆزێك نیگەران بوو، بەلاّم نیگەرانی خۆی دەرنەبڕی تا گەیشتینە ئەو ڕێگەیەی بەناو داربەڕووەکان تێدەپەڕێ.

داپیرە خزمەتکاری منداڵەکانی بەبیر هاتەوە ودەیگوت:

–فیدۆسیا، فیدۆسیا ! کاتێك هەواڵەکە دەبیستێ باوەڕ بەگوێچەکەکانی خۆی ناکات. دەبێت شتێکیش بە فیدۆسیا بدەم بۆخۆی کراسێك بکرێ.. هێی ! ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ شتێك بەو سواڵکەرە بدە.

پیاوێك بەڕێگە دەڕۆیشت، پشتی چەمابۆوە، جلێکی کۆن و شڕی لەبەردابوو، سەیری ئێمە دەکرد.

منیش وتم:

–ئەم پیاوە سواڵکەر نییە، بەڵکوو یەکێك لە زۆڵەکان !

– قەیناکە فلۆرینێکی پێ بدە !

لەپیاوەکە نزیك بوومەوە، پارەکەم بۆ ڕاگرت، بەسەرسامی سەیری دەکردم، پارەکەی وەرگرت، بێئەوەی وشەیەك بدرکێنێ، بۆنی عەرەقی لێ دەهات.

– تۆ ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ ، هێشتا بەختی خۆت تاقی نەکردۆتەوە؟

– نەخێر، هێشتا تاقیم نەکردۆتەوە.

- چاوەکانت بریسکەی دەدا، من تێبینی ئەوەم کرد.

- بێگومان داپیرە، لەداهاتوودا هەوڵ دەدەم.

- بێ دوودڵی لە سفرِ دای بنێ. ئینجا دەبینی ! چەند پارەت هەیە؟

- داپیرە، بیست فردریك.

-زۆر نییە، ئەگەر دەتەوێ من پەنجا فردریکت بە قەرز پێ دەدەم، بگرە، بگرە ئەم پارە لوول دراوە بگرە.. کەچی تۆ ئەی ئازیزم (ئەم رستەیەی وت، لەناکاو رووی لە ژەنەراڵ کرد) خەون و خەیاڵت نەبێ: هیچ شتێکت پێ نادەم.

ژەنەراڵ شڵەژا، بەلاَم هیچی نەگوت، دی گرپێو برۆکانی داگرت و ئاورِی لەژەنەراڵ دایەوە، لەنێو ددانەکانی مینگەمینگی کرد و وتی:

-ئافرەتێکی ئابرووبەرە.

داپیرە هاواری کرد:

-سواڵکەر، سواڵکەر، سواڵکەرێکی دیکە ! ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، فلۆرینێك بەم پیاوە بدە.

پیاوێکی بەساڵاچوو، سەرسپی بەرەو رووممان دەهات، لەسەر قاچێکی دارین دەرۆیشت، پاڵتۆیەکی خۆڵەمێشی درێژی لەبەر بوو، دارعەسایەکی بەدەستەوە بوو خۆی پێگرتبوو، زیاتر لە

جەنگاوەرێکی کۆن دەچوو. کاتێك فلۆرینەکەم بۆ راگرت، هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕایەوە، بەهەڕەشەوە سەیری کردم و بەئەڵمانی وتی:

–ئەمە چییە؟

دوای پرسیار و سەرسامی، کۆمەڵێك جنێوی دا.

داپیرە بەدەستەکانی ئامارەی ڕق و کینەی نیشان دا و وتی:

–ئای لەو دەبەنگە ! وەختە لەبرسان بمرم، ئێستا نانی نیوەڕۆ دەخۆم، دواتر کەمێك پشوو دەدەم، دەگەڕێمەوە ئەو شوێنە.

بە هەڵپە و سەرسامی وتی:

– داپیرە هێشتا دەتەوێ قومار بکەی؟

– دەتەوێ چی بکەم، کاتێك تۆ لەوێ بۆگەن دەبی، دەتەوێ منیش سەیری سیمای تۆ بکەم؟

دی گریۆ لێی نزیك بۆوە وتی:

–بەڵام خاتوونەکەم، بەخت ئاوەژوو بێتەوە، لەوانەیە بە بەختێکی خراپ هەموو شتێك لەدەست بدەی، بەتایبەت ئەگەر بەو شێوە ترسناکەی ئێستا یاری بکەی!

خاتوو بلانش بە پڕتاوی وتی:

–بێگومان دەدۆڕێی !

–چ پێوەندی بەتۆ هەیە؟ ئەوەی دەدۆڕێ پارەی تۆ نییە، هی خۆمە! بەڵام ئەو پیاوە لەکوێیە مستەر ئاستلی (ئەو پرسیارەی لەمن کرد)

– داپیرە، ئەو لەگازینۆکە مایەوە.

– بەداخەوە. بەڕاستی کوڕێکی جوامێرە!

گەیشتینەماڵەوە، داپیرە لەسەر قاندرمەکان ڕێکەوتی سەرۆکی خزمەتکارەکانی کرد و بانگی کرد، بە شانازییەوە باسی قازانجەکانی خۆی دەکرد. دواتر بانگی فیدۆسیای کرد، سێ فردریکی پێ دا، فرمانی کرد خواردنی بۆ ئامادە بکات، لەکاتی نانخواردن، فیدۆسیا و مارتا تەژی بوون لەسەرسامی بەو پیرەژنە.

مارتا دەیگوت:

–ئازیزەکەم سەری تۆم دەکرد و بە پۆتاپیچم دەگوت: ((خاتوونەکەمان دەیەوێ چی بکات؟)) دواتر هەر پارەی لەسەر یەکتر دادەنا، ئەی پیرۆزی ئاسمان ! لەتەمەنم هێندە پارەم نەدیوە! تەنها پیاوان بەدەوروبەرت بوون، تەنها پیاوان! (ئەو خانەدانانە لەکوێوە دێن، پۆتاپیچ؟) من پرسیارم لە پۆتاپیچ دەکرد. دواتر دەمگوت ((پاکیزەی دایکی خوداوەند هاوکاریت بکات!)) خاتوونە چاکەکەم، من نزام بۆ تۆ دەکرد. دڵم خەریك بوو لەخورپە دەکەوت. وەك گەڵا دەلەرزیم، ((خودایە بەهانای وەرە)) پەنام بۆ خودا

دەبرد، خودا تۆی پاراست و ئاگادارت بوو. هەتا ئێستا دەلەرزم، هەتا ئێستا لەتەوقی سەرمەوە تا ژێر پێم دەلەرزێ.

– ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ! دوای نانخواردن خۆت ئامادە بکە. نزیکەی کاتژمێر چوار دەگەڕێینەوە ئەم شوێنە. هەتا ئەوکات خوات لەگەڵ. ئەوە لەبیر مەکە یەکێك لەو دکتۆرە هیچ و پووچانەم بۆ بنێری، بۆئەوەی بە ئاوی کانزایی چارەسەر وەربگرم، خۆ ئەمە لەبیر ناکەی؟

وەك کەسێکی گێژ و سەرسام لەلای داپیرە ڕۆیشتم، هەوڵم دەدا بیر لەوە بکەمەوە چی بەسەر هاوڕێیانم دێ؛ خەیاڵی ڕووداوەکانی داهاتووم دەکرد. دەمبینی هێشتا ئەوان لە کۆستی یەکەم بێدار نەبوویتەوە (بەتایبەتی ژەنەڕاڵ) گەیشتنی خودی داپیرە، لەبری هەواڵی مردنەکەی، هەموو پڕۆژە و بڕیارەکانی ئەوانی لەناو برد، ئێستا ئەوان بە شڵەژاوی و سەرسامی چاوڕوانی سەرکێشییەکانی داپیرە دەکەن لە یاری ڕۆلێت. جا لەوانەیە بابەتی دووەم لە یەکەم ترسناکتر بێت. داپیرە دووجار بە ڕاشکاوی وتویەتی هیچ پارەیەك بە ژەنەڕاڵ نادات، کەچی هێشتا ئەوان ئومێدیان نەبڕاوە. بێگومان دی گرێۆ لەهەموو بابەتەکان لەگەڵ ژەنەڕاڵ هاوبەشە، تووشی بێ ئومێدی نەبووە. مەزندەش دەکرێت خاتوو بلانش کە زۆر بایەخ بە بابەتەکە دەدات (دەبێ بایەخیش بدات، بەلایەنی کەمەوە بەنیازە زەماوەند لەگەڵ ژەنەڕاڵ بکات و میراتێکی زۆر و زەوەندی

بەرکەوێت) هێشتا مکوڕ بوونی ماوە، بۆیە هەوڵ دەدات هەموو توواناکانی خۆی لە فریودان و مەکربازی و ئاژاوە بەکاربهێنێ، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر داپیرە هەبێت. ئەمەش بە پێچەوانەی پاولینایە، کە زۆر لوتبەرز وبەفیزە هیچ کاتێك نازانێ ملکەچی چییە و هەوڵی کوشکێشیش نادات بۆ ڕازیکردنی خەڵك. ئێستا داپیرە ئەو سەرکێشیە هەرزەکارانەی لە ڕۆلێت کرد، ئێستا کەسایەتی داپیرە تەواو بە بەرچاوی ئەوانەوە ڕوونە، (پیرەژنێکی کەللەڕەق و لاسار، گەڕاوەتەوە سەردەمی منداڵی) بۆیە ئێستا لەوانەیە هەموو شتێك لەناو بچێت. ئەو پیرەژنە تەواو دڵخۆش بوو وەك قوتابیەکی بێت لە پۆل ئازاد بووبێ، بیەوێ یاری بکات، هێندە هەستی بەدڵخۆشی دەکرد. بە بەرخۆمەوە وتم (ئەمە لەکاتێکدا هەستم بە خۆشییەکی چەپەڵ دەکرد، خوازیارم خودا لێم خۆش بێ): ئەی خودایە، خودایە ! هەر فلسێك داپیرە سەرکێشی پێ دەکرد، وەك خەنجەرێك بوو بەر دڵی ژەنەڕاڵ دەکەوت، دی گرێۆ تەواو هەناسەی تەنگ بووبوو، هەروەها تەواو خاتوو بلانشی تووڕە دەکرد! شتێکی دیکە: کاتێك داپیرە بەدڵخۆشی پارە بەسەر هەموو کەسێك دابەش دەکرد، هەموو ڕێبوارێکی بە سواڵکەر دەزانی، ئەم کاتە نەیتوانی خۆی بگرێ بە ژەنەڕاڵی گوت: ((بەلام تۆ شتێکت پێ نادەم))، ئەمەش مانای ئەوەیە پیرەژن لەسەر بۆچوونی خۆی جێگیرە، موکڕە، لەگەڵ خۆی گەیشتووەتە ئەو بڕیارە ئەم کارە بکات، ئەمەش بابەتێکی زۆر زۆر ترسناکە.

هــەموو ئــەم خەیاڵانــە لــەزەینم دەهــات و دەچــوون، منــیش لەقاندرمەکە بەرەو ژوورەکەی خـۆم لـە دوایـین نهـۆم سـەردەکەوتم. هەموو ئەو بابەتانە بەلای منەوە گـرنگ بـوون، دەکرێـت مـن هــەموو ئـەو رایەڵـە ببیـنم کـە ئـەو ئەکتەرانـە بـە یەکـەوە دەبەسـتێتەوە، هەمووی لەبەر چاومە، بەڵام مـن تـەواو لەپاڵنـەر و نهێنیـەکانی دوای نواندنەکەم نەدەزانی. رۆژێك لە رۆژان پاولینا متمانەی بەمن نەبووە، راسـتـە ئــەو هەنــدێك جــار بەناچــاری دڵــی خــۆی دەکاتــەوە، لەگەڵئەوەشدا بنییومە لەهــەموو حاڵەتـەکان، هــەوڵ دەدات هەنـدێك نهێنی بدرکێنێ، بۆ ئـەوەی بەگاڵتـەوە ئـەوەی رابـردووم لـێ تێکـەڵ وپێکەڵ بکات، بە ئەنقەست هەموو شتەکانم لێ بشـێوێنێ. بـەڵێ زۆر شت دەشارێتەوە، بەهەرحاڵ، هەر چۆنێك بێت ئەم گاڵتـەجاری ئـەم نهێنیە تـەواو دەبـێ، بـە یـەك لێدان هــەموو دەمامکـەکان لادەچـن، کەچی چارەنووسی منیش هەر ئەو بابەتەوە بەندە، کە هیچ شـتێکی لەبارەوە نازانم.

بارودۆخی دەروونی من زۆر سـەیر بـوو: مـن تـەنها بیسـت فـردریکم هەیـە، مـن لـە نیشـتمانەکەم دوورم، هـیچ پێگەیـەك، هـیچ داهـاتێکم نییە، بێ ئومێدێك، بێهیچ پرۆژەیەك... کەچی هەموو ئەمانە نیگەرانم ناکـات! ئەگـەر پاولینـا لەخەیاڵمـە، ئـەوا مـن تـەواو خـۆم دەدەمـە دەست ئەو چارەنووسە تا گاڵتەجارییەکـە کۆتـایی دێـت، منـیش بـە دڵی خۆم پێدەکـەنم. پاولینـا شـڵەژان دەخاتـە دەروونمـەوە، مـن وا

هەست دەکەم چارەنووسی ئەو بەمزووانە یەکلا دەبێتەوە. لەگەڵئەوەشدا دان بەوە دەنێم ئەم بابەتە منی سەرقاڵ نەکردووە. خوزگەی ئەوەم دەخواست ئێستا نهێنیەکانی ئاشکرا بکەم، ئەویش خۆی بێ بڵێ:((تۆ دەزانی من تۆم خۆشدەوی)) جگە لەمە شتێك نییە ئارەزووی بکەم، ئەم بیرۆکە شێتانەیە نەبوو کە نایەتەدی؟ ئایا دەزانم ئارەزووی چ شتێك دەکەم؟ من وەك کەسێك عەقڵی لەدەست دابێ، ئەوەی دەیخوازم تەنها ئەوەیە لەنزیکی بمێنمەوە، لەو خەرمانەیە نزیك بم، کە بەدەوری پاولینایە، لەو تیشکەی لەو دەردەچێ، بۆ هەتاهەتایە لێی نزیك بم، لەمە زیاتر نازانم.... ئایا بەرگەی دووری ئەو دەگرم؟

کاتێك گەیشتمە نهۆمی سێیەم، بەبەر ژوورەکەی ئەوان تێپەڕیم، تووشی شۆك بوو، کە ئاوڕمدایەوە، پاولین بیست هەنگاوێك لەمن دوور بوو، لە دالانەکە وەستابوو، وەك سیخوڕێك بەدوامەوە بوو، بە پەلە ئاماژەی بۆ کردم و لێم نزیك بۆوە.

بە هەڵپەوە وتم:

-پاولینا ئەلسکەندرۆڤنا...

فرمانی کرد و وتی:

-دەنگت نزم بکەوە.

بەدەنگێکی نزم وتم:

-دەزانی تازە هەستم بەشێتك كرد، وەك لێدانێكم بەركەوتبێ، ئاورم دیەوە تۆم بیانی، وەك ئەوەی ڕۆشناییەك لەتۆ دەربچێ !

پاولینا گرژ و مۆنی بەسیمایەوە دیار بوو (مەزندە دەكەم قسەكانی منی نەبیستووە)

-ئەم نامەیە بەرە هەر ئێستا بیدە بە مستەر ئاستی، تكا دەكەم، ئەو وەڵامت پێ ناداتەوە.. ئەو...

پاولینا ڕستەكەی تەواو نەكرد.

بەسەرسامی وتم:

-نامەكە بەمستەر ئاستلی بدەم؟

بەڵام پاولینا ئەو كاتە ون بوو.

-كەواتە بەمشێوەیە. نامە گۆڕینەوەیان لەنێوان هەیە.

بێگومان بە پەلە غارم دا، بەدوای مستەر ئاستلی گەڕام: یەكەمجار چوومە هوتێل نەمدۆزییەوە، دواتر چوومە كازینۆ لەهەموو هۆڵەكان گەڕام نەمدۆزییەوە، كاتێك بە بێئومێدی و دڵتەنگی دەگەڕامەوە ماڵەوە، بەرێكەوت لەگەڵ كۆمەڵێك ئینگلیز مستەر ئاسلیم بینی، پیاو و ژن بەسەر پشتی ئەسپەكانەوە بوون. ئامادەم بۆ كرد، وەستا و نامەكەم پێدا، كاتی ئەوە نەبوو، وشەیەك بڵێین، وا بزانم مستەر ئاستلی بە ئەنقەسەت وایكرد، هەركە نامەكەی وەرگرت ئەسپەكەی تاودا و ڕۆیشت.

ئایا ئێرەیی ئازاری دەدام؟ تەواو داڕووخابووم، تەنانەت خواستی ئەوەشم نەبوو بزانم بابەتی نامەکە چییە. ئەو نهێنی پارێزی پاولینایە و کەواتە جێی متمانەی ئەوە! ئەمە روونە هاوڕێیەتی (لەکەییەوە؟) بەڵام ئایا ئەڤینداریان لەنێوانە؟ عەقڵم بەچرپەوە وتی(بێگومان نەخێر) بەڵام لەم جۆرە ڕووداوانە عەقڵ بەتەنها سەنگێکی نییە. هەر چۆنێك بێت، دەبێت ئەم بابەتەش بکەوێتە ژێر رۆشنایی، هەرچەندە بابەتەکە بەشێوەیەکی بێزارکەر ئاڵۆزتر بووە.

هەرکە چوومە ناو هۆتێلەکە دەرگەوانەکە و سەرۆکی خزمەتکاران بە پەلە بەرەو رووم هات، پێیان راگەیاندم، هاوڕێیان سۆراخی من دەکەن، سێ جار بەشوێن منیان ناردووە، تکام لێ دەکەن، بە زووترین کات بچمە شوقەکەی ژەنەڕاڵ. من سەلیقەیەکی ناخۆش و دەروونێکی پەشۆکاو هەبوو. بینیم ژەنەڕاڵ لەژوورەکەی خۆیەتی، هەر یەکە لە دی گریۆ و خاتوو بلانش لەوێن، دایکی بلانش لەوێ نەبوو، بێگومان ئەو دایکە وا دەردەکەوت کەبایەخێکی هەبێت، کەچی لەڕاستی دا هیچ رۆڵێکی نەبوو، لەهەر شوێنێك بابەتێك بە ڕاستی هەبووبێت، ئەوا خاتوو بلانش بەتەنیا مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە دەکات، تەنانەت من گومانم هەیە، ئەو ئافرەتە ئاگاداری ئەو کارانەبێت کەبلانش دەکات، گوایە ئەمەیان کچییەتی.

بەگەرموگوڕی مشتومڕیان بوو، دەرگای ژوورەکەش بـەکلیل قوفـڵ درابوو. ئەمەش پێشتر هەرگیز رووی نەداوە. کاتێك لە دەرگاکە نزیك بوومـەوە، گـوێم لـەهات و هاوارەکـە بـوو: زمانـە گاڵتـەجاری و بـێ ئابڕۆییەکـەی دی گرێـۆ دیـاربوو، هـەروەها گوێبسـتی جنێـوە سووکەکانی خاتوو بلانش بـوو، لەگـەڵ ئـەوەش گوێبیسـتی دەنگـی کرووزانەوەی ژەنەڕاڵ بووم، دەیویست پاکانە بۆخۆی بکات. کاتێك چوومە ژوورەوە بەسـەر خۆیـان زاڵ بـوون، بـارودۆخی خۆیـان چـاك کـردەوە. ئـەوەتا دی گریـۆ قـژی دادەهێنێتـەوە و زەردەخەنەیـەك دروست دەکات: زەردەخەنەیەکی فەڕەنسی، توندڕەو، فەرمی، ئـای ڕقم لـەم زەردەخـەنەیـە بـوو ! ئـەوەتا ژەنـەڕاڵ، شـەکەت، خـەیاڵ گیرۆدە، قیت وەستاوە، وەك ئامرێك جوڵە دەکات. خـاتوو بلانـش تاکـە کـەس بـوو هـەوڵی نـەدا تـووڕەیی ونیگـەرانی لەسـیمای خـۆی بشارێتەوە، بێدەنگ بوو، بێ ئۆقرە سەیری دەکرد. دەبێـت ئـەوەش بڵێم تا ئەو کاتە بەشێوەی کەمبایەخ مامەڵەی لەگـەڵ دەکـردم ، کـە عـەقڵ بـاوەڕی پـێ ناکـات، تەنانـەت ئامـادە نـەبوو وەڵامـی سڵاوەکانیشم بداتەوە، بەتەواوی نکۆڵی لە بوونی من دەکرد.

ژەنەڕاڵ بەزمانێکی پڕ گلەیی و دۆستانە وتی:

–ئەلێکسـی ئیڤـانۆڤیچ ! دەمـەوێ سـەرنجت بـۆ ئـەوە ڕابکشـێم، سـەیرە، زۆر نامۆییـە.... بەکورتیەکـەی ڕەفتـارت لەبەرانبـەر مـن و

خێزانەکـەم... بەکورتییەکـەی ئـەم ڕەفتـارە سـەیرە، تائەوپـەڕی ڕەفتارەکەت نامۆییە.

– ئەمە بابەتەکە نییە...

بەمشـێوەیە دی گرێـۆ قسـەکانی پـێ بـڕ و بـەتوڕەیی وقینـەوە (دەبوایـە خـۆی لەهـەموو شـتێك هـەڵقورتێنێ)، دواتـر دەسـتی پـێ کردەوە و وتی:

– ئەی پیاوی بەڕێز، پیاوی بەڕێز، ژەنەڕاڵ کاتێك بەمشێوەیە قسـە دەکـات هەڵـە دەکـات (گوێبیسـتی قسـەکانی بـووم کـە بەرووسـی دەدوا) ئەو دەیەوێ بڵێ، مەبەستم ئەوەیە ئاگادارت بکاتەوە، یان بـا بڵێ ئەو تکا دەکات، بـەڵێ تکـا دەکـات گـیرۆدەی نەکـەی، مـن ئـەم گوزارشتە بە ڕاشکاوی بەکاردەهێنم..ز

قسەکانی ئەوم بڕی و وتم:

–بەڵام چۆن؟ چۆن؟

دی گرێۆ بە پەشۆکاوی وتی:

– ڕێگەم بدە، تۆ ئەمڕۆ خۆت کردبووە چاوسـاغ و ڕێبـەری، (نـازانم چی؟) بەڵێ، تۆ ئەمڕۆ چاوساغی ئـەو خاتوونـە بەساڵاچـووە بـووی، ئـەو پیرەژنـە تۆقینـەرە، بـەڵام ئـەو دەدۆڕێ، دوا فلسـی خـۆی دەدۆڕێنێ ! ئەمڕۆ بەچاوی خۆت بینیت چـۆن یـاری دەکـرد، خـۆت شاهێدحاڵ بووی، ئەگەر زیاتر بـدۆڕێنێ، ئـەوا هـەرگیز مێـزی قومـار

جێناهێڵێ، جا لەکەلەڕەقی و لاساری بێت، یان لەتووڕەیی بێت. ئەو کاتە بەهەموو شتێکەوە قومار دەکات، بەهەموو شتێك! مرۆ ئەو کاتە عەقڵی خۆی لەدەست دەدا.. ئەو کاتە....

ژەنەڕاڵ پاڵپشتی قسەکانی کرد و وتی:

–ئەو کاتە هەموو خێزانەکە لەناودەچێ...هەموومان.. من و خێزانەکەم، میراتگرەکانی، کەسێك لەئێمە لەو نزیکتر نییە. من بەڕاشکاوی پێت دەڵێم: بارودۆخی من نالەبارە، زۆر شڵەژاوە، لەوانەشە تۆ بەشێکی بزانی. ئەگەر ئەو پارەیەکی زەبەلاح بدۆڕێنێ، ئەگەر هەموو سامانەکەی لەدەست بدات، ئەمە چاوەڕوانکراوە، (ئەی خودایە !) چی بەسەر منداڵەکانم دێ (ئەمەی گوت سەیری دی گرێۆی کرد) چی بەسەر من دێ (ئەمەی وت سەیری خاتوو بلانشی کرد، ئەوی بەڕقەوە رووی وەرگێڕا) رزگارمان بکە ئەی ئەلێکسی ئیڤانۆفیچ!

وتم:

–بەڵام چۆن ئەی ژەنەڕاڵ، پێم بڵێ چۆن دەتوانم... من چ دەسەلاتێکم بەسەر ئەو ژنەوە هەیە؟

وتی:

–ڕەتی بکەوە، ڕەتی بکەوە، وازی لێ بهێنە !...

منیش هاوارم کرد:

–بەڵام کەسێکی دیکە دەدۆزێتەوە...

دووبارە دی گرێۆ قسەکانی پێ بڕی و وتی:

– ئەمە بابەتەکە نییە ! بابەتەکە ئەوها نابێ ! وازی لێ مەهێنە، بەڵکوو ئامۆژگاری بکە، وا بکە واز لەقومار بهێنێ... یان ڕێگە مەدە زۆر بدۆڕێنێ، بە شتێکی دیکە سەرگەرمی بکە.

تۆزێك ساویلەکەییم نواند و وتم:

–بەڵام چۆن ئەم کارە بکەم؟ خۆزگە میسیۆ دی گرێۆ تۆ ئەو کارەت لە ئەستۆ دەگرت!

هەرکە ئەو قسەیەم کرد خاتوو بلانش بەنیگایەکی خێر و پڕ پرسیار سەیری دی گرێۆی کرد، لەناکاو لە چاوتروکانێك دی گرێۆ سیمایەکی ڕاستگۆیانەی وەرگرت کە نەیتوانی بیشارێتەوە و وتی:

–کارەساتەکە ئەوەیە، ئەو قبوڵی ناکات!

هەروەها دی گرێۆ بە هەڵپەوە بەدەستەکانی نیشانەی بێتوانایی نیشاندا و وتی: .. یان ئەگەر... دواتر

دواتر بە نیگایەکی پڕ مانا دی گرێۆ سەیری خاتوو بلانشی کرد. ئەو کاتە بلانش بەرەو لای من هات و زەردەخەنەیەکی دلڕفێنی کرد، بەدەستەکانی دەستی هەردوو دەستی گوشیم و وتی:

–ئەزیزم بەرێز ئەلێکسی، پیاوی چاك بە، جوامێر بە.

ئەم ڕووخسارە شەیتانییە، دەزانیٚ چۆن لەناکاو دەگۆڕیٚ! ئیٚستا سیمای ئەو پاڕانەوەیەکی گەورە، میهرەبانی، زەردەخەنە و مەکربازیکی منداڵانە دەنویٚنیٚ. تەنانەت لە کۆتایی قسەکانی بە غەمزەیەك وا هەستم کرد: ئاخۆ داگیرم دەکات؟ ئەو دەزانیٚ ئەم کارە بکات، تەواو بەشیٚوەیەکی ئابڕۆبەرانە !

لەدوای ئەو ژەنەڕاڵ تەقییەوە (بەڵیٚ تەواو بەمانای ئەو وشەیە تەقییەوە)، بەتکاوە بەمنی وت:

-ئەلیٚکسی ئیڤانۆڤیچ، لەبەر ئەو شیٚوازەی تازە لەگەڵ تۆم بەکارهیٚنا، لیٚم ببوورە. مەبەستم ئەوە نەبوو، بەڵام تکات لیٚدەکەم، بەشیٚوازی ڕووسەکان تا ناوقەدم لەبەر تۆ دەچەمیٚمەوە، تۆ بەتەنها تۆ دەتوانی رزگارمان بکەی ! من و خاتوو دی کۆمیٚنگ، پەنات بۆ دەهیٚنین، تۆ تیٚ دەگەی، تیٚ دەگەی، ئەی وانییە؟

ئەم قسەیەی دوایی کرد و بە نیگاکانی سەرنجی منی بۆ لای خاتوو بلانش رادەکیٚشا، بەڕاستی شایەنی لاوانەوە بوو، بەزەییت پیٚی دەهاتەوە.

لەم ساتەدا سیٚ جار بە ئەدەب و لەسەرخۆ لەدەرگا درا، کاتیٚك دەرگاکە کرایەوە، خزمەتکارەکە دەرکەوت، چەند هەنگاویك لەدوای ئەو پۆتاپیچ وەستا بوو، داپیرە ناردوویەتی، فرمانی پیٚ کردوون بەدوای من بگەڕیٚن، یەکسەر من ببەنە لای ئەو.

پۆتاپیچ وتی:

—ئەو تورەیە.

منیش وتم:

– هێشتا کاتژمێر سێ و نیو نەبووە.

—نەیتوانی بخەوێ، جارێك خۆی وەرگێڕا، دواتر لەناکاو هەڵسایەوە، داوای کورسییەکەی کرد و بەدوای تۆی ناردووە، ئێستا ئەو لەبەردەم دەروازەی هوتێلەکەیە.

دی گریۆ وتی:

—ئافرەتێکی سەرسەختە.

کەچووم بەڕاستی بینیم داپیرە لەسەر سەکۆکەی دەروازە بوو، لە ئامادەنەبوونی من تورە بوو، نەیتوانی بوو تا کاتژمێر چوار چاوەڕوان بێت.

کاتێك منی بینی هاواری کرد:

—دەی... بەرەو ئەوێ بڕۆین!

دووبارە گەڕاینەوە رۆلێت.

✿

بەشی دوانزەم

داپیرە زۆر بە جۆش و خرۆش بوو، وەك دیار بوو رولێت هەموو خەیاڵی داگیر کردبوو، بەشێوەیەك بایەخی بەهیچ شتێك نەدەدا رۆلێت نەبێ، بەشێوەیەکی گشتی دۆشداما بوو. بۆ نموونە کاتێك بە رێگە دەرۆیشتین وەك بەیانی پرسیاری لێ نەدەکردم. کاتێك گالیسکەیەکی گەورە بە پێشمان تێپەڕی، دەستی کەمێك جولاند پرسیاری لەخاوەنەکەی کرد، بەلاّم وابزانم گوێی لەوەلاّمەکەی من نەبوو. بەشێوەیەك خەیاڵپلاوی دەکرد، لەجوڵەکانی بێ ئۆقرەیی ئەو دەردەکەوت، پەرۆشیەکی لەناکاو کە لەخەیاڵی کەس نەبوو. کاتێك لەبەردەم گازینۆکە نزیك بووینەوە، باڕۆن و خاتوونەکەی ئەومان بینی، ئاماژەم بۆ ئەوان کرد و ناوم هێنان، کەچی ئەو خەیاڵی ئاڵۆز بوو، تەنها وتی (ها !) بەجوڵەیەکی بەهێز ئاوڕی لە پۆتاپیچ و مارتا دایەوە کە بەدوامانەوە بوون، وتی:

- پێویستم بە ئێوە نییە؟ هەموو جارێك ئێوە نابەم، بگەڕێنەوە...

کاتێك ئەم دووانە ڕۆیشتن، دوای ئەوەی خواحافیزییەکی خێرای کرد وتی:

–تەنها تۆم بەسە.

لەگازینۆ چاوەڕوانی داپیرە دەکرا، هەر بە پەلە جێگای لەهەمان شوێنی پێشوو بۆ دیارکرا، لەنزیك سەرپەرشتیارەکە. من خەیاڵی ئەوە دەك ئەو سەرپەرستیارانەی بە شێوەی فەرمانبەر دەردەکەون، بەلای ئەوانەوە دۆڕانی خەزێنەکە و بردنەوەی وەك یەکە، لەڕاستیدا ئەوان بایەخ بە خەزێنەکە نادەن، بەڵکوو ڕێنمایی ئەوەیان هەیە سەرنجی قومارچییەکان رابکێشن، ئاگاداری بەرژوەندییەکانی باج بن، ئەمەیش پاداشت و خەلاّتی بۆ ئەوان تێدایە. بەلایەنی کەمەوە دەتوانین بڵێین ئەوان وەك قوربانییەك سەیری داپیرەیان دەکرد.

ئەوەی هاوڕێیان پێشبینیان کرد بوو، ڕوویدا، ڕووداوەکانیش بەمشێوەیە بوو:

داپیرە یەکسەر سفری دەستنیشان کرد، فرمانی کرد یەك کەڕەت دوانزە فردریك لە سفرِ دابنێم، جاری یەکەم، جاری دووەم و سێیەمیش سفرِ دەرنەچوو، داپیرە بێوچان ئانیشکی لەمن دەدا، بێ ئۆقرە دەیگوت: ((بەردەوام بە، بەردەوام بە)) منیش گوێڕایەڵی فرمانەکانی بووم.

دواجار لەتوڕەییان جیڕەی لە ددانەکانی هێنا و وتی:

-چەند کەرەت یاریمان کردووە؟

-دوانزە، نزیکەی سەدوچلوچوار فردریکمان دۆڕاندووە. جارێکی دیکەش پێت دەڵێم. سفرِ بەر لەئێوارە....

قسەکەی منی بڕی و وتی:

-بێدەنگ بە، هەروەها هەزار فلۆرین لە سوور دابنێ، ئەمە پارەیەکی کاغەزن.

سوور دەرچوو، بەلاّم دووبارە سفرِ دەرنەچوو، هەزار فلۆرینەکە گەرایەوە.

داپیرە بەدەنگێکی نزم وتی:

-بینیت؟ بینیت؟ ئێستا هەموو ئەوانەمان گێڕایەوە کە دۆڕاندبوومان. دووبارە لەسفرِ دابنێ، دوای دە کەرەتی دیکە دەڕۆین.

بەلاّم دوای پێنج یاری، پیرەژن وازی لە سفرِ هێنا و بەفرمان کردنەوە وتی:

-واز لەو سفرە نەگریسە بهێنە. ها بگرە، چوار هەزار فلۆرین لەسوور دابنێ.

تکام لێکرد و وتم:

—داپیره ئەوەندە زۆره...! چی ئەگەر سوور دەرنەچوو؟ بەلأم هێندە نەمابوو لێم بدا (هەرچەندە ئانشکەکانی وەك زلەلێدان بوو) بۆیە دەبوایە فرمانەکەی جێبەجێ بکەم، ئەم چوار فلۆرینەم کە بەیانی بردبوومانەوە، لەسوورم دانا، تۆپەکە خولایەوە، داپیره هێمن و قیت دانیشتبوو، بەشانازییەوە، متمانەی بە بردنەوەی خۆی هەبوو.

سەرپەرشتیارەکە هاواری کرد:

—سفرٍ

سەرەتا داپیره تێنەگەیشت، بەلأم کاتێك بینی سەرپەرشتیارەکە جار هەزار فلۆرینەکەی ئەو لەگەڵ پارەکانی دیکە سەر مێزەکە دەبات، ئەوا هەستی بەوە کرد ئەو سفرەی ماوەیەکی زۆر دەرنەدەکەوت، نزیکەی دوو سەد فردریکمان لەسەر دانابوو، ئێستا دەرچووە، وەك ئەوەی بە ئەنقەست بێت، ئێستا ریسوای کردووە. داپیره بەسەرسامییەوە هاواری کرد، دەستەکانی بەیەکتر کێشا، خەڵکەکەی دەوروبەری دەستیان کرد بە پێکەنین.

بەدەنگێکی تیژ هاواری کرد و وتی:

—ئەی پیرۆزی بەهەشت ! ئەوە ئێستا دەردەچێ، ئەو توتکە سەگە ! هەموو خەتای تۆ بوو، هەموو خەتای تۆ بوو (ئەمەی وت رووی

لەمن گرژ کردبوو بە ئانیشکی لەمنی دەدا) تۆ منت لە سەفرِ پاشگەز کردەوە.

– داپیرە، من هەولْم دا بیر بکەیتەوە، من بەبەرپرسی بەختی تۆ نییم.

بەمنگە منگ و بەزمانی هەرِەشەئامێز وتی:

–جا من شانست پێ دەدەم، دەی برِۆ !

من وەك کەسێك بیەوێ برِوات، رووم وەرگێرِا و وتم:

–داپیرە خواحافیز.

– ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ! لەگەڵ من بمێنەوە. بۆ کوێ دەچی؟ بمێنەوە، تۆزێك بمێنەوە. من دەبەنگم، من گێلم. ئێستا پێم بڵێ چی بکەم.

–داپیرە من لەمەودوا هیچ ئامۆژگارییەکت ناکەم، تا گلەییم لێ نەکەی، خۆت یاری بکە، تۆ فرمان بکە و منیش پارەکە دادەنێم.

– باشە باشە: ئێستا چوار هەزار فلۆرین لە سوور دابنێ، ها جزدانەکەم بگرە (ئەمەی وت و جزدانەکەی لەگیرفانی دەرهێنا و بۆ منی راگرت) زووکە بیست هەزار رۆبڵی تێدایە.

بەمنگە منگ وتم:

–ئەی داپیرە ! ئەم برە پارەیە....

– لە داریش بدرێم، پاشگەز نابمەوە. دای بنێ.

پارەکەم دانا و دۆڕاین.

–دووبارە دای بنێ، دای بنێ، یەك کەڕەت هەشت هەزار دابنێ.

– ئەمە قەدەغەیە، زۆرترین پارە نابێت لە چوار هەزار زیاتر بێت.

–کەواتە چوار هەزار دابنێ.

ئەم جارە بردمانەوە، داپیرە بوێرییەکەی گەڕایەوە.

بە ئانیشکی لێی دەدام و دەیوت:

–بینیت؟ بینیت؟ چوار هەزاری دیکە دابنێ.

پارەمان دانا و دۆڕاین، دووبارە دامانناو دۆڕاین.

بۆ ئاگادارکردنەوە پێم وت:

–ئەی داپیرە، دوانزە هەزار فلۆرین دۆڕا.

بە تووڕەییەکی لەسەرخۆ وتی:

–دەزانم ڕۆیشت.

دواتر بە منگە منگ وەك ئەوەی بیر بکاتەوە، نیگای جێگیر بوو وتی

–ئەزیزەکەم دەزانم ڕۆیشت.. دەزانم. هێی هێی! لێرە پێستیشم دەدۆڕێ.. بەڵام زیانێکی نییە.. دەی چوار فلۆرینی دیکە دابنێ.

-داپیره پارەمان پیّ نەماوە، لەجزدانەکەت تەنها چەکی بانکی رووسی ماوە بەسووی سەدا پێنج، لەگەڵ هەندێك كۆمپیاڵە، پارە، هیچ پارەیەك نییە.

-لەتۆرەگەکەش؟

-تەنها چەند پارەیەکی خوردە هەیە

بەزمانێکی یەکلاکەرەوە داپیرە وتی:

-ئایا سەراف لێرە نییە؟ پێیان گوتم دەتوانین چەك و پارە رووسیەکانیان بگۆرینەوە.

- دەتوانین هەموو شتێك بگۆرینەوە، بەڵام لەو گۆرینەوەیە تۆ زەرمەند دەبی، تەنها جولەکەیەك قازانج دەکات.

-قسەی قۆر! دەمەویّ پارەی خۆم بگێرمەوە، ببەم لای سەرەفەکان واز لەو زۆڵانە بهێنە.

کورسییەکەمان پالّ دا، حەمباڵەکان بەدوامان هات، لە گازینۆکە هاتینە دەرەوە، داپیرە بەفرمان کردنەوە وتی:

-خێراتر، خێراتر ! ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ رێگەم نیشان بدە... بۆلای نزیکترین سەرافمان ببە... ئایا لێرە دوورە ..؟

-داپیرە... چەند هەنگاوێك لێرەوە دوورە.

کاتێـــك لەســـەر سووچـــەکە پێچـــمان دەکـــردە، ئـــەو کاتـــەی گۆڕەپانەکـەمان بـڕی بـۆ نـاو داربـەڕووەکان دەڕۆیشـتین، تووشـی هەموو هاوڕێیان بووین: ژەنەڕاڵ، دی گریۆ، خاتوو بلانـش و دایکـی، نە پاولینا ئەلکیسەندەرۆفنا و نەمستەر ئاستلیان لەگەڵ بوو.

–دەی با بڕۆین، مەوەستن، چیتان دەوێ؟ کاتم بۆ ئێوە نییە !

بەمشێوەیە داپیرە هاواری کرد

من لەدوای ئەو دەڕۆیشتم، دی گریۆ بەدوام هات، بەدەنگێکی نزم بە پەلە پێم وت:

–ئەوەی بەیانی بردبوویەوە، هەمووی دۆڕاند، زیاتر لە دوانزە هەزار. ئێستا دەچین چەکەکانی دەگۆڕێنەوە بەسووی سەدا پێنج. دی گریۆ پێـی لـەزەوی کوتـا، بەپەلـەی هەواڵەکـەی بـە ژەنـەڕاڵ دا، ئێمـە کورسیەکەمان پاڵ دەدا.

ژەنەڕال لەتوڕەییان شێت ببوو، بە منگە منگ وتی:

–ڕێگری لێ بکە، ڕێگری لێ بکە.

وەڵامم دایەوە:

–تۆ هەوڵ بدە !

ژەنەڕاڵ نزیك بۆوە و وتی:

-پورەکـەم، پـورە چـاکەکەم... ئێمـە دەڕۆیـن... ئێمـە دەڕۆیـن (دەنگی لەرزۆك ببوو) ئەسپ بەکرێ دەگـرین، گەشـتێکی چـۆڵەوانی دەکەین... دیمەنـەکان نایـابن... لوتکەکـە... هـاتووین بانگهێشـتت بکەین تا یاوەرمان بی.

داپیرە بەجوڵەیەکی بێ ئۆقرە لەخۆی دور خستەوە و وتی:

-خۆت ولوتکەکەت بۆ لای شەیتان !

ژەنەڕاڵ تێ هەڵچۆووە، ئەمجارە بێ ئومێد بوو:

- گوندێك هەیە... لەوێ چا دەخۆینەوە...

دی گریۆ بەزمانێك کە بۆنی دوژمنایەتی لێ دەهات وتی:

-لەسەر گیای سەوز و تەڕ، ماستاو دەخۆینەوە.

ماستاو، گژوگیای تەڕ و سەوز، ئەمـە ئەوپـەڕی خـەیاڵی شـاعیرانەی بۆرجـوازی پاریسـە، هـەر بەمشـێوەیە وێنـای سروشـت و هەقیقـەت دەکەن.

داپیرە وتی:

-ماستاوەکەی تۆ بۆ من گـرنگ نییـە، تـۆ بەتـەنها بینۆشـە. ماسـت گەدەم ئازار دەدا، بۆچـی پێـداگری دەکـەی، مـن وتم کـاتم بـۆ ئێـوە نییە !

منیش هاوارم کرد:

–داپیرە گەیشتین!

کورسییەکەمان بەرەو ئەو شوێنە برد کە نووسینگەی گۆڕینەوەی دراوی لێیە. مـن ئـەرکی گۆڕینـەوەی چـەکەکانم گرتـە ئەسـتۆ، داپـیرەش لەبـەردەم نوسـینگەکە چاوەڕوانی دەکـردم، دی گریـۆ و ژەنـەراڵ و بلانشـیش لـەدوورەوە مانـەوە نەیانـدەزانی چـی بکـەن. داپـیرە بـە تـوڕەیی نیگـای دەکـردن، ئـەوان ڕێگـەی گازینۆکـەیان گرتەبەر.

سەڕافەکە نرخێکی زۆر کەمی بۆ پێشنیارکردم، منیش دوودڵ بووم، گەڕامەوە پرسیارم لە داپیرە کرد.

داپیرە بە هاوارکردنەوە بەدەستەکانی چەپڵەیەکی کرد:

–ئای ... لەو دزانە! لەگەڵ ئەوەش قبووڵی دەکەم.

دواتر وتی:

–بوەستە. تۆ سەڕافەکەم بۆ بانگ بکە.

–بەڵکوو یەکێك لە فەرمانبەرەکان! ئەی داپیرە.

–وەك یەکە، یەکێك لەفەرمانبەرەکان بانگ بکە.. ئای لەو دزانە ..!

فەرمانبەرەکە ئامادەبوو بێتە دەرەوە، کاتێـك زانـی ئـەوەی بـانگی دەکات کۆنتیسەیەکی پیر و پەککەوتەیە. پیرەژن گوتارێکی درێژ بـۆ خوێنـدەوە، پێـی وت، گیرفـانبڕ، دز.. گوتارەکەشـی بـە زمـانێکی

تێکەڵی ئینگلیزی و رووسی و ئەڵمانی بوو، منیش ناچاربوو تەرجەمەی بۆ بکەم. فەرمانبەرەکە سیمایەکی گرژی هەبوو، سەیری هەردووکمانی دەکرد بێ ئەوەی وشەیەك بدرکێنێ، سەری دەلەقاند، تەنانەت بە گرژی و کەمێك بێ ئەدەبانە لە داپیرەی دەڕوانی و دواتریش زەردەخەنەیەکی کرد.

داپیرە هاواری کرد:

–باشە باشە.... دەی، خوا دەکا پارەی من دەتخنکێنێ. ئەلکیسی ئیڤانۆڤیچ پارەکە بگۆڕەوە، کاتمان بەدەستەوە نییە، ئەگەر لەلای ئەوە ناگۆڕێنەوە، با بچینە لای سەڕافێکی دیکە.

–ئەو پیاوە بانگەشەی ئەوە دەکات خەڵکی دیکە بە کەمتر لێمان وەردەگرن.

ئێستا لەبیرم نییە بە وردی پارەکە چەند بوو، بەڵام دەستەیەك بوو، دوانزە هەزار فلۆرین، چەندان لیرەی زێڕ و پارەی کاغەزم وەرگرت، لەگەڵ لیستی حیسابەکە، دواتر چوومە لای داپیرە.

داپیرە دەستەکانی دەجوڵاند و وتی:

– باشە باشە، پێویست بە ژماردن ناکات. زووکە دەی، زووکە.

کاتێك لەگازینۆکە نزیك بووینەوە، بەمنگە منگ وتی:

–هیچ شتێك لەسەر سفری بەدبەخت و سوور دانانێم.

ئـەمجارە، بەهـەموو توانـای خـۆم، هـەوڵم دا رازی بکـەم، سـەرەتا پارەی کەم دابنێین، دواتر کاتێك زانیمـان بـەخت یاوەرمانـە، ئینجـا پـارەی زۆر دابنـێین، کەچـی ئـەو بـێ ئـۆقرە بـوو. هەرچـەندە ئـەو سەرەتا لەگەڵ پاساوەکانی من بوو، بەڵام دواتر لەکاتی یاری جلەوی خۆی لەدەست دا. هەرکە دە فردریك یان بیست فریـدریکی بـردەوە، دەستی کردەوە بە نوقرچکەلێدان و ئانیشك وەشاندن، دەیگوت:

–دەبینی؟ دەبینی؟ بردمانـەوە، ئەگـەر چـوار هـەزار فلۆرینمـان لـە بـری دە دادەنـا، ئـەوا ئێسـتا چـوار هـەزارمان دەبـردەوە... ئێسـتا هەموو خەتای تۆیە.

دواجار بڕیارم دا واز لە ئامۆژگارییـەکانم بهێـنم، هەرچـەندە زۆر لـەو شێوازە قومـارکردنی ئـەو زۆرتـووڕە بـووم. ئـەوە دی گریـۆ لـەناکاو دەتەقییەوە. تەنها ئەو سێیانە لە هۆڵەکە بوون، سەیرم کـرد خـاتوو بلاش لەگەڵ دایکی بۆلای مـیری بچـووك چـەماوەتەوە، رووخۆشـی و خۆشەویسـتی پـێ دەدا. وەك روونــە ژەنــەراڵ بێــزراوە، بــەڵکوو فەرامۆشـیش کـراوە. خـاتوو بلانـش ئامـادە نییـە، سـەیری بکـات، هەرچـەندە ژەنـەراڵ دەچـێتە لای و خـۆی لـێ نزیـك دەکاتـەوە. بەسـتەزمان ژەنـەراڵ ! زەرد هەڵدەگـەڕا، سـوور دەبێتـەوە، دواتـر دەلەرزی، تەنانـەت ئاگـای لـە قومـارکردنی داپـیرە نـەمابوو، کاتێـك میری بچووك لەگەڵ بلانش چوونە دەرەوە، ژەنەراڵیش بەدوای ئەوان رۆیشت.

دی گرێۆ داپیرەی سەرقاڵ دەکرد و بەزمانێکی لووس دەیگوت:

–مەدام ، مەدام، لەم یارییە نابەیەوە... مەحاڵە..

ئەمەی بەزمانێکی رووسی خراپ دەگوت.

–کەواتە چی بکەم؟ تۆ پێم بڵێ چی بکەم!

دی گرێۆ بێ پچڕان بە فەرەنسی قسەی دەکرد، ئامۆژگاری لەدوای ئامۆژگاری، پێی دەگوت دەبێت چاوەڕوانی بەخت بێت، تەنانەت دەستی کرد بە لێکدانەوەی ژمارەکان، داپیرە هیچ حاڵی نەدەبوو. هەموو جارێك دی گرێۆ ئاوڕدەدایەوە تا من قسەکان بکەم بەڕووسی، پەنجەی بەرەو مێزەکە دەبرد، دەیویست بۆی ڕوون بکاتەوە، دواجار قەڵەمێکی هێنا، هەندێك ژمارەی لەسەر نووسی، داپیرە ئۆقرەی نەما و وتی:

–لاچۆ.. لاچۆ! تەنها قسەی پڕوپووچ دەکەی.(مەدام، مەدام) تۆ لەهیچ شتێك ناگەی، دەی بڕۆ.

دی گرێۆ دەستی پێکردووە، ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە، دیاربوو وەك برینداڕێك بوو، نەیدەویست بڕوات:

–بەڵام مەدام

داپیرە فرمانی کرد و وتی:

-باشـه... ئـەمجارە بـەگوێی ئـەو بکـە، لەوانەیـە ئامۆژگارییەکـەی ڕاست دەربچێ.

ئەوەی دی گرێۆ مەبەستی بوو، تـەنها ئـەوە بـوو ڕێگـەی نـەدا بـە پـارەی زۆر یـاری بکـات، بۆیـە پێشـنیاری کـرد پارەکـان بـەجیا لـە زنجیرەیەك ژمارە دابنـێ، منـیش بەمشـێوەیە دامنـا، فـردریکێکم لـە دوانزە ژمارە جووتەکەی یەکەم دانا، دواتر پێنج فردریکم لـە دوانـزە ژمارەکـەی دیکـە دانـە، لـە هەژدەمـەوە تـا بیستوچـوار: بەمـەیش بەهەمووی پارەکە شەش فردریك دانرابـوو. خولانـەوە دەسـتی پـێ کرد:

-سفر

بەمشـێوەیە سەرپەرشـتیارەکە هـاواری کـرد، هـەموو پارەکـەمان دۆڕاند.

داپیرە بە هەڵپەوە ئاوڕی لە دی گرێۆ دایەوە وتی:

-ئەمە چ دەبەنگێك بوو بۆمان هات! ئەم فەڕەنسیە هیچ وپووچە ! سەیری ئەم هەرزەکارە بکە ئامۆژگاریمان دەکات! دەی بـڕۆ، بـڕۆ، لە هیچ شتێ ناگات و خۆی لەهەموو شتێك هەڵدەقورتێنێ.

دی گرێـۆ زۆر ڕەقـی هەڵسـابوو، بەسـوکایەتی شـانی هەڵتەکانـد، بەچاوێکی ڕق و قینە سەیری داپیرەی کرد، دواتر کشایەوە، هەستی

به شەرمەزاری دەکرد، لەوەی خۆی لەکاری داپیرە هەڵقورتاندووە و تووشی ریسوایش بوو، کەچی نەیتوانی خۆی لەمە دوور بگرێت.

کاتژمێرێك تێپەڕ نەبوو، هەموو شتێکمان دۆڕاند، هەرچەندە کۆششێکی بەردەوامان دەکرد.

داپیرە هاواری کرد:

-با بگەڕێینەوە ماڵەوە.

لەگازینۆکە دەرچووین، داپیرە لەتەواوی رێگەکە یەك وشەی نەدرکاند، کاتێك بەناو داربەڕووەکان تێپەربووین، خەریك بوو دەگەیشتینە هوتێلەکە، چەند رستەیەکی لەم جۆرەی لەدەم دەرچوو:

-ئای من چەند نەفامم! ئای چەند گێلم ! من تەنها پیرەژنێکی دەبەنگم...

کاتێك چووینە شوقەکەی هاواری کرد:

-چایەکم دەوێ... یەکسەر با خۆمان بۆ سەفەر ئامادە بکەین. سەفەر دەکەین.

مارتا بە سەرکێشی وتی:

-دەتەوێ بۆ کوێ بچی، ئای خاتوونە چاکەکەم؟

داپیرە وەلامی دایەوە:

–ئەمە چ پێوەندی بەتۆ هەیە؟ تۆ تەنها خەریکی کاری خۆت بە، پۆتاپیچ، هەموو کەلوپەلەکان ئامادە بکە، دەگەڕێینەوە مۆسکۆ، پانزە هەزار روبلی زیوم دۆڕاند.

– پانزە هەزار، ئەی خاتوونە ئازیزەکەم؟ خودایە، خودایە!

پۆتاپیچ بەمشێوەیە هاواری کرد، دەستەکانی لەیەکتر دا، بەزەیی و خەمباری دەرخست، گوایە بەمشێوەیە دڵی خاتوونەکەی دەداتەوە.

–دەی دەی دەبەنگ! دەیەوێ بگری! بێدەنگ بە، برۆ ئامادەکاری بۆ سەفەرەکە بکە، بە زووترین کات لیستی حسیابەکەم بۆ بهێنن.

منیش بۆ ئەوەی ئارامی بکەمەوە وتم:

–داپیرە، شەمەندەفەری داهاتوو، کاتژمێر نۆ ونیو دەڕوات.

–ئێستا کاتژمێر چەندە؟

–حەوت و نیو.

– شتێکی بێزارکەرە! دەی قەیناکە! ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، فلسێکم پێنەماوە، برۆ ئەم دوو کاغەزەم بۆ ورد بکەوە، تا سەفەری پێ بکەم.

بەپێی فرمانەکەی ئەو رۆیشتم، دوای نیوکاتژمێر گەڕامەوە، بینم هەموو هاوڕێیان لەژوورەکەی داپیرە بوون، هەواڵی سەفەری

لەناکاوی بۆ مۆسکۆ، زیاتر لەهەواڵی دۆڕاندنەکەی رۆلێت سەرسامی کردبوون. دەبێ دوای رۆیشتنی داپیرە، ژەنەڕاڵ چی بەسەر بێ؟ هەرچەندە دەزانین، رۆیشتنی ئەو سامانەکە لەفەوتان رزگار دەکات؟ کێ قەرزەکانی دی گرییۆ دەداتەوە؟ ئەی خاتوو بلانش چاوەڕوانی مردنی داپیرە ناکات، بێگومان بۆ لای میری بچووك، یان کەسێکی دیکە دەڕوات. هەموو هەوڵیان دەدا دڵنەوایی داپیرە بکەن و ئارامی بکەنەوە. ئەمجارەش پاولینا ئامادە نەبوو، داپیرەش لەلایەن خۆیەوە جنێوی سووکی بە ئامادەبووان دەدا.

–ئەو جنۆکەیە لەمن دوور بخەنەوە! بۆچی خۆ دەخەنە ناو کاروباری من؟ ئەم ریشی تەگەیە چییە لەبەردەمم وەستاوە؟ (سەیری دی گرییۆی دەکرد) ئەی تۆ تووتی چیت دەوێ (مەبەستی خاتوو بلانش بوو) بۆچی هەڵدەبەزییەوە؟

چاوەکانی بلانش لەتوڕەیی پڕ بوو لە شەڕانگێزی، خۆی نەگرت بە منگەمنگ وتی:

–ئای لەو شەیتانە !...

لەناکاو دایە قاقای پێکەنین و لەژوورەکە چووە دەرەوە، لەلای دەرگاکە بە ڕووی ژەنەڕاڵی هاوارکرد و وتی:

–ئەم ژنە سەد ساڵ دەژی.

داپیرە بەدەنگێکی تیژ قیژاندی و بە ژەنەڕاڵی وت:

-کەواتە تۆ خوازیاری مردنی منی! بڕۆ لەبەر چاوم ون بە. ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ هەموویان بخە دەرەوە. ئێوە چیتان دەوێ؟ پارە پارەی خۆمە هی ئێوە نییە!

ژەنەڕاڵ شانی بەرزکردەوە، دواتر چووە دەرەوە، دی گریۆش بەدوای ڕۆیشت.

داپیرە فرمانی بە مارتا کرد:

-بانگی پراسکۆڤیا بکە.

پێنج خولەکی نەخایاند، مارتا بە یاوەری پاولینا گەڕایەوە. پاولینا تەواوی ڕۆژەکە لەگەڵ منداڵەکان لەژوورەکەی بوو (بێگومان بە ئەنقەست بڕیاری داوە لە ژوورەکەی بمێنێتەوە) لەسیمای خەم و پەژارە دیاربوو.

داپیرە لەسەرەتای قسەکانی وتی:

-پراسکۆڤیا، وەك دەمێك لەمەوبەر ناڕاستەوخۆ زانیومە، ئایا ڕاستە مێردی دایکت، دەیەوێ لەگەڵ ئەم ئافرەتە بەدفەڕە زەماوەند بکات، ئەو فەڕەنسییە، نازانم ئەکتەر یان شەڕانگێزە؟ پێم بڵێ ئەمە ڕاستە؟

پاولینا وەڵامی دایەوە:

–داپیره، بەوردی شتێك نازانم، بەڵام لەقسەکانی خاتوو بلانشەوە دەردەکەوێ، وا بەباشتر دەزانێ، بابەتەکە بەنهێنی بێت، وای بۆ دەچم...

داپیره به توندی قسەکانی پێ بڕی و وتی:

–بەسە. لەهەموو شتێك گەیشتم! هەمیشە دەمزانی بابەتەکان بەمشێوەیە کۆتایی دێت. هەردەم ئەم پیاوەم بە بە پوچترین ولاسارترین پیاوی سەر زەوی داناوە. ئەو شانازی به پلەی ژەنەڕاڵ دەکات (کاتێك خانەنشین کرا ئەم پلەی پێدرا، پێشتر کۆلۆنێل بوو) خۆی بە هەیبەت و مەزن نیشان دەدات. بەڵام ئازیزەکەم هەموو شتێك دەزانم، دەزانم بروسکە بەدوای بروسکەتان ڕەوانەی مۆسکۆ دەکرد (ئایا داپیره مردووە؟) (ئایا داپیره لەسەرە مەرگە؟) ئەمە مانای بروسکەکان بوو، ئێوە چاوڕوانی میراتتان دەکرد. ئەگەر ئەو سامانە نەبووایە ئەو مەخلۆقە(کە وابزانم ناوی دی گۆمێنگە!) ڕازی نەدەبوو ژەنەڕاڵ بە تاقمە ددانەکەیەوە بکاتە خزمەتکار. دەڵێن ئەو ژنە پارەیەکی زۆری هەیە، بەسوو پارە بەقەرز دەدات، گەنجینەیەکی بۆخۆی دروست کردووە. پراسکۆڤیا من تۆ تۆمەتبار ناکەم، تۆ بروسکەکانت نەناردووە، دەزانم تۆ خەسڵەتێکی سەیرتر هەیە... دەزانم .. تۆ زەردەواڵەی پێوەدانەکەت بە ئازارە! لەگەڵئەوەش بەزەییم بەتۆ دێتەوە، چونکە من کاترینای دایکی خوالێخۆشبووی تۆم خۆشدەویست. گوێ بگرە بزانە چیت پێ دەڵێم: واز لەهەموو ئەوانە بهێنە، لەگەڵم وەرە. لێرە شوێنێك نییە

بۆی بچی، شیاو نییە ئێستا لەگەڵ ئەوانە بمێنیتەوە. چاوەڕوان بە (داپیرەی ئەمەی گوت کتایك پاولینا ویستی وەلامی بداتەوە) با قسەکانم تەواو بکەم، من داوای شتێکت لێ ناکەم، تۆ دەزانی ماڵەکەم لە مۆسکۆ کۆشێکی گەورەیە، ئەگەر ویستت با نهۆمێك بەتەواوی بۆ تۆ بێت، دەتوانی هەفتەیەك بەتەواوی لە نهۆمەکەی خۆت بمێنیتەوە، ئەگەر هەڵسوکەوتی منت بەدڵ نەبوو، ئایا بەمە رازی دەبی یان نا؟

– ڕێگەم بدە با جارێ پرسیارێکت لێ بکەم: بەڕاستی تۆ دەتەوێ یەکسەر بڕۆی؟

– ئایا گاڵتەکردن بەسیمامەوە دیارە، کیژۆڵەکەم؟ کاتێك گوتم سەفەر دەکەم، واتە سەفەر دەکەم. ئەمڕۆ پانزە هەزار رۆبڵی زیوم لەو رولێتە نەفرەتییە دۆڕاند. چەند ساڵێکە نەزرم لەخۆم گرتووە، کڵێسایەك لەدەوروبەری مۆسکۆ هەیە، بە دار دروستکراوە، من نەزرم کردووە، بە بەرد نۆژەنی بکەمەوە، لەبری ئەو نەزرەم ئەمڕۆ خەریك بوو خۆم بە قومار لەناوبەرم، بۆیە ئازیزەکە ئێستا سەفەرەکەم دەکەم بۆ ئەوەی فریای نەزرەکەم بکەوم و کڵێساکەم نۆژەن بکەمەوە.

– ئەی ئاوی کانزایی داپیرە؟ تۆ هاتووی چارەسەری نەخۆشیەکەت بە ئاوی کانزایی بکەیت.

– واز له ناوی کانزاییت بهێنه! ئەی پراسکۆڤیا تورەم مەکە! ئایا بە ئەنقەست وا دەکەی؟ پێم بڵێ: لەگەڵم دێی یان نا؟

پاولینا به هەڵچوونەوە دەستی بەقسە کرد:

–داپیرە من زۆر منەتباری تۆم کە پێشنیازی ئەوەم بۆ دەکەی لەماڵەکەی تۆ بژیم. لەوانەیە تۆ لەهەندێك بارودۆخی من تێگەیشتووی، بۆیە زۆر سوپاسگوزارم، زیاتریش لەمە بەم پێشنیازەت وادەکەی من دواتر بەدواتەوە بێم، بەلاّم ئێستا هەندێك هۆکار هەیە.. گرنگە... ناتوانم خۆم یەکلا بکەمەوە و یەکسەر بڕیار بدەم، بەلاّم ئەگەر پانزە ڕۆژی دیکە لێرە بمێنیتەوە ئەوا لەوانەیە......

– کەواتە تۆ ناتەوێ؟

– ناتوانم، سەرەڕای ئەمەیش من نامەوێ برا و خوشکەکە جێبهێڵم. لەوانەیە بەتەنها بمێننەوە... ئەگەر تۆ دەتەوێ منداڵەکان لەخۆ بگرم، بێگومان داپیرە من لەگەڵت دێم. لەوانەیە من شایەنی ئەوە بم (بەگەرم و پەرۆشی پاولینا ئەو قسانەی دەکرد) بەلاّم بێ منداڵەکان .. داپیرە ناتوانم...

– باشە باشە ، مەگری (لەڕاستیدا پاولینا بەخەیاڵی نەدەهات بگری، لەژیانیدا فرمێسکی نەڕشتووە) شوێنێك بۆ بێچووەکان دەدۆزینەوە، هێلانەکە زۆر فراوانە.. کاتی ئەوەش هاتووە منداڵەکان بچنە قوتابخانە. کەواتە تۆ ناتەوێ سەفەر بکەی.. ئاگادار

بە پراسکۆڤیا! من چاکەی تۆم دەوێ.. دەشزانم بۆ دەتەوێ سەفەر بکەی.. من هەموو شتێك دەزانم ئەی پراسکۆڤیا! چاوەڕوانی چاکەیەك لەو فەڕەنسییە بچووك و چەپەڵە مەکە.

پاولینا سوور هەڵگەڕا، منیش لەرزیم (هەموویان دەزانن، تەنها من نەبێت)

–ئێستا باسی ئەو بابەتە ناکەم. بەڵام وریابە نەکەویتە ناو کارەساتێکەوە، لەمەبەستی من دەگەی؟ تۆ کچێکی ژیری، دەروونم ئازارم دەدا تۆ خراپەت تووش بێت، ئێستا هەرئەوەندە، برۆ لەمرۆوە روخساری خۆتم نیشان مەدە! دەی برۆ. ماڵئاوا.

پاولینا وتی:

–داپیرە یاوەریت دەکەم.

– نا بێ سوودە، نیگەرانم دەکەی، تا تەوقی سەرم نیگەرانت کردم.

پاولینا ویستی دەستی داپیرە ماچ بکات، کەچی داپیرە دەستی خۆی کێشایەوە، کچەکەی روومەتەکانی ماچ کرد.

کاتێك پاولینا بەبەردەمم تێپەڕی بەخێرایی سەیری کردم، یەکسەر ڕووی وەرگێڕا.

– ماڵئاوایی لەتۆیش دەکەم، ئەی ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ! تەنها کاتژمێرێك بۆ سەفەری شەمەندەفەرەکە ماوە. وابزانم لەگەڵ من ماندوو بووی. ها ئەو پەنجا فردریکە بگرە.

وتم:

-زۆر سوپاس داپیره، بەڵام بوێری ناکەم....

داپیره هاواری کرد، بەزمانێکی توند و پڕ هەڕەشە وتی کە جورئەتی ئەوە ناکەی رەتی بکەیتەوە. منیش پارەکەم وەرگرت.

سەرەڕای ئەمەش وتی:

- ئەگەر رۆژێك لەمۆسکۆ بێ کار بووی، وەرە لای من بۆ ئەوی کارێکت پێ راسپێرم.. ئێستا دەی برۆ.

بەرەو ژوورەکەی خۆم رۆیشتم، لەسەر قەرەوێلەکەم لەسەر پشت راکشام، دەستەکانم خستە ژێر سەرمەوە. نیو کاتژمێرێك دواتر کارەسات روویدا، شتگەلێك هەن دەبێ بیری لێ بکەمەوە، بریارم دا یەکسەر قسە لەگەڵ پاولینا بکەم..! فەرەنسی بچووك، کەواتە بابەتەکە راستە! ئایا چی روویداوە؟ پاولینا و دی گریۆ؟ ئەی خودایە ئەی خودایە! ئەمە چ نزیکبوونەوەیەکە؟

بەراستی عەقڵ چ باوەڕ بەمە ناکات. لەناکاو هەڵسامەوە، بۆ ئەوەی بچم بەدوای مستەر ئاستلی بگەڕێم، هەرچۆنێك بێت قسەی لەگەڵ بکەم، بێگومان دەزانم ئەو هەموو شتێك لەمن باشتر ئاگادارە.. مستەر ئاستلی؟ ئەمەش نهێنیەکی دیکەیە! بەلآم هێندەی نەبرد لەدەرگای ژوورەکەم درا، کردمەوە بۆئەوەی بزانم کێیە؟ خۆم لەبەرانبەر پۆتاپیچ دۆزییەوە.

-گەورەی ئازیزم ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، خاتوونەکەم داوات دەکات.

–چ روویداوە؟ لە سەفەرکردن پاشگەزبۆتەوە؟ تەنها بیست خولەك بۆ کاتی شەمەندەفەرەکە ماوە؟

– ئازیزەکەم، ئەو زۆر شلەژاوە، ناتوانێ لەشوێنی خۆی ئۆقرە بگرێ.. زووکە، زووکە! ئەو داوای تۆ دەکات، بۆ خاتری خودا دوا مەکەوە.

هەریەکسەر چوومە خوارەوە، بینیم پیرەژن لە دالآنەکان بوو، جزدانی پارەکەی لەدەست بوو، هەرکە منی بینی وتی:

–ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، لەپێشمان برۆ، ئێمە دەچینە ئەوێ.

–بۆکوێ داپیرە؟

– دەبێ پارەکەم بگێرمەوە، تەنانەت ئەگەر لەناوچم! دەی، برۆ، پرسیارم لێ مەکە، یاری تا نیوەی شەو بەردەوام دەبێ، ئەی وانییە؟

لەشوێنی خۆم حەپەسام، بیرم دەکردەوە، هێندەی پێ نەچوو بریاری خۆم دا.

–بەخواستی خۆت بکە ئەنتونین ڤاسیلڤنا، بەلآم من یاوەرییت ناکەم.

–بۆچی؟ چی روویداوە؟ چ میشوولەیەك ئێوەی گەزتووە؟

– بەخواستی خۆت بێ داپیرە، بەلآم من نامەوێ لە ئایندە پەشیمان ببمەوە. نامەوێ، نە تەماشاکەر دەبم، نە بەشدار، لێم

ببوره ئەنتۆنین ڤاسیلیڤنا، ئەمەش ئەو پەنجا فردریکی بەمنت دابوو، ماڵئاوا!

ئەمەم گوت پارە پێچراوەکەم خستە سەر چەکمەچە بچووکەکەی تەنیشت کورسی داپیرە، خواحافیزیم کردو ڕۆیشتم.

داپیرە قیژاندی و وتی:

–ئەم دەبەنگییە چییە؟ باشە، لەگەڵم نایەی، خۆم ڕێگەکە پێ دەزانم، وەرە پۆتاپیچ .. دەی هەڵمگرن!

من نەمتوانی مستەر ئاستلی بدۆزمەوە، گەڕامەوە هوتێلەکە، لە کاتێکی درەنگی شەو، کاتژمێر یەکی شەو، لە پۆتاپیچم زانی کاری داپیرە چۆن تەواو بووە. هەموو ئەو پارەیەی دۆڕاندووە کە من بۆ گۆڕییەوە، واتە دە هەزار ڕۆبڵی دیکە. ئەو پۆلۆنییەی من پێشت دوو فلسێکم بە پاداشت پێ دابوو، بەدوای داپیرەوە بووە، ئەو لەیارییەکان ڕێنمایی کردووە، سەرەتا داپیرە پشتی بە پۆتاپیچ بەستووە، بەڵام هەر زوو دەریکردووە، لەم کاتەدا پۆلۆنی دەردەکەوێ، لەو ڕێکەوتە لەوانەیە ئەنقەستیش بێت کابرای پۆلۆنی لەزمانی رووسی دەگات، تەنانەت بەسێ زمانی تێکەڵ قسە دەکات، بەهەر شێوەیەك بێت لەیەکتر حاڵی دەبن، هەرچەندە داپیرە دڵرەقی لەبەرانبەر نواندووە و لێی توندکردووە، ئەو زیاتر خزاوەتە ژێر پێییەکانی.

پۆتاپیچ چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە و دەیوت:

–ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ ناکرێت ئەو پیاوە بەتۆ بەراورد بکرێت، تۆ وەك بەرێزێك لەخانەدانەکان مامەڵەت لەگەڵ دەکرد، کەچی ئەو (بەچاوی خۆم بینیم ، خوا لەناوبەرێ ئەگەر درۆ بکەن) بەبەرچاوی خاتوونەوە پارەی دەدزی، دووجاری گرت، جنێوی پێدا، بەهەموو وەسفێکی خراپ وەسفی کرد، قژی راکێشا، راستە درۆ ناکەم، خەڵکەکە هەموو پێدەکەنی، بەرێزەکەم، خاتوون هەموو پارەکەی دۆڕاند، هەموو ئەو پارانەی تۆ گۆڕیوەتەوە، گەڕاندمانەوە ئێرە، داوای پەرداخێك ئاوی کرد، وێنەی خاچی کێشا، یەکسەر چۆوە سەر جێگای خەوتنەکەی، لەخوا دەپارێمەوە خەونی فریشتەئاسا ببینی!

پۆتاپیچ بەمشێوەیە کۆتایی بەچیرۆکەکەی هێنا:

–ئای لەو وڵاتانی بێگانە! وتم ئەو سەفەرەی دەرەوە خێری پێوە نابێ، با پەلە بکەڕێنەوە شارە ئازیزەکەمان مۆسکۆ. لەوێ لەچیمان کەم بوو؟ .. باخچەیەکی جوان،، گوڵ هاوشێوەی نەبوو، هەوایەکی پاك و بێگەرد، درەختی سەوز، شوێنێکی فراوان.. نابێ بۆ دەرەوەی وڵات سەفەر بکەین ... ئای ..ئای .

✿

بەشی سێزدەم

نزیکەی مانگێك دەبێت، من دەستم بۆ ئەو یاداشتانە نەبردووە، کە پێشتر دەستم بەنووسینی کردبوو، من لەژێر تەوژمی هەست وسۆزێکم، هەرچەندە ئاڵۆز و شڵەژاوە، بەڵام بەهێز و توندە. ئەو کارەساتەی هەستم بەنزیکبوونەوەی دەکرد، خێراتر لەوە ڕووی دا کە پێشبینیم دەکرد، هەزارجار بەهێزتر و جەرگبڕتر، بەلایەنی کەمەوە ئەوەی پێوەندی بەمنەوە وابوو. کۆمەڵێك ڕووداو روویدا زیاتر لەموعجیزە دەچوو، یان من تا ئێستا بە موعجیزەیان دەزانم، سەرەڕای ئەوەش ناکرێت بە هیچ ناوێکی دیکە وەسف بکرێت، تەنها رێزپەر نەبێت، ئەگەر لەگۆشەنیگایەکی دیکەوە سەیری بکەین، بەڵام سەبارەت بەمن ئەوا تەنها موعجیزەیەك بوو. ئەو ڕەفتارانەی لە ڕووداوەکان ئەنجامم دا، تا ئێستاش ناتوانم تێیان بگەم! وەك خەونێك بوو... تەنانەت شەیدابوونم بەپاولیناش هەر دەکرێت بەهەمان شێوە وەسف بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستیم بەهێز و ڕاستگۆ و دڵسۆزانە بوو، بەڵام ئێستا بوو بەچی؟ هەندێك جار ئەو

پرسیارە لەناکاو بە زەینم دادێ:((ئایا من ئەو کات شێت بووم؟ ئایا تەواوی ئەو کاتە لە نەخۆشخانەی شێتەکان نەبووم؟ ئایا ناکرێت تا ئێستاش من هەر لە شێتخانە بم؟ ئایا ناکرێت ئەوەی بەسەرم هات هەمووی تارمایی بوو، ئێستاش هەر تارماییە؟".

کێ دەزانێ؟ لەوانەیە من جارێکی دیکە دەستم بە کۆکردنەوەی ئەو یاداشتانە کردووە، جارێکی دیکە دەیخوێنمەوە، بۆ ئەوەی قەناعەت بەخۆم بکەم، کە لەنەخۆشخانەی شێتەکان نەنووسراوە ! من ئێستا لەم جیهانە تەنیام، پایز هات، گەڵا دارەکان زەردبوون، من ئێستا لە شارێکی بچووکی مۆن دەژیم (ئای شارە بچووکەکانی ئەڵمانیا چەند دڵتەنگ و غەمبارن !) لەبری ئەوەی بیر لە ئایندە بکەمەوە، دەبینی لە ژێر کاریگەری یادەوەرییە نوێیەکانم، لەژێر کاریگەری ئەو کێژەلووکەی کە هێشتا لێم نزیکە، ئەو کێژەلووکەی کە ماوەیەك بە گێژەنی خۆی بەرزی کردمەوە، دواتر منی خستەوە سەر ئەرز. ئێستاش هەندێکجار هەست دەکەم گێژەنەکە لەگەڵ خۆی دەمبا، کاتێك بەسەرم تێدەپەڕێ، باڵەکانی بەسەر مندا دەکێشێ، بۆیە هاوسەنگیم لەدەست داوە، عەقڵم گێژدە، دەخولێمەوە، دەخولێمەوە، دەخولێمەوە.....

دواجار جێگیر دەبم و لەخولانەوە دەوەستم، کەواتە هەموو ئەو شتانەم بەوردی پوخت کردۆتەوە، کە لەم مانگەدا روویداوە. پێویستم بەوە هەیە جارێکی دیکە قەڵەم بەدەست بگرمەوە،

دواتریش کاتێك ئێواره دادێ من هەرگیز نازانم چی بکەم. سەیر ئەوەیە من هەندێك جار خۆم سەرقاڵ دەکەم، دەچم لە هۆڵێکی خراپ کە لەم شاره بچووکه بۆ خوێندنەوه تەرخانکراوه، ڕۆمانەکانی پۆل دۆکۆك (بە وەرگێرانی ئەڵمانی) دەخوازم، ئەمانە جۆره ڕۆمانێکن بەرگەیان ناگرم، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانخوێنمەوە. سەیرم بەخۆم دێت، بۆچی دەخوێنمەوە؟ ئەم کارەی من وەك ئەوەیە، لەوه بترسم خوێندنەوەی کتێبێکی بەسوود، خۆخەریك کردن بە بابەتێکی پڕ بایەخ، لەو جیهانەی سیحر و شەیدابوونەم دابڕێنێ، کەماوەیەك تێیدا ژیاوم، هەموو ئەو هەست و سۆزەی لە دەروونم ماوەتەوە، بەلامەوە ئازیزن، تەنانەت لەوە دەترسم هەر پێوەندییەکی نوێ، ئەم یادەوەریانە بکاتە دووکەڵ! کەواتە دەبێت بەتەواوی ئاگاداری ئەمە بم؟ بەڵی بێگومان، لەوانە بۆ چل ساڵی دیکە ئەو یادەم لەلا بمێنیتەوە.

کەواتە ئەوەتا منم قەڵەم بەدەستەوە دەگرم، بەهەرحاڵ دەبێت هەموو بابەتەکان بەخێرایی و بەپوختی بگێڕمەوە، چونکە من ئێستا هەستەکانم وەك پێشوو نەماوەتەوە.

سەرەتا با قسەکانمان بە بەسەرهاتی داپیره دەست پێ بکەین و تەواوی بکەین: لەماوەیەکی کورت هەموو شتێکی دۆڕاند. دەبوو ئەمە ڕووبدات، هەر یەکێك وەك ئەو هەڵسوکەوت بکات بە خێرایی غلۆ دەبێتەوە، وەك کەسێك لەسەر شاخێکی بفرین خشۆکە بکات.

داپیرە تەواوی ڕۆژ قوماری دەکرد، تا کاتژمێر هەشتی شەو، من ئەوەم نەبینی بوو، بۆیان دەگێڕامەوە. پۆتاپیچ تەواوی ڕۆژەکە لەگازینۆ پاسەوانی دەبوو. دوو پۆڵێنی ڕێنماییان دەکرد و بەنۆرە شوێنی یەکتریان دەگرتەوە، ئەو پۆلۆنییەی قژی ڕاکێشا و دەری کرد، پۆلۆنییەکی دیکە هاتە شوێنی، بەلاّم ئەوەی دووەمیان زۆر لەوەی یەکەم خراپتر بوو، هێندەی نەبرد ئەویشی دەرکرد، ئەم جارە ئەوەی یەکەمیان هاتەوە، کە شوێنی خۆی جێنەهێشتووە، بەڵکوو لەکورسییەکەی دواوە، وەستابوو، هەموو ساتێك سەری خۆی لەسەر شانی داپیرە شۆڕ دەکردەوە، داپیرە دواجار لە داڕووخانێکی تەواو بوو. پۆڵۆنی دووەمیش شوێنی خۆی جێنەهێشتبوو، بۆیە دواجار یەکێك لە لای ڕاستی داپیرە و ئەویتر لە لای چەپی داپیرە جێگیر بوون. زۆرجار دەکەوتنە دەمەقاڵێ و شەڕ، لەئەنجامی ناکۆکیان لەسەر دانانی بڕی پارەکان، لەسەر تەواوی یارییەکە، تەنانەت جنێویان بەیەکتر دەدا و یەکتریان بەچەپەڵ و زۆڵ وەسف دەکرد، چەندان جنێوی دیکەیان دەدا کە دێتە سەر زاری پۆڵۆنییەکان، دواتر ئاشت دەبوونەوە، بەهەرحاڵ، پارەیان ڕاست و چەوت دادەنا، ئەگەر ناکۆکیان هەبووایە، ئەوا بەدوو جۆر پارەیان دادەنا، بۆ نموونە یەکێکیان لە سووری دادەنا، ئەویتر لەڕەش، لەدۆڕاندنی داپیرە گەیشتنە ئاستێك، داپیرە بۆ دەرکردنیان پەنا بۆ سەرپەرشتیارەکە دەبات و فرمێسك لەچاوەکانی دێتەخوارەوە، ئەمەش ڕوودەدا هەردووك دەردەکرێن، کەچی

هەردووکیان بیانو دەگرن و هاوار دەکەن، گوایە داپیرە پارەی ئەوان قەرزارە، گوایە فێڵی لەوان کردووە و مامەڵەی شەرەفمەندانەی لەگەڵ ئەوان نەکردووە. ئەو ئێوارەیە پۆتاپیچ هەموو ئەو ڕووداوانەی بۆ گێڕامەوە، چاوەکانی پڕ بوون لەفرمێسك، دەیگوت گیرفانی خۆیان پڕ کردبوو، بە ئاشکرا بەبەرچاومەوە دزیان دەکرد و گیرفانیان پڕ دەکرد. بۆ نموونە یەکێك لەکارەکانیان ئەوە بوو، یەکێکیان پێنج فردریکی لەداپیرە وەك کرێ وەردەگرت، دواتر ئەم پارەیەی لەسەر مێزەکە دادەنا، ئەگەر براوە دەبوو، ئەوا پارەکە هی ئەو بوو، ئەگەریش دۆڕا ئەوا هی داپیرە بوو. کاتێك داپیرە تەواو بێزار دەبێت، ئەوە داوا لە سەرپەرشتاریەکە دەکات ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر، پۆلیس دێت تەواوی گیرفای ئەم دوو پۆڵۆنییە خاڵی دەکاتەوە، هەرچەندە هات و هاواریش دەکەن، کەچی پۆلیس پارەکە بۆ داپیرە دەگێڕێتەوە. داپیەر ڕێز و شکۆیەکی تایبەتی لەلایەن سەرپەرشتیاران و کارگێری گازینۆکە هەبوو. کاتێك داپیرە پارەی نەما، ناوبانگی بەتەواوی شارەکە بلاّوبۆوە، تەنانەت ئەو خەڵکەی لەسەرتاسەری ولاّتەوە بۆ خۆشووشتن لە ئاوە کانزاییەکان دەهاتن، بەناوبانگ و بەخەڵکە سادەکەشەوە، بەرەو گازینۆکە دەهاتن، بۆئەوەی ئەو کۆنتێسە ڕووسیە بەسالاّچووە ببینن، کە گەڕاوەتەوە سەردەمی منداڵی و لەسەر مێزی ڕۆلێت (چەند ملیۆنێکی) دۆڕاندووە.

داپیرە زۆر کەم نەبێت، ئەگینا نەیدەتوانی لە پۆلۆنییەکان نەجاتی بێت، کاتێك دوو پۆلۆنییەکە دەرکرا، ئەوا پۆلی سێیەم دەرکەوت، خزمەتەکانی خۆی بۆ داپیرە پێشنیاز دەکرد، ئەوەی سێیەم زمانی رووسی بەتەواوی دەزانی، نایابترین جلی خانەدانەکانی پۆشی بوو، سەرەڕای ئەوەش بەخزمەتکار دەچوو. ئەم پۆلۆنییە سەرەتای شوێن پێی داپیرەی ماچ دەکرد و لەژێر پێی دەخزا، کەچی دواتر بەفیزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەری خۆی دەکرد، وەك دەسەلاتدارێکی ستەمکار فرمانی دەکرد، جۆرێك خۆی دەنواند وەك ئەوەی راسپاردەی داپیرە بێت، هەر کەرەتێکی یارییەکە ئاوڕی لەداپیرە دەدایەوە، سوێندی بەپیرۆزترین شت دەخوارد گوایە ئەو(پیاوێکی بەرێزە) تەنانەت یەك فلس لەداپیرە وەرناگرێت. سەرەتا بەدروستی یاری دەکرد، بەلام کاتێك دەیبردەوە، ئەوا داپیرە خۆی نیازی نەبوو دەستبەرداری بێت، دوای کاتژمێرێك هەردوو پۆلۆنییەکەی دیکە گەڕانەوە، کەپێشتر لەگازینۆکە دەرکرابوون، لەدوای کورسییەکەی داپیرە وەستان، دووبارە پێشنیازی خزمەتکردنیان دەکرد، پێیان دەگوت ئامادەن بچن شتی بۆ بکڕن. پۆتاپیچ سوێندی خوارد ئەو (پیاوە بەرێزە) چاوی لە دوو پۆلۆنییەکەی دیکە داگرتووە، پارەی بەنهێنی پێداون، تا بچن لای بۆفییەکە قاپێك سووپ، یان چاییەك بۆ داپیرە بهێنن. هەردوو پۆلۆنییەکە کۆششیان دەکرد، تەنانەت لە ئێوارەکە کاتێك خەڵکەکە زانیان داپیرە دوایین پارەی خۆی دەدۆڕێنێ، ئەوکاتە شەش پۆلۆنی

لەدەوروبەری داپیرە بوون، کەس پێشتر ئەوانی نەدیبوو، کاتێکیش داپیرە تەواوی پارەکەی دۆڕاند، ئەوا ئەوان هەرگیز بایەخیان بەداپیرە نەدەدا، لەسەر شانی ئەو یارییان دەکرد، فرمانیان دەکرد، قسەیان لەگەڵ (پیاوە بەرێزەکە) دەکرد، ئەم پیاوەش بەتەواوی بوونی داپیرەی فەرامۆش کردبوو، داپیرە کاتێك بەتەواوی مایەپووچ بوو، کاتژمێر هەشتی ئێوارە بۆماڵەوە گەڕایەوە، ئەوکاتەش سێ چوار پۆڵۆنی بەدوایەوە بوون، بڕیاریان دابوو وازی لێ نەهێنن، ئەوان بەدوای کورسییەکەی رایان دەکرد و هاوریان دەکرد، بە ئاشکرا دەیگوت داپیرە فێڵی لێ کردوون، قەرزاری ئەوانە، کاتێك گەیشتنە هوتێلەکە، لەوێ پۆلۆنییەکان بەشەق دەرکران.

ئەگەر حسێبەکانی پۆتاپیچ ڕاست بێت، ئەوا داپیرە ئەو ڕۆژە نزیکەی هەشتا و شەش هەزار روبڵی دۆڕاندووە، جگەلەوەی دوێنێ دۆڕاندوویەتی. هەموو چەکەکانی بەسووی سەدا پێنج گۆڕیوەتەوە، هەموو پشکەکانی یەك لەدوای یەك فرۆشتووە. ئەوەی سەرسامی کردم ئەوەبوو داپیرە چۆن دەیتوانی ماوەی حەوت یان هەشت کاتژمێر لەسەر مێزی قومار بمێنێتەوە، یەك چرکە ئەوێ جێنەهێڵێ. پۆتاپیچ باسی ئەوەی دەکرد، دوو سێ جار داپیرە پارەیەکی زۆر وزەوەندی بدرۆتەوە، ئەمەش مکوڕبوونی زیاتر کردووە، ئومێدەکانی زیندووکردۆتەوە، بۆیە نەیتوانیوە بڕوا. قومارچییەکان چاك دەزانن، قومارچییەك لەتوانای هەیە، بیست وچوار کاتژمێر لە شوێنێك

بمێنێتـەوە، کاغـەزەکانی بەدەسـتەوە بێـت و چـاوی بـۆ ڕاسـت و چەپیش نەڕوانی.

لەم ڕۆژەدا، هەندێك ڕووداوی یەکلاکەرەوە لە هوتێڵەکەمان ڕوویـدا، بەیانییەکـەی بـەر لـە کاتـژمێر یـانزە، هێشـتا داپـیرە لـە شـوێنی حەوانـەوەی خـۆی بـوو، هاوڕێیـان لەسـەر ئـەوە ڕێکـەوتن دوایـین کۆشـش بکـەن (ئەمـە بۆچـوونی ژەنـەڕاڵ و دی گریـۆ بـوو) زانیـان داپیرە لە سـەفەرەکەی پاشـگەزبۆتەوە، گەڕاوەتـەوە گـازینۆ، بۆیـە هاتنە لای (تەنها پاولینا نەبێت) قسەی یەکلاکەرەوەیان لەگەڵ کرد، تەنانــەت زۆر دڵســۆز وڕاســتگۆیانە بــوون. ژەنــەڕاڵ دەلــەرزی و بەتەواوی ئەژنۆی دەشکا کاتێك وێنای ئـەو ئەنجامانـەی دەکـرد، لـە ڕەفتاری داپـیرە دەکەوێتـەوە.نـەیتوانی خـۆی لـەوە بگرێـت قسـەی توند بکات، دوای ئەوەی ماوەی نیو کاتژمێر تکـا لـەدوای تکـا، لێـی پاڕایـەوە، تەنانـەت دانـی بـە خۆشەویسـتیەکی نـابۆ خـاتوو بلانـش (تەواو عەقڵی لەدەست دابوو) هاواری دەکرد و دەیقیژاند، پێیـەکانی لەئەرزەکە دەدات، بەهاوارکردنەوە دەیگوت داپیرە شەڕەفی هـەموو خێزانەکـەی لەکـەدار کـردووە، تەنانـەت شـەڕەفی هـەموو شـارەکە، بەڵکوو ناوی رووسـەکانی زڕانـدووە. لـەکۆتایی قسـەکانی ژەنـەڕاڵ وتی" خاتوونەکە ئەمە کارێکە پۆلیس ڕێگریت لـیّ دەکـات". داپیـەر تـەنها ئەوەنـدەی کـرد دارعەسـاکەی لـە ژەنـەڕاڵ بـەرز کـردەوە و دارعەسایەکی لێدا و دەری کرد.

هەر ئەو بەیانییە، ژەنەراڵ و دی گرێو ، جارێك یان دووجاری دیکە، قسەیان لەسەر بابەتەکە کرد: ئایا دەتوانن پەنا بۆ پۆلیس بەرن، ئایا دەتوانن بە پۆلیس بڵێن ئافرەتێکی بەستەزمان هەیە، بەساڵاچوو و بەرێز، بۆ هەڵسوکەوتی منداڵی گەڕاوەتەوە، ئێستا خەریکە سامانەکەی بەقومار لەناو دەبات... هتد. ئایادەکرێت بەڕێگەیەك لە ڕێگەکان ڕێگری لێ بکرێت؟ بەڵام دی گرێو هێندەی نەبرد، بەگاڵتەوە شانی هەڵتەکاند، بەرووی ژەنەراڵ پێکەنی، ژەنەراڵ بێ ئۆقرە ئەمسەر و ئەوسەری ژوورەکەی دەکرد. دی گرێو دەستەی بەجوڵەیەکی ڕقەوە بەرزکردەوە، هەرگیز نەگەڕایەوە. ئێوارە زانرا دوای ئەوەی گفتوگۆیەکی نهێنی لەگەڵ بلانش کردووە، هۆتێلەکەی بەجێهیشتووە. سەبارەت بەخاتوو بلانش ئەو بەیانییە هەندێك ڕێکاری توندی ئەنجام دا: بۆ دوایین جار ژەنەراڵی دەرکرد، تەنانەت بەرگەی ئەوە ناگرێ لەدوورەوەش سەیری بکات. کاتێك ژەنەراڵ بەدوای بلانش دەچێتە گازینۆ، دەبینی ئەم خاتوونە خۆی بەقۆڵی میری بچووك هەڵواسیوە، خاتوو بلانش و دی کۆمێنگی بێوەژن خۆیان لەژەنەراڵ نەناس دەکەن، تەنانەت میری بچووکیش سڵاوی لێ ناکات. خاتوو بلانش تەواوی ڕۆژەکە خەریکی میری بچووك دەبێت، بەهەموو شێوەیەك دەوروخولی دەدات و خۆی خۆشەویست دەکات، بۆ ئەوەی دواجار ئەویش شتێکی یەکلاکەرەوەی پێ بڵێ! کەچی مەزندەکانی بلانش زۆر هەڵە بوو، بەداخەوە! ئێوارە دەرکەوت میر لە ئەیوب هەژارترە. تەنانەت بۆ

ئەوە پەنای بۆ بلانش هێناوە هەندێك پارەی بەقەرز پێ بدات، تا لە رۆلێت قومار بكات، بەمشێوەیە بلانش بەتورەیی مىر دەردەكات، بەخەمباری ئەو ئافرەتە خۆی لە ژوورەكەی زیندانی دەكات، هەرگیز نەدەهاتە دەرەوە.

بەیانی هەمان رۆژ چوومە لای مستەر ئاستلی، یان بڵێی تەواوی بەیانییەكە بەدوای گەڕام، لەهیچ شوێنێك نەبوو، لەماڵەوە نەبوو، لەگازینۆ، لە باخچەكەش نەبوو، تەنانەت نانیشی لە هوتێل نەخواردبوو، كاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕ چاوم پێكەوت لە وێستگەی شەمەندەفەر بەرەو هۆتێل ئینگلتەرا دەگەڕایەوە. بەخەمباری هەنگاوی دەنا، هەرچەندە بۆ كەسێك زەحمەتە هەست بە شلەژان و سەرقاڵی بكات لەسیمای ئاستلی. بەخۆشەویستی دەستی تەوقەكردنی درێژكرد و بەشێوازە باوەكەی خۆی وتی (ها !)، بەلاَم نەوەستا بەڵكوو هەنگاوەكانی خێراتر بوو، منیش بەدوای كەوتم، سەرەڕای ئەوە من هەستم بەشەرمەزاری دەكرد باسی پاولینای لەگەڵ بكەم، بەلاَم ئەو بایەخێكی بەم بابەتە نەدەدا، باسی ئەوەم بۆ كرد چی بەسەر داپیرە هاتووە، ئەو بە بایەخەوە گوێگرت بوو، دواتر شانی هەڵتەكاند.

وتم:

—هەموو شتێك دەدۆڕێنیَ.

وەلاَمی دایەوە:

–ئۆی، هەڵبەتـە... کاتێـك سـەفەرم کـرد، بینـیم بـۆ قومـارکردن دەچووە گازینۆ، من بێگومان بووم کە دەدۆڕێ. ئەگەر کـاتم هـەبوو دەچمە گازینۆ، بۆ خۆم سەیری دەکەم، بەزمێکی خۆشە..

–بۆ کوێ سەفەرت کرد؟

–بۆ فرانکفورت.

–بۆ ئیش وکار؟

–بەڵێ.

لەچـی دەمتـوانی پرسـیاری زیـاتر لـێ بکـەم؟ کاتێـك مـن لەگـەڵی دەڕۆیشتم ئەوا لـەناکاو بـەرەو هـۆتێلی (چـوار وەرزەکـە) ڕۆیشـت، کەلەسـەر ڕێگەکـەوە بـوو، بەسـەر خواحـافیزی لێکـردم و ون بـوو. کاتێـك بـەرەو شـوێنەکەی خـۆم دەگەڕامـەوە لـەوە دڵنیـام بـوو دوو کاتژمێری دیکـە قسـەم لەگـەڵ بکردبووایـە نەمـدەتوانی شـتێکی لـێ هـەڵکرێنم، چـونکە مـن پرسـیارێکم نـەبوو ئاڕاسـتەی بکـەم! بـەڵی بەدڵنیایی وا بوو، من نەمدەتوانی پرسیارەکانم بۆ ئەو داڕێژم.

پاولینا تەواوی ڕۆژ لەگەڵ منداڵەکان و خزمەتکارەکە لە باخچـەکە پیاسـەی دەکـرد، یـانیش بەتـەنها لەماڵـەوە دەمایـەوە. ماوەیەکـە لەدیـداری ژەنـەڕاڵ رادەکـات، هـیچ قسـەیەکی لەگـەڵ ناکـات، یـان بەلایەنی کەمـەوە قسـەی جـددی لەگـەڵ ناکات. ماوەیەکـە تێبینـی ئـەوەم کـردووە. لەگەڵئەوەشـدا مـن دەمزانـی بـارودۆخی ژەنـەڕاڵ

چوونە، ئەو دەبێت قسەی لەگەڵ ئەوکچە کردبێ، لەوانیە بەشێوەیەکی گشتی قسەیان لەسەر کاروباری گرنگی خێزانەکەیان کردبێ. من دوای قسەکردنم لەگەڵ مستەر ئاستلی گەڕامەوە هوتێل، بە پاولینا و منداڵەکان گەیشتم، لە چاوەکانی نیشانەی هێمنی و لەسەرخۆییم بەدی کرد، وەك ئەوەی گێژەنی خێزانەکە پێوەندی بەو نەبووبێت. کاتێك سڵاوم لێکرد بە جوڵەی سەر وەڵامی دامەوە، بە نیگەرانی چوومە ژوورەکەی خۆم.

بێگومان خۆم لەوە دووردەگرت قسەی لەگەڵ بکەم، لەکاتی ڕووداوەکەی باڕۆنەوە جارێك ڕێکەوتی ئەوم نەکردووە. بابەتەکم بە بابەتی شەرەف لەقەڵەم دەدا، بەڵام بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار تورەیی من زیاتر و زیاتر دەکولا: وا دابنێ منی خۆشناوێ، ئەمە مانای ئەوە نییە بەمشێوەیە پێ لە سۆزی من بنێ، یان بەو ڕقە ڕووبەڕووی هەستی من ببێتەوە. دەیزانی بەڕاستی من ئەوم خۆشدەوێ. ڕێگەی پێدام بەم شێوەیە قسە بکەم، ڕاستە بابەتەکە بەنامۆیی دەستی پێ کرد، ماوەیەکە تێبینی ئەوەم کردووە (ئەم ماوەیە تێپەڕیوە، دوو مانگی بەسەرچووە) ئەو دەیویست بمکاتە هاوڕێی خۆی، جێگەی دڵنەوایی نهێنی پارێزی بم، لەم پێناوەدا چەندان هەوڵی دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە پێوەندییەکانمان بەشێوە سەیر و نامۆکە بەردەوام بوو. بۆیە بەمشێوەیە کە هەبوو قسەم لەگەڵ دەکرد،

ئەمـەش خۆشەویسـتیەکەی شـێواند، کەچـی ئـەو هـیچ ڕێگرییـەکی
لەقسەکانم نەدەکرد؟

ئەو هیچ شتێکی بۆ ڕێگری کردن لـەمن نـەدەکرد، تەنانـەت زۆرجا
هانی دەدام قسە بکەم.. بێگومان بۆئـەوەی گاڵتـەم پـێ بکـات، مـن
تـەواو لـەوە دڵنیـام. هەسـتم بـەوەکردبوو، چـێژی لەقسـەکانی مـن
وەردەگرت، گوێبیستی من دەبـوو، تـا ئەوپـەڕی ئـازارم دەچەشـت،
کەچـی لـەناکاو هەڵسـوکەوتێکی دەنوانـد نیشـانی ڕقبوونـەوە و بـێ
بایەخی و کەمتەرخەمی بێت. ئەو چاك دەزانیٚ من بیٚ ئەو ناژیم، هـە
ئەوەتا سـیٚ ڕۆژ بەسـەر ڕووداوەکـەی بـاڕۆن تێپـەڕیوە، کەچـی مـن
تائێستا ناتوانم بەرگەی جیابوونەوە بگرم. چەند ساتێك لەمەوبەر کا
لەنزیك گازینۆکە بینیم، دڵم کەوتە خورپەوە، ڕەنگم بزرکـا، ئـەویش
ناتوانیٚ بیٚ من بژی! وەو پێویستی بەمنە ...ئایا دەکرێت وەك ئەو
بێت پێویستی بە بەهلولێك هەبێت؟

پاولینا نهێنیەکی هەیە.... ئەمە ڕوونە. گفتوگۆکانی لەگـەڵ داپـیرە
وەك خەنجەرێك بوو، بۆ دڵم. من هەزار جار داوام لیٚ کردووە، لەگەڵم
ڕاشـکاو وڕاسـتگۆ بێـت، کەچـی ئـەو هـەردەم بـە ڕق و کینـە منـی
دوورخسـتۆتەوە. لـەبری ئـەوە داوام لـیٚ بکـات ژیـانی خـۆم بکەمـە
قوربانی ئەو، داوای ئەنجامدانی کاری ڕیزپـەڕی لێکـردووم، وەك ئـەو
کارەی لەبەرانبەر باڕۆن ئەنجامم دا. ئایا ئەمە بابەتێك نییـە جێگـای
سەرنج بێت؟ ئایا دەکرێـت فەڕەنسـیەکە لـەلای ئـەو هـەموو شـتێك

بێت؟ یان مستەر ئاستلی؟ لێرەدا تێگەیشتن لەبابەتەکە ئەستەم دەبێ، گومانی تێدانییە.... لەگەڵئەوەشدا خودایە من چ سەخترین ئازار دەکێشم !

کاتێك گەیشتمە ژوورەکەم، تورە و بێزار، ئەم چەند دێڕەم بۆ پاولینا نووسی:

" پاولینا ئەلسکەندرۆڤنا ! من لە کۆتاییەکە نزیك دەبمەوە. ئەمە روونە پێوەندی بەتۆش هەیە. بۆ چەندەمین جار دووبارەی دەکەمەوە: ئایا پێویستت بەژیانی منە؟ ئەگەر دەزانی لەکارێك سوودبەخش دەبم بۆ تۆ، بە پێی خواستی خۆت هەڵسوکەوت بکە. ئێستا من لەژوورەکەی خۆمم، زۆرترین کات لەوێ دەمێنمەوە، ناچمە هیچ شوێنێك، ئەگەر پێویستت بەمن بوو بەدوام بنێرە، یان بۆم بنووسە".

نامەکەم پێچا، فرمانم بە خزمەتکاری نهۆمەکە کرد، بۆ پاولینای ببات، بیداتە دەستی خۆی، من چاوەڕوانی وەڵامم نەدەکرد، کەچی خزمەتکارەکە دوای سێ خولەکە گەڕایەوە، وتی سڵاوی بۆ تۆ هەیە.

کاتژمێر حەوتی ئێوارە ژەنەڕاڵ بەدوای منی نارد.

ژەنەڕاڵ لەژوورەکەی بوو، بەشێوەیەك جلی پشوو بوو، لەوەدەچوو بەنیازی چوونە دەرەوە بێت، کڵاو عەساکەی لەدیوەخانەکە بوو. کاتێك چوومە ژوورەوە بینیم لەناوەڕاستی

ژوورەکە وەستاوە قاچەکانی کردووەتەوە، سەری نزم بوو، لەبەر خۆی قسەی دەکرد. هەرکە منی بینی، بەرەو رووی من هات، هێندەی نەمابوو هاوار بکات، من بێ خواستی خۆم هەنگاوێك گەڕامەوە، لەوانەبوو ڕابکەم، بەڵام هەردوو دەستی گرتم، بەرەو قەنەفەکەی بردم، خۆی دانیشت و منی لەبەردەمی خۆی لەسەر کورسیەك دانا، دەستی کرد بە پاڕانەوە و کڕوزانەوە، دەستەکانی منی بەرنەدەدا، لێوەکانی دەلەرزین، فرمێسك بەچاوەکانی دەهاتەخوارەوە:

– ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، رزگارم بکە، رزگارم بکە، بەزەییت بەمن بێتەوە.

ماوەیەکی زۆر نەمدەتوانی لەشتێك بگەم، بێوچان قسەی دەکردو هەرچرکەساتێکیش ئەمەی دووبارە دەکردەوە" بەزەییت بەمن بێتەوە". دواجار مەزندە ئەوەم کرد ئەو داوای شتێکی وەك ئامۆژگاریم لێ دەکات، دەزانێ هەموو جێیان هێشتووە، پەژارە بەرۆکی گرتووە، بۆیە منی وەبیرهاتووەتەوە، بۆشتێك بەدوای منی نەناردووە، بەڵکوو دەیەوێ قسە بکات، بەردەوام قسە بکا.

ئەو عەقڵی لەسەر نەماوە، یان بەلایەنی کەمەوە، گێرۆدە بووە، ئەو دەستەکانی بە پاڕانەوە دەخستە سەر یەك، هێندە نەمابوو بکەوێتە سەرئەژنۆم، تکاکارم بێت. (ئایا دەزانن تکایەکەی لەمن

چی بـوو؟) یەکسـەر بچمە لای بلانـش، بپاڕێمـەوە و هـانی بـدەم بگەڕێتەوە لای ژەنەڕاڵ زەماوەندی لەگەڵ بکات.

بە هەڵپەوە وتم:

–ژەنـەڕاڵ ڕێگـەم بـدە! خـاتوو بلانـش بـەهیچ شـێوەیەك سـەرنجی بوونی من نادات، من دەتوانم چی بکەم؟

بیـانوگرتن و خـۆ دوورخسـتنەوە بێهـودە بـوو، ئـەو لـەهیچ شـتێك نەدەگەیشت کە بۆی باسـدەکرا، تەنانـەت قسـەیەکی زۆری لـەبارەی داپیرەوە کـرد، قسـەکانی بێسـەروبەر بـوون، تەنانـەت لـە بیرۆکـەی پەنابردنە بەر پۆلیس پاشگەزنەبۆوە.

لەکاتێکدا لە توڕەیی دەکولا، لەناکاو وتی:

–لـە ولاتـی ئێمـە... لـەولاتی ئێمـە... مەبەسـتم ... لـەو ولاتـەی ڕێکوپێکـە دەسـەلاتی بەرپرسـی هەیـە، ئـەم جـۆرە پیرەژنانـە ڕاستەوخۆ دەخرێنە ژێر ڕاسپاردەیی..

لـەناکاو بـەزمانی شـکۆوە قسـەی دەکـرد، لـە شـوێنی خـۆی هەڵسایەوە، بە هاتوچۆ ژوورەکـەی دەپێـوا، وەك ئـەوەی بەخـەیاڵی قسە لەگەڵ کەسێك بکات لەسووچێکی ئەم ژوورە بێت:

–بـەڵی پیـاوی بـەڕێز و ئـازیز.. تـۆ ئەمـە دەزانـی.. دەبـێ بزانـی کارەکەش بەم شێوەیە دەبێـت. .. بـەڵی.. لـەولاتی ئێمـە پیرەژنـی لەم جۆرە ڕادەگیرێت. بەڵێ بەڕێزم ... ئای . ئای لەبەدبەختی من.

دووباره کەوتەوە سەر ئەرز، دوای چرکەیەك، بەپەلە و بەهەناسە سوواری وەك ئەوەی بخنکیّ، قسەکانی دەست پیّ کردووە، وەك ئەوەی خەون ببینیّ، باسی ئەوە بۆ کردم چۆن خاتوو بلانش نایەویّ شووی پیّ بکات، چونکە داپیرە لەبری هەواڵی مردنەکەی، خۆی هاتووە، کەواتە ڕوون ژەنەڕاڵ میراتی نابێت، ژەنەڕاڵ هێشتا وادەزانی من هیچ شتێك نازانم، ویستم قسە لەسەر دی گریۆ بکەم، بەلاّم بە ئاماژە منی وەستاند و وتی:

–بیّ نامووس! هەموو شتەکانم لای ئەو کردۆتە بارمتە، ئێستا وەك کرمۆڵەیەك رووتم، ئەو پارەیەی تۆ بۆ منت هێنابوو... ئەو پارەیە... نازانم چەندە... بەهەر حاڵ ئەو برە پارەیە، واز بزانم حەوسەد فرانك... هەر هێندەم لاماوە، هەر هێندە ماوە. ئێستاش نازانم ... نازانم...

بەسەرسامییەوە هاوارم کرد:

–ئەی چۆن کرێی هوتێلەکە دەدەی؟ ئەی دواتر.....؟

بەخێرایی سەیری کردم، وا دیارە لەهیچ شتێك ناگات، تەنانەت نابیستیّ. ویستم قسەکانم بێنمە سەر پاولینا ئەلکسەندرۆڤنا و منداڵەکان، بەپەلە دەیوت (بەڵێ، بەڵیّ) دواتر یەکسەر ڕژایەوە سەر بابەتی ئەو میری سەفەری کردوو، لەگەڵ خاتوو بلانش... ئەوکاتەش. .. ئەوکاتەش.

ئەو کاتە لەناکاو رووی لەمن کرد و وتی:

—ئەو کاتە من پەنا بۆچی ببەم... ئەی ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ؟ چیم بەسەر دێت؟ ئەی خودا ئەی خودایە... پێم بڵێ ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ: ئەمە ناهەقییە؟ ئەمە ناهەقییە؟ ئەی ئەمە ناهەقی نییە؟

لەپڕ دەستی بەگریان کرد و بەسەرخاوەت فرمێسکی دەڕشت.

بەلاّم کاتێك پیاوەکە لەم حاڵەتە بێت، مرۆڤ چی لەدەست دێ بۆی بکات، تەنانەت جێهێشتن بەتەنیا دوور نییە لەمەترسی: لەوانەیە شتێکی بەسەر بێت. هەر چۆنێك بێت بە رێگەیەك خۆم لێی نەجات دا، بەلاّم بەخزمەتکارە ژنەکەم وت ناوە ناوە سەری لێ بدات، لەحاڵی ژەنەراڵ ئاگادار بێتەوە، لەگەڵ خزمەتکاری نهۆمەکەش قسەم کرد، ئەو گەنجێکی زۆر وریایە، بەڵێنی پێدام، کە زۆر وریا دەبێت.

هەرکە ژەنەراڵم بەجێ هێشت، پۆتاپیچ هات تکای لێکردم بچمە لای داپیرە، کات نزیك هەشتی ئێوارە بوو، داپیرە تازە لەگازینۆکە گەڕابووەوە، هەڵبەتە دوای ئەوەی دوایین فلسی دۆڕاندبوو. چوومە لای داپیرە، ئەم پیرەژنە بەسالاّچووە، لەسەر کورسییەکەی بەشەکەتی کەوتبوو، بەڕوونی دیار بوو نەخۆش بوو، ماریتا چایەکی بۆ هێندە بەزۆری هەندێکی لێ فرکرد، دەنگی داپیرە بەتەواوی گۆڕا بوو.

بە هێواشی سەری دانەواند و بەسەنگینی وتی:

–ئێـوارەت بـاش، ئازیزەکـەم ئەلێکسـی ئیڤـانۆڤیچ، لـێم ببـوورە جـارێکی دیکـە نیگـەرانت دەکـەم، وادەزانم تـۆ لەبەرانبـەر ژنێکـی بەساڵاچـوو لێبوردەیـت. هاورێیەکـەم هـەموو شـتێکم لـەوێ دانـا، نزیکـەی سـەد هـەزار رۆبڵـم دۆڕانـد. تـۆ لەسـەر هـەق بوویـت کاتێـك رەتکـردەوە یـاوەرییم بکـەیت. ئێسـتا هـیچ شـتێکم نییـە، تەنانـەت فلێسـکم نییـە، حەزناکـەم چـرکە سـاتێك لێـرە بمێنمـەوە، دەبێـت کاتژمێر نۆ و نیو سەفرە بکەم، بۆیە بـەدوای هـاوڕێ ئینگلیزەکـەی تۆم ناردووە کە ناوی مستەر ئاستلییە، بۆ ئەوەی سێ هەزار فـڕانکم بەقەرز پێ بدا، دوای هەشت ڕۆژ بۆی دەگەڕێنمەوە. پێی بڵێ خـراپ تێنەگات، رەتیشـی نەکاتـەوە قـەرزم پـێ بـدات، ئازیزەکـەم هێشـتا دەوڵەمەندم، من سێ گوند و دووخانووم هەیە، هێشتا پـارەم مـاوە، بەڵام خۆ هەموو پارەو سامانەکەم لەگەڵ خۆم نەهێناوە. ئەم قسانە دەکەم بۆ ئەوەی هاورێیەکـەت دڵنیـا بـێ و نیگـەران نـەبێت... هـا . ئەوەتا گەیشت، وا دیارە پیاوێکی جوامێرە.

مستەر ئاستلی بە پەلە بەپیر هاواری داپـیرە هـاتبوو، هـەر یەکسـەر سێ هەزار فڕانکی بەقەرز دا، بێ هیچ دوودڵی و قسەکردنێك، داپـیرە کۆمپیاڵیەکی بۆ ئیمزا کرد و ئەویش خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.

– ئێستایش ئەلێکسـی ئیڤـانۆڤیچ وازم لـێ بهێنـە، تـەنها کاتـژمێر و نیوێك بۆ سەفەرەکەم ماوە، تۆزێك لەجێگاکەم رادەکشـێم، ئێسـقانم

ئازارم دەدا، داوای لێبووردن دەکەم.. من پیرەژنێکی گەوجم، لەمەودوا لەبەردەبەنگی گلەیی لەگەنجان ناکەم، تەنانەت من ئێستا شەرم دەکەم گلەیی لە هاوڕێ بەستەزمانەکەت ژەنەڕاڵ بکەم، بەلام هیچ پارەیەکی پێ نادەم. نابێ ئەمەی پێناخۆش بێ، ئەو ئاژەڵێکی گەورەیە... کەچی مریشکێکی پیرم، ژیریم لەو زیاتر نییە، خوا زوو یان درەنگ تۆڵە لە تاوانکاران دەکاتەوە. دەی خوات لەگەڵ... ماریتا هەڵمستنەوە.

دەمویست داپیرە بەڕێ بکەم، کەچی لەهەمان کات پێشبینی ڕوودانی شتێکی دیکەم دەکرد، وا خەیاڵم دەکرد هەر لەو کاتەدا شتێك ڕوودەدا، نەمتوانی لەژوورەکەم بمێنمەوە، چوومە ناو هۆڵەکان دواتریش بەرێگەی داربەڕووەکان تێپەڕیم بۆ ئەوەی پیاسەیەك بکەم. نامەکەم بۆ پاولینا یەکلاکەرەوە و زۆر ڕۆشن بوو، بێگومان کارەساتێك ڕوودەدات، لە هۆتێلەکەم بیستووە دی گریۆ ڕۆیشتووە، کەواتە پوختەکەی ئەوەیە: ئەگەر پاولینا من وەك هاوڕێیەك ڕەت دەکاتەوە، ئەوا وەك خزمەتکارێك قبوولم دەکات، چونکە ئەو پێویستیی بە منە، تەنانەت بۆ شت کڕینیش بێت، بەڵی پێویستی بەمنە ئەمە زۆر ڕۆشنە !

کاتی ڕۆیشتنی داپیرە هات بە پەلە چوومە وێستگەکە، سواری شەمەندەفەرەکەم کرد، کاتێك هەموو شوێنی خۆیان گرت، داپیرە بە ماڵئاواییکردن وتی:

-ئەی هاوڕێکەم، سوپاسی ئەم بەڕێکردنەت دەکەم کە خاڵی بوو لەهەر مەبەستێك، ئەمە بۆ پڕاسکۆڤیا دووبارە بکەوە، کە دوێنی پێم وت، من چاوڕوانی ئەوم.

بەرەو ژوورەکەم بە قاندرمەکە سەرکەوتم،کاتێك بەلای ژوورەکەی ژەنەڕاڵ تێپەڕیم، خزمەتکارەکەم بینی، لە ئەحواڵی ژەنەڕاڵم پرسی بەدڵتەنگی وەلاّمدایەوە وتی:

-کێشەیەکی نییە، گەورەم

چوومە لای کەچی لەلای دەرگا تووشی شۆك بووم، ژەنەڕاڵ و خاتوو بلانش بەقاقا پێدەکەنین. دی کۆمێنگی بێوەژنیش لەلایان بوو، لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو. ئاشکرا بوو ژەنەڕاڵ لەخۆشیا عەقڵی لەکەللە نەمابوو. بەردەوام قسەی پڕوپووچی دەکرد. تووشی نۆرەی خۆشی وشادیی بووبوو، دەموچاوی بە گەندەموو داپۆشراو و تەنانەت چاوەکانیشی ون کردبوو.

دواتر زانیم، کاتێك خاتوو بلانش مێر دەردەکات و دەزانێ چ خەم وپەژارەیەك بەسەر ژەنەڕاڵ هاتووە، بڕیار دەدا دڵنەوایی بکات و سەردانێکی کورتی بکات، بەڵام ژەنەڕاڵی داماو نازانێ لەو کاتەدا چارەنووسەکەی دیار بووە، بلانش جانتاکانی پێچاوەتەوە و کەلوپەلەکەی ئامادەکردووە، بۆ ئەوەی بە شەمەندەفەری بەیانی سەفەری پاریس بکات.

ماوەیـەكی كـورت لەبـەردەم ژوورەكـەی ژەنـەڕاڵ ماوەمـەوە، لـە چـوونە ژوورەوە پاشـگەزبوومەوە، بێنـەوەی كـەس چـاوی بـەمن بكـەویٚ، ڕۆیشـتم، بـەرەو ژوورەكـەم سـەركەوتم، كاتێـك دەرگەكـەم كردەوە، لە تاریكایی ژوورەكە بینیم كەسێك لەسەر كورسـی لـەنزیك پەنجەرەكە دانیشتووە، كە چوومە ژوورەوە هەڵسایەوە، بەپەلە لێی نزیك كەوتمەوە.. بینیم، هەناسەم نەدەهات، ئەمە پاولینایە.

✿

بەشی چواردەم

قیژەیەکم لەدەم دەرچوو.

بەدەنگێکی سەیر وتی:

–چیتە؟ چیت بەسەرهاتووە؟

ڕەنگی هەڵبزڕکابوو، بێ سەلیقە دیاربوو:

–چیمە؟ چیم بەسەر هاتووە؟ تۆ.... ئەوە تۆی ... لێرە.. لەلای من؟

– کاتێك من دێم، بەتەواوی دێم، ئەمە نەریتی منە. ئێستا ئەمە دەبینی. ئەم مۆمە داگیرسێنە.

گوێڕایەڵی فرمانەکەی بووم، کە هەڵسامەوە و لەمێزەکە نزیك بوومەوە، بیینم نامەیەکی هەڵپچڕاو لەسەر مێزەکە دانراوە، فرمانی کرد بی خوێنمەوە:

–بخوێنەوە.

بێدەنگ بوو، منیش دەستم بۆ نامەکە برد:

–ئەمە دەسخەتی دی گرپۆیە.

دەستەکانم دەلەرزی، ڕستەکان لەبەردەمم سەمای دەکرد، ئێستا ناوەڕۆکی نامەکەم لەبیرکردووە، بەلام نامەکە بەم مانایە ئەبوو، ئەگەر وشە بە وشە بەمجۆرە نەبێت:

" خاتوونەکەم، هەندێك بارودۆخی ئازاربەخش وادەکات بێ دواکەوتن سەفەر بکەم، تێبینی ئەوەم کردووە، بێگومان تۆ بەئەنقەست خۆت لەوە بەدوور گرتەوە، بەر لەوەی هەموو شتێك ڕوون بێتەوە، لەگەڵ یەکتر ڕاشکاو بین. گەیشتنی پیرەژن لەبری بروسکەی مردنی، ڕەفتاری دەبەنگانەی ئەو، هەموو دوودڵییەکانی ڕەواندەوە. شڵەژانی کاروباری تایبەتم، ڕێگەم پێ نادات، لەو خەیاڵە شیرینانە بەردەوام بوو، کەماوەیەکە بۆ خۆم دروستم کردووە. بەداخم بۆ ئەو شتانەی ڕوویدا، بەلام تکا دەکەم وا لە ڕەفتاری من نەگەی، کە پیاوێکی بەرز و مرۆڤێکی شەڕەفمەند لەکەدار بکات. من سامانی خۆم هەمووی بۆ دانەوەی قەرزی مێردی دایکت تەرخان کرد، بۆیە ئێستا ناچارم ئەوەی ماوە بۆ کاروباری تایبەتی خۆم بێت. بە هاوڕێیانم ڕاگەیاندووە لە پترۆسبۆرگ، پەلە بکەن لەفرۆشتنی ئەو موڵکانەی وەك بارمتە لەلای منە. ئەوەندەی دەزانم مێردی دایکت سەروەتەکەی تۆی هەموو لەناوبردووە.، منیش بڕیارم دا لە پەنجا هەزار فرانك لێی خۆش بم، بۆیە بەقەد ئەوە کۆمپیاڵەی بارمتەکانم بۆ گێڕاوەتەوە، جا تۆ دەتوانی پەنابەریتە بەر داداگ بۆ ئەوەی ئەم بەشەی خۆت بگێڕیتەوە. خاتوونەکەم

هیواخوازم ئەو دەستپێشخەریەی من لەباروودخی شێواوی ئێستات سوودێك بگەیێنێ. هەروەها هیوام وایە بەم دەستپێشخەرییە وەك پیاوێکی بەشەرەف ئەرکی خۆم بەجێگەیاندبێ، متمانەت هەبێت یادی تۆ وەك نەخشێك هەتاهەتایە لەدڵما دەمێنێ".

رووم بۆ پاولین وەرگێڕا و وتم:

-بابەتەکە ڕوونە.

دواتر بە هەڵپە و بەتوورەیی وتم:

-جگە لەمە پێشبینی شتێکی دیکەت دەکرد؟

بە هێمنییەکی رووکەش، بەڵام لەرزینێك بەدەنگی دیار بوو، وتی:

-پێشبینی هیچ شتێکم نەکردووە، ماوەیەکی دوور و درێژە هەمان بۆچوونی منت هەیە: من بیرۆکەکانی ئەوم دەخوێندەوە.. وایدەزانی من هەوڵ دەدەم... وایزانی پێداگری دەکەم.....

ئەمەی وت و دواتر وەستا، لێوەکانی دەگەز لەنیوەی ڕستەکە وەستا و بێدەنگ بوو.

دوای چرکەساتێك وتی:

-بە ئەنقەست ڕقی خۆم بۆ ئەو دەردەبڕی، دەمویست بزانم چی دەکات. ئەگەر بروسکەکە دەگەیشت ئەوا ئەو پارەیەم پێ دەدایەوە، کە ئەو دەبەنگە (مێردی دایکم) قەرزاریەتی، دواتریش

دەرم دەکرد. ماوەیەکە بەرگەی بینینی ناگرم.. ئای ! پێشتر پیاوێکی دیکە بوو، بەتەواوی پیاوێکی دیکە بوو ! بەلاّم ئێستا چەند دلّخۆش دەبم بەوەی هەلی ئەوەم هەبێت ئەو پەنجا هەزار فرەنکەی بۆ فڕێ دەم و دواتریش تفێك لە ڕووخساری بکەم.

– بەلاّم ئەو کۆمپیالّە و بەلّگەی پەنجا هەزارییەکە لەلای ژەنەڕالّە، دەتوانی بیگێڕیتەوە و بە دی گرێۆی بدەیتەوە !

– ئای ... بابەتەکان وەك یەکتر نین، وەك یەك نین !

–ڕاستە ڕاستە، ئێستا بارودۆخی ژەنەڕالّ چییە؟ دەیەوێ چی بکات؟

دواتر لەناکاو وتم:

–ئەی داپیرە.

پاولینا بە پەشۆکاوی سەیری کردم و بە بێتاقەتی وتی:

–بۆ پرسیاری داپیرە دەکەی؟ من ناتوانم بچمە لای ئەو...

دواتر بەتووڕەیی وتی:

–داوای بەزەیی لەکەس ناکەم.

بەهەلّپەوە وتم:

-چی بکەین؟ بەڵام پێم بڵێ: چۆن، چۆن توانیت دی گرێۆت خۆشبویێ؟ ئەو زۆڵە چەپڵە، ئەو زۆڵ و چەپەڵە، ئایا دەتەوێ بە شەرەشمشێر بیکوژم؟ ئێستا ئەو لەکوێیە؟

- لە فرانکفۆرتە، سێ ڕۆژ لەوێ دەمینێتەوە.

بەجۆش و خرۆش و هەڵەشەوە وتم:

-یەك وشە بدرکێنە، سبەی بەیەکەم شەمەندەفەر دەڕۆمە لای .

دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

-لەوانەیە پێت بڵێ (سەرەتا پەنجا هەزارەکەم بۆ بگێڕنەوە!) پێتوایە رازی دەبێ شەڕت لەگەڵ بکات؟ ئەم دەبەنگییە چییە!....

- چەند جارێك ددانەکانم جیڕ دەکردەوە، وەك ئەوەی لەناکاو بتوانم پارەکە لە سەر زەوی بدۆزمەوە، وتم:

- بەڵام لەکوێ ئەو پەنجا هەزارە پەیدا بکەین، لەکوێ؟

لەناکاو بیرۆکەیەکی نامۆ بە زەینم هات و وتم:

-گوێ بگرە! ئەی مستەر ئاستلی؟

چاوەکانی بریسکەکەی دەدا، دواتر چاوەکانی لەسەر من جێگیرکرد و بە زەردەخەنەیەکی تاڵ وتی:

-ئایا دەتەوێ لەپێناو ئەو ئینگلیزە واز لەتۆ بهێنم؟

ئەوە یەکەم جارە بە راناوی تاك قسەم لەگەڵ دەکات. بێگومان لەبەر تووشی هەڵچوونەکەی سەری گێژی دەخوارد، بۆیە کەوتە سەر قەرەوێڵەکە ، زۆر ئاشکرا بوو تووشی شەکەتی و بێزاری بووە. منیش هەستم بەتارماییەك کرد چاوەکانمی دادەپۆشی، وەك ئەوەی لەبرووسکەیەك بینابیم لەدەست دابێ، لەشوێنی خۆم وشك بوو، چاو و گوێچکەم باوەڕ ناکات. ئەوا ئەو منی خۆشدەوێ. ئەوەتا هاتووەتە لام، نەچووەتە لای مستەر ئاستلی! ئەو کچێکی پاکیزەیە بە تەنیا بە بەرچاوی تەواوی خەڵك دێتە ژوورەکەم! بەردەوام لەشوێنی خۆم مامەوە، لە هیچ شتێك نەدەگەیشتم!...

لەناکاو بیرۆکەیەکی شێتانە لەلام گەڵاڵە بوو!

وتم:

-پاولینا، کاتژمێرێك دەرفەتم پێ بدە! تەنها یەك کاتژمێر چاوەڕوانم بکە.... دواتر دەگەڕێمەوە لات... دەبێت ئەوە... دەبینی.. لێرە بە.. لێرە بمێنرەوە!

بەڕاکردن لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە، بێئەوەی وەڵامی نیگای پڕ لەپرسیاری بدەمەوە، هاواری کرد شتێکی وت، بەڵام من نەگەڕامەوە.

بەڵێ، خەیاڵەکەم زیاتر نزیك بوو لەشێتی، یان بەلایەنی کەمەوە، مەحاڵ بوو. ئەم جۆرە خەیاڵانە بەشێوەیەك لە بیرکردنەوەی مرۆڤ

دەچەسپن، وا دەزانیێ بەدی دێت، تەنانەت ئەگەر خەیاڵەکە پەیوەست بێت بەئارەزوویەکی بەهێز و سەرکێش، ئەوا کەسەکە دواجار وادەزانیێ بابەتێکی حەتمی و پێویستە، قەدەر هەر لە ئەزەلەوە سەپاندوویەتی. بۆیە دەبێت هەر بوونی هەبێت، دەبێت هەر رووبدات! لەوانەشە شتێکی دیکە زیاتر لەوە هەبێت: لێرەوە لەوانەیە هەندێك پێشبینی هەبێت مرۆڤ هەستی پێ بکات، لە کۆششێکی لەرادەبەدەرەوە بێت کە ویست دەیسەپێنیێ، مرۆڤ بەخەیاڵ خۆی ژەهراوی دەکات، یان لەشتی دیکە... نازانم.....

بەلآم ئەو ئێوارەیە (تا ماوم ئەوئێوارەیە لەبیر ناکەم) من تووشی سەرکێشییەك بوو وەك موعجیزە بوو. ئەگەر موعجیزە بە حیسابکردن لێك بدرێتەوە، ئەوا من هەر بە موعجیزەی دەزانم، بۆچی، بۆچی ئەو هەموو متمانەیە لە ناخ و دەروونم چەسپاوە، ماوەیەکی دوور ودرێژە؟ من بیری لیێ دەکەمەوە (دووبارەی دەکەمەوە) بیرکردنەوەم لەبارەی شتێکی شیاو نییە (کە جێگای دڵنیایی نییە) بەڵکوو بیرکردنەوەم لەسەر شتێك بوو کەهەر دەبێت روو بدات.

کاتژمێر چارەگێکی دەویست بۆ دە، چوومە گازینۆکە، پڕ بووم لە ئومێدێکی بەهێز، تەژی بووم لە هەڵچوونێکی بەهێز کە پێشتر نموونەی نەبووە. خەڵك هێشتا لە هۆڵەکانی قومار مابوون، هەرچەندە ژمارەیان نیوەی ژمارەی بەیانی دەبوو.

کاتژمێر یانزە کەسێك بەدەوری مێزەکانی قومار نامێنێتەوە، تەنها قومارچییە ڕاستەقینەکان نەبێت، ئەو قومارچییانەی بە تێڕوانینی ئەوان شتێك لە شاری ئاوە کانزاییەکان نییە، تەنها ڕۆلێت نەبێت. ئەوان تەنها لەپێناو ڕۆلێت هاتوون، خەریکە هەست بەوە ناکەن چی لەدەوروبەریان دەگوزەرێ، تەنانەت تەواوی وەرزەکە بایەخ بەهیچ شتێکی دیکە نادەن، هیچ کارێکیان نییە تەنها ئەوە نەبێت بەیانی و ئێوارە قومار دەکەن. بێگومان ئەو جۆرە قومارچییانە ئەگەر بکرێت، ئامادەن تەواوی شەو تا بەرەبەیان یاری بکەن، ئەوان تەنها بەداخ و پەژارەوە پەرت دەبن، کاتێك لەنیوەی شەودا دەرگای گازینۆکە دادەخرێت، بەر لەداخستنی دەرگای گازینۆ، واتە بەر لەنیوەشە یەکێك لە سەرپەرشتیارەکان رایدەگەیەنێ:" بەڕێزان تەنها سێ هەڵدان ماوە". من بینیومە هەندێك جار ئەو جۆرە قومارچییانە ئامادەن لەو سێ کەڕەتە هەرچی لە گیرفانیان هەیە دای بنێن، هەر بۆیە لەو کاتەدا گەورەترین دۆڕان ڕوودەدات. بەرەو هەمان ئەو مێزە چووم کە داپیرە یاری تێدا دەکرد، لەبەر ئەوەی قەرەباڵغی زۆر نەبوو، زوو توانیم شوێنێك بۆ خۆم بگرم، تەواو لەمێزە سەوزەکە نزیك بووم کە وشەی (پاس)ی لەسەر نووسرابوو.

پاس ئەو زنجیرە ژمارەیە کە لە ١٩ دەوە دەڕوات تا ٣٦، کەچی زنجیرە ژمارەی ١ هەتا ١٨ بە (مانك) ناودەبرێت، بەلاَم ئایا ئەو شتانە بەلامەوە گرنگ بوو؟ من حسێبم بۆ ئەو شتانە نەدەکرد،

تەنانەت نەمزانی کامە ژمارە دەرکەوت. هیچ پرسیارێکیشم نەکرد کاتێك دەستم بەیاری کرد، وەك هەر یاریکەرێك کەمێك ئاگاداریی و وریای هەبێت، بیست فردریکم لە گیرفانم دەرهێنا لەسەر پاسم دانا.

سەرپەرشتیارەکە هاواری کرد:

—بیست و دوو

بردمەوە، دووبارە بەهەمان بڕ سەرکێشیم کرد، واتە دوو هێندەی یەکەمجار دامنابوو.

سەرپەرشتیار هاواری کرد:

—سی ویەك

دووبارە بردمەوە، کەواتە هەشتا فردریکم هەیە، تەواوی پارەکەم لە دوانزە ژمارەکەی ناوەڕاست دانا، (قازانج لێرە سێ دەبێت نەوەك دوو، بەڵام ئەگەری پێچەوانەیش هەر سێ دەبێت نەوەك دوو) یارییەکە خولایەوە، ژمارە بیستوچوار دەرچوو، سێ لوولپێچی پەنجا فردریکیم وەرگرت، لەگەڵ دە پارەی زێڕ، ئێستا دووسەد فردریکم هەیە.

جۆرە تایەك دایگرتم، تەواوی پارەکەم لەسەر سوور دانا. لەناکاو هاتمەوە سەر خۆم، ئەم ئێوارەیە یەکەمجار بوو هەستم بەترس کرد، بووم بە سەهۆڵ، دەست وقاچەکانم دەلەرزین، تۆقیو و وشك بووم، دۆڕان ئەو کاتە لەلای من مانای چی دەگەیاند!

قومارم بە هەموو ژیانی خۆم کرد!

سەرپەرشتیار هاواری کرد:

–سوور.

گیانم هاتەوە بەر خۆم ، هەستم دەکرد مێروولەیەك بە تەواوی جەستەم دێت و دەچێت. پارە کاغەزەم پێ درا، ئەو جارە پارەکە چوار هەزار فلۆرین و هەشتا فردریك بوو (هێشتا توانای هەژمارکردن مابوو). دواتر وەك بەبیرم دێتەوە، دوو هەزار فلۆرینم لە دوانزە ژمارەکەی ناوەڕاست دانا، دۆڕاندم، ئەمجارە هەموو زێڕەکەم لەگەڵ هەشتار فردریکەکە دانا، دووبارە دۆڕاندم، زۆر تووڕە بووم: ئەو دوو هەزار فلۆرینەی لام مابوو، هەمووم لە دوانزە ژمارەکەی یەکەم دانا، هەر هەڕەمەکی دامنا، بێهیچ حسێبکردنێك، ساتی چاوەڕوانی کەوتمە هەڵچوونێکەوە، لەوانە هاوشێوەی هەڵچوومەکەی مەدام بلانشار بێت، کاتێك لە پاریز لە پەڕەشووتەکەی خۆی هەڵدایە خوارەوە.

سەرپەرشتیار هاواری کرد:

سەرلەنوێ بوومە خاوەنی شەش هەزار فلۆرین. ئێستا وەك سەرکەوتوویەکم، کۆڵ نادەم، چوار هەزار فلۆرینم خستە سەر ڕەش، نزیکەی دە کەسێك لەدوای من پارەکانیان لەسەر ڕەش دانا...

سەرپەرشتیارەکان لەنێو خۆیان کەوتنە مقۆمقۆ، خەڵکەکە بەدەم چاوەڕوانی قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد.

ڕەش دەرکەوت، لەو کاتەوە نە ئاگاداری بڕە پارەکە بووم، نە ژمارەی هەڵدانەکەم دەزانی، هەر هێندە دەزانم نزیکەی شانزە هەزار فلۆرینم بردەوە، وەك خەونێك بوو، دواتر بە سێ هەڵدانی نەگریس دوانزە هەزارم دۆڕاند، چوار هەزارەکەی ترم لە پاس دانا (بەڵام لەوکاتە خەریك بوو هەستم بەهیچ شتێك نەدەکرد، بەڵکوو وەك ئامێرێك بێ بیرکردنەوە چاوەڕوانم دەکرد) دووبارە بردمەوە، دواتر لە چوار هەڵدان بردمەوە، ئەوەندەم بەبیر هەزار فلۆرینم هەڵدەگرت، هەروەها لەبیرمە زیاتر پەیوەست بووم بە ژمارەکانی ناوەڕاست، کە زۆرجار دەردەچوو. تەنانەت وەك ڕێسایەك سێ چوار جار بەدوای یەك دەردەچوو، دوو کەڕەت ون دەبوو، دووبارە سێ چوار جاری دیکە دەردەکەوتەوە، ئەم جۆرە ڕێسایە کە هەندێك جار ڕوودەدات مایەی سەرسامییە، هەر ئەمەشە قومارچییە شارەزاکان سەرسام دەکات ، کە قەڵەم بەدەستەوە دەگرن و حسێبەکان لێکدەدەنەوە، لێرە بەخت چ گاڵتەجارییەکی تۆقێنەر دەرناخات؟

وابزانم هێشتا نیو کاتژمێر بەسەر گەیشتنم تێنەپەڕی بوو، کە سەرپەرشتیارێك پێی گوتم قازانجەکەی من گەیشتۆتە سێ هەزار فلۆرین، بۆیە خەزێنە لەیەك دانیشتندا لەو بڕە پارەیە زیاتر، بەرپرس نابێت، بۆیە ڕۆلێت تا سبەی بەیانیەکەی دادەخرێت. بۆیە

زێڕەکـەم هـەڵگرت و گیرفـانم پڕکـرد، دواتـر پـارە کاغـەزەکانم کۆکردەوە، بـەرەو هـۆڵێکی دیکـە ڕۆیشـتم کـە یـاری ڕۆلێتـی تێـدا دەکرا، جەماوەرەکە بەراکردنەوە بەدوامەوە هاتن، زوو جێگایەکم بۆ کراوە، بێ حیسابکردن و هەرەمەکی دەستم کردەوە بە قومارکردن. نازانم ئەوکاتە چ شتێك منی نەجات دا!

هەندێك جاریش بیرۆکەی ژمارەکان لەمێشکم دەهات و دەچوون، بەهەندێك ژمارەوە پەیوەست دەبووم، بەهەنـدێك ئەگـەر، دواتـر زوو وازم لـێ دەهێنـا، دووبـارە بێهـیچ هەسـتێك دەسـتم دەکـردەوە بەقومارکردن. گومانی تێدا نییە مـن لـە حاڵـەتێکی تـەواو شـڵەژان بووم، لەبیرمـە چـەند جارێـك سەرپەرشـتیارەکان یارییەکـەی منیـان ڕاسـت دەکـردەوە، ئـەگینا هەڵـەی کوشـندەم ئـەنجام دەدا، پۆلۆنییەکان هەڵەپیان بـوو، خزمەتـەکانی خۆیـان بـۆ مـن پێشـنیاز دەکرد، بەڵام من گوێم لەکەسێك نـەگرت. بـەخت یـاوەرم بـوو، لێم دانەدەبڕا. لەناکاو هاوار و قاقا لەدەوروبەرم بەرز دەبووەوە، خـەڵك دەیـانگوت (بـژی ، هـەر بـژی !) تەنانـەت هەنـدێکیان چـەپڵەیان دەکوتـا، قازانجەکـەم جـارێکی دیکـە گەیشـتە سـی هـەزار فلـۆرین، دووبارە خەزێنە داخرایەوە، بۆ سبەی.

—برۆ، وازبێنە.

پیاوێك بەم شێوەیە لەلای ڕاستی من کەوتە منگە منگ، ئەو جولەکەیەکی فرانکفۆرت بوو، تەواوی کاتەکە لەتەکمەوە وەستابوو، وابزانم جارێك دووجار بەکەڵکەم هات.

دەنگێکی دیکە بە چرپەوە لە گوێچەکەی چەپم وتی:

-بۆ خاتری خودا تکات لێ دەکەم برۆ.

نیگایەکی خێرام کرد، بینم خانمێکی تەمەن سی ساڵی دەبوو، جلوبەرگێکی ساکاری پۆشیبوو، بەلام ڕێکوپێك بوو، لە سیمای ماندوێتی و نەخۆشی دەردەکەت، بەلام ئەوەی سەیری بکات دەزانێ جوانییەکی مەزنی هەیە، لەو ساتەدا گیرفانەکانم پڕ بوون لە پارەی کاغەز، پارەی زێڕیش لەسەر مێزەکە نەمابوو، سەفتەیەك پارەم دەرهێنا کە نزیکەی پەنجا فردریك دەبوو، بێئەوەی کەس تێبینی بکات، لە دەستی خاتوونە ڕەنگ بزرکاوەکەم نا، ئەمەیش وەك ئیعترافێك بوو بە شۆخییەکەی، ئەمە هەموو تەنها چرکەیەکی خایاند.

کاتێك هەموو پارەکانم کۆکردەوە، بە پەلە چوومە مێزی یاری (چلوسیێ). مێزی یاری چلوسیێ، خەڵکی ئەرستۆکراتی هامشۆی دەکەن، وەك رۆلێت نییە، بەڵکوو یاری کاغەزە، خەزێنەی ئەوێ بەرگەی سەد هەزار (تالێر) دەگرێت، گەورەترین دانانیش لەوێ چوار هەزار فلۆرینە، بەتەواوی لە ڕێساکانی ئەو یارییە ناشارەزا بووم، تەنانەت نەمدەزانی چۆن دابنێم، تەنها ئەوەندە نەبێت ڕەش و سوور

لەم یارییەش هەبوو، بۆیە پەیوەست بووم بەم دووانەوە. خەڵکی گازینۆ هەموو بەدوامەوە بوون، وابزانم ئەم ئێوارەیە تەنها یەکجار پاولینا هاتە خەیاڵم، کاتێك پارە کاغەزەکانم بەدەستەوە دەگرت و لەپێشم کەڵەکە دەبوو، هەستم بەچێژێك دەکرد، نەمدەتوانی بەڕەنگاری ببمەوە.

وەك ئەوەی قەدەر بەڕاستی پاڵنەرم بێت، لەو کاتەدا شتێکی سەیر ڕووی دا، وەك ئەوەی بەئەنقەست بێت، هەرچەندە زۆر جار لەقومار ڕوودەدات. بۆ نموونە بەخت پەیوەست دەبوو بە سوورەوە، وازی لێ نەدەهێنا، تەنها دوای دە یان پانزە کەڕەت نەبێت، دوێنێ گوێبیستی ئەوە بووم، هەفتەی ڕابردوو بیستودوو جار سوور لەسەر یەك دەرچووە. کەسێك باسی ئەوە ناکات، تەنها دەڵێن لە ڕۆڵێت یەکجار ئەمە ڕوویداوە و خەڵك پێیوە سەرسام بووە. بۆیە کارێکی ئاساییە، یاریکەرەکان واز لە سوور ناهێنن، دوای ئەوەی دە جار دەردەچێ کەسێك بوێری نییە لە سوور دابنێ. بەلاّم قومارچی شارەزا ئەو کاتە لەسەر ڕەش دادەنێت، کە دژەکەیەتی. قومارچی بەئەزموون دەزانی مانای (سەرکێشی ڕێکەوت) چییە. بۆ نموونە ئەگەر سوور شانزە جار دەرچوو، ئەوا قومارچییەکان دەزانن بە حەتمی کەڕەتی حەڤدە ڕەش دەردەچێ، ئەو کاتە یاریکەری بەئەزمون پارەکانیان سێ هێندە لەڕەش دادەنێن، بۆیە دۆڕانەکەیان کوشندە دەبێت.

بەلآم من سەرکێشیەکی سەیرم هەبوو، دوای دەرکەوتنی سوور بۆ حەوتەمین جار بەدوای یەکەوە، پێیوە پەیوەست دەبەم، من دەزانم حەزی خۆدەرخستن پاڵنەرێك بوو لەم سەرکێشییە، دەمویست بە سەرکێشی و لاساری سەرسامی بخەمە دڵی تەماشاکەرانەوە(بەڕاستی ئەمەش هەستێکی نامۆیە !)، بەلآم بەڕوونی بەبیرمە، تینوێتیم بۆ سەرکێشی لەناکاو وایکرد، زیاتر بەرەو حەزی خۆدەرخستن بچم. دەروونی مرۆڤ وایە کاتێك بەدەست کۆمەڵێك هەستەوە دەناڵێنێ، لێی تێر نابێت، بەڵکوو داوای هەستی نوێتر دەکات، بەردەوام توندتر دەبێت، تا دەگاتە حاڵەتی شەکەت بوون. من درۆ ناکەم کاتێك دەڵێم ئامادە بووم بە یەك کەڕەت سەرکێشی بە پەنجا هەزار فلۆرین بکەم، بەلآم ڕێساکە ڕێگەی نەدەدا، خەڵك دەوروبەرم هاواری دەکرد و دەیانگوت (ئەمە شێتە) سوور چواردە جار لەسەر یەك دەرچوو.

ئەو پیاوەی لەتەنیشتم بوو وتی:

—ئەم بەڕێزە هەتا ئێستا سەد هەزار فلۆرینی بردووەتەوە.

هەرکە گوێم لەقسەکەی بوو، لەناکاو وریا بوومەوە. چۆن؟ ئەم ئێوارەیە سەد هەزار فلۆرینم بردۆتەوە؟ بەلآم من پێویستیم بەوەندە زیاتر نییە! هەر یەکسەر بەپەلە پارە کاغەزەکانم خستە گیرفانمەوە بێئەوەی ڕێکیان بخەم، بێ هە ژمارکردن، دواتریش پارە زێڕەکانم کۆدەکردەوە، بە پەلە لە گازینۆکە دەرچووم. هەموو

خەڵکەکە پێدەکەنین کاتێك دەیانبینی بە گیرفانی پڕەوە، بەهۆی پارە زێڕەکانەوە بەزەحمەت هەنگاو دەهاوێژم و بە هۆڵەکان تێدەپەڕیم. پێموایە کێشی ئەو زێڕەی هەڵمگرتبوو نزیکەی نیو (پاود) دەبوو، چەندان کەس دەستیان پان دەکردەوە، منیش هێندەی دەهاتە بەردەستم پارەم پێ دەدان، دوو جولەکە منیان لەبەردەم دەرگاکە وەستاند و وتیان:

– تۆ سەرەڕۆی، زۆر سەرەڕۆی ! بەیانی سەفەر بکە، سبەی لە زووترین کاتی بەیانییەکە، ئەگینا هەموو شتێك دەدۆڕێنی !

گوێم نەگرت. تاریکییەکی ئەوتۆ لەڕێگەی داربەڕووەکان بوو، تەنانەت نەمدەتوانی دەستەکانم لەیەکتر جیا بکەمەوە، دووریی نێوان من و هۆتێلەکەش نزیکەی نیو فەرسەخ دەبوو. من هەر لەمنداڵییەوە، هەرگیز ڕۆژێك لە دز و ڕێگر نەترساوم، تەنانەت ئەو کاتەش نەترسام، دواتر بیرم نایەتەوە لەڕێگەی بیرم لەشتێك کردبێتەوە، مێشکم خاڵی، بەلآم هەستم بەچێژێك بەهێز و تووند دەکرد، ئەویش چێژ بردنەوە، سەرکەوتن، هێز. نازانم چۆن گوزارشت لەحاڵەتی دەروونی ئەو کات بکەم، خەیاڵی پاولینا بەبەرچاوم بوو، بەرەو لای ئەو دەچووم.... بەزەحمەت ئەو شتەم بەبیر دەهاتەوە کە تازە کەمێك بوو بەمنی گوت بوو، هەر ئەوەش وای کرد بچمە گازینۆکە هەموو ئەو هەستە نوێیانەی لە کاتژمێر و نیوێك ناخی پڕکردبووم، ئێستا بووەتە بەشێك لەڕابردوو و

بەسەرچوو، تەنانەت سەیریشی ناکەین، هەموو شتێك لەنوێیوە دەست پێ دەکاتەوە.

لەکۆتایی ڕێگەی داربەڕووەکان نزیك دەبوومەوە، ترسێك بەسەرم زاڵبوو، بەخۆم گوت" چی ئەگەر کوژرام و سامانەکە دزرا؟" هەنگاو بەهەنگاو ئەو ترسەم زیاتر دەبوو، تەنانەت لە ڕێگەی رام دەکرد، لەناکاو لەکۆتایی ڕێگەکە رووی دەرەوەی هوتێلەکەم بە هەزار ڕووناکییەوە لێ دەرکەوت، سوپاس بۆ خوا، ئەوا گەیشتم.

چوار پلەی قاندرمەکە بەیەکەوە دەبڕی، تا گەیشتمە ژوورەکەم، دەرگاکەم کردەوە، بینیم پاولین لەوێ دانیشتووە، لەبەردەم مومێك دەستەکانی لەیەکتر گیرکردبوو، دۆشداما بوو، سەیری دەکردم، بێگومان لەوکاتەدا رووخسارم نامۆ بووە، لەبەردەم وەستام، پارەکانم خستە سەرمێزەکە.

✿

بەشی پانزەم

پاولینا سەیری دەکردم، بێ ئەوەی جوڵە بکات، تەنانەت بێ ئەوەی بارودۆخی خۆی تێک بدا، منیش دوایین پارەی لوولدراوی گیرفانم دەرهێنا و بەهەڵپەوە وتم:

—سەد هەزار فرانکم بردەوە.

کۆمەڵێك پارەی کاغەز و دراوی زێڕ سەر مێزەکەی داپۆشی بوو. من نەمدەتوانی سەیری پاولینا بکەم، تەنانەت هەندێك کات بوونی ئەوم لەیاد دەچوو، جارێك پارە کاغەزەکانم ڕێك دەخست، لەسەر یەك سەفتم دەکردن، جارێکی دیکە پارە زێڕەکان بەجیا، جارێکی دیکە هەمووم پەرت دەکرد و لەژوورەکە ئەمسەر و ئەوسەرم دەکرد لە خەونەکانم نقوم دەبووم، لە ناکاو دەگەڕامەوە سەر ژماردنیان، عەقڵم هاتەوە سەر لەناکاو چووم دەرگاکەم بە دووجار سوڕاندنی کلیلەکە قوفڵ دا، دواتر لەبەرانبەر جانتاکەم سەرسام و دووڵ وەستام.

پاولینا پرسیاری کرد، منیش ئەوم بیرهاتەوە و ئاوڕم دایەوە:

–دەبێت هەتا بەیانی ئەو پارانە لەجانتاکە هەڵبگرم؟

هێشتا پاولینا لەشوێنی خۆی دانیشتبوو، جوڵەی نەکردبوو، بەڵام سەیری منی نەدەکرد. گوزارشتێکی سەیر لەسیمای بەدی دەکرا، هەڵە نیم ئەگەر بڵێم گوزارشتی ڕقوکینە بوو.

بەپەلە لێی نزیک بوومەوە و وتم:

–پاولینا، پەنجا هەزار فلۆرین ببە، ئەمە زیاترە لە پەنجا هەزار فرانك، سبەی پارەکە ببە بەدەموچاوی بکێشە.

وەڵامی نەدایەوە.

–ئەگەر دەتەوێ من سبەی خۆم پارەکەی بۆ دەبەم، ئایا دەتەوێ؟

لەناکاو دایە قاقای پێکەنین، ماوەیەکی زۆر پێدەکەنی. منیشی بەسەرسامی و بە ئازارەوە سەیرم دەکرد، ئەم پێکەنینە هاوشێوەی ئەو پێکەنیانە گاڵتەجارییەیە کە پێشتر لەبەرانبەر منی هەبوو (بەتایبەتی لەکاتی قسەکردن) کاتێك باسی هەستی خۆم و گڕی خۆشەویستی خۆم دەکرد. دواجار پێکەنینەکەی وەستا، برۆکانی تێك نا، بەنیگایەکی توند سەیری کردم، بە ڕقەوە وتی:

–هیچ شتێکی تۆم ناوێ؟

هاوارم کرد و وتم:

–چۆن ئەمە دەبێت؟ چی بووە؟ بۆچی ئەوها پاولینا؟

– بێ هۆکار هیچ شتێك نابەم.

–بەلاّم من وەك هاوڕێیەك پێشكەشت دەكەم، من ئامادەم هەموو ژیانم بۆ تۆ ببەخشم.

ماوەیەكی زۆر بە وردی سەیری كردم، وەك ئەوەی بیەوێ بەناخم ڕوو بچێ. بە پێكەنینەوە وتی:

–تۆ پیاوێكی بەخشندەی، دۆستەكەی دی گرێو شایەنی پەنجا هەزار فرانك نییە.

بەزمانی گلەیی وتم:

–پاولینا، چۆن دەتوانی بەم شێوەیە لەگەلّم بدوێی؟ من وەك دی گرێو نیم!

چاوەكانی سوور بووبوو، قیژاندی و وتی:

–ڕقم لێتە! بەلّی.... بەلّی.. زیاتر لە دی گرێو خۆشم ناوێی.

ئەمەی وت بەدەستەكانی ڕووخساری خۆی داپۆشت، تەوژمی تووڕەیی گرتی، بۆ لای ئەو چەمامەوە، زانیم لە كاتی ئامادەنەبوونم شتێكی بەسەرهاتووە، ئەوعەقلّی لەسەردا نەمابوو.

بە گریان وفیغانەوە دەیگوت:

–دەی بمكڕە! ئەوت دەوێ؟ وەك دی گرێو بە پەنجا هەزار فرانك بمكڕە! پاولینام خستە ناو باوەشی خۆمەوە، دەستەكانی و پێیەكانی ئەوم ماچ كرد، بۆی كەوتمە سەر ئەژنۆ.

تورەییەکەی نەما، دەستەکانی خستە سەر شانم، لە سیمای منی دەڕوانی، وەك ئەوەیە شتێك لەسیمام بخوێنێتەوە، گوێبیستی من بوو، بەلاّم دیار بوو نەیدەزانی چی دەڵێم، لە دەموچاوی خەمێك دەردەکەوت، وەك ئەوەی لەخەونێك بێت. نیگەران بووم، وا هەستم کرد بەرەو شێتبوون دەچێت، بەنەرمونیانی لەخۆی دەگرتم، زەردەخەنەی متمانە و دڵنیایی لەسەر لێوانی دەرژا، لەناکاو منی لەخۆی دوورخستەوە، دووبارە لەمن دەڕوانی، دەموچاوی گرژ بوو.

لەناکاو قۆڵی دەگرتم و دەیگوت:

—تۆ منت خۆشدەوێ، ئەی وانییە؟ مادەمەکێ... تۆ لە پێناو من ئامادەبوویت لەگەڵ بارۆن بجەنگی!

لەناکاو قاقا پێکەنینی دەتەقییەوە، کاتێك یادگارییە پێکەنیناوییەکەی وەبیرهاتەوە، پێدەکەنی لەهەمان کاتدا دەگریا.

لەو کاتەدا دەمتوانی چی بکەم؟ خۆشم سەرگەردان بووم، دەستی کرد بە قسەکردن... بەلاّم من لە شتێك نەدەگەیشتم. قسەکانی جۆرێك بوون لە وڕێنە، کاتێك بە پچڕپچڕ دەیویست باسی بابەتێکم بۆ بکات، بە پەلە قسەی دەکرد، لەناکاو دەکەوتە وڕێنە و ئینجا قاقای پێکەنین، منی ترساند.

ئەمەی دووبارە دەکردەوە،:

—نا،نا، تۆ کەسێکی باشی، تۆ دڵسۆزی منی.

دووباره دەستی دەخستەوە سەرشانم، لێم وردەبووەوە، دووباره دەیگوت:

—تۆ منت خۆشدەوێ، تۆ منت خۆشدەوێ... هەر منت خۆشدەوێ؟

چاوەکانم لەسەر لانەدا، هەرگیز پێشتر بەم حاڵەتە پڕ ناسکی و سۆز و خۆشەویستییەم نەبینیوە. ڕاستە ئەمە وڕێنەیەك بوو، ئێستا ئەو سەیری نیگا پەرۆشەکانی من دەکات، زەردەخەنەیەکی مەکربازانە و چەپەڵی لەسەر لێوەکانە، لەناکاو قسەی لەسەر مستەر ئاستلی دەکرد.

ئەو بێوچان قسەی لەسەر مستەر ئاستای دەکرد (بەتایبەتی ماوەیەك لەمەوبەر کە دەیوست باسی بابەتێکم بۆ بکات) کەچی من نەمدەتوانی بەوردی لە مەبەستەکانی بگەم، تەنانەت پێموابوو گاڵتەی بەمن دەکرد، هەردەم ئەوەی دووباره دەکردەوە کە مستەر چاوەڕوانە، من لەوە حاڵی نەدەبووم کە ئەو لەژێر پەنجەرەکە لەچاوەڕوانی دایە.

—بەڵێ ، بەڵی ، لەژێر پەنجەرەکە لە خوارەوە، پەنجەرەکە بکەرەوە، سەیری ئەوێ بکە، وا لەوێیە !

ئەمەی وت و منی بەرەو پەنجەرەکە پاڵنا، هەرکە چومە لای پەنجەرەکە پێکەنینێکی شێتانەی کرد، لەنزیکی مامەوە، خۆ بەسەر من دادە و منی خستە باوەشی خۆیەوە.

—سەفەر دەکەین، بەیانی سەفەر دەکەین؟

منـیش یەکسـەر بـە بیرۆکەکـەی ڕازی بـووم، بـە بیرکردنەوەیـەکی پەرتەوازەوە وتی:

-فریـای داپـیرە دەکـەوین؟ تـۆ چـی دەڵێـی؟ لەوانەیـە بتـوانین لـە بەرلین بیدۆزینەوە، بە بۆچوونی تۆ چی دەڵێ کاتێك ئێمـە دەبینـی؟ ئـەی مسـتەر ئاسـتلی؟.... مسـتەر ئاسـتلی لـە لوتکـەکانی شـاخی شیلانگ بێرگ خۆی هەڵداداتە خوارەوە... ئەی وانییە؟ (ئەمەی وت و دایە قاقای پێکەنین) گوێ بگرە: ئایا دەزانی ئەو دەیـەوێ هـاوینی داهاتوو بۆ کوێ بچێ؟ دەیەوێ بچێتە جەمسەری باکوور بۆ ئـەوەی توێژینەوەیـەکی زانسـتی بکـات، داوای لـێ کـردم لـەو گەشـتەدا بەشداربم... ها ها ها! دەشڵێ ئەگەر ئەوروپا نەبووایە ئێمە ڕووس شتێکمان نەدەزانی، ئێمە کەڵکی هیچ شتێکمان نییە، بەلام پیاوێکی باشە. ئایا دەزانی؟ ئەو پاساوی بۆ ژەنەڕاڵ دەهێنایـەوە و دەیگـوت خـاتوو بلانـش ... شـەیدا بـوون.... نـازانم چـی دەگـوت (ئەمـەی دووبارەکردەوە قسەی بۆ نەدەهات). ئەوان دامـاون! زۆر بـەزەییم پێیان دێتەوە، هەروەها بەزەییم بـە داپـیرە دێتـەوە! گـوێ بگـرە، گوێبگرە، چۆن دەتوانی دی گریۆ بکوژی؟ بەلام تـۆ نـەتوانی بـاڕۆن بکوژی (ئەمەی وت دووبارە پێدەکەنی) ئەو ڕۆژە تۆ لەگەڵ بـاڕۆن چـەند پێکـەنیناوی بـووی! لەسـەر کورسـیەکەی خـۆم سـەیری هـەردووکتانم دەکـرد... چـەند پەسـت و نیگـەران بـووی کـە تـۆم

ڕەوانەی لای ئەو کرد، ئەو ڕۆژە چەند پێکەنیم ! چەند پێکەینم (پێدەکەنی و دەیویست ڕێگری لە قاقاکانی بکات).

دووبارە منی ماچکردەوە، منی بەسنگی خۆیەوە نووساند، بەسۆز وخۆشەوستی نیوچەوانی بەنیوچەوانی من دەنوساند،من بیرم لەهیچ شتێك نەدەکردەوە، گوێبیستی هیچ شتێك نەبووم، سەرم گێژ ببوو....

وابزانم کاتژمێر حەوتی بەیانی بوو هاتەوە هۆش خۆم، خۆر ژوورەکەی ڕووناك دەکردەوە، پاولینا لەشوێنەکەی خۆی دانیشتبوو، بەشێوەیەکی نامۆ سەیری شتەکانی دەوروبەری دەکرد، وەك ئەوەی لەتارکیی دەرچوویێ یادەوەرییەکانی کۆبکاتەوە، ئەمیش ماوەیەکی کەم بوو بێدار ببۆوە، بەوردی سەیری مێز و پارەکەی دەکرد. ویستم دەستەکانی بگرم، ڕێگری کرد، لەناکاو هەڵسایەوە. ئەم ڕۆژە زۆر سامالّ نەبوو، بەر لەسپێدە باران باری بوو. پاولینا لە پەنجەرەکە نزیك بۆوە، پەنجەرەکەی کردەوە، نیوەی جەستەی بردە دەرەوە، چەند خولەکێك بەمشێویە مایەوە، ئاوڕی نەدەدایەوە، گوێبیستی قسەکانی من نەبوو. بیرۆکەیەکی ترسناکم بۆهات: دەبێت ئێستا چی ڕووبدات؟ بابەتەکە چۆن کۆتایی بێت؟ لەناکاو پەنجەرەکەی جێهێشت و گەڕایەوە لای مێزەکە، ڕقێکی بێ ئەندازە لە سیمای دەردەکەوت، لێوەکانی لە توڕەییان دەلەرزی،

وتی:

–ئێستا پەنجا هەزار فرانکەکەم خۆم بدەرێ!

منیش وتم:

–چیت بەسەرهاتووە؟ دیسان دەگەڕێینەوە سەر هەمان بابەت؟

– ئاخۆ بۆچوونی خۆت گۆڕیوە! ها ها ها. چییە پەشیمان بوویتەوە.

ئەو بیستوپێنج هەزار فلۆرینەی دوێنێ شەو ژماردبووم، هێشتا لەسەر مێزەکە بوو، پارەکەم دایە دەستی.

کاتێك پارەکەی بەدەستەوە گرت، بەنیگایەکی پڕ ڕق و کینە وتی:

–ئەمە ئێستا هی منە؟ وایە؟ وایە؟

پێم گوت:

–هەر لەسەرەتاوە هی تۆ بوو.

– باشە، ها ئێستا پەنجا هەزارەکەت بگرە !

ئەمەی وت و پارەکەی بەنێو چاوی من کێشا، پارەکە بەژوورەکە پەرت بوو، پاولیناش بەراکردن لە ژوورەکە چووە دەرەوە. من دەمزانی ئەو کاتەی عەقڵی لەسەر خۆی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەو شێتییە نەگەیشت. ڕاستە ئەو هێشتا نەخۆشە، چەند مانگێکە نەخۆشە، بەڵام هۆکاری ئەو حاڵەتە چییە، ئایا بۆ بەم شێوەیە

بەڕووی من دەتەقێتەوە؟ ئایا سووکایەتی بەکەسێتی ئەو کراوە؟ ئایا زۆر لەوە خەمبارە کە هاتووەتە لای من؟ ئایا بۆی دەرکەوتووە، من بە کامەرانییەکەم ریسوام، بۆیە دەمەوێ وەك دی گرێۆ، بە پەنجا هەزار فرانك لەكۆڵ خۆمی بکەمەوە؟ بەڵام هیچ شتێکی لەم جۆرە ڕووی نەداوە... پێموابێ خەتاکە تەنها هی لەخۆبایی بوونی ئەوە، فیز و لەخۆبایی پاڵنەر بووە، تا متمانە بەمن نەکات و سووکایەتییم پێ بکات. هەموو ئەوانە لە زەینی ئەو ڕۆشن نەبوو، بەڵکوو بەپێچەوانەوە تەواو لێڵ بوو، بۆیە منی بەو شێوەیە سزادا، کە دەبوو دی گرێۆی پێ سزا بدات، لەوانەیە منی بەخەتابار زانی بێت، کەچی من خەتایەکی ئەوتۆم نەبوو. ڕاستە هەموو ئەوانە هورێنە بوون، منیش دەمزانی ورێنە دەکات... بەڵام من سەرنجی ئەوم بۆ ئەم بابەتە ڕانەکێشا، ئایان ناتوانێ ئێستا لەمن خۆش بێت؟ بەڵام ئەگەر ئەم قسەیە بۆ ئێستا ڕاست بێت، ئەی ئەوەی دوێنێ. سەبارەت بە دوێنێ چی دەبێ؟ ورێنە و نەخۆشییەکەی بەم شێوەیە بەهێز نەبوو تا وا بکات ئەوە لەبیر بکات و نامەکەی دی گرێۆ بهێنێتە لای من! کەواتە دەیزانی چی دەکات.

بەپەلە هەموو پارە و زێرەکانم خستە ژێر جێگاکە و داپۆشی. تەواو بە دە خولەك دوای پاولینا لەژوورەکەم هاتمە دەرەوە، من لەوا دڵنیا بووم بۆ شوقەکەی خۆی گەڕاوەتەوە، بۆیە ویستم بێ هەرا و دەنگەدەنگ بخزێمە شوقەکەیان، لەسەر قاندرمەکە

پرسیاری پاولینام له خزمەتمەتکارەکە کرد، ئەو سەرسامی کردم کەو تیی پاولینا هێشتا نەگەڕاوەتەوە، بۆیە خزمەتکارەکە هاتووە بەدوای بگەڕێ.

به خزمەتکارەکەم وت:

-ماوەیەکی کورتە لەلای من هاتە دەرەوە، نزیکەی دە خولەکێك دەبێ، دەبێ بۆ کوێ ڕۆیشت بێ؟

خزمەتکارەکە بەنیگایەك سەرزەنشتی کردم.

لەم کاتەدا بەسەرهاتەکە لە تەواوی هوتێلەکە باس دەکرا. میوانەکان بە چرپەوە قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، لەلای دەرگەوانەکە، لەلای بەڕێوەبەری خزمەتکارەکان، لەهەموو شوێنێك باسی ئەوە دەکرا ئەم کچە بەیانی کاتژمێر شەش بە ڕاکردن، لەبەر باران رایکردووە بەرەو هوتێلی ئینگلترا ڕۆیشتووە. لە قسە وتوانجی ئەوان، لەوە گەیشتم هەموویان دەزانن ئەمشەو پاولینا لەژوورەکەی من بووە. دواتر دەستیان کرد بە قسەهەڵبەستن بۆ خانەوادەکەی ژەنەراڵ. ئەوان دەزانن دوێنێ ئەم کچە هۆشی لەدەست داوە، بەشێوەیەك گریاوە، تەواوی هوتێلەکە گوێیان لە گریان و فیغانی ئەو بووە. هەر بەم بۆنەشەوە وتوویانە داپیرە دایکی ژەنەراڵ لەرووسیا بە تایبەتی بۆ ئەوە هاتووە ڕێگری لەکوڕەکەی بکات زەماوەند لەگەڵ خاتوو دی گۆمێنگ بکات، ئەگیان لە میراتەکەی بێبەشی دەکات، ئەمیش بەداواکەی دایکی ڕازی نەبووە، بۆیە دایکی

بەئەنقەست دەیەوێ سامانەکەی لە رۆڵێت بدۆڕێنێ، تا شتێك بۆ کوڕەکەی نەمێنێتەوە. بەڕێوەبەری خزمەتکارەکان بە ناڕەزایی و بەرقەوە سەری دەلاقاندەوە و دەیگوت (ئای لە رووسەکان!) ئەوانی دیکەش پێدەکەنین. بەڕێوەبەری خزمەتکارەکان سەرقاڵی ئامادەکردن لیستی حیسابەکە بوو، دەیزانی دوێنێ شەو زۆرم بردۆتەوە، کارل کە خزمەتکاری نهۆمەکەی ئێمە بوو، بەر لەهەموو کەسێك پیرۆزبایی لێ کردم، منیش مێشکم بەشتێکی دیکەوە سەرقاڵ بوو، بۆیە بەپەلە بەرەو هوتێل ئینگلترا رام کرد.

هێشتا کات بەرە بەیانە، مستەر ئاستلی لەم کاتەدا پێشوازی لەکەس ناکات، بەڵام کاتێك زانی ئەوەی هاتووە منم، بۆیە هاتە هۆڵەکەوە، دەمێك بە بەردەوامی سەیری منی دەکرد، چاوەڕوانی قسەکانی من بوو، کاتێك پرسیاری پاولینام لێ کرد، چاوەکانی لەچاوی من بڕی بوو وتی:

- ئەو نەخۆشە.

-کەواتە ئەو لێرەیە؟

- بەڵێ لێرەیە.

-بە نیازی لەلای خۆت داڵدەی بدەی؟

- بەڵێ.

– ئەی مستەر ئاستلی، ئەمە ئابڕووچوونە، ئەمە کارێکی مەحاڵە دواتر ئەو تەواو نەخۆشە... لەوانە تۆ تێبینی ئەوەت کردبێ.

–بەڵی، پێشتریش پێم وتی ئەو نەخۆشە، ئەگەر نەخۆش نەبووایە تەواوی شەو لەلای تۆ نەدەبوو.

– ئایا تۆیش ئەمە دەزانی؟

–بەڵێ، دەبووایە بێتە لای من، ئەگەر دەهاتە لای من ئەوا رەوانەی ژنێکی نزیکی خۆم دەکرد، بەڵام ڕێگەی ون کردووە، هاتۆتە لای تۆ.

– کەواتە من دەست خۆی لەتۆ دەکەم ئەی مستەر ئاستلی؟ هەر بەم بۆنەیەوە، ئێستا شتێکت بیرخستمەوە، ئایا تۆ تەواوی شەو لەژێر چەنجەرەکەی من چاوەڕوان نەبویت؟ خاتوو پاولینا ناو ناوە داوای لێ دەکردم سەیری تۆ بکەم لەژێر پەنجەرەکەوە تێی دەڕوانی، ئەمە بۆ مایەی پێکەنین بوو.

–ئایا ئەمە دەکرێت؟ نەخێر لەژێر پەنجەرەکە نەبووم، من لەهۆڵەکە چاوەڕوان بووم، لەنزیکەوە هاتوچۆم دەکرد.

– دەبێت چارەسەر بکرێ.

– بەڵی بەدوای پزیشکێکم ناردووە، ئەگەر بمرێ، دەزانم چۆن تۆڵەت لێ دەکەمەوە.

تووشی شۆک بووم.

–ئایا دەکرێ پێم بڵێی مەبەستت چییە؟

–ئایا ڕاستە دوێنێ تۆ دوو هەزار تالێرت بردووەتەوە؟

– تەنها هەزار فلۆرین بوو.

–ئەوها.... کەواتە دوای ماوەیەکی کورت دەچیتە پاریس

–بۆچی؟

– چونکە هەموو رووسەکان کاتێك پارەیان دەبێ دەچنە پاریس.... بەم شێوەیە مستەر ئاستلی قسەی دەکرد وەك ئەوەی کتێب بخوێنێتەوە.

– ئێستا لە پاریس چی بکەم، لە هاوین؟ مستەر ئاستلی من ئەوم خۆشدەوێ! تۆ ئەوە دەزانی.

–بەڕاستی؟ من پێموایە بەپێچەوانەوە... دواتر تۆ ئەگەر لێرە بمێنیتەوە، هەموو پارەکەت دەدۆڕێنی، ئەو کاتە پارەیەکی وەهات نابێ تۆ بگەینێتە پاریس. دەی خوات لەگەڵ، من تەواو دڵنیام ئەمڕۆ تۆ دەچیتە پاریس.

– باشە، ماڵئاوا، بەڵام من سەفەری پاریس ناکەم، بیر بکەوە مستەر ئاستی چی ڕوودەدا! ..... ژەنەڕاڵ... چیرۆکی پاولینا بەتەواوی شارەکە بڵاو دەبێتەوە.

–بەڵی بەتەواوی شارەکە، من پێم وایە ژەنەڕاڵ هەر لەبنەڕەتەوە ئاگاداری ئەم بابەتە نییە، شتی دیکە هەیە پێیوە سەرقاڵ و بیری لێ دەکاتەوە. دواتریش خاتوو پاولینا دەتوانێ بەخواستی خۆی،

چەند بخوازیّ، لێرە بمێنێتەوە، سەبارەت بە خێزانەکەشی لە ڕاستیدا ئەم خێزانە هەر بوونی نەماوە.

کاتێک ڕۆیشتم بەسەرسامییەوە، بەو دڵنیابوونەی سەیرەی ئەو پێدەکەنیم، کە گوایە من ئەمڕۆ سەفەری پاریس دەکەم. لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ئەگەر پاولینا بمریّ، ئەو دەیەویّ بەشەڕە شمێر بمکوژیّ... شتێکی نایابە! ... سوێند دەخۆم بەزەییم بە پاولینا دەهاتەوە... لەگەڵئەوەشدا شتێکی نامۆ ڕوویدا، هەرکە لە مێزی قومار نزیك بوومەوە پارەکانم دەخستە سەر یەکەوە، ئەگەر گوزارشتەکەم ڕاست بێت، خۆشەویستی بووە بابەتێکی پلە دوو، من ئێستا ئەو قسەیە دەکەم، بەڵام ئەو کات بەرۆشنی درکم بەو بابەتە نەدەکرد، کەواتە ئێستا من قومار چییم؟ ئایا خۆشەویستی من بۆ پاولینا... هێندە سەیر بوو؟ نەخێر..... من هێشتا خۆشم دەویّ، خودا شاهێدە... کاتێك لەلای مستەر ئاستلی ڕۆیشتم زۆر ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە ئازارم دەچەشت. کاتێك گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم بە توندی سەرزەنشتی خۆم دەکرد... کەچی لەو کاتەدا سەرکێشیەکی زۆر سەیر و دەبەنگانە ڕوویدا.

بە هەنگاوی خێرا بەرەو لای ژەنەڕاڵ دەڕۆیشتم، لەنزیك شوققەکەی ئەوان بینیم دەرگایەك کرایەوە، کەسێك بانگی کردم، ئەوە خاتوو دی کۆمێنگی بیوەژنە، بەفرمانی خاتوو بلانش بانگم دەکات، بۆیە منیش چوومە شوقەی خاتوونە گەنجەکەوە.

ئەوان لە شوقەیەکی بچووکی دوو ژووری بوون، پێکەنین و دەنگی خاتوو بلأنش لە ژووری نووستەکە دەهات، خەریك بوو لەنێو جێگای خەوتنەکەی هەڵدەستایەوە وتی:

–ها ... کەواتە تۆ؟ وەرە وەرە گەونجە! ئایا ڕاستە تۆ شاخێك لە زێڕ وزیوت بدرۆتەوە؟ بەهەرحاڵ من بەزێر کاریگەر دەبم.

بەپێکەنینەوە وتم:

–بەڵی بردمەوە.

–چەند؟

– سەد هەزار فلۆرین.

– چەند گەوجی! وەرە ژووریٚ وەرە! من گوێبیست نەبووم. جلەویٚ خۆمان بەردەدەین .. ئەی وانییە؟

کاتێك چوومە ژوورەکەی، لەنێو جێگاکەی ڕاکشا بوو، خۆی بە پێخەفێکی ئاوریشمی پەمەیی داپۆشتبوو، هەرچەندە هەردوو شانی ئەسمەر و خرپی بەدەرەوە بوو، زۆر نایاب بوو، پیاو لە خەونیش نموونەی ئەو شانە نابینی، کراسێکی پەمووی تەنکی لەبەر دابوو، کە بە ئۆییەکی سادە نەخشابوو، جوانی پێستە برۆنزییەکەی زیاتر دەردەخست.

سەیری دەکردم و وتی:

–دڵت هەیە کوڕەکەم

بەخۆشـییەوە پێدەکـەنی، تەنانـەت پێکەنینەکـەی زۆر ڕاشـکاوانە بووم، منیش ڕستەکەی کۆرنیم تەواوکرد:

—شتێکی دیکە....

بە هەڵەشەوە وتی:

—هـا بینینـت ؟ بینیـت؟ دەی گۆرەوییـەکانم بێنـە لەپێیـەکانم هەڵکێشە. دواتر ئەگەر زۆر گەونج نەبی، ئەوا لەگـەڵ خـۆم دەتبەمـە پاریس،تۆ دەزانی من ئێستا سەفەر دەکەم.

—هەر ئێستا؟

— دوای نیو کاتژمێر

بەڕاسـتیش هـەموو شـتێك ئامـادەکرابوو، جانتاکـان پێچـرابوونەوە. قاوەشیان خواردبۆوە.

—ئەگەر ویستت، پاریست بینیوە! پێم بڵێ: مانای وشەی ئۆچـیتل (بەخێوکەر) چییە؟ ئای چەند گەوج بووی، کاتێك بەخێوکەر بـووی! کوا گۆرەوییەکانم؟ بۆچی گۆرەوییەکان لەپێ ناکەی؟

ئەمەی وت پێیە بچووکەکانی دەرخست، بەڕاسـتی جـوان بـوو، دوو پێی ئەسمەر، ورد، هیچ پەڵەیەك یان شتێکی دیکە نەبوو، ئەم پێیـە بچـووکانە زۆر جـوانن کاتێـك لـەنێو پێڵاوەکـانی دەبـن، منـیش گۆرەویەکانم تا قاچەکانی هەڵکێشا، من پێدەکەنیم و ئەویش لەسـەر قەرەوێڵەکەی دانیشتبوو، بەردەوام هەڵەوەڕی دەکرد:

– هێی! ئەگەر لەگەڵ خۆمت بەرم چی دەکەی؟ سەرەتا من پەنجا هەزار فرانکم دەوێ، ئەو برە پارەیەم لە فرانکفۆرت پێ دەدەی، دواتر دەچینە پاریس، لەوێ بەیەکەوە دەژین، من بەڕۆژی ڕووناک ئەستێرەت نیشان دەدەم. لەوێ ژنی وەها دەبینی، لەژیانت نەتدیوە. گوێ بگرە...

– بزانە، من ئەگەر پەنجا هەزار فرانکت پێ بدەم چی بۆ خۆم دەمێنێتەوە؟

–ئایا سەد و پەنجا هەزار فرانکەکەت لەبیرچووە؟ دواتر من ڕازی دەبم، مانگێك، دوو مانگ لەگەڵت بژیم، نازانم؟ بێگومان لەماوەی ئەم دوو مانگەدا سەدوپەنجا هەزار فرانکەکە خەرج دەکەین. بینیت؟ کیژۆڵەیەکی چەند چاکم، من لەئێستاوە ئاگادارت دەکەمەوە. بەلاَم وادەکەم ئەستێرەکان ببینی!

– ئەمە چۆن دەکرێت؟ هەر هەمووی بە دوو مانگ خەرج بکەین؟

–ئەمە دەتۆقێنێ؟ ئای کە تۆ کۆیلەیەکی خراپی! ئایا دەزانی مانگێك بەمجۆرە بژی لەهەموو ژیانت باشترە؟ تەنها مانگێك... دواتریش تۆفان! بەلاَم ئێستا تۆ ناتوانی لەمە بگەیت! دە برۆ ڕێگەی خۆت. دەی دەی. تۆ نازانی چ شتێك شایەنی تۆییە. ئێی چی دەکەی؟

من خەریك بووم تاكی دووەم گۆرەوییەكەم لەپێی ئەو دەكرد، بەلأم نەمتوانی بەرگە بگرم، پێیەكانی ئەوم ماچ كرد، ئەویشت پێیەكانی كێشایەوە، بەنووكی پێی لەمنی دەدا، دواتر دەریكردم....

-دەی .. ئەی بەخێوكەر... ئەگەر ویستت چاوەڕوانت دەكەم. من دوای چارەكێكی دیكە سەفەر دەكەم.

بەهاواركردنەوە وای گوت.

كاتێك گەڕامەوە ژوورەكەم، سەرم گێژ دەخواد.

لەبەر خۆمەوە وتم: كاتێك خاتوو پاولینا پارەكەی بەرووم كێشا، گوناهی من نەبوو، ئەم ئێوارە مستەر ئاستلی لەگەڵم مكووڕ بوو! هێشتا چەند كاغەزێكی پارە لەسەر زەوییەكە مابوو، من سەیرم دەكرد، ئەو كاتە لە دەرگای ژوورەكەم درا، بەڕێوەبەری خزمەتگوزارانی هوتێلەكە هاتە ژوورەوە (پێشتر حەزی بەچاری من نەبوو، سەیری نەدەكردم) داوای كرد شوێنی خۆم بۆ خوارەوە بگوازمەوە، شوقەیەكی نایابە، كە كۆنت (ك) ماوەیەكی كورت تێیدا دەحەوایەوە.

ساتێك بیرم دەكردەوە، دواتر وتم:

-لیستی حیسابەكەم بۆ بهێنە، من دوای دە خولەكی دیكە سەفەری پاریس دەكەم.

لەبەر خۆمەوە وتم: كەواتە بەرەو پاریس

بێگومان ئەوە قەدەری من بووە، ئەوەم لەچارە نووسراوە.

دوای چارەگێکی دیکە، بەیەکەوە لەشوێنێکی تایبەتی ناو شەمەندەفەرەکە بەیەکەوە دانیشتین، من و خاتوو بلانش و دی کۆمێنگی بێوەژن. خاتوو بلانش سەیری منی دەکرد و پێدەکەنی، هێندە پێکەنی چاوەکانی تەڕ ببوو. ناتوانم بڵێم ئەو ساتە من دڵخۆش بووم، بەڵام ژیانم بۆ دوو بەش دابەشبووە. دوێنێ پێداگریم کرد لەوەی قومار لەسەر کاغەز بکەم، چونکە پارەم نەبوو، من عەقڵی خۆم لەدەست دابوو، ڕاستە هیچ چارەیەکی لەوە باشترم نەبوو! لەچرکە ساتێك ئەوەم بۆ دەردەکەوت کە چوارچێوەکە گۆڕاوە:" من دوای مانگێك دەگەڕێمەوە.... ئەوکاتە چی لەنێوانمان ڕوو دەدا.... لەنێوان من و مستەر ئاستلی" بەڵی ، ئەگەر یادەوەرییەکانم دروست بێت، من ئەو کاتە هەستم بەخەمێکی ترسناك دەکرد، کەچی پڕ بەگەرووم لەگەڵ بلانشی دەبەنگ پێدەکەنیم....

بلانش لەپێکەنینەکەی وەستا، بەسەرزەنشتکردنەوە وتی:

-بەڵام چیت دەوێ؟ بەڕاستی تۆ دەبەنگی... چەند دەبەنگی ! بەڵێ بەڵی دووسەد هەزار فرانکەکە بەیەکەوە خەرج دەکەین، بەڵام تۆ وەك پاشایەکی بچووك دڵخۆش دەبیت، من بۆیەنباغەکەت بۆ دەبەستم، بە (هۆتنس)ت دەناسێنم، ئەگەریش هەموو پارەکەمان تەواو بوو، ئەوا تۆ جارێکی دیکە دەگەڕێیتەوە ئێرە، خەزێنەکە

بەتاڵ دەکەیتەوە. دوو جولەکەکە چییان وت؟ بوێری و سەرەڕۆیی هەردووکیان یەك ڕەگیان هەیە، تۆ مرۆڤێکی بوێر و سەرەڕۆیی. چەندان جاری دیکە دێیتە پاریس پارەم بۆ دەهێنی. منیش داهاتێکم دەوێ نزیکەی پەنجا هەزار فرانك بێت. ئەو کاتەش....

قسەکانم بڕی و وتم:

–ئەی ژەنەڕاڵ؟

–ژەنەڕاڵ؟ خۆت دەزانی هەموو بەیانییەك ئەم کاتانە دەچێت دەستەگوڵێکم بۆ دەکڕێ، ئەو جارەیان بە ئەنقەست داوای گوڵێکم لێ کردووە، بوونی دەگمەن بێت، کاتێك گەڕایەوە، بەستەزمانە، دەزانێ باڵندەکە هەڵفڕیوە، ئەوجا بەدوامانەوە دێت.. دەبینی..ها هاها ئەمەیش زۆر دڵخۆشم دەکات، زۆر سوودم پێ دەگەینێ، مستەر ئاستلیش لێرە پارەکە لەبری ئەو دەدا....

بەم شێوەیە سەفەری پاریسم کرد

✿

بەشی شانزەم

پاریس، چی لەبارەی پاریسەوە بڵێم!

گومانی تێدا نییە، هەموو وڕێنە و ڕیزپەڕی بوو. تەنها سێ هەفتەیەك لەوێ مامەوە، لەماوەی ئەم سێ هەفتەیەی کۆتایی سەد هەزار فرانکم پێ بوو، دەڵێم تەنها سەد هەزار، سەدە هەزارەکەی دیکە بە نەختینە و بەژمار بە خاتوو بلانشم دا، پەنجا هەزاریان لە فرانکفۆرت و پەنجا هەزارەکەی دیکە لە پاریس دوای سێ ڕۆژ. دوای هەفتەیەکیش هەموو کۆمپیاڵەکانم لەسەر فەرمانی ئەو گۆڕیەوە.

– سەد هەزارمان ماوە، بەخێوکەری خۆشەویست لەگەڵ من دەیخۆی (هەر بە بەخێوکەر ناوی دەبردم).

بەلای مرۆڤەوە قورسە خەیاڵی بوونی کەسانێکی وەك بلانش بکات، بەو ڕادەیە بەگومان بێت، بەو رادەیە قرچۆك و پیسەکە بێت لەسەر بابەتێك کە پێوەندی بە سامانی ئەو هەبێت. سەبارەت بەو سەد

هەزارەی لەلای من مابووەوە، ئەوا بەڕاشکاو و بە پوختی پێی گوتم ئەو دەیەوێ لە پاریس سەقامگیر بێت، دەشیگوت:

– ئا ئەوەتا من دواجار لە پێگەیەکی گونجاو لەسەر پێی خۆم وەستام، کەس نابێت لەو شوێنە دامبەزێنێ. بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕێکاری پێویستیم گرتووەتەبەر.

دواتر بە دڵنیایی، بەچاوەکانی خۆم ڕەنگی ئەو هەزاران فرەنکەم دەبینی: خاتوو بلانش خۆی سەرپەرشتی خەرجییەکانی دەکرد، لە جزدانەکەی کە هەموو ڕۆژێك بەسەری دەکردەوە، زیاتر لە سەد هەزار فرانك هەبوو، زۆرترین کات زیاتری تێدا بووە.

زۆر جار بەنیازپاکی دەردەکەوت کە دەیگوت:

–تۆ چ پێویستیەکت بە پارە هەیە؟

من دەمەقاڵێ و مشتومڕم لەگەڵ نەدەکرد.

لەبەرانبەر ئەوە، بەو پارەیە، ماڵێکی زۆر جوانی دانا، کاتێك منی بردە ناو خانووە نوێیەکە، من بەتەواوی خانووەکە گێڕا و وتی:

– ئەها بزانە بە کەمترین نرخ و لاوازترین داهات، چ فەراهەمی و سەلیقەیەك دابین دەکرێت.

لەگەڵئەوەشدا ئەو کەمترین نرخە،نزیکەی پەنجا هەزار فرانك بوو، بە پەنجا هەزارەکەی دیکەش گالیسکەیەك و ئەسپی کڕی، دواتر دوو ئاهەنگی سەماکردن سازکرد، مەبەستم ئاهەنگی شەوە، لەو ئاهەنگە

هەر یەکە لە (هۆرتنس) و (لیزیت) و (کیلۆپاترا) ئامادە بوون، ئەمانەش ژنانی خاوەن ناوبانگ، سەرەڕای ئەمەش سۆزانی چاکن. ناچار بوو لەکاتی ئەم ئاهەنگانە رۆڵی خاوەن ماڵ بگێڕم، پێشوازی لەمیوانەکان بکەم، قسە لەگەڵ هاوسەری بازرگانە تازە دەوڵەمەندبووەکان بکەم، کە ئەم ژنانەن بەشێکی مەزن لەبێ عەقڵی و فیکر بۆگەن بوون. هەروەها دەبووایە پێشواز لە ئەفسەرانی بچووك بکەم کە بەرگەی ئەوانم نەدەگرت، لەبەر نەزانی و دەبەنگی و کەشوفشیان، ئەمە سەرەڕای خەڵکێك گوایە نووسەری خەت خەتۆکی دەنووسن، یان رۆژنامەنووسی بێ مانا، کە نوێترین جلیان دەپۆشی، خۆیان بەفیزەوە دەردەخست. بەشێوەیەك ئێمە لە بترۆسبۆرگ ناتوانین وێنای بوونیان بکەین، لێرەش کەم نین.. .. تەنانەت گاڵتەیان بەمن دەکرد، بەڵام من رووم لە شامپانیا دەکرد، دەمخواردەوە تا تەواو مەست دەبووم، ئێنجا دەچومە ژوورەکەم دەنووستم.

خاتوو بلانش دەیگوت:

—ئەمە بەخێوەکەر بوو، دوو سەد هەزار فرانکی بردەوە، ئەگەر من نەبوومایە نەیدەزانی چۆن پارەکانی خەرج بکات، دواتر دەگەڕێتەوە سەر پیشەکەی خۆی، کەسێك هەیە لەئێوە کارێکی بۆ بدۆزێتەوە؟ دەبێت شتێك لەپێناوی ئەو بکەین.

من زۆرترین کات پەنام بۆ شامپانیا دەبرد، چونکە هەمیشە غەمبار بووم، بەشێوەیەکی ترسناك پەست بووبووم. لە ژینگەیەك دەژیام، تەواو بۆرژوازی و بازرگانی بوو، هەر فلێسك بەو ژینگەیە بەهەژمار بوو. بلانش لە پانزە ڕۆژی یەکەم ڕقی لەچارەی من بوو، من تێبینی ئەوەم کردبوو. ڕاستە ئەو بایەخی بە پۆشاکی من دەدا، هەموو ڕۆژێك خۆی بۆیانباغەکەی منی دەبەست، بەڵام لەڕاستیدا ڕقی لەمن بوو، بەڵام ڕقێکی بێوەی و دۆستانە! من بایەخێکم بەو ڕقە نەدەدا، لەبەر بێزاری و دڵتەنگی زۆر لەماڵەوە دەچوومە دەرەوە، زۆرترین کات بۆ (کۆشکی گوڵەکان) دەچووم. تەواوی ئێوارەکانیش سەرخۆش بووم، دواتر خۆم فێری سەمای کانکان کرد (ئەمە جۆرە سەمایەك بوو، خاڵی بوو لە ئابڕوویەك) تەنانەت وام لێهات زۆر بەو سەماکردنە ناسرابووم. دواجار بلانش لەوە گەیشت هەڵسوکەوت لەگەڵ چ پیاوێك دەکات: سەرەتا وا خەیاڵی دەکرد من تەواوی ماوەی پێوەندی نێوانمان بەدوای دەبم، قەڵەم وکاغەزێك بەدەستەوە دەگرم، خەرجییەکانی ئەو هەژمار دەکەم، دزییەکانی ئەو حیساب دەکەم، بڕوای وابوو دەبێت بەململانێیەکی پارەیەکی لەجۆری دە فرانکی لەمن وەربگرێت، وەڵامی بۆ هەر هێرشێکی من ئامادەکرد بوو، کەچی تێبینی کرد من هیچ هێرشێك ناکەم، بۆیە ئەو پێش من کەوت، زمانی بەرەڵا دەکرد، هێرشی دەکردە سەرم، کەچی من بێدەنگ دەبووم یەك وشەم نەدەدرکاند، بەڵکوو لە سەر قەنەفەکە ڕادەکشام سەیری ساپیتەی خانووەکەم دەکرد بەمەیش

سەرسام دەبوو. سەرەتا وایدەزانی من تەنها مرۆڤێکی گێلم نە زیاتر نەکەمتر، تەنها بەخێوەکەرێکم. بۆیە لەقسەکانی بێدەنگ دەبوو دەیگوت" مرۆڤی گێلْ تووڕە نابێت، لەخۆوە تێناگات".

هەندێك جار لەماڵەوە دەردەچوو، دوای دە خولەکێك دەگەڕایەوە (لەم ماوە کورتەدا شێتانە پارەیەکی زۆری خەرج دەکرد، کە داهاتەکانی ئێمە رێگە بەو خەرجییە نادات، وەك ئەو رۆژەی ئەسپەکەی بە دوو ئەسپی دیکە گۆڕیوە، شانزە هەزار فرانکیشی لەسەردا).

ئەو رۆژە لەمن نزیك بۆوە و وتی:

–ئازیزەکەم لەمن تۆڕە نییت؟

منیش بەدەستەکانم لەخۆم دوور خستەوە و وتم:

–نەخێر ... بەڵام تۆ پەستم دەکەی...!

بەڵام ئەو وەڵامەی زۆر بەلاوە سەیر بوو، بۆیە لەتەنیشتم دانیشت و وتی:

–گوێ بگرە، من پارەیەکی زۆرم بەو دوو ئەسپە داوە، چونکە بە هەلم زانی... دەتوانم ماوەیەکی دیکە بە بیست هەزار فرانك بیان فرۆشمەوە.

– باوەڕت پێ دەکەم، باوەڕت پێ دەکەم، دوو ئەسپی جوانن، ئێستا تۆ کەژاوەیەکی مەزن و نایابت هەیە، ئەمەیش سوودی بۆ تۆ دەبێت، لەمەودوا باسی ئەو بابەتەم لەگەڵ مەکە؟

–کەواتە تووڕە نییت؟

–بۆچی تووڕە بم؟ تۆ لەسەرهەقی کاتێك کڕیوتە، کەواتە دەبی بیکڕی، ئەمەیش لە داهاتوو سوودی بۆ تۆ دەبێ، من دەزانم تۆ پێویستت بەوەیە بەچەسپاوی لەسەر پێی خۆت بوەستێ، ئەگینا ملیۆن بەدەست ناهێنی، ئەو سەد هەزار فرانکەی هەمانە هێشتا سەرەتایە، تەنها دڵۆپێکە لە دەریاییەك.

من ئەو قسانەم کرد، کەچی بلانش چاوەڕوانی شتێکی دیکە بوو، ئەو چاوەڕوانی هاوار و گلەیی و سەرزەنشتکردن و ئەو جۆرە شتانە بوو، کەچ وانەبوو، بۆیە وەك کەسێك بوو، لەسەر هەوارەکانەوە دابەزیوە، وتی:

–کەواتە تۆ ئەوهای؟ بیرکردنەوەت هەیە و لەو حاڵەتە تێدەگەی ! دەزانی رۆڵەکەم؟ هەرچەندە تۆ بەخێوکەری، بەلام بێگومان وەك مێرێك خەڵق کراوی، کەواتە تۆ داخت بۆ ئەو پارەیە نییە، کە بەخێرایی لەدەستمان رادەکات؟

– نەخێر، هیچ داخێکم بۆی نییە... ئەو سامانە با بۆ شەیتان بێت.... بە زووترین کات!

-بەلاّم ..... دەزانی.... پێم بڵێ: ئایا تۆ دەوڵەمەند دەبی؟ بەلاّم.... تۆ ڕقت لەپارەیە، بە ڕقەوە خەرجی دەکەی، دواتر چی دەکەی.؟ پێم بڵێ....

-دەچمە هامبۆرگ، سەد هەزار فرانکی دیکە دەبمەوە.

- بەڵێ، بەڵێ... دەبێ ئەمە بکەی! نایابە! من دڵنیام تۆ جارێکی دیکەش براوە دەبی. بە پارەکەتەوە بۆ ئێرە دێی، پێم بڵێ: هەر بەم شێوە چاکە هەڵسوکەوت دەکەی، منیش تا کۆتایی تۆم خۆشدەوێ، تەواوی کاتەکان تۆم خۆشدەوێ. هەرگیز ناپاکییت لەگەڵ ناکەم. دەبینی؟ ڕاستە بەم دواییە تۆم خۆشنەویستووە، من وامدەزانی تەنها بەخێوکەرێکی (واتە خزمەتکارێکی، ئەی وانییە؟) لەگەڵئەوەشدا من دڵسۆزم بۆ تۆ، ناپاکییم لەگەڵ نەکردووی. من کیژۆڵیەکم ڕەوشتم بەرزە.

- واز لەو قسانە بهێنە! ئەی تۆ نەبووی لەگەڵ ئەلبێر ناپاکیت لەگەڵ کردم، ئەو ئەفسەرە بچووکە ئەسمەرە؟ وادەزانی من بەم دواییە تێبینیم نەکردووە؟

- ئۆی.... ئۆی.... بەلاّم تۆ.....

- تۆ درۆ دەکەی، تۆ درۆ دەکەی، بەلاّم وا خەیاڵ مەکە ئەمە تووڕەم بکات. بەهەر شێوەیەك بێت تۆ دەری ناکەی، ئەو لەمن

لەپێشترە، تۆش خۆشت دەوێ، بەڵام نەکەی پارەی پێ بدەی، ئایا گوێت لێیە؟

– کەواتە تۆ تەنانەت لەمەش توورە نیت؟ بەڕاستی تۆ فەیلەسوفی، ئایا دەزانی؟ بەڕاستی فەیلەسوفی...

بەجۆش وخرۆشەوە هەڵسایەوە و وتی:

–ئەوجا تۆم خۆشدەوێ، ئەوجا تۆم خۆشدەوێ... دەبینی، لێشم ڕازی دەبی!

لەوکاتەوە تۆزێک پەیوەست بوو بەمنەوە، تەنانەت تۆزێک هاوڕێیەتی خۆی من دەرخست. بەم شێوەیە دە ڕۆژی کۆتاییمان بەڕێکرد کەچی من ئەو ئەستێرانەم نەبینی کە بەڵێنی پێدابووم. لەهەندێك ڕووە بەڵێنەکانی خۆی بەجێهێنا، لەوانە بە هۆرتنسی ناساندم، ئەو ئافرەتێکی بێ وێنەیە، ئێمە بە تیریزی فەیلەسووف ناومان دەبرد.

لەگەڵ ئەوەیش لێرە بوار نییە، زیاتر باسی ئەو بابەتە بکەم، ئەو خۆی لەخۆیدا بابەتی چیرۆکێکە، لە ڕەنگێکی تایبەت، بۆیە نامەوێ ئەم ڕۆمانەمی پێ برازێنمەوە. بەڕاستی من هیوای ئەوەم دەخواست هەموو شتێك بەخێرایی کۆتایی بێت، کەچی ئەو سەد هەزار فرانکەی هەمانبوو نزیکەی مانگێکی خایاند، بەڕاستی ئەمە سەرسامی کردم. بلانش لەو ماوەیەدا چەندان شتی جۆراوجۆری

کرپیوه، بەلایەنی کەمەوە نزیکەی هەشتا هەزار فرانکی خەرج کردووه، کەواتە ئێمە تەنها بیست هەزار فرانکمان سەرف کردووه... هێندەش بەسە، بۆ بلانشیش ددانم بەوەنا، ئێستا ئەویش لەگەڵ من ڕاستگۆیە(یان بەلایەنی کەمەوە لەهەموو شتێك درۆم لەگەڵ ناکات). ئەو ئیعترافی بەوە کرد من بەرپرسیار نیم لەو قەرزانە هەیەتی.

وتی:

–هەندێك لیست و چەکی پارە هەیە بە ئیمزای تۆیە، بەلاّم من بەزەییم بەتۆ دێتەوە، ئەگەر ژنێکی دیکە بووایە بێگومان ئەوەی دەکرد و تۆی ڕەوانەی زیندان دەکرد، دەبینی چەند تۆم خۆشدەوێ، دلێکی باشم بۆ تۆ هەیە! ئەم هاوسەرگرییە نەگریسە، بۆمن پارەیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا هاوسەرگیرییەکە ئەنجام درا، ئەمەیش لە کۆتایی ئەو مانگە بوو کە بەیەکەوە بووین، دوایین پارەی سەد هەزار فرانکەکەمان خەرج دەکرد، بەم زەماوەندەیش چیرۆکەکە کۆتایی هات، واتە ئەو مانگە کۆتایی هات کە بەیەکەوە بە هاوبەشی دەژیایین، دواتر بابەتەکە بەفەرمی خرایە سەر مووچەکەوە.

بزانە ڕووداوەکان بەم شێوەیە بوو: دوای ئەوەی هەشت ڕۆژ لە پاریس نیشتەجێ بووین، ژەنەراڵ ڕاستەوخۆ هاتە لای بلانش، سەرەتا خەریك بوو لەگەڵ ئێمە دەمایەوە...

دواتر ڕاستییەکەی، شوقەیەکی بچووکی لەشوێنێك هەبوو. بلانش بە خۆشحاڵی پێشوازی لێکرد، ئەمەش بەهاواری سەرسامی و بە قاقای پێکەنین بوو. تەنانەت خۆی پێوە هەڵواسی. بابەتەکان بەشێوەیەك بەڕێوە دەچوو، دەتوانین بڵێین بلانش خۆی بە ژەنەراڵەوە هەڵدەواسی. دەبوایە لەگەڵی بچێتە هەموو شوێنێك: لەهەموو شەقامەکان یاوەری دەکرد، لەپیاسەکان، لەشانۆ، لەسەردانی هاوڕێیەکانی، لەهەموو شوێنێك لەگەڵ ژەنەراڵ بوو. ژەنەراڵ هێشتا شکۆی ماوە، سیمایەکی بە ویقاری هەیە، پێگەیەکی بەرز، باڵەیەکی کەلەگەت، ریش و سمێڵێکی ڕێك (ژەنەراڵ لە سوپا لە خزمەتی سوارچاکی بوو)، هەرچەندە ڕووخساریشی کەمێك سیس بووە، لەگەڵئەوەشدا جوان هەڵسوکەوت دەکات، شارەزاییەکی بێوێنەی لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. لەپاریس هەموو نیشانەکانی قارەمانێتی دەرهێنا بە سنگی هەڵدەواسی. تەنانەت دەتوانرێت بگوترێ پیاسەکردن لەگەڵ پیاوێکی وەها نەوەك شیاو بوو، بەڵکوو زۆر پەسند و جێگای قبووڵکردنیش بوو.

ژەنەراڵی جوامێر و دەبەنگ لەوپەڕی خۆشحاڵی دابوو، ئەو کاتێك هاتە ماڵەکەمان لەپاریس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد، بەڵکوو لە ترسا دەلەرزی، وایدەزانی بلانش بە هاوار و قیژە بەرەو ڕووی دەبێتەوە، یەکسەر فرمانی وەدەرنانی دەکات، کەچی ڕووداوەکان بەمشێویە نەبوو، ئەمەش سیحرێك بوو بۆ ئەو، بۆیە تەواوی مانگێکی بە

خۆشحاڵی و دڵخۆشییەك بەسەربرد، کە وەسف ناکرێت، وەك ئەو حاڵەتـە بـوو کـە جێهێشـتبوو. وەك زانیمـان دوای سـەفەرە لەناکاوکەمان لەرۆلتنبێرگ، ژەنەڕاڵ لەهۆش دەیێ، تەواوی هەفتیەك وەك شێت هەڵسوکەوت دەکات، قسەگەلێك دەکات، هیچ پێوەندییان بەیەکـەوە نییـە، تەنانـەت قسـەی پـڕ وپـوچ و بـێ مانـا دەکـات. دەیانـەوێ چارەسـەری بکـەن، بـەڵام لـە ناکـاو هـەموو شـتێك لـەوێ جێدەهێڵێ، سـواری شـەمەندەفەر دەبێـت، یەکسـەر بـەرەو پـاریس دێـت. بـۆ ماوەیـەکی زۆر نیشـانەکانی نەخۆشـیەکە لەگـەڵ دەژیـا، هەرچـەندە زۆر هەسـتی بـەخۆش و شـادی دەکـرد، کەچـی توانـای بیرکردنەوەی نەمابوو، تەنانەت توانای نەبوو گوێ لـە قسـە بگرێـت. کاتێك قسەت لەگـەڵ دەکـرد، دەیگـوت (ئـەوها) سـەری ڕەزامەنـدی دەلەقاند، ئیتر هـەموو بابەتەکـە تـەواو دەبـوو، کێشـەکە چارەسـەر دەبوو. زۆربـەی کاتـەکان پێدەکـەنی، بـەڵام پێکـەنینێکی شـێتانە و نەخۆش. هەندێك جـاریش بـە مـچ و مـۆڕی دەمایـەوە، سـیمای وەك شەوی ئەنگوستەچاو بـوو، بـرۆ ئەسـتورەکانی تێکـدەنا. زۆر بابـەت هەبوو لەبیر کردبوون، زۆرجاریش سەرگەردان بەتـەنها لەگـەڵ خـۆی قسـەی دەکـرد. تـەنها بلانـش دەتـوانی ئـەو بگرێنێتـەوە نـاو ژیـان. کاتێك تەوژمی دڵتەنگی و خەمباری بۆ دەهات و خـۆی لـە سووچـێك دەنا ئەمە بەڵگەی ئەوە بـوو، بـۆ ماوەیـەکی زۆر بلانشـی نـەبینیوە، یان بلانش چۆتە دەرەوە لەگەڵ خۆی نەبردووە، یان لەبیری کردووە دڵنەوایی بکات. ئەگەر ئەو کاتانە پرسیارت لێ دەکرد، سۆراخی چی

دەكات، نەيتوانى وەلامت بداتەوە، تەنانەت خۆشى نەيدەزانى دلتەنگە و ناخى غەمبارە، بۆيە كاتژميرێك يان دووان، لەشوێنێك دەمايەوە (تێبینی ئەوەم كردبوو كاتێك بلانش تەواوى ڕۆژەكە لەمال نەدەبوو، بەدواى ئەلبێرەوە بوو) لەناكاو سەيرى دەوروبەرى خۆى دەكرد، بەشلەژاوەى جولەى دەكرد، جارێك سەيرى ئەملا و جارێك سەيرى ئەولاى دەكرد، وەك ئەوەى بيەوێ شتێكى بيربكەوێتەوە، كەچى ئەو كەس نەدەبينى و شتێكيشى بير نەدەهاتەوە، دووبارە دەگەڕايەوە حالەتى بێ جوولەيى. بەمشێوەيە دەمايەوە تا بلانش بەدلخۆشى و بەرازاوەيى دەگەڕايەوە، بەقاقاى پێكەنينەوە، ماچەكانى ژەنەڕالى ژێر دەكردەوە، ئەمەيش بۆ ژەنەڕال بەخششێكى بێهاوتا بوو. تەنانەت جارێكيان لە خۆشحاليان ژەنەڕال فرمێسكى هاتەخوارەوە، ئەمەيش تووشى سەرسامى كردم.

لەوەتەى ژەنەڕال گەيشتووە، بلانش لەبەرانبەر من داكۆكى لەخۆى دەكات، قسەى زۆر دەكات و لەشێوەى وتارى درێژ. ئەوەم بەبير دەهێنێتەوە گوايە بە هۆى منەوە ژەنەڕالى فريوداوە، ئەو شێوەى دەستگيرانێك بووە، بەلێنى شەرەفى پێداوە، ژەنەڕاليش لەپێناو ئەو وازى لەخێزانەكەى هێناوە، كەواتە ئەو لەخزمەتى ژەنەڕال دەبێ، بۆيە دەبێت من تێبگەم... ئەگەر من شتێك لەويژدانم هەبووايە نەدەبوو، لەوكاتانەدا بە يەك وشە وەلاى بدمەوە، بۆيە دواجار دامە قاقاى پێكەنين، لێرە ئەو وەستا، ئەمەش مانای ئەوەیە

ئەو سەرەتا منی بە دەبەنگێك زانیوە، دواتر وای بەخەیاڵ هاتووە، من کوڕێکی جوامێرم ئاکار و خەسڵەتم بەرزە، دواجاریش من بەوە دڵخۆش بوو کە لەکۆتاییدا ڕەزامەندیی ئەو کچە بەڕێزەم بەدەست هێناوە (بەڕاستی بلانش کچێکی نایاب بوو، بێگومان لە تۆخمی خۆی! سەرەتا بەهەق هەڵسەنگاندنم بۆ نەکردبوو!)

بەر لەکۆتاییەکە بەمنی وت:

–تۆ پیاوێکی چاك و ژیری.... لەگەڵ ئەوەشدا حەیف هێندە ئاژەڵی! ئەوەندەی دەژی شتێك قازانج ناکەی، نەخێر هیچ شتێك قازانج ناکەی! بەڕاستی تۆ رووسی !

چەندان جار بلانش داوای لێ دەکرم پیاسەیە بە ژەنەڕاڵ بکەم، وەك ئەوەی داوا لە خزمەتکارەکەی بکات لە هەوایەکی سافدا سەگەکەی بباتە دەرەوە، منیش ژەنەڕاڵم دەبردە شانۆ، بردمە نمایشی سەمای (مابیل)، چووینە چەندان ڕێستۆرانت. هەموو جارێك بلانش بڕێك پارەی پێدەدام تا لەو پیاسانە خەرجی بکەم، سەرەڕای ئەوەی ژەنەڕاڵ پارەی پێ بوو، حەزیشی دەکرد بەبەرچاوی خەڵکەوە جزدانەکەی دەربهێنێ. جارێکیان ناچار بووم پەنا بۆ هێز ببەم بۆ ئەوەی ڕێگری لە ژەنەڕاڵ بکەم خشڵێك نەکڕێ، کە پێشتر بلانش سەرسامی لە شەقامی (بورویال) خشڵەکەی بینی بوو، پێیەوە سەرسام بوو. ژەنەڕاڵ پێداگریەکی زۆری کرد ئەم دیارەییە بکڕێ کە نرخەکەی حەوسەد فرانك بوو، حەوسەد فڕانك بۆ بلانش چییە؟

کەچی ژەنەڕاڵ خۆی هەزار فرانکی هەبوو. هەتا ئێستاش نەمزانی ئەو پارەیەی لەکوێ هێنابوو، بەلاّم مەزندەی ئەوە دەکەم پارەکەی لەمستەر ئاستلی وەرگرتبێ، بەتایبەتیش کەدەزانی مستەر ئاسلی خەرجی هوتێلەکەی داوە.

سەبارەت بەوەی لەماوەیە ژەنەڕاڵ بایەخی بەمن داوە و بۆلای من گەڕاوەتەوە، بەمەزندەی من هۆکارەکە ئەوەیە هیچ کاتێک خەیاڵی ئەوەی نەکردووە، پێوەندی ڕاستەقینە لەنێوان من و بلانش هەبێت. ئەو بیستویەتی من سامانێکی زۆرم لە قومار بردۆتەوە، بەلاّم گریمانەی ئەوە دەکات من وەك سکرتێری تایبەتی بلانش بم، یان خزمەتکار بم. بەهەرحاڵ بەفیزەوە قسەی لەگەڵ دەکردم، بەزمانی فرمان، تەنانەت ڕێگەی بەخۆی دەدا هەندێك جار سەرزەنشتم بکات. بەیانییەك کاتێك قاوەمان دەخواردەوە، ڕەفتارێکی نواند من و بلانش زۆر پێکەنین، ئەو زوو ئازاری خەڵکی نەدەدا، بەلاّم نازانم بۆ بەو بەیانییە لە ئامادەبوونی من پەست بووبوو،(تەنانەت ئێستاش نازانم، لەوانەشە خۆشی هۆکارەکەی نەدەزانی) بۆیە دەستی کرد بەوتارخوێندن، قسەکانی سەر وژێری نەبوو، نە سەرەتا نەکۆتایی، تێکەڵ وپێکەڵ، وتی گوایە من هەرزکارێکی بەدفەڕم، ئەو فێرم دەکات چۆن بژیم، چۆن تێ بگەم... هتد. کەس نەیتوانی شتێك لە قسەکانی بگات، بلانش هێندە پێکەنی هێندەی نەمابوو لەهۆش خۆی بچێ، دواتر ئاراممان کردەوە بەیەکەوە پیاسەیەکمان کرد.

تێبینـی ئـەوەم کـردووە هەنـدێك جـار تـەوژمی خـەمێکی گـەورە دایدەگرێ، وەك ئەوەی کەسەری بۆ بابەتێکی هـەبێت، بـۆ کەسـێك، یان هەسـت بکـات پێویسـتی بەکەسـێکە، سـەرەڕای بـوونی بلانـش. دووجار یان سێ جار هەوڵم دا، دڵنەوایی بکەم، ویستی ئەوەی نـاخی هەڵبڕێژی بەلاّم من شتێکی ڕوونم لەقسەکانی دەست نەکەوت: قسەی لەسـەر خزمـەتی سـەربازی خـۆی دەکـرد، لەسـەر هاوسـەرە خواڵێخۆشبووەکەی، لەسەر زەوی و سامانەکەی. ئەگـەر وشـەیەکی پێ خـۆش دەبـوو، لـە ڕۆژێکدا سـەدان جـار دووبـارەی دەکـردەوە، سـەرەڕای ئـەوەیش هـیچ شـتێکی لـەبارەی سـۆز وخـەیاڵی خـۆی نەدەدرکاند. هەوڵم دەدا قسە لەسـەرمنداڵەکانی بکـات، کەچـی وەك پێشوو، کاتێك دەکەوتە ناو قسان، دەچووە سەر بابەتێکی دیکە.

تەنها جارێك دڵی نەرم بـوو، سـۆزی جـولاّ، ئـەو کاتـە بـەرەو شـانۆ دەچووین، وتی:

-بەڵێ بەڵی، منداڵەکان..... تۆ لەسەرهەقی... منداڵەکان.

دواتر لە ناکاو وتی:

-ئـەوان منـداڵی بەدبـەخت بـوو، بـەڵی ئازیزەکـەم، ئـەوان منـداڵی بەدبەخت بوون.

ئەو ئێوارەیە چەندان جار ئەو ڕسـتەیەی دووبـارە کـردەوە" ئـەوان منداڵی بەدبەخت بوون".

کاتێك ویستم قسە لەسەر پاولینا بکات، تووڕە بوو هاواری کرد:

– ئەو کچێك بوو سەرپێچی کرد! کچێکی شەڕانگیز بوو سەرپێچی کرد! شەرەفی خێزانەکەی لەکەدار کرد!

ئەگەر یاسا دەبوو خۆم دەمزانی چۆن تەمێی دەکەم.. بەڵێ بەڵێ!

بەڵام ژەنەراڵ هەرگیز بەرگەی ناوهێنانی دی کرێۆی نەدەگرت و وتی:

–منی وێران کرد.... لەهەموو شتێکی داماڵیم.... منی سەربڕی.... ئەو بۆ ماوەی دوو ساڵ دێوەزمەی من بوو. لەسنگم بوو لەخەونەکانم بوو.... ئەو ... وازی لێ بهێنە! هەرگیز لەلای من باسی مەکە!

تێبینی ئەوەم کردبوو، ڕێکەوتنێك لەنێوان ژەنەراڵ وبلانش هەیە، بەڵام وەك نەریتی خۆم بێدەنگ بووم هیچ شتێکم نەگوت. دواتر بلانش باسی ڕێکەوتنەکەی بۆ کردم، ئەمەیش هەشت ڕۆژ بەر لەرۆیشتنم بوو. نهێیەکەی ئاشکرا کرد و وتی:

–ژەنەراڵ ئومێدی میراتی داپیرە هەیە. ئێستا بەڕاستی داپیرە لەسەرە مەرگە. مستەر ئاستلی نامەی ناردووە، باسی ئەوەی کردووە. بێگومان ژەنەراڵ میراتگریەتی. وا دابنێ ژەنەراڵ میراتیش وەرنەگرت، ئەوا هەرگیز نیگەرانم ناکات. یەکەم ژەنەراڵ مووچەی خانەنیشینی خۆی هەیە. دووەم لە ژوورێکی ئەوسەری ماڵەکە

نیشتەجێیە زۆر بەمە دڵخۆشە.. منیش ئەوکاتە دەبم مەدام ژەنەراڵ، دەچمە ناو چینێکی بەرز(ئەمە خەونی بلانش بوو) دواتریش لە ڕووسەکان دەبم، کۆشکم هەیە، جووتیارم دەبێ، ئەو ملیۆنەشم دەبێ کەی دەمەوێ هەمبێ!

وتم:

= چی دەکەی ئەگەر لێت هەڵگەڕایەوە.... خودا دەزانێ چی دەبێ؟ لە مەبەستم تێدەگەی ؟

-بەڵێ.... نا نا ئەمە هەرگیز ڕوونادات... ئەو بوێری نییە ! من ڕێوشوێنی پێویستم گرتۆتە بەر، لەم ڕووە هیچ نیگەران مەبە ! ناچارم کردووە هەندێك چەکی بانك بەناوی ئەلبێرەوە ئیمزا بکات، لەم ڕووەوە هیچ خەیاڵێکی نییە... ئەگەر وا بکات ئەوا یەکسەر سزا دەدرێت.. بۆیە جورئەت ناکات ئەم کارە بکات!

- کەواتە شووی پێ دەکەی.

بەڕاستیش زەماوەندەکە بێ ڕێورەسمی تایبەت ئەنجامدرا، لەکەشێکی سادەی تەواو خێزانی، تەنها ئەلبێرو چەند دۆستێکی نزیك بانگهێشت کران، بە ئەنقەست هۆرتنس و کیلۆباترا و ئەوانی دیکە لە ئاهەنگەکە دوورخرانەوە. زاوا زۆر بەجددی دەرکەوت، بلانش بۆیانباغەکەی بۆ بەست، ژەنەراڵی گوڵاوپرژێن کرد، ژەنەراڵ

جلێکی فەرمی و چاکتێکی سپی پۆشی بوو، وەك پیاوێکی شایستە و بەشکۆ دەردەکەوت.

کاتێك بلانش لە ژوورەکەی ژەنەڕاڵ هاتە دەرەکەوە، بەهێمنی وتی:

-لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی شایستەیە.

من نەچوومە ناو وردەکارییەکانی بابەتەکەوە، بەشداریم لەهەموو ئەو بابەتانە نەکرد، بەڵکوو تەنها وەك بێنەرێکی بێباك مامەوە. بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەی ئەوسام لەبیرکردووە، بەڵام ئەوەم بەبیردێتەوە، بلانش ناوی دو کۆمێنگ نەبوو(تەنانەت دایکیشی دی کۆمێنگی بێوەژن نەبوو) بەڵکوو ناوی دوپلاسیە بوو، بەڵام بۆچی ئەو ناوەیان هەڵبژاردبوو.... هەتا ئێستا نازانم. ژەنەڕاڵ زۆر بەو ناوە کاریگەر بوو، تەنانەت ئەم ناوەی زۆر بەلاوە خۆشتر بوو نەوەك دوکۆمێنگ. ئەو بەیانییەی زەماوەندەکە کرا، ژەنەڕاڵ جلەکانی بەتەواوی پۆشی بوو، لە هۆڵەکە دەهات و دەچوو، بێوچان زۆر بە ڕشتی ئەوەی دووبارە دەکردەوە و دەیگوت:

(مەدمۆزیل بلانش دوپلاسیە، مەدمۆزێل بلانکا دیو پلاسیتا ! ....)

ئەمەی دووبارە دەکردەوە، لە سیمای مانای ڕەزامەندی و ئاسوودەیی بەدی دەکرا، لە کڵێسا و لەماڵەوە لەکاتی نانخواردن، تەنها خۆشحاڵی بەسیمای دیارنەبوو،بەڵکوو سەرسامبوون و

خۆهەڵکێشی لێی بەدەردەکەوت. شتێك بەسەر هەردووکیان هاتبوو، تەنانەت بلانشیش بەسەنگینی و ویقارەوە هەڵسوکەوتی دەکرد.

رووخساری زۆربەسەنگینی دەردەکەوت کاتێك بەمنی وت:

—دەبێت لەمڕۆ بەجۆرێکی دیکە هەڵسوکەوت بکەم.... بەڵام دەزانی؟ شتێکی زۆر بێزارکەر بە خەیاڵم هات...دەزانی تەنانەت ناتوانم ناوی خانەوادەکەشم بیر بکەوێتەوە! زانگۆریانسکی، زاگۆریانسکی، مەدام ژەنەراڵ دی ساگۆ..... ساگۆ.... نەفرەت لەو ناوە رووسیانە ! هەر چۆنێك بێت.... ناوەکەم مەدام ژەنەراڵ دەبێت... لە چواردە پیت ! ئەمەش شتێکی چێژبەخشە.. ئەی وانییە؟

دواجار کە لەیەکتر جیابووینەوە، بلانشی دەبەنگ، کاتێك ماڵئاوایی کرد، هەندێك فرمێسکی رشت و وتی:

—دەزانی تۆ کورێکی چاك... وامزانی ئاژەڵی..... وا دەردەکەوتی، لەوانەیە ئەمەش بۆ تۆ گونجاو بێت.

دواجار کە تەوقەی لەگەڵ کردم، لەناکاو وتی (بوەستە!) ڕۆیشت لەژێر سەرینەکەی دوو کاغەزی دراوی هەزار فرانکی پێدام، پێشبینیم نەدەکرد ئەوە بکات!

وتی:

– ئەمــە ببــە، ســوودی لــێ دەبینــی. تــۆ وەك بەخێوکــەرێك زۆر ڕۆشنبیری، بەڵام وەك پیاوێك زۆر بـێ سـەوادی. مـن لەوەنـدە زیـاتر پـارەت پــێ نـادەم، دەزانم هــەمووی دەدۆڕێنــی. دەی . ماڵئـاوا ! هەردەم وەك دوو هاوڕێ دەمێنینەوە، ئەگەر جارێکی دیکە بردتەوە، هەلی ئەوە لەدەست خۆت مەدە، وەرەوە لام، زۆر دڵخۆش دەبیت!

هێشتا پێـنج سـەد فرانـك مـاوە، جیـا لـەوەیش کاتـژمێرێکی جـوانم هەیـە، نرخەکـەی هـەزار فرانـك دەبێـت، چـەندان دوگمـەی ئەڵماسـم هەیە، بەو هەموو دەتوانم ماوەیەك زۆر بێ خەم بژیم. ماوەیـەك لـەو شارۆچـکە بچـووکە بێزارکــەرە نیشــتەجێم، دەمــەوێ بیرۆکــەکانم کۆبکەمــەوە، بەتایبــەتیش چـاوەڕوانی مســتەر ئاسـتلی دەکـەم، لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بیسـتوومە، بـۆ مـاوەی بیسـت وچـوار کاتژمێر دێتە ئێرە بۆ ئەنجامدانی هەندێك کـاری تایبـەتی خـۆی.... ئەو کاتە هەموو شتێك دەزام.. ... دواتر.. دواتر .. یەکسەر دەچمە هامبۆرگ، بەلایەنی کەمـەوە، دوای سـاڵێك ناگەڕێمـەوە ڕۆلتنبێـرگ، دەگوترێت باش نییە، مرۆڤ دووجار بەختی خۆی لەیەك مێزی قومـار تاقیی بکاتەوە، بۆیە دەچمە هامبۆرگ لەوێ یاری قوماركردن هەیە.

✿

بەشی حەفدەم

ماوەی بیست مانگ دەبێ، سەیری ئەو یاداشتانەم نەکردووە، بەخەیاڵم نەهاتووە دووبارە بیانخوێنمەوە، ئەمڕۆ نەبێت، بەهیوای ئەوەم نیگەرانییەکانم لە بیر بباتەوە، بەشێك لە خەم و پەژارەم کەم بکاتەوە. لەقسەکانی ڕابردووم گەیشتمە ئەو شوێنەی کە بەرەو هامبۆرگ ڕۆیشتم. ئەی خودایە ! چەند سەرەڕۆ و چەندە بێعەقڵ بووم کە ئەو چەند دێڕەم نووسی، ئەگەر بابەتەکە سەرەڕۆیی و کەم عەقڵی نەبێت، ئەوا پێوەندی بە متمانەی دەروون و ئومێدەوە هەیە کە شوێنی لەق نابێت! ئایا هیچ گومانێکم لەخۆم هەبوو؟ ئەوا هەژدە مانگ بەسەر ئەو کاتەوە تێپەڕیوە، من لە حاڵێك دەژیم، حاڵی سواڵکەرێك لەمن باشترە! بەڵکوو من لەکوێ، سواڵکەر لەکوێ؟ من تەنها مرۆڤێکی سەرگەردان و هیچی تر! بارودۆخی من ناکرێت بە بارودۆخی کەس بەراورد بکرێت. من ئێستا بە زمانی ئامۆژگاری قسە ناکامە، لەو بارودۆخەی ئێستام هیچ شتێك لە ئامۆژگاری و وەعزخوێندن بێ ماناتر نییە! ئاخ بۆ ئەوانەی لە خۆیان ڕازین! ئای ئەو فیز و لەخۆباییەی لە قسەی کەسانی

زۆربلـێ دەردەكـەویت، كاتێـك ئامۆژگـاری خـەڵك دەكـەن و قسـەی نەسـتەق بـەكاردەهێنن! كاتێـك ئـەو جـۆرە كەسـانە هەسـت بـە بـارودۆخی ئێسـتای مـن دەكـەن، ئـەوا نـاتوانن وشـەی شـیاو بـۆ ئامۆژگاری و وانەكانیان بەكار بهێنن، ئایا ئەوان دەتـوانن پـێم بڵـێن من پێشتر چیم نەزانیوە؟ بەڵێ، بابەتەكە بەمشێوەیەیە، بێگومـان بەم شێوەیەیە.... خولانەوەی چەرخەكە یەك كـەڕەتی دیكـە بێـت، هەموو شتەكان دەگۆڕێ، ئەوكاتەش ئـەو جـۆرە وەعزخوێنانـە، بـەر لەهـەموو كەسـێك دێنـە لام و (مـن دڵنیـام لـەوە) دەستخۆشـیم لـێ دەكـەن، وەك كەسـێك گاڵتەوگـەپ‌لەگـەڵ هاوڕێكانیـان بكـەن. وەك ئێستا سەرزەنشتم ناكەن، بەلام من تف لە ڕووی ئەو جۆرە كەسـانە دەكەم! ئایا ئێستا من چیم؟ سفر! سبەی دەبم بەچی؟ دەكرێـت، مـن مردێتـی خـۆم زینـدوو بكەمـەوە و دەسـت بـەژیان بكەمـەوە. دەتوانم لـە دەروونـی خـۆم مرۆڤێكـی دیكـە بدۆزمـەوە، بـەر لـەوەی لەناوبچم.

بە ڕاستی چوومە هامبۆرگ.. دواتر بۆ رۆلتنبێرگ، سپا، بـادن، مـن ئەو كاتە وەك خزمەتكارێك بووم، خزمەتكاری راوێژكار هێنـزی، ئـەو رۆڵـەی ببـووە سـەردار و گـەورەم. بـەڵێ، مـاوەی پێـنج مـانگ وەك خزمەتكار مامەوە، ئەمە یەكسەر دوای دەرچوونم بوو لە زیندان (مـن بـەهۆی نەدانـەوەی قـەرز دەسـتگیر كـرام، بـەلام دواتـر كەسـێكی نەزانراو پارەكەی منی دابوو، نازانم مستەر ئاستلی بوو، پاولینا بوو،

یان هەر کەسێکی دیکە، بەڵام قەرزەکە نزیکەی دوو سەد تالێر بوو درایەوە و منیش ئازاد کرام) دەمتوانی بۆ کوێ بچم؟ ئەو کاتە چوومە خزمەتی ئەو پیاوەی ناوی هێنزی بوو، ئەو گەنجێکی بەپەلا بوو، شەیدای تەمبەڵی بوو، من سێ زمان بۆ قسە و نووسین دەزانم، سەرەتا منی وەك سکرتێر وەرگرت، بە مانگانەی سی فلۆرین، دواتر کە نەیدەتوانی سکرتێری هەبێت، ئەوا مووچەکەی بڕیم، منیش هیچ شوێنێکم نەبوو، بۆیە لەلای ئەو مامەوە خۆم کردە خزمەتکار، لەبەرانبەر خزمەتەکەم خواردن وخواردنەوەم هەبوو، جیا لەوەیش لەماوەی پێنج مانگ توانیم حەفتا فلۆرین کۆبکەمەوە.

ئێوارەیەکیان ئەو کاتەی لەبادن بووین، من پێم وات وازم لە کارەکەم دەهێنم، هەر ئەو ئێوارەیە چوومە رۆلێت! ئەوکاتە دڵم کەوتە خورپەوە! لەبەر ئەوە نا دەبێت ئاگاداری ئەو پارە کەمە بم! .. نەخێر.... بەڵکوو دەمویست ئەو جۆرە پیاوانەی وەك هینزی ببینم، بەرێوەبەری هوتێلەکان، هەموو ئەو ژنە شۆخانەی بادن، دەمویست هەموو ئەوانە قسە لەسەر من بکەن وچیرۆکی من بگێڕنەوە، بەمنەوە سەرسام بن، هەموویان ستایشم بکەن و پێم هەڵبدەن، لەبەرانبەر شکۆی من بمێننەوە، چونکە بەختێکی نوێم هەبووە... هەموو ئەمانە خەونی منداڵانە بوو... بەڵام ... کێ دەزانێ...؟ لەوانە پاولینا ببینم، باسی بەسەرهاتەکانی خۆمی بۆ دەکەم، بۆی دەسەلمێنم کە من لەسەرووی هەموو ئەو بەختە

پڕوپووچانەم! بەڵێ ئەو پارەیە نەبوو دەبوایە ئاگاداری بم! من دڵنیام ئەگەر دووبارە قازانجێکی زۆر بکەمەوە، ئەوا بەژنێکی هاوشێوەی بلانشی دەدەم، سێ هەفتەی دیکە خۆ لە پاریس دەردەخەم، گالیسکەکەم دوو ئەسپ رایدەکێشن کە بەهاکەیان شانزە هەزار فرانك دەبێت. من دەزانم قرچۆك نیم... من دەزانم دەستبلاو و زێدەڕۆم. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵچوونێکی توندم هەبوو، دڵم تەنگ بووبوو، کاتێك گوێبیستی سەرپەرشتیارەکە دەبووم، هاواری دەکرد: سیویەك، سوور، تاك، پاس، چوار، ڕەش، جووت، مانك! چەند چاوبرسی و تەماعکار سەیری ئەو پارە زێڕانە و فردریك و تالێرانەم دەکرد، کە لێرەو لەوێ دانرابوون، یان ئەو زێڕانەی وەك پشکۆ دەبرسیکانەوە، سەرپەرشتیارەکە کۆی دەکردەوە، ئەی ئەو هەموو زیوانەی لەسەر یەکەوە کۆکرابوونەوە. بەر لەوەی بگەمە هۆڵەکە هێندەی نەمابوو بێ هۆش بم کاتێك گوێم لە زرینگانەوەی پارەی زێر و زیو دەبوو.

ئەم ئێوارەیەی بەرەو مێزی قومار چووم، حەفتا فلۆرینەکەی خۆم تێدا دانا، ئێوارەیەکی نایاب بوو. بە دە فلۆرین دەستم پێکرد لە پاسم دانا، لەخەیاڵم شتێکی وەك ورووژاندن بۆ پاس هەبوو، دۆڕاندم. شەست فلۆرینم پێماوە، پارەکان زیون.. بیرم کردەوە، بژاردەکەم سفر بوو، پێنج فلۆرینم لە سفر دانا، ئەوا سفر سێ جار بەسەر یەکەوە دەرچوو، وام هەست دەکرد لە خۆشیان دەمرم،

کاتێك سەدو حەفتا و پێنج فلۆرینم وەرگرت، تەنانەت لەو ڕۆژەیش دڵخۆشتر بوو کە سەد هەزار فلۆرینم تێدا بردەوە. ئەوجارە سەد فلۆرینەکەم لەسوور دانا... بردمەوە... دواتر دووسەد فلۆرین لە سوور بردمەوە، ئەم جارە چوارسەد فلۆرین لە ڕەش بردمەوە، هەشت سەد فلۆرینم لە پاس دانا بردمەوە، ئەوەی ئێستا هەوا هەزار و حەوسەد فلۆرینە... ئەمە تەنها لەماوەی پێنج خولەك بوو. مرۆڤ لەوکاتە هەموو نەهامەتییەکانی ڕابردووی لەبیر دەچێتەوە. بۆیە جورئەتم کرد دەست بەسەرکێشی بکەم... ئەوەتا جارێکی دیکە لەریز پیاوانم !

ژوورێکم لە هوتێل بەکرێ گرت، دەرگاکەم بە کلیل قوفڵدا، سێ کاتژمێر مامەوە تا هەموو پارەکەم ژمارد. کاتێك هەڵسامەوە من ئیتر پیاوێکی ئازاد بووم، نەوەك خزمەتکارێکی ملکەچ بڕیارم دا ئەو ڕۆژە سەفەری هامبۆرگ بکەم، لەوێ وەك خزمەتکار نابم، ناچمە زیندانیشتەوە، بەڵام نیوکاتژمێر بەر لەسەفەرەکە چوومە رۆلێت بۆ ئەوەی تەنها دووجار یان زیاتر قومار بکەم، لەوێ هەزار و پێنج سەد فلۆرینم دۆڕاند. لەگەڵئەوەشدا سەفەری هامبۆرگم کرد، مانەوەم لەوێ تا ئێستا دوو مانگی خایاندووە.

ئێستا من لێرە لە نیگەرانییەکی هەمیشەیی دەژیم. قومار ناکەم، تەنها کەمێك نەبێت، من بەدان بەخۆگرتنەوە چاوەڕوانم، لێکدانەوەی زۆرم هەیە، هەندێك ڕۆژ بەتەواوی لەنزیك مێزەکەی قومار

دەمێنمەوە، تەنها سەیر دەکەم، تەنانەت خەون بە یاریکردنەوە دەبینم... لەگەڵ ئەوەیش هەست دەکەم سەرگەردانم، کەوتۆمە زڵکاوەوە.. ئەم هەستەشم کاتێك بۆ دروست بووە کە بەمستەر ئاستلی گەیشتم، پێشت هەرگیز دیداری ئەوم نەکردبوو، ئەمەش بەم شێوەیە روویدا: لە باخچەیەکی گشتی دەڕۆیشتم، دەستبەتاڵ خەریکی لێکدانەوەکانی خۆم بووم، تەنها پەنجا فلۆرینم لا مابوو، ئەمەش دوای ئەوەی دوێنێ پارەی خەرجی هۆتێلەکەم دا، بۆیە ئێستا ناتوانم قومار بکەم، تەنها یەکجار نەبێت، ئەویش ئەگەر بە پارەیەکی کەم براوە بم، ئەگەر دۆڕام... ئەوا دەبێت سەرلەنوێ ببمەوە خزمەتکار، ئەم بیرۆکەیە منی سەرقاڵ کردبوو، رۆیشتم بۆ ئەوەی پیاسەی رۆژانە بە باخچەی گشتی بکەم، کە لە ئاواییەکی نزیکە، چوار کاتژمێر دەڕۆیشتم ئێنجا بە ماندویی و برسێتی دەگەڕامەوە هامبۆرگ. کاتێك چوومە باخچەکە لەناکاو چاوم بە مستەر ئاستلی کەوت، کە لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، کاتێك منی بینی بانگی کردم، لەتەنیشتی دانیشتم. لە رووخساری ئەو تێبینی سەنگینی و رشتبوونم کرد، منیش خۆشحاڵی و هەڵچوونم پێوە دیار بوون بەڕاستی بە بینینی ئەو دڵخۆش بووم.

مستەر ئاستلی وتی:

–کەواتە تۆ لێرەی؟ پێشبینیم دەکرد ڕێکەوتی تۆ بکەم، خۆت ماندوو مەکە بەوەی شتێکم بۆ باس بکەی، من هەموو شتێك دەزانم، هەموو شتێك، دەزانم ئەو دوو مانگە چییت سەر هاتووە.

وەڵامم دایەوە و وتم:

– ئەها .. کەواتە تۆ سۆراخی هاوڕێیە کۆنەکانت دەکەی، ئەوەش مایەی شەرەفە بۆتۆ. من ئەو کەسە نیم هاوڕێیەکانم لەیاد بکەم، بەلاَم پێم بڵێ: ئێتسا شتێکم هاتەوە یاد، ئەی تۆ نەبووی لەزیندانی ڕۆلتنبێرگ منت دەرهێنا، کاتێك قەرزەکەی منت دایەوە؟ کەسێکی نەزانراو پارەکە من دابوو.

–نا نا ، من نەبووم.... بەلاَم زانیومە تۆ لە ڕۆڵتنبێرگ بەهۆی قەرزەوە دەستگیرکراوی.

– ئایا ئەو کەسە دەناسی لەبری من پارەکەی داوە، منی ئازاد کردووە؟

–نەخێر، ناتوانم بڵێم دەزانم کێیە

– سەیرە ! من کەسێك لە رووسەکانی ئێرە ناناسم، بەو شێوەیە پارە لەبری من بدەنەوە. لێرە نییە، بەلاَم لەولاَتی خۆمان ئارسۆدۆکسەکان خۆیان لەپێناو براکانیان دەکەنە قوربانی، بۆیە پێموابوو ئەوەی قەرزی منی داوەتە کەسێك ئینگلیزی سەیر بووە، ئەم کارەی بە تاکڕەوانە و ڕیزپەڕانە کردووە.

مستەر ئاستلی بەسەرسامیەوە گوێبیستی من بوو، بێگومان ئەو پێشبینی کردبوو، من بە خەمباری و سەرگەردانی ببینی.

تۆزێك گرژی بەنێوچەوانییەوە دیاربوو کە وتی:

-هەر چۆنێك بێت، ناچێتە عەقڵمەوە ئەوها وەك جاران بە سەربەخۆیی فیکر چاوم پێت بکەوێتەوە، تەنانەت سەلیقەیەکی خۆشت هەیە.

بەپێکەنینەوە وتم:

-ئەو چ خەیاڵ ئاسوودەییەکە پەستت دەکات، ئەی نابینی دەروون شەکەتە، کەرامەتم رووشاوە.

سەرەتا لەمانای قسەکانم نەدەگەیشت، دواتر کە تێگەیشت زەردەخەنەیەکی کرد.

-سەرسامم بە تێبینیەکانی تۆ، من لە وشەکانی تۆ ئەی هاورێیە کۆنەکەم، جۆش وخرۆش، ژیری، لەهەمان کات گاڵتەجاری دەدۆزمەوە، تەنها رووسەکان دەتوانن ئەو دژانە کۆبکەنەوە. راستە مرۆڤ دەیەوێ چاکترین دۆستی خۆی بەریسوایی ببینی، لەو کاتەدا دۆستایەتی راستەقینە دروست دەبێت. ئەمە هەقیقەتێکی کۆنە هەموو خەڵکانی زیرەك دەیزانن، بەلآم من دڵنیات دەکەمەوە، کاتێك تۆم بەوشێوەیە بینی، لەسەرخۆ، شەکەت نەبوو، بەدڵسۆزی

قومار بهێنی؟

– ها..... قومار با بۆ دۆزەخ بچێ! ... وازی لێ دەهێنم ئەو کاتەی .....

– ئەوکاتەی پارەکەی خۆت گەڕاندەوە، ئەی وانییە؟ من پێشبینیی ئەوەم دەکرد.... تەواوی مەکە... من دەزانم ئەو قسەیەت بێ بیرکردنەوە لەدەم دەرچوو... کەواتە ئەمە هەقیقەتە... بەڵام ئێستا پێم بڵێ: جگە لە قومار شتێکی کارێکی دیکە دەکەی؟

–نەخێر.

دەستی کرد بە تاقیکردنەوەی من، هیچ شتێکم نەدەزانی، چونکە تەواوی ئەو ماوەیە سەیری ڕۆژنامەکانم نەکردبوو، قەڵەمم بەدەستەوە نەگرتبوو.

مستەر ئاستلی وتی:

–تەواو بێ سەواد و بێهۆش بوویت: تەنها ئەوە نییە وازت لە ژیان هێناوە، واز لە ئەرکە تایبەتەکان هێناوە، وازت لە کۆمەڵگا و ئەکەر مرۆییەکان هێناوە، واز لە هاوڕێیەکانت هێناوە (تۆ هاوڕێت هەبوو) وازت لەهەموو ئامانجەکانت هێناوە، تەنها قازانج و بردنەوە نەبێت، تەنانەت پشتت لە یادگارییەکان کردووە... من بیرم دێتەوە ماوەیەکی سەخت و تووند تێپەڕ بوویت، بەڵام دڵنیام هەموو ئەو

مەینەتیانەت لەبیر کردووە، جوانترین هەستت، خەونەکانت هەموو لەبیرکردووە. ئارەزووەکانی ڕۆژانەت بووەتە بیرکردنەوە لە جووت و تاك، سوور و ڕەش، ژمارەکانی ناوەڕاست... هتد. من لەوە دڵنیام.

بە پەستی تەنانەت تۆزێك بە توورەیی وتم:

– بەسیەتی ، بەسیەتی ئەی مستەر ئاستلی، تکا دەکەم، تکایە ڕابردووم بە بیر مەهێنەوە. بزانە من هیچ شتێکم لەبیر نەکردووە، بەڵکوو ئەمانەم لە زەینی خۆم دەرکردووە، تەنانەت یادگارییەکانیشم... تا ئەو کاتەی بارودۆخەکەم دێتەسەرخۆ... ئەو کاتە دەبینی مردوویێتی خۆم زیندوو دەکەمەوە !

مستەر ئاستلی وتی:

– ئەمەیش بیست ساڵ دەخایەنێ. گرەوت لەگەڵ دەکەم ئەو قسەیەت بەبیر دەهێنمەوە، لەسەر هەمان ئەو کورسیە، ئەگەر ژیان دەرفەتمان پێ بدا.

بێ ئوقرە، قسەکانی ئەوم پچڕاند و وتم:

–باشە باشە.... بەسە ئیتر! بۆئەوەی بسەلمێنم من یەکێك نیم شتەکان لەبیر بکەم، ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی، پرسیارت لێ دەکەم، ئێستا پاولینا لەکوێیە؟ ئەگەر تۆ قەرزەکانی منت نەداوەتەوە، منت ئازاد نەکردووە، کەواتە پاولینا ئەو کارەی کردووە، هیچ هەواڵێکی ئەوم نەبیستووە.

بەزمانێکی توند و تووڕە وتی:

–نەخێر ... نەخێر، پێم وانییە ئەو قەرزەکانی تۆ دابێتەوە! ئێستا ئەو لە سویسرایە، زۆر دڵخۆش دەبم بەوە ئەگەر لەبارەی خاتوو پاولینا پرسیارم لیّ نەکەی.

بێ ویستی خۆم پێکەنیم و وتم:

–کەواتە تۆیشی بە قووڵی زامدار کردووە؟

–خاتوو پاولینا، چاکترین بوونەوەرە لەسەر ئەم گۆی زەوییە شایەنی ڕێزگرتن بێت. دووبارە دەیڵێمەوە، زۆر دڵخۆش دەبم بەوەی پرسیارم لەبارەی ئەو لیّ نەکەی. تۆ ڕۆژێك ئەوت نەناسیوە، بۆیە ئەگەر دەمت بەناوی ئەو بجوڵێنی ئەوا ناهەقی بەرانبەر هەستی ئاکاری من دەکەی.

– بەڕاست؟ بەڵام هەرچۆنێك بێت تۆ هەڵەی، ئایا قسە لەبارەی چییەوە بکەم، ئەگەر قسە لەسەر پاولینا نەکەم؟ ئایا تۆزێك بیرت لەمە کردۆتەوە؟ هەموو بیرەوەرییەکانمان پەیوەستە بە پاولیناوە، ناکرێت لەهیچ شتێك بترسی، هەرگیز نامەوێ پێوەندی گەرموگوڕی نێوانتان بزانم! ئەوەی مەبەستم بێت، ئەگەر دەربڕینەکەم دروست بێت، ئەوەیە دەمەوێ بزانم ژینگەی دەوروبەری پاولینا چۆنە، دەمەوێ بارودۆخی دەرەوەی بزانم، ئەمەیش دەکرێت بە دوو وشە بگوترێت.

- با بەخواستی تۆ بێت، بەڵام بەمەرجێ لەسنووری ئەو دوو وشەیە بوەستی، تێپەڕیان نەکەی. خاتوو پاولینا ماوەیەکی زۆر نەخۆش بوو، هێشتا نەخۆشە. ماوەیەك لەگەڵ دایك و خوشکم لە باکووری ئینگلتەرا دەحەوایەوە. شەش مانگێك دەبێت داپیرە مردووە، (بیرت دێتەوە ئەم ئافرەتە شێتە) بەتەنیا بۆ پاولینا حەوت هەزاری جێ هێشتبوو، ئێستا پاولینا لەگەڵ خێزانی خوشکەکە لەگەشتێکن لە سویسرا. وەسیەتنامەی داپیرە بڕێك سامانی بۆ خوشك و برا بچووکەکەی پاولیناش تەرخان کردبوو، ئەوان ئێستا لە لەندەن دەخوێنن. کەچی ژەنەڕاڵ کەمێردی دایکی پاولینا بوو، مانگێك دەبێت لە ئەنجامی خوێنبەربوونی دەماغ لە پاریس مرد، خاتوو بلانش چاودێر دەکرد، بەڵام توانی هەموو میراتەکەی ژەنەڕاڵ کە لەداپیرە دەمایەوە، بەناوی خۆی تۆمار بکات. وابزانم ئەمە هەموو شتێکە.

- ئەی دی گریۆ؟ ئێستا ئەویش گەشتی سویسرا ناکات؟

- نەخێر.. دی گریۆ سەردانی سویسرا ناکات، ناشزانم لەکوێیە، بەڵام بۆ دوایین جار ئامۆژگارییت دەکەم بە غەمزەوە لە بابەتەکان نزیك مەبەوە، بەشێوەیەك نزیك دەبیتەوە کە لەشوێنی خۆی نییە. ئەگینا من خۆم دەزانم چییت لەگەڵ دەکەم!

- چی ؟ ئەوە سەرەڕای دۆستایەتی دێرینمان؟

- بەڵێ...

– ئەی مستەر ئاستلی هەزار جار داوای لێبوردن دەکەم، داوا دەکەم لێم خۆش بی! بەڵام ڕێگەم پیٚ بدە بڵێم بابەتەکە هیچ سووکایەتی نییە، بابەتەکانی دیکەش بەمشێوەیە لەشوێنی خۆیان نابن، من هەرگیز خاتوو پاولینا تۆمەتبار ناکەم.. جگەلەمەش نزیکبوونەوەی پیاوێکی فەڕەنسی، خاتوونێکی ڕووسی، بەشێوەیەکی گشتی، نە من نەتۆ دەتوانین بەتەواوی ڕوونی بکەینەوە و تێی بگەین.

– ئەگەر ناوی دی گریۆ بە ناوێکی تر پەیوەست دەبوو، داوام لیٚ دەکردی، ئەو قسەیەم بۆ ڕوون بکەیەوە، مەبەستت لە (فەڕەنسی بچووک) و (کیژۆڵەیەکی ڕووسی)چییە. بۆچی بەمشێوەیە: فەڕەنسییەک و کیژۆڵەیەکی ڕووسی؟

–ئایا بینیت؟ بابەتەکە پێوەندی بەتۆش هەیە، بەڵام چیرۆکەکە درێژە ئەی مستەر ئاستلی، دەبێت سەرەتا زۆر شت بزانرێت، دواتریش ئەمە بابەتێکی گرنگە، کەچی لەیەکەم تێڕوانین وەک گاڵتەیەک دەردەکەویٚ. ئەی مستەر ئاستلی کابرای فەڕەنسی لەڕووی ڕووخسارەوە تەواو زراڤ و پۆشتە بوو، تۆ وەک بەریتانییەک ئەمە نابینی، منیش وەک ڕووسیەک ئەمە نابینیم، یا بەلایەنی کەمەوە لەڕووی ئیرەیی بێت، بەڵام کیژۆڵەکانمان تێڕوانینی دیکەیان هەیە، (راسین) بەڕوواڵەت خۆنواندن ، خۆ دەرخستنی تێدایە، بەریقەدارە، تەنانەت ناتوانی بیخوێنیتەوە. منیش هەمان بۆچوونم هەیە، لەزۆر ڕووەوە شایەنی گاڵتەپێکردنە، کە چی بمانەویٚ یا

نا، شاعیرێکی مەزنە، سەرنجراکێشە. شێوەی نەتەوەیی فەرەنسی، مەبەستم پاریسییە، لە قاڵبێکی پۆشتە دارژاوە، کەچی ئێمە ورچین. ئەوان شۆڕشی خانەدانانیان بەمیرات بۆ ماوەتەوە، تۆ بێماناترین کەسی فەرەنسی دەبینی، خاوەن جوڵەی زراڤە، کەشخەیە، دەربڕینی جوانی هەیە، تەنانەت بیرۆکەکانیشی بەرگی کەشخەیان پۆشیوە، تەنانەت ئەمانە هیچیان لە گیان و دڵی دا نییە، هەموو ئەمانەی بەمیرات بۆ ماوەتەوە. لەوانەشە لەخودی خۆیان ڤالاترین و خراپترین بوونەوەر بن. لەلایەکی دیکەوە، لەهەموو دونیا (مستەر ئاستلی من ئەوە ئێستا بەتۆ دەڵێم) مرۆڤێك نییە بە قەد کچی رووسی متمانەی بەخۆی بێت و کراوە بێت، چاك و زیرەك بێت، بۆیە پیاوی وەك دی گریێ هەرچەندە بەرووکەش و درۆش بێت، دەتوانێ بەئاسانی دڵی داگیر بکات، چونکە رووخسارەکەی دی گریێ کەشەخە و بەبریقەیە. بابەتەکە بەمشێوەیەیە مستەرئاستلی. ئەو کچە وادەزانی ئەمە وێنەیەکی سروشتی گیان و دڵیەتی، نازانێ رووالەتێکە بەمیرات بۆی ماوەتەوە. دەبێت بۆتۆ دان بەوە بنێم لەوانەشە پێت ناخۆش بێ، کە دەڵێم ئینگلیز زێدەڕۆیی لەسیستەم دەکەن، بەلام کەشخەیی و رەونەق بێبەشن. رووسەکان جیاکردنەوەی جوانیان داهێناوە، ئەوان شەیدا و تینوون بۆ جوانی، بەلام جیاکردنەوەی جوانی رۆح و رەسەنایەتی کەسی،پێویستی بە برێکی زۆر سەربەخۆیی بۆچوون و ئازای ناخ هەیە، ئەمەش لەسەرووی توانای ژنەکانی ئێمەیە، ئەی چی لەبارەی

کیژۆڵەکانەوە! خاتوو پاولینا(ببوورە ئەگەر ناوی خانەوادەکەی ئەوم بیرچووە) کاتێکی زۆری دەوێ تا ئەوە یەکلا دەکاتەوە زۆڵێکی وەك دی گریۆ بە پیاوێکی وەك تۆ بگۆڕێتەوە. ئەو بەها بۆ تۆ دادەنێ وڕێزت دەگری، ئەو هاوڕێی تۆیە، دڵی بۆ تۆ دەکاتەوە، بەڵام دی گریۆی دزێو، ئەو سووخۆرە نەگریسە سەرداری دڵی ئەوە، ئەمەش ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ، تەنانەت ئەگەر کەلەرەقی و خۆبەزالزانیشی لەگەڵ دابێت. دی گریۆ ڕۆژگارێك وەك کەسێکی کەشخە و بەبەریقە بۆی دەرکەوتووە، بیرکردنەوەی ئازاد، دوور لەوەهمەکان، تونیوبەتی هاوکاری خێزانەکەی بکات، یارمەتی ئەو ژەنەراڵە سەرەڕۆییە بدات، ڕاستە دواتر یارییەکانی ئاشکرا بوو، بەڵام ئەمە کاریگەرییەکی زۆری نییە. دی گریۆی کۆن بۆ ئەو زیندوو بکەنەوە، بزانن ئەو کچە چی دەوێ، هەرچەندە ڕقی بۆ دی گریۆی نوێ زیاد بووە، ئەو حەسرەتی بۆ دی گریۆی کۆن زیاتر دەبێت، تەنانەت دی گریۆی کۆن تەنها خەیاڵێکە. مستەر ئاستلی تۆ خاوەن کارگەی، وایە؟

-بەڵێ، من هاوبەشی پاڵاوگەیەکی گەورەم، بەناوی لوول و هاوبەشەکانی.

-کەواتە مستەر ئاستلی بینیت؟ خاوەن پاڵاوگەیەکی گەورە لەلایەکەوە هەیە، لەلایەکی دیکە ئاپۆلۆنی بلفیدیر هەیە... ئەم دوو بابەتە یەك ناگرێتەوە. کەچی من تەنانەت خاوەنی پاڵاوگەش نییەنم،

من تەنها قومارچییەکی بچووکم لەیاری رۆلێت، یان خزمەتکار بوو، خاتوو پاولینا بێگومان ئەمەش دەزانێ، چونکە چەندان سەرچاوەی هەیە بۆ وەرگرتنی هەواڵ.

مستەر ئاستلی چەند ساتێك بیرکردەوە و بەسارد وسڕی وتی:

–تۆ کەسێکی قین لەدڵی، بۆیە ئەو قسە پڕوپووچانە دەکەی، دواتر هەموو قسەکانت خاڵییە لە رەسەنایەتی.

–راستە، بەلام شتێکی ترسناك ئەوەیە، ئەی هاوڕێیە خانەدانەکەم، هەموو تۆمەتەکانم هەرچەندە پڕوپووچ بێت، لەگەڵئەوەشدا ڕاستگۆیانەیە، هەرچۆنێك بێت ئێمە هیچمان نەگوتووە، نەمن نەتۆ!

مستەر ئاستلی هاواری کرد، دەنگی لەرزۆك ببوو، چاوەکانی دەبرسیکایەوە:

–ئەمە قسەی بێ ئابڕوویانە و دەبەنگییە.... دواتر بزانە ئەی مرۆڤی کلۆڵ، ئەی مرۆڤی درێو و بەدبەخت و سەرگەردان، من لەسەر فرمانی پاولینا هاتومەتە هامبۆرگ، بۆئەوەی تۆ ببینم، ماوەیەکی درێژ بەدڵێکی کراوە و تەواو ڕاشکاوانە، قسەت لەگەڵ بکەم، دواتر هەموو شتێك بۆ ئەو بگێڕمەوە.... سۆزت، بیرکردنەوەت، هیواکانت، یادگارییەکانت!

فرمێسکێکی زۆر لەچاوەکانم هاتەخوارەوە و بەهەڵپەوە هاوارم کرد:

–ئایا ئەمە دەکرێ؟ ئایا ئەمە دەکرێ؟

نەمتوانی فرمێسکەکانم لە چاوەکانم قەتیس بکەم، وابزانم ئەمە یەکەم جار لەتەواوی ژیانم فرمێسکم دێتەخوارەوە.

مستەر ئاستلی وتی:

–بەڵی ئەی بەدبەخت، ئەو تۆی خۆشدەویست، دەتوانم ئەوەت بۆ ئاشکرا بکەم، چونکە تۆ مرۆڤێکی گومڕای تازە تەواوبووی، ئەگەر بڵێم تۆی خۆشدەوێ، هێشتا تۆی خۆشدەوێ، سەرەڕای ئەوەیش تۆ هەر لێرە دەمێنیتەوە! بەڵێ، تۆ خۆت لەناوبرد، تۆ هەندێك بەهرەت هەبوو، خەسڵێکت هەبوو لەژیانەوە هەڵدەقولا، هەرگیز دڵێکی پیس و دەروونێکی خراپت نەبووە، دەتوانی سوود بە وڵاتەکەت بگەیەنێ، کە زۆر پێویستی بە پیاوانە... بەڵام تۆ لێرە دەمێنیتەوە، ژیانت کۆتایی پێهاتووە. من تاوانبارت ناکەم، چونکە پێموایە رووسەکان هەموو وەك تۆن، ئەوان ئامادەن وەك تۆ بن، ئەگەر نەبنە نێچیری رۆلێت ئەوا دەکەونە داوای شتێکی هاوشێوە، دەکرێت هەندێك کەسی دەگمەن هەڵکەوتبێ! تۆ یەکەم کەس نیت نکۆڵی لەکارکردن بکەیت، بەڵکوو رولێت بۆ رووس داهێنراوە، تۆ هەتا ئێستا پیاوێکی شەرەفمەندی، چونکە رازی بوویت بەخزمەتکاری و دزیت نەکرد.... بەڵام تووشی شۆك دەبم کاتێك پێشبینی دەکەم لە ئایندە چییت بەسەردێ. یان هەر ئێستا، بێگومان تۆ پێویستیت بەهەندێك پارە هەیە؟ ئەو دە ریاڵی زێڕ، لەمە زیاترت پێ نادەم، چونکە یەکسەر

هەمووی دەدۆڕێنی، ئەوەندە بگرە و خوات لەگەڵ بێ، ها بۆچی پارەکە وەرناگری؟

وتم:

–نەخێر مستەر ئاستلی، دوورتر لەوەی گوتمان.....

مستەر ئاستلی هاواری کرد:

–وەربگرە !... من باوەڕم هەیە هێشتا کەسێکی خانەدانی، من وەك هاوڕێیەکی نزیك ئەم پارەیەت پێ دەدەم، ئەگەر قەناعەتی تەواوم هەبێت کە واز لەقومار دەهێنی، یەکسەر هامبۆرگ بەجێدەهێڵی و دەگەڕێیتەوە وڵاتەکەی خۆت، ئەوا من ئامادەم هەزار پارەی زێڕت پێ بدەم، بۆئەوەی ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەیتەوە، بەڵام ئێستا تەنها ئەو دە ریاڵەت پێ دەدەم، نەوەك هەزار، چونکە هەردوو بڕە پارە لەلای تۆ وەك یەکە، بێگومان هەردووکیان دەدۆڕێنی، بگرە، خوات لەگەڵ.

– وەری دەگرم، بەو مەرجی ڕازی بی، ماچت بکەم.

– بەخۆشحاڵییەوە.

دەسلەملانێی یەکتر بووین، مستەر ئاستلی ڕۆیشت.

نا..نا... ئەو هەڵەبوو! کاتێك من دڵڕەق و نەزان بووم لە بابەتی پاولینا و دی گریێ، ئەوا ئەویش دڵڕەق و نەزان بوو لەبارەی رووسەکانەوە. من داکۆکی لەخۆم ناکەم. بەهەرحاڵ.... ئێستا ئەوە

بابەتە گرنگەکە نییە: ئەمانە هەموو گوفتارن، ئێستا پێویستمان بەکردارە. بابەتی گرنگ ئێستا سەفەرکردنە بۆ سویسرا! بەیانی سەفەر دەکەم. ... ئای ... خۆزگە دەمتوانی ئێستا سەفەر بکەم، سەرلەنوێ دەبووژێمەوە، ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەمەوە. دەبێ ئەوە بسەلمێنم... دەبێ پاولینا بزانێ من هێشتا دەتوانم ببم بە پیاو، ئەوەندە بەسە.... ئێستا کاتی ئەوە بەسەرچوو ئەمڕۆ سەفەر بکەم... بەڵام سبەی.... من شتێك لەناخم دایە، دەبێ ئەو شتە ڕووبدات! ئێستا دە ریالی زێرم هەیە، من بە پانزە فلۆرین دەستم پێکرد! • ئەگەر عاقڵانە و بەتێفکرین هەڵسوکەوت بکەم.... ئایا دەکرێ هێندە منداڵێکی بچووك بم؟ من تێنەگەیشتم، ئایا من مرۆڤێکی لەناوچوو و سەرگەردانم؟ بەڵێ، تەنها ئەوەندە بەسەر عەقڵم هەبێ و ددان بەخۆم بگرم، تەنها جارێك لەژیانم.... تەنها پێویستم بەوە هەیە! دەبێ یەکجار لە ژیانم خاوەن ویستێکی بەهێز بم، بۆ ئەوەی لەیەك کاتژمێردا ژیانی خۆم بگۆڕم. هێزی ویست بابەتێکی زۆر گرنگە، تەنها ئەوەندەم بەسە بیر لەوە بکەمەوە لە حەوت مانگی ڕۆلتنبێرگ چیم بەسەرهاتووە، بەر لەوەی بەتەواوی وێران بم، ئەمە نموونەیەکی نایابە بۆ مکوڕبوون: هەموو شتێکم دۆڕاند... چەند فلۆرینێك ماوە هێشتا لەگیرفانەکەی سەر سنگمە، لەبەر خۆمەوە وتم" ئەوەی هەمە بۆ نانی ئێوارە بەشم دەکات" بەڵام کاتێك سەد هەنگاوێك ڕۆیشتم لەو بیرکردنەوەیە پاشگەز بوومەوە، گەڕامەوە، فلۆرینێکم لەسەر مانك دانا (ئەمجارەیان مانك)

بەڕاستی کاتێك مرۆڤ سەرکێشی دەکات، هەستێکی نامۆ و دەگمەنی لەلا دروست دەبێت، تەنیا، لە ولاتێکی بیانی، دوور لە نیشتمان و هاوڕێیان، نازانیٚ ئەم ڕۆژە چی بخوات، ئەمە دەڵـێم کاتێك سەرکێشی دەکات، لەو حاڵەتەی بەدووای فلۆریم، کەچی بردمەوە، دوای بیست خولەك لەگازینۆکە دەرچووم، سەد وحەفتا فلۆرین لەگیرفانم بوو، ئەمە رۆڵی دوایین فلۆرین بوو! ئەگەر خۆم ملکەچی داڕووخان دەکرد، ئەوا بەپێی پێویست ئازایەتییم نەدەبوو بۆ بڕیاردان.

بەیانی، بەیانی هەموو شتێك کۆتاییی دێت!

ل٢٢ / ٦/ ٢٠١٦
ئەم وەرگێڕانە تەواو بوو